University Of Halabja

# Halabja University Journal



# گۆڤاری  زانکۆی هەڵەبجە

## گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە
## زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات

## HALABJA UNIVERSITY JOURNAL

Halabja University Journal (HUJ) is a quarterly academic journal published by the University of Halabja,, Kurdistan, Iraq. HUJ has a print-ISSN: 2412- 9607  and an electronic-ISSN: 2617-3360. HUJ is an international, multi-disciplinary, multi-language journal that publishes original research articles as well as review articles around the world.

٢٧٢٢ کوردی    2022 زاینی    ١٤٤٣ کۆچی

Website
www.huj.uoh.edu.iq

Email Address
huj@uoh.edu.iq

Kurdistan Region,Iraq
Halabja governorate
Ababayle

# شێوازەکانی وشە خواستن لە زمانی کوردیدا

**مەهاباد کامیل عەبدوڵا [1]، پێشکەوت مەجید محەمەد [2]**
[1] بەشی زمانی کوردیی، سەرۆکی زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2] بەشی زمانی کوردیی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان، شاری کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: mahabad.abdullah@uoh.edu.iq

## پوختە:

ئەم توێژینەوەکە بە ناونیشانی (شێوازەکانی وشەخواستن لە زمانی کوردیدا)یە، تیشکدەخاتە سەر ئەو پرۆسانەی، کە زمانی کوردی بۆ خواستنی وشە لە زمانەکانی ترەوە پەیڕەویکردووە. بەهۆی پێشکەوتن و گۆڕانی بیرکردنەوەی کۆمەڵ، بە بەردەوامی کەرەستە و چەمکی نوێ سەرهەڵدەدەن، کە بۆ ناسینەوە و لێکجیاکردنەوەیان ناودەنرێن، بەهۆی هۆیەکانی جیهانگیریشەوە بە خێرایی بە وڵاتاندا بڵاودەبنەوە، زمانێکیش بۆ ئەوەی لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵەکەیدا هەنگاوبنێ, ڕێگای جۆراوجۆر بۆ ناونان و ناساندنی ئەوکەرەستە و بیرە نوێیانە دەگرێتەبەر، لەلایەکەوە بە پشت بە خۆبەستن وشەی نوێ بۆ بەشێك لەو کەرەستە و چەمکانە سازدەکات، لەلایەکی تریشەوە ڕێگەی خواستنی وشە لە زمانەکانی ترەوە دەگرێتەبەر. زمانی کوردیش وەکو زۆربەی زمانەکانی تری جیهان شانبەشانی سازکردنی وشە، بە چەند شێوازێك لەڕووی فۆرم و واتا و بیرکردنەوەی کۆمەڵ و پەیوەندی نێوان زمانەکان وشەی لە زمانەکانی ترەوە خواستووە، وەکو: (هاوردە، وەرگێڕان، گوزارشتلێکردن، تێکەڵکردن، گۆڕینی واتای وەرگیراو، ئاوێتەکردن، لێکدان، خواستنەوەی خواستراو، گۆڕینەوەی وشەی خواستراو، ڕێگای ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ).

**کلیلە وشە:** (خواستنی زمانیی، وشەخواستن، وەرگێڕان، گوزارشتلێکردن ، ڕێگای ڕاستەوخۆ)

## ملخص:

البحث بعنوان (اساليب اقتراض الالفاظ في اللغة الكوردية)، تسلط الضوء على عمليات وطرق اقتراض الالفاظ من اللغات الاخرى الى اللغة الكوردية. والتطورات والتغييرات التي تحدث في التفكير المجتمعي تؤدي الى ظهور مفاهيم ووسائل جديدة وحديثة وتكون تسميات تلك المفاهيم والوسائل لاجل معرفتها وتميزها عن بعض، وللعولمة دور كبير في نشرها في ارجاء العالم، وان اي لغة من لغات العالم من اجل ان تتكيف مع تلك التغييرات تتخذ طرق وخطوات متعددة لتسمية وتعريف تلك المفاهيم والوسائل الحديثة، بالاعتماد على نفسها من صياغة الفاظ جديدة لبعض تلك المفاهيم والوسائل من جهة، ومن جهة اخرى تعتمد اقتراض الالفاظ من لغة اخرى. واللغة الكوردية شأنها شأن اللغات الاخرى في العالم اقترضت الالفاظ باساليب مختلفة من حيث الشكل والمعنى والتفكير المجتمعي والعلاقة بين اللغات، مثل:(الاستيراد، الترجمة، التعبير، تغيير معنى المترجم، اعادة الاقتراض، تبديل اللفظ المقترض، طرق مباشرة وغير مباشرة...الخ).

**الكلمات المفتاحية:** (الاقتراض، الاقتراض الألفاظ، الترجمة ، التعبير، طرق مباشرة)

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٧ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢٢) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٤/١٠ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٦/٢٠ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | mahabad.abdullah@uoh.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٢ پ.د.مەهاباد کامیل عەبدوڵا، م.ی.پێشکەوت مەجید محەمەد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract:**

The study which is entitled (Borrowing Patterns in Kurdish Language) concentrates on the procedures which Kurdish language followed in borrowing from other languages. Due to the development and change in people's way of thinking, new concepts and constituents have been appearing. For their differentiation and identification, the borrowed concepts ought to be named. For the globalization reasons, they spread around the world very rapidly. To go in line with community change, language also takes various methods to name and identify the new constituents and new ideas. On the one hand, it depends on coining new words for the new concepts and constituent. On the other hand, it borrows words from other languages. Like any other languages, Kurdish language, apart from coining new words, borrowed words from other languages in various ways, with respect to form, meaning, social view and the relationship among languages, such as (imported, translation, loan interpretation, loan blending, substituted, compounding, loan shift, re-borrowing, loan exchange, direct and indirect borrowing).

**Keywords:** (Borrowing word, loan word, loan-translation, loan interpretation, direct borrowin)

## پێشەکی

### ناونیشانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (شێوازەکانی وشە خواستن لە زمانی کوردیدا)یە، کە تیشکدەخاتەسەر دەرکەوتووترین و بەربڵاوترین کاریگەری زمانەکانیش لەسەر یەکتریی، کە ئاڵوگۆڕی وشەیە، کە یەکێکە لە نیشانەکانی زیندوویەتی زمان و بە شێواز و ڕێژەی جیاواز ڕەنگدانەوەی لە هەموو زمانێکدا هەیە. زمانی کوردیش وەکو زمانەکانی تری جیهان بۆ پڕکردنەوەی بەشێك لە پێویستییە زمانییەکانی بە چەندین شێوازی جیاواز وشەی لە زمانەکانی ترەوە خواستووە و فەرهەنگەکەی دەوڵەمەندکردووە.

### گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە زمانی کوردی بۆ پڕکردنەوەی بەشێك لە پێویستییە زمانییەکانی بە چەند شێوازێك وشەیەکی زۆری لە زمانەکانی ترەوە خواستووە و بە بەردەوامیش لە زیادبووندان.

### ئامانجی توێژینەوەکە:

دیاریکردنی سەرجەم ئەو شێوازانەیە، کە زمانی کوردی لە وشە خواستندا پەیڕەویکردووە.

### ڕێبازی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە بە ڕێبازی (پەسنی شیکاریی) ئەنجامدراوە، ئەو وشە خوازراوانەی لە ئێستای لە زمانی کوردیدا بەکاردێن و چالاکن، لە توێژینەوەکەدا بەکارهێنراون، هەروەها لە ڕێگەی شیکردنەوەیانەوە سەرجەم شێوازەکانی وشە خواستن لە زمانی کوردیدا دیاریکراون.

### سنور و کەرەستەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە سنوری دیالێکتی ناوڕاستی زمانی کوردیدایە، هەروەها کەرەستەکانیشی زیاتر ئەو وشە خواستراوانەن، کە بەسەر زاری خەڵکەون.

## ناوەڕۆكی توێژینەوەكە:

توێژینەوەكە لە دوو بەش پێكهاتووە، لە بەشی یەكەمدا خواستنی زمانیی بە شێوەیەكی گشتی وشەخواستن وەكو بەربڵاوترین جۆری خواستنی زمانیی باسیان لێوەكراوە، لە بەشی دووەمیشدا هەموو ئەو شێوازانەی، كە زمانی كوردی لە پرۆسەی وشە خواستندا پەیڕەویكردووە بە نموونەوە دیاریكراون، هەروەها ئەنجامەكان و لیستی سەرچاوەكان و پوختەی توێژینەوەكە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## بەشی یەكەم:

## (وشەی خواستراو لە زمانی كوردیدا)

### ١-خواستنی زمانیی(Borrowing Word):

سروشتی ژیانی مرۆڤ وكۆمەڵ وا دەخوازێت، لەگۆڕانی بەردەوامدا بن، كۆمەڵگا جیاوازەكان سەرەڕایی بوونی سامانێك لە مێژو و كولتور و ڕۆشنبیری و هونەر و زانست و...هتد، تایبەت بەخۆیان، پێویستییان بە سودوەرگرتن و ئاڵوگۆڕكردنی ئەزموونی یەكتریش هەیە، ئەمەش لە ڕێگەی زمانەوە بەدیدێت. چونكە (مرۆڤ لە دەوروبەر دابڕاو نییە، وەك بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتی، هەوڵیداوە لەگەڵ ئەو دەوروبەرەدا لە پەیوەندییدا بێت، لەم تێكەڵی و پەیوەندییەدا لەهەموو بوارێكی ژیاندا كەرەستەی بەخشیوە و لەبەرامبەریشدا كەرەستەی وەرگرتووە، هەندێجار بۆتە هۆی بەرەو پێشچوونی زمانەكە و هەندێجاریش تێكدانی یاساكانی و شێواندنی (حەسەن، ٢٠٠٨، ٢٧)، ((هەموو زمانەكان لە ماوەیەكی دیاریكراوی مێژووەكەیدا گۆڕانكاری بەسەردا دێت، گەلێك جار گۆڕینەكە هێندە لەسەرخۆیە، كە پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ هەستی پێدەكرێت و پێیدەزانرێت، كە دەشێت لە گشت لایەنەكانی زماندا ڕووبدات لە دەربڕین و سینتاكس و فەرهەنگدا، چەشنێكی ئەم گۆڕینەش وەرگرتنە(مەحوی،٢٠١٠، ١٢٧). هەتاوەكو تێكەڵاوی و پەیوەندیكردن زیاتربێت، بەریەككەوتنی كۆمەڵگا جیاوازەكان زیاتر دەبێت، زمانەكانیش زیاتر كاریگەری دەكەنەسەر یەكتر، بەمەش قەبارەی ئاڵوگۆڕی كەرەستەی زمانی نێوانیان فراوانتر دەبێت. Mehwi & Aziz, 2018), (Abdullah, Muhammad& Othman, 2020), (- Abdullah & Muhammed,) .(2021

لە پێشوودا زمانە جیاوازەكان لە ئەنجامی تێكەڵاوی و پەیوەندیكردن لەنێوان ئاخێوەرانیان بە هۆكارەكانی (داگیركردن و سیاسەت و ڕامیاری و بازرگانی و كۆچ و خوێندن و ئاین...هتد)، ڕاستەوخۆ بەریكدەكەوتن، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی هۆیەكانی جیهانگیرییەوە بە تایبەتی (هۆیەكانی پەیوەندیكردن و ئاسانكارییەكانی هاتوچۆ و ڕاگەیاندن و بایەخی خوێندن...هتد، زمانەكانیش هەر لەسەر زەوی كۆمەڵەكەی خۆیانەوە بەریەكدەكەن و ململانێی یەكتری دەكەن، یەكێك لە ئەنجامەكانی ئەم بەریككەوتن و ململانێیانە، خواستنی كەرەستەی زمانییە ، كە بریتییە لە ((هەڵگرتنەوە و بەكارهێنانی ئەو كەرەستە زمانیانەی، كە لە زمانێك یان زارێكی تردا بینراون(فتاح، ٢٠١١: ١٣٣))، یان (پرۆسەی هەڵمژینی وشە و دەستەواژەی زمانێكە لەلایەن زمانێكی ترەوە, یان بەكارهێنانی دەنگ و پێكهاتەی ڕێزمانی زمانێكی ترە (٣٠-٣١ ، Pei،1966)، كاتێك قسەكەری زمانێك هەست بە كەموكورتی و كەلێنێك لە سەرووتی وشەكانیدا دەكات، بۆ پڕكردنەوەی پێویستییە زمانییەكانی، شانبەشانی سازكردن و ڕۆنانی وشەی نوێ لە زمانەكەی خۆیدا، پەناش دەباتە بەر ئاسانترین و نزیكترین ڕێگە، كە خواستنە لە زمانەكانی ترەوە(ئۆلمان، ١٩٨٧، ١٢٣)، بۆیە وشەخواستن بە ڕێگەیەكی تری پارستن و بەزیندوو هێشتنەوەی زمان دادەنرێت، هەروەها پێویستییەكی سروشتییە و پەیوەستە بە ژیانی ئاخێوەرانییەوە، هیچ بەربەستێك ناتوانێت بوەستێنێت و پێشی پێبگرێت و ((زیندوتر و چالاكتر و بەپێزتر و بە بەرهەمتر و حازربەدەستر و فریادڕەسی زمانە(سدیق، ٢٠٢٠، سێ)). لە هەموو پێكهاتەكانی زماندا بەڕێژەی جیاواز كەرەستە لە نێوانە زمانەكاندا ئاڵوگۆڕی پێدەكرێت، (كریسین) لە بارەیەوە دەڵێت:(( چەمكی خواستن پرۆسەی گواستنەوەی ئێلێمێنتی جۆراوجۆری زمانێكە بۆ یەكێكیتر، مەبەست لە ئێلێمێنتی جۆراوجۆر، (دانە جیاوازەكانی ئاستەكانی زمان و ستراكچەری، وەك: فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاكس، لێكسیك، سیمانتیكە (سدیق، ٢٠٢٠، ٣٣-٣٤))، واتا لە خواستنی زمانیدا بە ڕێژەی جیاواز هەموو پێكهاتەكانی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

زمان ئەگەر بۆیان هەڵبکەوێت هەلی خواستنیان لە نێوان زمانەکاندا هەیە، بەڵام (خواستنی وشە لە لووتکەی هەرەمی خواستنی زمانیدایە، پاشان خواستنی مۆرفۆلۆجی، فۆنۆلۆجی، سینتاکسی (٤٢٥-٤٢٦ ، ٢٠٠١، Curnow)، واتا ((هەل زیاتر بۆ (وشە)یە و دوای ئەو بۆ (مۆرفێم) و ئەنجا بۆ (فۆنیم) دەڕەخسێت، کە بتوانن خۆیان بخزێننە ناو زمانانی ترەوە، وشە دەتوانێت ڕاستەوخۆ بڕوات، بەڵام (مۆرفێم) و (فۆنێم) لە ڕێگای چەند بارەبونەوەیان لە چوارچێوەی ئەو وشانەی، کە بەشێکن لە پێکهاتنیان، توانای پەڕینەویان هەیە، واتە ئەمان بە تەنها بۆیان نالوێت بچنە زمانی غەیرەوە (سدیق، ٢٠٢٠، ٦٣)).

بەواتا خواستنی زمانی(دیاردەیەکی باو و جیهانییە، لەهەموو زمانێکدا بەڕێژە و جۆری جیاواز کەرەستەی زمانیی خواستراو هەیە( ٥٥ ، Tadmor & Haspelmath،2009 )، هیچ زمانێکیش لێی بێبەری نییە، بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی گەشەسەندو و دەوڵەمەند، کە زمانەکانی تر بە زۆری وشەی لێ وەردەگرن، ((بە بەردەوامی بە خواستنی وشە لە زمانەکانی ترەوە خۆی دەوڵەمەند دەکات، (کەمرێ و...، ٢٠٠٧، ١٠٠))، تەنانەت یاسای ڕێزمانیشی خواستووە، بۆ نموونە (بەهۆی داگیرکاری چەند سەدەی ئینگلتەرا لەلایەن فەرەنسییەکانەوە لە سەردەمی نۆرماندەکاندا، بووەهۆی خواستنی چەند لایەنێکی ڕێزمانی زمانی فەرەنسی لەلایەن زمانی ئینگلیزییەوە، بەتایبەتی وەرگرتنی ڕیزبەندی و بەدوایەکداهاتنی یەکە پێکهێنەرەکانی ڕێزمان، وەکو پێکهاتەی هەردوو فرێزی ( Attorney general) و (Court martial ) لە ئینگلیزیدا، زۆرجار وەکو بەڵگە لە باسی خواستنی پێکهاتەی ڕێزمانیدا دەخرێنەڕوو، کە پەیڕەوەی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی فەرەنسی کراوە، ئەویش هاتنی (ئاوەڵناو)ە لە دوای (ناو)ەوە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا بە پێچەوانەوەیە و ناو لە دوای ئاوەڵناووەوە دێت، کەواتە یاسای (ناو + ئاوەڵناو) یەکەیەکی خواستراوی زمانی فەرەنسییە لەلایەن زمانی ئینگلیزییەوە(مدرسی، ١٣٩١، ٩٩) یان وەکو خواستنی بۆتەی ڕێزمانی زمانی ئینگلیزی وەکو لە وشەکانی (سەردارگروپ، سلێمانی پالاس...هتد) بۆ ناو زمانی کوردی، کە بە پێچەوانەی یاسا و ڕێساکانی زمانی کوردییەوە ڕێسای (سەرەسەرەتا) پەیڕەوکراو، واتا هەموو جۆرەکانی خواستنی زمانیی پێویستییە زمانییەکانی ئاخێوەران پڕناکەنەوە و زمانەکە دەوڵەمەند ناکەن، بەڵکو هەندێك جۆری خواستن وەکو خواستنی فۆنێم و پێکهاتەی ڕێزمانی دەبنە ژەهرێکی کوشندە بۆ زمانەکە لە ڕێگەی تێکدان و شێواندنی یاسا و ڕێسا زمانییەکان و شوێن گرتنەوەیان، بەمەش ئایندەی زمانەکە دەخەنە مەترسییەوە و بەرەولەناوچوون و مردن ئاڕاستەی دەکەن.

## ٢-وشە خواستن(Loan Word):

پرۆسەی گواستنەوە و کۆپیکردنی وشەیە لە زمانی بەخشەرەوە بۆ زمانی وەرگر(36، Tadmor &Haspelmath،2009)، ڕەنگدانەوەی لە هەموو زمانێکدا هەیە و پەیوەستە بە پێویستییەکانی ئاخێوەرانی زمانەوە بۆ پەیوەندیکردن بە دەرەوەی خۆیان و دانەبڕان لەو گۆڕانە بەردەوامەی بەسەر شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا دێت، چونکە (پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ، لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵدا، دەگۆڕێت و زیاد دەکات، پێویستی تازەی ژیانی کۆمەڵ دێتە کایەوە، کە پێویستیان بەزمانی دەربڕین هەیە، واتە زمانێك دەبێت لەگەڵ ئەو گۆڕان پێشکەوتنەدا بگونجێت (شوانی، ١٩٩٨، ١٩). زمان بۆ ئەو کەرەستە و بیرە نوێیانەی، کە بەرهەمی گۆڕانی کۆمەڵەکەی خۆیەتی، بەپێی یاسا زمانییەکانی بۆ ناونانیان وشەی نوێیان بۆ سازدەکەن، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا وشە و دەربڕاوەکانی (ڕاپەڕین، گەندەڵی، بن دیوار، پاشەکەوتی موچە، ڕیعە موچە، ئەنفالکراو، ئەنفالانە، نانبڕاو، قوتی خەڵك...هتد) لە ڕێگەی یاسا زمانییەکانی زمانەکە خۆیەوە سازکراون، بەڵام کاتێك کەرەستەیەك یان بیرێك دێتە کۆمەڵگاوە، زمان ناچارە بە زۆری بۆ ناونانی ڕاستەوخۆ وشەکەشی بۆ قەرزبکات. ((لە فریاکەوتن و بەتەنگەوەهاتن و پاریزگاری لەخۆو بەزیندو هێشتنەوەی زمان لە خەباتی مان و نەماندا، ئاڵوگۆڕ و قەرزکردنی وشە، گەورەترین چەکە بێ چاوەڕوانی و بێ پرس و ڕا بە کەس بکات، زمان پەنای بۆ دەبات و پەلی بۆ دەهاوێژێت(سدیق، ٢٠٢٠، شەش)).

لە ئەنجامی بەریەککەوتن و کاریگەری زمانەکان لەسەر یەکتری، وشە خواستن زۆرترین ڕەنگدانەوەی لە وشەکانی فەرهەنگی زماندا هەیە، چونکە وشەکانی فەرهەنگی زمان ناجێگرن و بە بەردەوامی لە ڕووی ژمارە و جۆر و واتاوە لە گۆڕاندان، ((لێکسیکیش ئەو هەرێمەی زمانە، کە پلەیەکی گەورە بۆ هەر چەشنە کارتێکردنێکی دەرەکی ئامادە و کراوەیە و لە ناویاندا، هەر گۆڕانێك بەسەر ژیانی خەڵکی کۆمەڵدا، بێت، تیایدا، ڕەنگ، دەدەنەوە(هەمان سەرچاوە، ٣٧)). وشەکان ناون بۆ کەرەستە کۆنکریت و بیرە ئەبسترکتەکان، کاتێك کەرەستەیەك یان بیرێك لە زماندا نەبووە، هیچ وشەیەکیش بۆ ناونانی نییە، بەڵام کە پەیدابوو ناوی لێدەنرێت بە نەمانی کەرەستەکەش ناوەکەی دەپوکێتەوە و بەرەو نەمان دەچێت یان گۆڕانی واتایی بەسەردا دێت و واتایەکی تری لێ باردەکرێت یان لە پەند و ئیدیۆم و دەربڕاوەکاندا خۆیان لە فەوتان دەپارێزن، لەناوچوون و ونبوونی وشەش لەشەو و ڕۆژێکدا ڕوونادات، بەڵکو پاش نەمانی دیاردەکە و بەکارنەهێنانی لەلایەن خەڵکەوە، بەرەو سستبوون دەچێت و بەکارهێنانیان کەمدەبێتەوە، تا لە دواجاردا وندەبن، واتە وشە بە چەند قۆناغێکی لەناوچووندا تێپەردەبێت، تا بەتەواوی ون دەبێت، سەرەتا بەکارهێنانی کەمدەبێتەوە، پاشان دەچێتە ڕیزی وشە پیربووەکان و بەکارهێنانی لەناو خەڵکدا نامێنێت، (حەسەن، ٢٠٠٨، ٢٠)، بۆنموونە لە کۆندا چەند کەرەستەیەك بۆ ڕووناکردنەوە بەکاردەهێنران، بەڵام دوای پەیدابوونی کارەبا و بەکارنەهێنانیان، ناوەکانیشان ئەو چالاکییەی جارانیان نەما و بەرەوە پوکانەوە و لەناوچوون هەنگاو دەنێن و چەند کەرەستەیەکی تر بۆ هەمان مەبەست جێگەیانیان گرتەوە، کە بەکارەبا کاردەکەن، وەکو:

**کەرەستەی ڕووناکەرەوەی کۆن** ← **(مەشخەڵ، فتیلە، چرا، مۆم، لۆکس...هتد)**

ناوی کۆن و پوکاوە

**کەرەستەی ڕووناکەرەوەی نوێ** ← **(گڵۆب، شەمع، لایت، بلاجکتۆر، لید...هتد)**

ناوی نوێ

هەروەها پوکانەوەی چەندین ناو و چەمکێکی تر، وەکو (گۆزە، هێزە، کاسە، باراش، شەوە، ئاشی ئاو، جاجم، چەخماخساز، گڵێم (جۆرێك ڕاخەری چنراوبوو)، دەوار، دیزە بە دەرخۆنەکردن...هتد)، کە لە ئێستادا بەهۆی بەکارنەهێنانیانەوە ناوەکانیشیان وردەوردە بەرەوە پوکانەوە دەچن، وازهێنانی کۆمەڵ لە هەندێك بۆنە و دیاریدەی کۆمەڵایەتیش، ناوەکانیان و ئەو وشانەی، کە پەیوەستن پێیانەوە بەرە پوکانەوە و لەناوچوون دەبات، بۆ نموونە: (ژنبەژن، گەورە بە بچووك، ژن بۆ کردن، پا خەسوو، شیربایی...هتد) لە کۆمەڵی کوردەواریدا.

لە ئێستادا بەهۆی هۆیەکانی جیهانگیرییەوە بە خێرایی کەرەستە و بیرو چەمکەکان بە وڵاتاندا بڵاودەبنەوە، هیچ زمانێك ناتوانێت لەم مەیدانەدا دوورە پەرێزبێت و خۆی لە کاریگەری زمانەکانی تر لەڕووی هاتنە ناوەوەی زاراوە و فراوانبوونی زمانەکانی تر لەسەر زەوی زمانەکە بپارێزێت، بۆ نموونە ((زمانی کوردیی هێندە وشەی زۆری لە زمانانێکی زۆرەوە وەرگرتووە، کە گرانە ئاخێوەرێك بتوانێت بەبێ بەکارهێنانی وشەی وەرگیراو هیچ چشتێك بڵێت(مەحوی، ٢٠١٠، ١٢٧-١٢٨)، چونکە بەهۆی گۆڕان و پێشکەوتنی بیرکردنەوەی کۆمەڵ و ڕەنگدانەوەی لە داهێنانەکان و پێشکەوتنی بوارەکانی پیشەسازی و هۆیەکانی باشتر ژیان، بوونەتەهۆی هاتنەناوەوەی هەزارەها کەرەستە و چەمکی نوێ بۆ ناو زمانی کوردیی، وەکو: (ئامێرە جۆراوجۆرەکان (لاپتۆپ، موبەریدە، هیتەر، ماتۆڕ، تەلەفزیۆن، مۆبایل،...هتد)، پێویستییەکانی ماڵ و بیناسازی (قەنەفە، مەخسەلە، کەوانتەر، ڤێلا، تاوەر، کلیلدۆر، سەقف مەغریبە،ئەسترۆپۆڵ، جبسن بۆرد...هتد)، کارەبایات (ڤۆڵتێ، سرکت، جۆزە، ئەمپێر، فویز، کۆندێکتەر، سویچ پلاك، مۆلیدە...هتد)، ناوی جۆر و پارچەکانی ئۆتۆمبیل(ئاڵتیما، نیسان، کۆرۆلا، ئەڤەلۆن، مۆنیکا، لاندگرۆزەر، فیت پەمپ، سەکن، شاسی، برێك، تەبریت، شاسی، سپێر، تەرح، ئۆتۆماتیك، سوکان...هتد)، هۆیەکانی گەرمکەرەوە و سارکەرەوە(سپلیت، هیتەر، موبەریدە، مایکرۆ، سەلاجە، موجەمیدە، بەراد، ڤێر، تەبرید...هتد)، جۆری خواردن و خواردنەوە (پیتزا، بریانی، یاپراخ، تەشریب، کنتاکی، گەص، قاورمە، فالودە، دۆندرمە، بیبسی، ڤانتا، فینگەر، ئەندۆمی...هتد)، ناوی میوە و گوڵ و داروودرەخت و باڵندە و ئاژەڵ(جەرجیل، زەنجەفیل، مەعدەنووس، شلیك، سپێناخ، بندوق، بەزالیا، لالەنگی، ئەڤاکادۆ، ئەکاسیا،

ئەلیزایا، کرەمتینە، نەعامە، کۆکتێل، سەلەمون، کۆکاتۆ، زەرافە، ڕۆبیان، دۆڵفین، تەیرول حوب...هتد)، پۆشاك و کەرەستە جوانکارییە جۆراوجۆرەکان (عەزێ، حەریر،کشمیر، بەدلە، مانتۆ، صالۆن، تەجمیل، بۆتۆکس، لەیزەر، کەمالیات، مکیاج، کابۆ، تیشێرت، چاکەت، ...هتد)، هۆیەکانی پەیوەندیکردن و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان (تەلەفزیۆن، مۆبایل، فەیسبوك، یوتوب، ئیمێل، ڤایبەر، ستۆدیۆ، مونتاج، کەناڵ، باڵانس، سیم کارت، گیگابایت، پاسورد، فۆڵدەر، فۆتۆشۆپ، میمۆری...هتد)، بواری پزیشکی(کۆرۆنا، تالاسیما، پرۆستات، کۆڵۆن، ئایدز، زەخت، فەحس، عەیادە، عیلاج، کانولا ، فەتح صەدر، ئەشیعە...هتد)، بواری سەربازی(، تیرۆر، هەمەر، داعش، قاعیدە، تانك، درۆن، ئەتۆم، ڕادار، F16 ،M4...هتد)، ڕامیاری و سیاسی (پەرلەمان، کابینە، وەفد، باڵۆیزخانە، کونسوڵخانە، بایکۆت، ئۆپۆزیسیۆن، پرۆتۆکۆڵ، فیدراڵی، ڕیفراندۆم...هتد)، وەرزش( بۆندس لیگا، لالیگا، هاتریك، جامپۆنسلیگ، مۆندیال، ڤار، لایمەن، فوتبۆڵ، حەکەم، گۆڵ...هتد)، خوێندن( سیمینار، کۆرس، کۆنفرانس، گروپ، کویز، ئۆنلاین، کلاس، فاکەڵتی، بۆلۆنیا...هتد)، ڕۆشنبیری و هونەری و گۆرانی و بەرهەمهێنانی فیلم(ئەکتەر، دیزاینەر، فیلم، سینەما، کلیپ، ئۆرگ، سەمفۆنیا، دۆبلاژعود، قەسیدە، هایکۆ، هۆلیۆد، دراما، دۆبلێر، کامێرا،کۆمیدیا...هتد)، گەشتیاری و ئابوری (هۆتێل، ڕێستۆرانت، سۆپەرمارکێت، فیزا، کۆمپانیا، پاسەپۆرت...هتد)، کانزاکان و سامانی سروشتی( گاز، غاز، بەنزین، پرۆتین، زینك، ئەلەمنیۆم، پلاستیك، سلیکۆن...هتد)، شەڕ و کۆچ و ڕوداوی سروشتی(تیرۆر، کەمپ، بورکان، توسونامی...هتد)، پسپۆڕییە جیاوازەکان(سینتاکس، فۆنەتیك، مۆرفیم، کۆنسۆنانت، دیالێکت، فەلسەفە، جیۆلۆجی...هتد) و ...هتد، هیچ زمانێکیش ناتوانێت بە خێرایی زاراوە بۆ هەموو یان زۆربەی ئەو وشانە سازبکات، کە دێنە زمانەکەوە. خواستنی وشە ئەگەرچی لە لایەکەوە پێویستییە زمانییەکانی ئاخێوەران پڕدەکاتەوە و فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەکەن، بەڵام لە لایەکی ترەوە بەبێ هۆ بە لێشاو خواستنی وشە لە زمانەکانی ترەوە بۆ ناو زمانی دایك، ئاسانکاریی و ڕێگەخۆشکەرە بۆ لاوازکردنی زمان.

## بەشی دووەم:

## (شێوازەکانی وشەخواستن لە زمانی کوردیدا)

## لە پرۆسەی وشەخواستندا زمانی کوردی چەندین شێوازی پەیڕەوکردووە، وەکو:

### ١-وشەی هاوردە/ خواستن بەبێ دەستکاری (Imported):

بریتییە لەو خواستنەی، کە زمانێك وشەی زمانێکی ترکوتومت بەبێ دەستکاری لە ڕووی دەنگ و واتاوە دەخوازێت(الخولی، ١٩٨٧، ٩٦)، کە بە هەمان دەنگ یان نزیك لە دەنگی زمانە بەخشەرەکە لە زمانی وەرگردا بەکاردێن و ناسینەوەیان ئاسانە(Haugen،١٩٥٠، ٢١٢)، ئەم وشانە هەرچەندە بە فلتەری فۆنۆتاکتیکی زمانی وەرگریشدا تێپەڕیون، بەڵام پارێزگارییان لە فۆرم و واتاکانیان کردووە، ئەم شێوازەی خواستیش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك، لەوانە:

١-ئاسانی دەربڕین، بەهۆی ئەوەی بەرێکەوت هەموو دەنگەکانی وشە خواستراوەکە لە زمانی وەرگردا هەیە و گونجاوە لەگەڵ دەنگەکانییدا و قسەپێکەرانی ڕاهاتوون بە دەربڕینی، لەڕووی واتاشەوە بۆ هەمان واتا خواستراوە، وەکو: (سینەما، کۆمپیوتەر، ڕۆڵ، فایل، ئیمێل، تەسلیم، فەقیر، یاقووت...هتد).

٢-شارەزای لە زمانی بەخشەردا هۆکارە بۆئەوەی وشە خوازراوەکانی زمانەکە وەکو خۆی دەربڕن، بۆ نموونە مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی...هتد، هەوڵدەدەن وشەکانی ئەو زمانانە وەکو خۆی لە ڕووی دەنگەوە دەربڕن، ئەمەش بۆ دەرخستنی توانای خۆیان لە زمانەکەدا، چونکە هەڵە دەربڕین زۆرجار بێ توانایی لە زمانەکەی دەدرێتە پاڵ.

٣-زۆربەی ئەو وشانەی دەچنە چوارچێوەی ئاینەوە، لەبەر پیرۆزی بە گرنگ زانینیان، هەوڵدراوە وەکو خۆی بەبێ دەستکاری وەربگیرێن، وەکو: (حەج، زەکات، حەشر، قەبر، ڕەمەزان، جەهەنم، کەوسەر، لەیلەتوقەدر، ...هتد).

٤-ئەو زاراوانەی دەچنە چوارچێوەی بوارە پسپۆڕییەکانەوە، هەوڵدەدرێت وەکو خۆیان بەبێ دەستکاری لەڕووی فۆرم واتاوە بخوازرێن،

چونکە ئەو زاراوانە بەزۆری بە جیهانی بوون و لەبەرناسینەوەیان هەوڵدەدرێت وەکو خۆیان دەربڕێن، بۆنموونە وەکو خواستنی ئەو زاراوانەی دەچنە چوارچێوەی زمانەوانییەوە: (سینتاکس، سیمانتیك، فۆنەتیك، کۆنسۆنانت، مۆرفیم فۆنێم، ڤێرب، مۆرفۆسینتاکس، دیالێکت، فرێز...هتد) یان خواستنی ئەو زاراوانەی دەچنە بواری پزیشکییەوە وەکو جۆری نەخۆشییەکان و ناوی دەرمانەکان، وەکو: (کۆرۆنا، تالاسیما، ڕۆمانتیزم، مەلاریا، ئەکزیما، ڤایرۆس، فلاجین، کۆرستۆڵ، پلازما، ئەسپرین، فلاجین، هیمۆفیلیا، میکرۆب، هۆرمۆن، ئیکۆ، فەتح صەدر، فەقەرات، ئەنتی بایۆتیك، ئەدۆل، ئەمۆکسلین...هتد)، هەروەها کانزا و گازە بەنرخەکان، وەکو: (کالیسۆم، پۆتاسیۆم، سۆدیۆم، ئەلەمنیۆم، زینك، یاقووت، مەرمەڕ، کبریت، فۆسفات، فیتامین، پرۆتین، کلۆکۆز، پلاستیك، پترۆڵ، نایترۆجین، کاربۆهیدرات، ئۆکسجین، هیلۆم، ئۆزۆن...هتد).

٥-ناوی شوێن و کەس و کارگە و ڕێکخراوە جیهانییەکان لەبەر ناسینەوەیان، هەوڵدەدرێت وەکو خۆیان دەربڕێن: (لەندەن، پاریس، ڕۆما، دەوحە، نیودەلهی، نیۆرك، عەلی، عومەر، کەریم، قەزافی، شکسپیر، چۆمسکی، ڤۆڵت، ئەدیسۆن جاك، ئۆباما، ماکرۆن، جۆرج، کریستیانۆ، میسی، سامسۆنگ، ئەپڵ، یونسێف، یونسکۆ، ناتۆ، ئۆپیك...هتد)

## ٢-وشەی کوردێنراو/ وەرگرتن بە دەستکارییەوە (Substituted):

هەموو زمانێك بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە زمانییەکانی سەرەڕایی پشت بەخۆ بەستن، وشەش لە زمانەکانی ترەوە دەخوازێت، پرۆسەی وشەخواستنیش هەرەمەکی نییە، بەڵکو پرس بە یاساوڕێسا زمانییەکان دەکرێت و دەبێت بە پالاوگەی ئەواندا تێپەڕبن، ئەمجا پەسەند دەکرێن و بەکاردەهێنرێن، ((هیچ زمانێك لە خۆوە و بەبێ بەرنامە و پلان وشە وەرناگرێت، بەڵکو بەپێی هەندێك مەرج پەسەندیاندەکات و دەیان هێنێتەناو زمانەکەوە، (مەحوی،٢٠١٠، ١٢٨). واتا (وشە لە زمانێکەوە بۆ ناو یەکێکیتر بێ مەرج دێت، بەڵام لە تازەکەدا، بە مەرجەوە وەردەگیرێت، ئەو وشەیەی، کە دەچێتە ناو زمانێکی نوێوە، دەکەوێتە ژێر ڕکێفی یاسا و دەستوری فۆنەتیك و مۆرفۆلۆژی سینتاکسی زمانە قەرزکەرەکەوە و بەرەبەرە تیکەڵ بە دانە زمانییەکان دەبێت(سدیق، ٢٠٢٠، شەش). ئەو وشە خواستراوانەی، کە بەپێی یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی وەرگر گۆڕانی بەسەردا هاتووە و خۆیان لەگەڵیدا گونجاندووە، ناسینەوەی لەلایەن زمانی بەخشەرەوە ئاسان نییە(Haugen،1950 ،212 )، یەکەمین قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەی وشەی خواستراویش بە زمانی وەرگر، گونجاندن و گۆڕینی دەنگەکانی بەپێی یاساوڕێسا دەنگییەکانی زمانی وەرگر، بۆئەوەی وشە خواستراوەکە لەڕووی گۆڕانی دەنگییەوە وەهای لێبکرێت، کە ئەندامەکانی ئاخاوتنی قسەپێکەرانی زمانی وەرگر بتوانن بە ئاسانی دەریانبڕن. چونکە دەبێت لە سەرەتادا وشە ئامادەبکرێت بۆ دەربڕین، تاوەکو شتێك دەرنەبڕێت واتا ناگەیەنێت، لێکتێگەیشتن دروست نابێت، کە ئەمەش ئەرکی سەرەکی زمانە، بۆیە (کاتێك وشەیەك لە زمانێکی ترەوە وەردەگرێت، وشەکە بە گوێرەی پێڕوی دەنگەکانی(فۆنۆتاکتیکی) زمانەکەی وەریدەگرێت و دەریدەبڕێت(مەحوی،٢٠١٠، ١٢٨). گۆڕینی فۆرمی وشەکان و سازاندنیان لەگەڵ یاسا فۆنۆلۆژییە کوردییەکاندا، یەکێکە لە پرۆسەی کورداندنی وشە بیگانەکان، ستراتێژێکە، کە زمان خۆی ئەو ڕێگە دەگرێتەبەر و پێویستی بە بڕیاری زانستی و کۆڕ و کۆبونەوە نییە(نەریمان، ٢٠١٣، ٥٩)، لەم پرۆسەیەدا زمانی کوردی بەپێی تایبەتمەدییەکانی گۆڕان بەسەر فۆرمی وشەکە دەهێنێت و لە هەر دەنگێك یان مۆرفێمێکی نامۆی زمانە بەخشەرەکە دادەماڵدرێن و ڕێگەی نادرێت لە دوو توێی وشە خواستراوەکەوە دزە بکەنەناو زمانە وەرگرەکەوە، هەموو زمانێك سەرەڕای هاوبەشی لە چەندان دەنگ و فۆنێم و یاسای فۆنۆلۆژی لەگەڵ زمانەکانی تر، چەندین تایبەتمەندی هەیە، کە هەوڵی پارێزگاری لێکردیان دەدات و نایەڵێت تایبەتمەندییە فۆنۆلۆژییەکانی زمانی تر خۆیان بخزێننە ناو زمانەکەوە و جێگەی کەرەستەی زمانی یاساوڕێسا خۆماڵییەکان بگرنەوە یان بیان شێوێنن و لە بەکارهێنان دووریان بخەنەوە، چونکە (خواستنی وشە بەبێ گۆڕانکاری و خۆگونجاندنی لەگەڵ سیستەمی دەنگی زمانە ڕەسەنەکە کارێکی زۆر دەکاتە سەر زمان و بێ هێزی دەکات، بۆیە پێویستە هەر زمانێك بۆ بەرگریکردن لە خۆی لەکاتی هاتنی وشە لەلایەن زمانان بە پێی یاسا فۆنۆلۆژی و ڕێزمانی زمانەکەی خۆی ڕێکیانبخات، (سلێمان، ٢٠١٤، ٥٧)، واتا ئەم ڕێگەیەی، کە زمانەکان دەیگرنەبەر بۆ گۆڕان و گونجانی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

وشەخواستراوەکان، بە ڕێگەی پاراستنی زمان لە ژەهراویبوون و لەناوچوونی زمان دادەنرێت، چونکە وشە و فرێزە خواستراوەکان دەرچەی هاتنەناوەوەی فۆنێم و یاساو ڕێسای ڕێزمانیین، کە تایبەتمەندی جیاکردنەوەی زمانەکانن لە یەکتری. جۆر و ڕێژەی ئەو گۆڕانانەی بەسەر وشەی خواستراودا دەهێنرێت لە زمانێکەوە بۆ زمانی تر دەگۆڕێت، ئەمەش پەیوەستە بە خزمایەتی نێوان زمانەکان و زۆری فۆنێمی هاوبەش لە نێوان هەردوو زمانەکەدا، چونکە تاوەکو فۆنێمی هاوبەشیان زیاتربێت، گۆڕانە دەنگییەکان کەمتر دەبنەوە، بە پێچەوانەشەوە، بۆنموونە ئەوگۆڕانە دەنگیانەی بەسەر وشە خواستراوەکانی زمانی عەرەبیدا لەلایەن زمانی کوردییەوە هێنراوە زۆرترە هەمبەر بە زمانی ئینگلیزی، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە دوو خێزانە زمانی جیاوازن، وەکو بوونی فۆنێمەکانی (ث/ط/ذ/ص/ض/ظ) لە زمانی عەرەبیدا و نەبوونییان لە زمانی کوردیدا، بە پێچەوانەشەوە بوونی فۆنێمەکانی (پ/گ/ژ/ڵ/ڕ/ۆ/ێ/) لە زمانی کوردیدا، بەڵام زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی سەر بە هەمان خێزانە زمان و زۆربەی فۆنێمەکانیان هاوبەشن، زمانی کوردی زۆربەی وشەخواستراوەکانی بەدەستکارییەوە لەڕووی فۆرمەوە وەرگرتووە، گۆڕانەدەنگییەکانیش ئەمانەن:

-دەنگ گۆڕین:

بریتییە لە گۆڕینی دەنگێکی زمانی بەخشەر بۆ دەنگێکی بەرامبەری یان نزیك لێی لە زمانی وەرگردا، بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| قرض ← قەرز | قاضی ← قازی | خدمە ← خزمەت |
| ذلیل ← زەلیل | ذکر ← زکر | کتاب ← کتێب |
| ظالم ← زاڵم | ظاهر ← زاهیر | عقل ← عەقڵ |
| طماطة ← تەماتە | طماح ← تەماح | دعوە ← داوا |
| ثروة ← سەروەت | أثار ← ئاسار | الأن ← ئەلعان |
| عصر ← عەسر | مقص ← مەقەس | |
| تیۆری ← theory | | میتۆد ← method |
| کیمیا ← Chemistry | | شانس ← chance |
| ئەرشیف ← Archive | | پاس ← bus |

-دەنگ لابردن:

لابردنی دەنگێك یان زیاتری وشە خواستراوەکەیە لەزمانی کوردیدا:

| | | |
|---|---|---|
| أنبار ← عەمار | مەعنا ← مانا | معاملە ← مامەڵە |
| تەکنیکی ← Technical | لیمۆ ← Lemon | |

-دەنگ زیادکردن:

زیادکردنی دەنگێك یان زیاتری زمانی کوردی بۆ وشە خواستراوەکە، وەکو:

| | |
|---|---|
| دولە ← دەوڵەت | هلاك ← هیلاك |
| فقر ← فەقیر | مسجد ← مزگەوت |

پیتزا ← Pizza (زیادکردنی فۆنێمی /ت/ بۆ وشەخواستراوەکە)

زەڵاتە Salad ← (زیادکردنی فۆنێمی /ه/ بۆ وشەخواستراوەکە)

٣-وەرگێڕان(loan-translation):

بریتییە لە گواستنەوەی هزر و بۆچوون و شێواز و زانیاری بۆ گەیاندنی واتا و دۆزینەوەی نزیکترین هاوواتا بە مەبەستی دەربڕینی ئەزموونێك لە بارەی جیهان و دەوروبەر لە نێوان زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانجدا(عەللاف ، ٢٠٠٩، ٢٠)، یان وەرگێڕانی بێژەی وشەی

خواستراوە بۆ بێژەی خۆماڵی بە هەمان واتا یان نزیك لە واتاكەی، واتا (وەرگێڕانی وشەبەوشە بۆ وشە بیانییەكە دەكرێت و فۆرمێكی خۆماڵی پێدەبەخشرێت و وەكو وشەیەكی نوێ لە زمانە وەرگرەكەدا بەكاردەهێنرێت (باطنی، ١٣٩٠، ٩٧)، لەم شێوازەی خواستندا لایەنی وەرگر لە جەوهەردا، هیچ خۆی بە بنیاتی سیمانتیكی ئەو پێكهاتانەوە، كە ئاڵوگۆڕیان پێ دەكرێت، ماندو نەكردوە، واتە بە ئامادەكراوی خراونەتە بەردەستی، ئەركی سەرەكی وەرگرەكە تەنیا ئەوەندە بووە، كە لە ڕوی ستراكچەرەوە بەرگێكی گونجاو و لەباری زمانەكەی خۆی بكات بە بەریاندا(سدیق، ٢٠٢٠، ٧٧). وەرگێڕان (ڕێگەیەكی ترە بۆ داهێنانی ئایتمی نوێی گەنجی وشەكان لە ڕێی وەرگێڕانی مۆرفیمەكانی وشە بیانییەكانەوە بۆ مۆرفیمە خۆماڵییەكان(مەحوی، ٢٠١٠، ١٥١-١٥٢)). زمانی كوردی لەم ڕێگەیەوە بیرێكی زۆری خواستووە و بە وشەی خۆماڵی دەری بڕیوە، زمانەكەی دەوڵەمەندكردووە و مۆركێكی كوردییانەی بە بەردا كردووە، وەكو وەرگێڕانی ئەم وشە و فرێزانەی خوارەوە:
-وشەی (دووربین) لە زمانی كوردیدا لە دروستەی (Fornrohr) ی ئەڵمانییەوە وەرگیراوە، كە لە ڕێگەی وەرگێڕانی مۆرفیمە بیانییەكەوە بۆ سەر زمانی كوردی، وشەی (دوور) لە (Forn)ە وە و (بین)یش لە(Rohr)ە وە(مەحوی،٢٠١٠، ١٥٢-١٥٣).

| | |
|---|---|
| - (بڵندگۆ) | (Loud-Speaker) |
| - نەتەوە یەكگرتووەكان | (The United Nations Organization) |
| - (كچە هاوڕێ) | (Girlfriend) |
| -(سەرخان) | (البناء الفوقي) |
| -(دەستپاكی) | (نظافة الید) |
| -(چوارگۆشەی زێڕین) | (مربع زهبی) |
| -(جەنگی سارد ) | (الحرب الباردة) |

لەلایەكی ترەوە وەرگێڕان ڕۆڵی نەرێنی لە زماندا دەبینێت، چونكە بە ڕێگەیەكی سەرەكی پەلكێشكردن و هێنانەناوەوەی یاساوڕێسای زمانەكانی تر دادەنرێت، بە تایبەتی لە وەرگێڕانی وشەبەوشەدا، چونكە هەر زمانێك چەند تایبەتمەندێتیەكی ڕێزمانی هەیە، كە جیاوازە لە زمانەكانی تر، واتا وەرگێڕان دەبێتەهۆی پەلكێشكردنی یاسا و ڕێسای زمانەكانی تر بۆ ناو زمانەكە، كە یەكێكە لە هۆكارەكانی ژهراویبوونی زمان، وەكو پێڕەویكردنی یاسا و ڕێسایی زمانەكانی تر لە وەرگێڕانی ئەم دەبراوانەی خوارەوە:
-(فڕۆكەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی) لە وەرگێڕانی وشەبەوشەی (مطار اربیل دولی) لە جیاتی (فڕۆكەخانەی نیودەوڵەتی هەولێر)، كە پێڕەوەی یاسای ڕێزبوونی پێكهاتەی فرێز لە زمانی عەرەبیدا كراوە.
-لە ڕستەی (هەستان بە ئەنجامدانی چالاكییەك.)دا پێڕەوەی یاسای ڕێزمانی زمانی عەرەبی كراوە.
-لە وەرگێڕانی وشەبەوشەی (گوڵان سەنتەر)دا پێڕەوی یاسای ریزبوونی كەرەستەكان لە پێكهاتەی فرێزی زمانی ئینگلیزی كراوە، كە (سەرەسەرەتا)یە، بە پێچەوانەوە دەبێت تەنها فۆرمی وشەكان وەربگیرێت بە پێی پێڕەوی زمانی كوردی، كە (سەرەكۆتا)یە وشەكە بكرێت بە (سەنتەری گوڵان).

٤-گۆڕینی وشەی خواستراو(Loan Shift):

ئەم شێوازە دوو جۆرە:

١/٤)گۆڕینی واتای وشەی خواستراو:

بریتییە لە خواستی بێژەی وشەی خواستراو بەبێ واتاكە، پێدانی واتایەكی جیاواز لەو واتایەی، كە لە زمانی بەخشەردا هەیبووە، ئەم


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

پرۆسەیە پێچەوانەی خواستنە لەڕێگەی وەرگێرانەوە، بۆ نموونە (وشەی (قۆناغ) لە تورکی کۆندا، بەواتای (جێی حەوانەوە)دێت، بەڵام لە کوردیدا بووە بە پێوەرێك بۆڕێگا (سدیق، ٢٠٢٠، ١١٧))، هەروەها وشەی (قوت) لە تورکی کۆندا بە واتای (گیان، ڕۆح) دێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا بە واتای (قوتی گەل، ئەرزاق)دێت، وشەی خوستراوی (قاچ) لە زمانی تورکیدا بە واتای (ڕاکردن) دێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا بۆ واتای (بەشێك لە ئەندامی لەشی مرۆڤ) بەکاردەهێنرێت، وشەی خواستراوی (هێواش) لە زمانی تورکییدا بە واتای (نەرم) دێت (سدیق، ٢٠١١، ٥٨)، هەروەها وشەی (بەخیل) لە زمانی عەرەبیدا بە واتای (ڕەزیل)دێت، بەڵام لە زمانی کوردی بۆ واتای (حەسودی) یان (پەککەوتە) دێ، هەروەها وشەی (هیلاك) لە زمانی عەرەبیدا(هلاك) بە واتای (نەمان و لەناوچوون) دێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا بۆ واتای (ماندوو) بەکارهاتووە (عەبدولغەنی، ٢٠١٩، ٤٥)، وشەی (پرۆگرام)یش وشەیەکی کۆنی یۆنانییە، واتای (ئیعلان/ بۆ ئاگادری) دەگەیەنێت، لە بەرانبەر وشەی (بەرنامە)ی زمانی کوردی بەکاردەهێنرێت (مارف، ٢٠٠٠، ٢٩)، وشەی خواستراوی (Drama) لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای (شانۆگەری) دێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا تەنها فۆرمەکەی وەرگیراوە و واتاکەی گۆڕاوە، کە مەبەست لە فیلمی زنجیرەییە.

## ٢/٤)گۆڕینی (بێژە/قاڵبی فۆنەتیکی)ی وشەی خواستراو:

لەم جۆرە خواستندا بێژەی وشەکە ڕاستەوخۆ لە زمانێکی ترەوە وەرناگیرێت یان وەرگێڕانی وشە بە وشەی بۆ ناکرێت، بەڵکو تەنها واتاکەی وەردەگیرێت و لە بری سودوەرگرتن لە وشە بیانییەکە سود لە وشەیەکی کۆنی زمانەکە وەردەگیرێت، کە وشەیەکی کۆن و پوکاوەیە یان چالاك نییە یان واتاکەی لە وشەیەکی تری زیندووی زمانەکە باردەکرێت و واتاکەی فراواندەکرێت یان فرەواتای بە وشەکە دەبەخشرێت، بۆ نموونە لە زمانی فارسیدا لە کۆندا وشەی (یخچال) بەو شوێنە دەوترا، کە لە زستاندا ئاوی تێداکراوە بۆ ئەوەی بیبەستێت، تاوەکو لە هاوێندا سودی لێ ببینرێت، بەڵام دواتر بۆ دەزگای بەفرگر/سەلاجە (Refrigerator) بەکارهێنرا. (باطنی، ١٣٧٣، ٨٣)، هەڵبژاردنی ئەو وشەیە بۆ واتاکە، هەڕەمەکی نییە و وپەیوەندی بە شێوازی کارو واتای وشەکەوە هەیە. جیاوازی ئەم جۆرەی خواستن لەگەڵ وەرگێڕاندا لەوەدایە، کە هەرچەندە لە هەردووکیاندا واتا دەخوازرێت، لە وەرگێڕاندا بێژەی وشەی خواستراو وەردەگیرێتەسەر بێژەی بەرامبەری لە زمانەکەدا، بەڵام لەم جۆرەدا واتاکەی لە وشەیەکی زمانە باردەکرێت یان وشەیەکی کۆنی زمانەکەی بۆ زیندوو دەکرێتەوە، لە زمانی کوردیدا بەم شێوازە چەندین واتا خواستراوە، بۆ نموونە:

-وشەی (پسپۆڕ) لە کۆندا بۆ ناوی کەسێك بەکارهێنراوە، کە شارەزایی لە بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتدا (ئاژەڵداری) هەبووە، بەڵام لە ئێستادا بۆ ناونانی کەسێکی شارەزا لە بوارێکی زانستی یان پێشەیی لە بەرامبەر وشەی (Expert)ی ئینگلیزی و (خبیر)ی عەرەبی بەکاردەهێنرێت.

- لە پێشوودا (کورسی) تەنها بۆ ناوی کورسی دانیشتن بەکاردەهێنرا، بەڵام لەئێستادا لە بواری ڕامیاری و خوێندنیشدا بەکاردەهێنرێت وەکو کورسی (سەرۆکایەتی، پەرلەمان، خوێندن...هتد).

-وشەی (پۆست) لەسەرەتادا تەنها بەو پۆستانە دەوترا، کە فەرمانگەکانی پۆستە و گەیاندن هێنان و بردنیان بۆ دەکات، بەڵام لە ئێستادا بۆ پۆستی حکومی و پۆست لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیش بەکاردەهێنرێت.

## ٥-گوزارشتلێکردن (Loan Interpretation):

بریتییە لە سازکردنی وشەیەکی نوێ بۆ ناونانی واتایەکی خواستراو لە ڕێگەی گوزارشتلێکردنەوە، لەسەر بنەمای شێوەی کارکردن و ئەو ڕۆڵەی وشەکە دەیگێڕێت، بەشێوەیەك، کە گوزارشتی لێبکات (شقاقی، ١٣٩٢، ١٢٧-١٢٨)، چونکە ((ئەو نیشانە تایبەتیانەی کە دەبن بە بەردی بناغە لە پرۆسەی ناوناندا، لە میلەتێکەوە بۆ میلەتێکی تر دەگۆڕێن(سدیق، ٢٠١١، ٣٣)) بۆ نموونە:

- سازکردنی وشەی (نووکە) لە (نووکەپێ) بۆ گوزارشتکردن لە واتای (Ring) لە تەلەفوندا یان لە (سێدارەدان) هەمبەر بە (اعدام)ی زمانی عەرەبی.

-سازکردنی وشەکانی (هەرزان بازاڕ) و (هەفتەبازاڕ) لەسەر بنەمای کارکردن لەبەرامبەر وشە خواستراوەکانی وەکو: (مینی مارکێت، مارکێت، سۆپەرمارکێت، هایپەرمارکێت، مۆڵ)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بیروبۆچوونی کۆمەڵی کوردی بەرامبەر بەو وشە خواستراوانە، چونکە نیشانەی سەرنجراکیش بە لای کۆمەڵی کوردییەوە هەرزانی نرخە، کە لە وشە کوردییەکان گوزارشتی لێکراوە، جیاواز لە نیشانەی سەرنج ڕاکێشی کوالێتیی لە وشە خواستراوەکان.




-هەردوو وشەی (بەرزەپرد، نزمەپرد)، کە گوزارشت لە وشەکانی ئۆڤەرپاس (overpass) و ئەندەرپاس (underpass)ی ئینگلیزی دەکات، بە جۆرێك ئەوەی لە پرۆسەی ناوناندا لە زمانی کوردیدا سەرنج ڕاکیشە (بەرزی و نزم)ی پەردە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا نیشانەی سەرنجراکیش شێوازی تێپەڕبوونە بە (سەر و ژێر)ی پردا.

## ٦-وەرگێڕان و گوزارشتلێکردن (Loan Translation and Interpretation):

لەم جۆرەی خواستندا واتای بەشێك لە وشەیەکی خواستراو وەرگێڕانی وشەبەوشەیی بۆ دەکرێت و بەشەکەی تریشی بەپێی کارایی و تایبەتمەندیی وشەکە گوزارشتی لێدەکرێت (شقاقی، ١٣٩٢، ١٣٠)، وشەکە لەڕووی فۆرمەوە گۆڕانی بەسەردا دەهێنرێت و فۆرمێکی نوێی پێدەبەخشرێت، لەڕووی واتاشەوە بەشێکی واتاکەی لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە وەکو خۆی دەخوازرێت و بەشێکەی تری گوزارشتی لێدەکرێت، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا:

-بەرامبەر بە واتای وشەی (Spaceman) وشەی (ئاسمانەوان)ی بۆ سازکراوە، کە بەشێك لە واتای وشەکە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە خواستراوە، وشەی(Space)ی ئینگلیزی وەرگێڕاوە بۆ وشەی(ئاسمان)ی بەرامبەری لە زمانی کوردیدا، هەروەها بەشێکی تری واتاکەی بەپێی ئەرکەکەی گوزارشتی لێکراوە، ئەویش بە لە جێدانانی پاشگری (وان)، کە بۆ شارەزایی کەسێك لە شتێکدا بەکاردەهێنرێت بەرامبەر وشەی (Man)ی زمانی ئینگلیزی.

-بەکارهێنانی فرێزی (سەری ساڵی نوێ) لە بەرامبەر (New Year Day)دا، (ساڵی نوێ) وەرگێڕانی وشەبەوشەی (New Year)ی ئینگلیزییە، بەڵام لە جیاتی وشەی (Day) بە وشەی (سەر) گوزارشتی لێکراوە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

### ٧-لێکدان/دووڕەگ (Compounding):

بریتییە لەو وشە نوێیەی، کە لە دوو وشەی واتاداری سەربەخۆ سازکراوە، کەرتێکی وشە نوێیەکە وشەی خواستراوە و کەرتەکەی تریشی وشەیەکی ڕەسەنی زمانەکە خۆیەتی (الخولی، ١٩٨٧، ٩٦)، وشە خواستراوەکەش بە زۆری ئەوانەن، کە وەکو وشەیەکی خواستراوی سەربەخۆ لە زمانە وەرگرەکەدا چالاکن. زمانی کوردی بەهۆی بوونی وشەیەکی زۆری خواستراوی چالاك، بەم ڕێگەیە وشەیەکی زۆری سازکردووە، بەمشێوەیە:

-وشەی خواستراو + وشەی خۆماڵی

سێرچ+کردن= سێرچکردن

کۆپی+کردن= کۆپیکردن

جملە+فرۆش=جملەفرۆش

عومر+کورت=عومرکورت

ڕیفۆرم+خواز=ڕیفۆرمخواز

قورئان +خوێن= قورئان خوێن

زەکات+دان= زەکاتدان

کفن+دروو=کفندروو

سەبر+گرتن=سەبرگرتن

پلان+دانان= پلاندانان

دریم+بازاڕ=دریم بازاڕ

-وشەی خۆماڵی + وشەی خواستراو

کورد+ میدیا= کوردمیدیا

کورد + فیلم= کوردفیلم

زانا+مۆڵ = زانامۆڵ

جوت+ ساید= جوت ساید

-وشەی خۆماڵی +ناوبەند (ە،و) + مۆرفێمی خواستراو

دژ+ە+ تیرۆر= دژەتیرۆر

دژ+ە+ تانك= دژەتانك

شەرم+ و+ حەیا= شەرم و حەیا

### ٨-تێکەڵکردن/ئاوێتەکردن (Loan Blending):

بریتییە لە پرۆسەی خستنەتەکیەك و بەستنەوەی دوو فۆرمی سەربەخۆ بۆ بەرهەمهێنانی تاکە یەك وشەی نوێ، کە تێیدا پرۆسەکە بە وەرگرتنی تەنها سەرەتای وشەی یەکێکیانەوە و لکاندنی بە کۆتایی وشەکەی ترەوە دەکرێت(مەحوی، ٢٠١٠، ١٥٨))، یان لە تێکەڵکردنی فۆرمێکی سەربەخۆ و بەشێکی فۆرمێکی تر پێکدێت، بۆنموونە وشەی (ڕۆڤار) (ناوی بڵاوکراوەیەکی وەرزیانەیە.) لە زمانی کوردیدا بەم شێوازە سازکراوە، لە (ڕۆ)ی سەرەتای وشەی (ڕۆژنامە) و (ڤار)ی کۆتایی وشەی (گۆڤار)ەوە، هەروەها زمانی کوردی چەند وشەیەکی لەم جۆرەی خواستووە یان بەیارمەتی وشە خواستراوەکان سازیکردووە، بەم شێوەیە:

١-هەندێك لە وشەكان لە زمانی كوردیدا سازكراون بە تێكەڵكردنی وشەیەكی خۆماڵی لەگەڵ كەرتێكی وشەیەكی خواستراو، وەكو:

-كوردستان + ساتەلایت = كوردسات

-زانكۆ + ئینتەرنێت = زانكۆنێت

-زانكۆ + ئۆنلاین = زانكۆلاین

-تیشك + ئینتەرنێت = تیشك نێت

٢-هەندێكی تریان بە ئامادەكراوی لە زمانەكانی ترەوە خواستراوە، هەردوو كەرتە پێكهێنەرەكەی وشەی بیانین، وەكو:

-مۆرفیم + فۆنیم = مۆرفۆفۆنیم

-مۆرفۆلۆژی+ سینتاكس = مۆرفۆسینتاكس

-فۆنەتیك + تاكتیك = فۆنۆتاكتیك

-تیلیفۆن + كۆمپانیا = تیلیكۆم

-ڕادیۆ + تەلەفزیۆن = ڕادیۆن

-موبایل + تیلیفۆن = موبیتێل

-كافتریا + ئینتەرنێت = كافێ نێت

## ٩-خواستنەوەی وشەی خوازراو(Re-Borrowing):

بریتییە لە گەڕاندنەوەی وشەیەكی خواستراوی خۆماڵی لەلایەن زمانی بەخشەرەوە، بەكارهێنانەوەی لە زمانە بنەڕەتییەكەی خۆی بە هەمان واتا و فۆرمی زمانە بەخشەرەكە، واتا وشەی زمانێك لە سەردەمێكدا لەلایەن زمانێكی ترەوە خواستراوە، بە سیستەمی فۆنۆتاكتیكی زمانەكەدا تێپەڕیوە و گۆڕانی دەنگی و واتایی بەسەردا هێنراوە، دواتر زمانە ڕەسەنەكەی خۆی وەكو زمانی وەرگر وشەكە دەخوازێتەوە و وەكو وشەیەكی بیانی هەڵسوكەوتی لەگەڵدا دەكات. بۆ نموونە وەكو ((گەڕاندنەوە وشەی (تفیدة)ی زمانی عەرەبی لە زمانی توركییەوە، كە گوندنیشینە میسرییەكان بەكاریدەهێنن, لە بنەڕەتدا وشەی (توحیدة)ی عەرەبییە, كە لەلایەن توركەكانەوە بۆ ناونانی ژنەكانیان خواستراوە, چونكە توركەكان پیتی (و) بە (ف) دەردەبڕن و دەنگی (ح)یان نییە, وشەكە گۆڕدرا بۆ (تفیدة) و دووبارە گەڕایەوە بۆ زمانی عەرەبی. (عبدالتواب ،١٩٩٧، ١٤٨))، هەروەها ((وشەی (Budget)، كە زمانی فەرەنسی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریگرتووەتەوە، لە بنەڕەتدا لە وشەی (Bogete)ی فەرەنسیەوە وەرگیراوە، كە بە واتای (كیسەیەكی بچووك) هاتووە، كاتێك لەسەردەمی داگیركاری فەرنسییەكان چووەتە ناو زمانی ئینگلیزییەوە، لە زمانە نوێیەكە گۆڕانی دەنگی و واتایی بەسەردا هێنراوە، پاشان دوای ماوەیەكی زۆر زمانی فەرەنسی وەكو زۆربەی زمانەكانی تر لە زمانی ئینگلیزییەوە بە فۆرم و واتای نوێوە گێڕاویتییەوە.(فندریس، ١٩٥٠، ٢٤٨-٢٤٩))، زمانی عەرەبیش وشەی (جوز)ی لە وشەی (گوێز)ی زمانی كوردییەوە بۆ هەمان واتا خواستووە، بە هۆی نەبونی فۆنیمی /گ/ بە فۆنیمی /ج/ گۆڕیوەتەوە گۆڕانی فۆنۆتاكتیكی تێداكردووە، دواتر زمانی كوردی هەمان وشەی لە وشەی جۆزن (گوێزی هندی) لە وشەی (جوز الهند)ی عەرەبییەوە بە فۆرم و واتای نوێوە خواستووەتەوە.

## ١٠-گۆڕینەوەی خواستراو (Loan Exchange):

لەم جۆرەی خواستندا وشەیەكی خواستراوی نا ئاشنا بە وشەیەكی تری خواستراوی ئاشنا و باوی جیهانی ئاڵوگۆڕی پێدەكرێت (باطنی، ١٣٧٣، ٨٦))، وەكو گۆڕینی هەندێك لە وشە خواستراوە عەرەبییەكان بە وشە ئینگلیزییە باو جیهانییەكان لە زمانی كوردیدا:

-مەجلس ← پەرلەمان

-دەبابە ← تانك

-كاس عالەم ← مۆندیال

-مەتعەم ← ڕێستۆرانت

-سەف ← کلاس

-فاست ← ئێکسپایەر

## ١١- خواستنی ڕاستەوخۆ(Direct Borrowing):

بریتییە لە پرۆسەی خواستنی یەکەیەکی زمانی ڕاستەوخۆ لە زمانی بەخشەرەوە(A) بۆ زمانی وەرگر(B)، دوای ئەوەی یاسا و ڕێساکانی زمانی وەرگری بەسەردا جێبەجێدەکرێت، لە زمانە نوێیەکەدا پەسەند دەکرێت، زمانی کوردی بەهۆی ڕاستەوخۆ بەرکەوتنی بە چەندین زمانی جیاواز بە هۆکارەکانی دراوسێیەتی و داگیرکاری و بازرگانی و زانست و هۆیەکانی جیهانگیری...هتد، چەندان وشەی بە ڕاستەوخۆ لێیانەوە خواستووە، بۆ نموونە:

-لە زمانی عەرەبییەوە وشەکانی (حەج، زەکات، تەڵاق، عەقڵ، مامەڵە، خزمەت، جەیش، کەمالیات، مۆتە، شریەت، کحول ...هتد) خواستراوە.

-لە لە زمانی ئینگلیزییەوە وشەکانی (بیکاب(Pick Up) ڕۆڵ(Role)، سینەما(Cinema)، پرۆسە(Process)، کۆمپیوتەر(Computer)، ئایسکرێم(Ice-Cream)، بانك(Bank)، پەرلەمان(Parliament)، پاسپۆرت(Passport)، بلیت(Billet)، تیلیفۆن/تەلەفۆن(Telephone)، کۆد(Code)، ماسك(Masque)، ئینتەرنێت(Internet)، کۆنترۆڵ(Control)، پۆست(Post)، کۆپی(Copy)...هتد) خواستراوە.

-لە زمانی تورکییەوە وشەکانی: (بازرگان، پیادە، باجی، خانم، دۆندرمە، پاپراخ، قاورمە، شاورمە، کنافە، بۆرەك، (قاچ، یاسا، یاقووت، قات، قاوش(سدیق، ٢٠١١، ٥٨).

-لە زمانی فارسییەوە وشەکانی: (خانەوادە، ستایش، وەرزش، سروشت، مەیخانە، فالودە، مەرز، پاپوج، نارگیل، میدان، دستور، سرخۆش، میهرەجان، پایان(بێ پایان)، فەراهەم، وشەی(بەد) لە (بەد ڕەوشت، بەدبەخت، بەدناو)...هتد) خواستراوە.

-لە زمانی فەرەنسییەوە وشەکانی: (تەوالێت(Toilrtte)، کارت (Carte)، کودەتا(Coup Detat)، ئاژانس(Agence)...هتد) خواستراوە.

-لە زمانەکانی لاتینی و یۆنانییەوە وشەکانی: (هایدرۆجین(Hydrogen)، پرۆتۆکۆڵ(Protocole)...هتد) خواستراون.

-لە زمانی ئیتالییەوە وشەکانی : (پرۆڤە(Prova)، پاپۆڕ(Vapour)، کافتریا(Cafeteria)، گازینۆ(Casino)، ڤێلا(Villa)، باڕ(Bar)، پیتزا(Pizza)...هتد) خواستراوە.

-لە زمانەکانی ئەکەدی و سۆمەرییەوە وشەکانی: (ئەساس، ئومەت، ئینجانە، بەکرە، تەنوور، چەوەندەر، دوکان، شیعر، لۆبیا...هتد) خواستراوە (سدیق، ٢٠٢٠، ٩٨-١٠٨).

-لە زمانی ڕوسییەوە وشەکانی: (سەماوەر، کابینە...هتد) خواستراون.

## ١٢-خواستنی ناڕاستەوخۆ/ دەستی دوو( Indirect Borrowing):

بریتییە لە پرۆسەی خواستنی یەکەیەکی زمانی بە ناڕاستەوخۆ لە زمانی بەخشەرەوە بۆ زمانی وەرگر لە ڕێگەی زمانێکی ترەوە، بۆنموونە (زمانی وەرگر(B) بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وشە لە زمانی بەخشەرەوە (A) لە ڕێگەی زمانێکی ترەوە (C) دەخوازرێت( شقاقی، ١٣٩٢: ١٢٩) وشەی خواستراوەکە ڕاستەوخۆ لە زمانە بەخشەرە بنەڕەتییەکەوە نایەت، بەڵکو پێشتر زمانێکی تر خواستوویەتی و بەپێی یاسا و ڕێسای زمانەکەی خۆی گۆڕانی فۆنۆتاکتیکی بەسەرداهێنراوە، ئەمجا زمانی وەرگر لە دەستی دووەمەوە وەریدەگرێت و دووبارە دەیخاتە ژێر فۆنۆتاکتیکی زمانەکەی خۆیەوە، بۆیە ئەو وشانەی بەم ڕێگەیە دەخوازرێن زیاتر لە جارێك گۆڕانی فۆنۆتاکتیکیان بەسەردا

دەهێنرێت، وەهای لێدەکرێت بە ئاسانی لەلایەن زمانە بەخشەرە بنەڕەتییەکەوە نەناسرێتەوە، بۆنموونە زمانی کوردی ناو وڵاتەکانی وەکو (چین، ئۆرگوایی، چیچان)ی بە فۆرمی (سین، ئۆرغوایی، شیشان) لە زمانی عەرەبییە وەرگرتووە، کە بەهۆی نەبوونی فۆنێمەکانی (/چ/،/گ/) لە زمانی عەرەبیدا گۆڕانی فۆنەتیکیان بەسەردا هێنراوە، هەروەها وشەی (قۆپی)شی لە زمانی تورکییەوە خواستوویەتی، کە لە بنەڕەتدا لە وشەی (Copy)ی زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، دوای ئەوەی گۆڕانی لە ڕووی فۆرم و واتاوە بەسەردا هێنراوە. لەپێشودا زمانی کوردی بەهۆی دراوسێیەتی و داگیرکاری و بازرگانی و کولتوری و ڕۆشنبیری...هتد)هوە، زۆربەی وشە خواستراوەکانی بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە زمانی عەرەبییەوە خواستووە، بەڵام لەم ساڵانەی دوای بە تایبەتی دوای ڕاپەڕینی گەلی کورد، کە بووەهۆی کرانەوەی گەلی کورد بەڕووی وڵاتانی تری جیهان، بەهۆی هۆیەکانی پەیوەندیکردن و هاتوچۆ و کۆچ و خوێندن و بازرگانی...هتد، وەکو زمانێکی بایەخپێدراوی جیهانی وشە بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە زمانی ئینگلیزییەوە دەخوازرێت. زمانی کوردی بە شێوازی ناڕاستەوخۆ چەندین وشەی خواستووە، وەکو:

-لاتینی و یۆنانی لە ڕێگەی ئیتالییەوە: (پرۆپاگەندە(Propaganda)، ماکرۆنی(Macaroni)، باڵەکۆن(Balcony)...هتد).

-لاتینی و یۆنانی لە ڕێگەی فەرەنسییەوە: (ئەلبوم(Album)، ڕادیۆ(Radio)...هتد).

-لاتینی و یۆنانی لە ڕێگەی ئینگلیزییەوە: (تێلیفۆن(Telephone)، دیالێکت(Dialect)، فۆنەتیك(Phonetic)، کۆلیسترۆڵ(Cholesterol)، تراکتۆر(Tractor)، پاوەند(Pound)، تاکتیك(Tactic)...هتد).

-ئینگلیزی لە ڕێگەی تورکییەوە: (قۆپی(Copy)...هتد).

-فەرەنسی لە ڕێگەی ئینگلیزییەوە: (بودجە(Budget)، تێنس(Tennis)، هەروەها وشەی (جگەرە)ش لە (Cigarette)ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، بەڵام بنچینەی وشەکە فەرەنسییە (تاهیر، ٢٠١٢، ٢٥٨).

- ئینگلیزی لە ڕێگەی عەرەبییەوە: (فەلسەفە، سین، شیشان، شانس...هتد).

-فارسی لە ڕێگەی عەرەبییەوە: (باینجان(بادمجان)، جۆراب...هتد).

- لاتینی و یۆنانی لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە:(ئیبلیس((Evlipis، بیتاقە (Pitakion)، بەتریق(Patrikio)، سابون(Sapon)،فەلسەفە(Phil Osophy)، دینار (Denarium)...هتد).

-چینی لە ڕێگەی ئەکەدی و ئارمییەوە( برنج...هتد(سدیق، ٢٠٢٠، ٩٩).

-هیندی لە ڕێگەی ئینگیزییەوە: زمانی کوردی وشەی (بیجامە) لە وشەی (Pyjama)ی زمانی ئینگلیزییەوە وەرگرتووە، ئەویش لە زمانی هیندی خواستووە((تاهیر، ٢٠١٢، ٢٥٨)).




هێڵکاری خواستنی وشە بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ

-زمانی کوردی وەکو زۆربەی زمانەکانی تری جیهان بۆ ئەوکەرەستە و چەمکە نوێیانەی بە بەردەوامی سەرهەڵدەن و دێنە زمانەکەوە، بۆ ناونان و ناسینەوەیان، شانبەشانی سازکردنی وشەی نوێ، وشەی لە زمانەکانی تریشەوە خواستووە.

٢-زمانی کوردی هەرمەکی وشە ناخوازێت، بەڵکو یاساوڕێسا زمانییەکانی بەسەر زۆربەیاندا سەپاندووە، مۆرکێکی کوردیانەی بە زۆربەی وشە خوازراوەکان بەخشیوە.

٣-لە پرۆسەی وشەخواستندا، زمانی کوردی گۆڕانی بەسەر بێژەی زۆربەی وشەی خوازراوەکاندا هێناوە، هەندێکی تریان گۆڕانی واتایان تێداکراوە یان بەپێی بیرکردنەوەی کۆمەڵ گوزارشتیان لێکراوە یان لە سازکردنی وشەی نوێدا بەشداریان پێکراوە.

٤-زمانی کوردی بەزۆری بە شێوازەکانی (هاوردە، کوردێنراو، وەرگێڕان، گوزارشتلێکردن، خواستنەوەی خواستراو، دووڕەگ، گۆڕینەوەی خواستراو، ئاوێتەکردن...هتد) وشەی خواستووە.

٥-زمانی کوردی بە هەردوو ڕێگای ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ وشەی لە زمانەکانی ترەوە وەرگرتووە، هەندێك وشەش بە زیاتر لە زمانێکدا تێپەڕیون.

٦-زۆربەی ئەو وشە خواستراوانەی هاتوونەناو زمانی کوردییەوە، بە هەردوو شێوازی هاوردە و کوردێنراو خواستراون.

٧-لەپێشوودا بەهۆی دراوسێیەتی و داگیرکارییەوە، زمانی کوردی بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ وشەی لە زمانی عەرەبییەوە خواستبووە، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی هۆیەکانی جیهانگیرییەوە، بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ زیاتر لە ڕێگەی زمانی ئینگلیزییەوە وشە دەخوازێت.

## سەرچاوەکان

### زمانی کوردی:


١-حەسەن، تابان محەمەد سەعید(٢٠٠٨)، گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢-عەبدولغەنی، سۆزان سەعدوڵلا(٢٠١٩)، وەرگرتن و بەکارهێنانی زاراوە لە ئاخاوتن و نووسیندا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

٣-عەللاف، پەروین عوسمان مستەفا (٢٠٠٩)، واتا و وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.

٤- تاهیر، شەهاب شێخ تەیب (٢٠١٢)، بنەما و پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

٥- سدیق، فاروق عومەر(٢٠١١)، لە دایکبوونی وشە، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم, سلێمانی.

٦- سدیق، فاروق عومەر(٢٠٢٠)، قەرزی وشە، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٧- سلێمان، ئازاد عەزیز (٢٠١٤)، ململانێی زمان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٨- شوانی، ڕەفیق(١٩٩٨)، کاریگەری بزوتنەوەی کورد و فراوانبوونی فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی، گۆڤاری کاروان، ژمارە(١٢٧).

٩- کەمرێ، بێرنارد و دایەمەند، جێردید و واڵن، دەوگ و هارس، ك.دەیڤید (٢٠٠٧)، زمان، وەرگێڕانی کامیل محەمەد قەرەداخی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپی یەکەم.

١٠- مارف، ئەوڕەحمانی حاجی(٢٠٠٠)، زمانی کوردی و خەوشی هەندێ وشە و زاراوەی نوێ، بەغداد، مکتب السفار للأستنساخ.

١١- مەحوی، محەمەدی(٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، زانکۆی سلێمانیی، ،بەرگی یەکەم، سلێمانیی.

١٢- فتاح، محەمەد معروف(٢٠١١)، زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی سێیەم، هەولێر.

١٣- نەریمان، بەهمەن تاهیر(٢٠١٣)، کاریگەری قورئان لەسەر زمانی کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

**زمانی عەرەبی:**

١٤- ئۆلمان، ستيفان(١٩٨٧)، دوور الكلمة فى اللغة، ترجمهة: كمال محمد بشير، مكتبة الشباب، القاهرة.

١٥- عبدالتواب، رمضان (١٩٩٧)، التطور اللغوي: مظاهره و علله و قوانينه، القاهره.

١٦- ج، فندريس(١٩٥٠)، اللغة، ترجمه: عبدالحميد الدواخلي و مجمد القصاص، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة.

١٧- الخولى، محمد على(١٩٨٧)، الحياة مح لغتي(الثنائية اللغوية)، الطابيع الأول، جامعة الملك سعود ، الرياض.

**زمانی فارسی:**

١٨- باطنى، محمد رضا(١٣٧٣) زبان و تفكر، فرهنگ معاصر، تهران.

١٩- شقاقى، ويدا(١٣٩٢)، مبانى صرف، چاپ ششم، سمت، تهران.

**زمانی ئینگلیزی:**

20- E, Haugen (2009), the Analysis of Linguistic Borrowing, Language, 26(2).

21- M, Haspelmath & U, Tadmor (2009), Loanwords in the world's languages: a comparative handbook. Walter de Gruyter.

22- Pei, Mario (1966), Glossary of Linguistics Terminology, New York: Anckor Books.

23- T.J, Curnow (2001), what language features can be "borrowed", Areal diffusion and genetic inheritance: problem in comparative linguistics.

24- Abdullah, M. K., Muhammad, S. N., & Othman, N. S. (2020). Agreement morphological structures in the Hawrami sub-dialect. Halabja University Journal, 5(3), 1-25.

25- Abdullah, M., & Muhammed, P. (2021). Globalisation and Death of Language. Journal of Garmian University, 8(3), 97-110.

26- Mehwi, M. A., & Aziz, A. S. (2018). Verbal Noun and Inflected Verb. International Journal of Kurdish Studies, 4(1), 1-26.

# بەراوردێک لەنێوان ئەدەبی سیاسیی کوردیی تا سەرەتاکانی سەرهەڵدانیی

# بەراوردێک لەنێوان ئەدەبی سیاسیی کوردیی تا سەرەتاکانی سەرهەڵدانیی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی لەگەڵ ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێدا

محەمەد دلێر ئەمین محەمەد [1]، سەروەت نیعمەتوڵڵا صاڵح [2]

[1] بەشی زمانی کوردیی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

[2] بەشی زمانی کوردیی، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: hamadler-muhammed@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە، هەڵسەنگاندن و پێناسە و شیکاری ئەدەبی سیاسییە (شیعر و پەخشان) لەڕووی مێژووییەوە، بە نموونەوە، دەرکەوتن و سەرهەڵدانی لای میللەتانی خاوەن دەوڵەت و سەردەمی خەباتی ڕزگاریی نیشتمانیی؛ هەروەها مێژووی دەرکەوتنی وەک ژانرێکی ئەدەبیی سەربەخۆ لای کورد و چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی لە ناو بەرهەمی شاعیر و نووسەراندا، بەتایبەت لەناو لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا. دەستنیشانکردنی ئەو فاکتەرانەی، کە بوونەتە هۆی ئەوەی کورد، نەیتوانیوە پەیامی سیاسیی خۆی بگەیەنێتە دەرەوەی سنووری کوردستان، زیاتر ئەم بەرهەمانە لەناو کۆمەڵگاکانی کورددیا ماوەتەوە و بوەتە هۆی هاندان و گەشەی هەست و سۆزی نەتەوەیی. دیارە دەمارگیریی و خۆپەرستی نەتەوە داگیرکەرەکان و جیاوازیی مەزهەبی و ئایینی، هۆکاری زاڵبوونی ئەدەبی سیاسیی داگیرکەران بووە، لەم توێژینەوەیەدا، ئەو فاکتەرانە بە نموونەوە، باسکراون.

**کلیلە وشە:** (ئەدەبی سیاسیی، بەراورد، شانازیکردن، دەمارگیریی، ئەدەبی دەربار)

**الملخص**

هذا البحث هو تقييم وتعريف وتحليل للأدب السياسي (الشعر والنثر) من حيث التاريخ مع إعطاء أمثلة. يتطرق البحث إلى ظهور هذا الأدب لدى الدول ونضال التحرر الوطني وكذلك تاريخ ظهوره كنوع أدبي مستقل لدى الكورد وكيفية إنتشاره في أعمال الشعراء والكتاب بالأخص في صفحات الصحف والمجلات وتحديد العوامل التي منعت الكورد من نقل رسائلهم السياسية خارج كوردستان. بقيت معظم هذه الأعمال في المجتمعات الكوردية وشجعت المشاعر القومية ونمتها. من الواضح أن عصبية وأنانية الشعوب المحتلة والإختلافات الدينية أدت إلى هيمنة الأدب السياسي للمحتلين. في هذه الدراسة ، تم التطرق لهذه العوامل مع تقديم أمثلة.

**مفتاح الكلمة:** (الأدب السياسي، المقارنة، افتخار، تعصب، أدب السلاطين)

| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| بەرگ | ٧ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢٢) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٧/١٦ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/١٠ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | hamadler-muhammed@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٢ د. محمد دلیر امین محمد، سەروەت نیعمەتوڵڵا صاڵح، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract

This research is an evaluation, definition and analysis of political literature (poetry and prose) in terms of history with examples. The emergence of this literature in the countries and the national liberation struggle, as well as the history of its emergence as an independent literary genre among the Kurds and how it spread in the works of poets and writers, especially in the pages of newspapers and magazines, and determining the factors that prevented the Kurds from transmitting their political messages outside Kurdistan. Most of these works have remained in Kurdish societies and have encouraged and developed national feelings. It is clear that the nervousness and selfishness of the occupied peoples and the religious differences led to the dominance of the political literature of the occupiers. In this study, these factors are addressed with examples.


**Key word:** (Political literature, Comparative, pride, Fanaticism, The Royal bard)

## پێشەکی:

### ١/. ناونیشانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە، بە ناونیشانی "بەراوردێک لە نێوان ئەدەبی سیاسیی کوردیی و ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێدا"یە. دیارە ئەدەبی سیاسیی، ئەو تێکستە شیعری و ژانرە ئەدەبییانە دەگرێتەوە، کە بەشێوەیەکی هونەری، برگە و ماوەیەکی دیاریکراوی ژیانی سیاسیی گەلێک، یان نەتەوەیەکی تێدا تۆمارکراوە. کە بەر لە دروستبوونی نەتەوە و دەوڵەتیش، دەشێت ئەو تێکستانەی کە بۆ پیرۆزی، نەمری، ئازایەتی، بەها سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خێڵ نوسرابن، لەم خانەیەدا ئەژمار بکرێن. واتە ئەدەبی سیاسیی، ئەدەبێکی کۆنە و ڕیشەیەکی مێژوویی دێرینی هەیە. ئەم توێژینەوەیە، خاڵە هاوبەش و جیاوازییەکانی نێوان ئەو دوو ئەدەبە سیاسییانە، دەستنیشاندەکات، بەو مەبەستەی ئەدەبی سیاسیی کوردیی هاوشانی ئەو ئەدەبانە بکرێت و ئەو ڕووە جوانانە دەستنیشانبکرێت، کە ئەدەبی سیاسیی کوردی خاوەنداریی لێدەکات و لە ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێدا بوونیان نییە.

### ٢/. ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە:

ئامانج لەئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە لە ئەنجامی خستنەڕووی زانیارییەکان، بەراوردی نێوان ئەدەبی سیاسیی کوردیی و نەتەوەکانی دراوسێی کورد، بەخاڵی هاوبەش و جیاوازییەوە بخرێتەڕوو. گرنگیی توێژینەوەکەش لەوەدایە، کە هەوڵدەدرێت مژاری ئەدەبی سیاسیی و بەدیاریکراوییش ئەدەبی سیاسیی کورد و نەتەوەکانی دراوسێ، کاریگەریی، بەراورد، خاڵی هاوبەش و جیاوازییان بخرێتەڕوو، هەروەها ڕاستکردنەوەی هەندێک تێگەیشتن و ئەنجام و بڕیاری توێژەران لە بوارەکەدا.

### ٣/٠ میتۆدی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە، بە میتۆدی پەسنی شیکاریی- بەراوردکاریی، کاردەکات، کە پشت بە قوتابخانەی بەراوردکاریی فەرەنسیی دەبەستێت لە بەراوردکردنەکەدا و بە پێی ئەو قوتابخانەیەش، دەبێت زمانی بەرهەمە ئەدەبییەکان جیاوازبێت و کاریگەریی و کارتێکەرییش بوونی هەبێت، کە بێگومان شاعیران و نووسەرانی کورد، بەهۆی کاریگەربوونیان بە ڕۆشنبیریی و شارستانییەتی نەتەوە باڵادەستەکانی دراوسێ، هەندێک خاڵی لێکچوون و کەوتنە ژێر کاریگەریی دەدۆزینەوە کە لە بەرهەمی شاعیر و نووسەرانی کورد دا ڕەنگیداوەتەوە، ئەم توێژینەوەیەش دەیەوێت جگە لە پێناسەی ئەدەبی سیاسیی و خستنەڕووی پوختەی ئەدەبی سیاسیی کوردیی، تیشکبخاتەسەر گرنگترین خاڵە جیاواز و لێکچووەکانی نێوان ئەو ئەدەبە سیاسییانە.

## ٤/٠ بەشەکانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، بە گشتی بۆ چوار پار، دابەشکراوە، کە لە پاری یەکەمدا هەوڵدراوە پێناسەی ئەدەبی سیاسیی بکرێت، هەروەها لە پاری دووەمدا بە کورتی و پوختی، باسی مێژووی ئەدەبی سیاسیی کوردیی کراوە، هاوکات لە پاری سێیەمدا باسی خاڵی لێکچوونی نێوان ئەدەبی سیاسیی کوردیی و ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێ کراوە، هەروەها لە پاری چوارەمدا باسی ئەو جیاوازییانە کراوە، کە لە نێوان ئەدەبی سیاسیی کوردیی و ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێدا بوونیان هەیە.

## ١/١) پێناسەی ئەدەبی سیاسیی:

ئەدەبی سیاسی، سەرنجدان و قسەکردنە لەبارەی پرسێکی سیاسی، نەتەوەیی، نیشتیمانی، یان دەکرێ جیهانی بێت؛ بەوجۆرەی سیاسەت لە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەکاندا هەمیشە بایەخی خۆی هەبووە، بۆیە ئاساییە ئەم گرنگییە بپەڕێتەوە بۆ ناو تێکست و دەقە ئەدەبییەکانی شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووسەکانیش. ئەوەش بابەتێک نییە تایبەت بێت بە ئێمە وەک کورد، بەڵکو لای کۆی گەلانی دونیا بوونی هەیە.

ئەدەبی سیاسی، ئەو بابەت و کەرەستە شیعری و پەخشانییانەیە، کە بە دەستەڵاتێکەوە پەیوەست دەبن و پەیوەستن بە بارودۆخێکی سیاسییەوە، ئەدیبان لەڕێی هۆنراوە یان پەخشانی سیاسییەوە، بەو دەستەڵاتەدا هەڵدەدەن یان لە دژی ئەوەستنەوە. واتە ئەو ئەدەبەیە، کە بۆ دەربار و پاشاکان ئەنووسرێت، یان بە پێچەوانەوە دژ بە دەستەڵاتی سیاسی و دژ بە پاشاکان و ڕەخنەگرتن لە ئەدای سیاسیان و داشۆرینیان ئەنووسرێت.

نووسەرێک پێی وایە "ئەدەبی سیاسی مێژووی ڕاستەقینەی گەلانە، بابەتەکانی لە ئەزموونەکانی ژیانەوە وەرگیراوە و دێڕەکانی لە ئازاری ئەو هاونیشتمانیانەوە وەرگیراوە، کە بە قەڵەمەکانیان هەمیشە لە هەڵوێستدا بوون دژ بە ستەمکاری" (المؤمني، ٢٠١٩: ٣٦٩). بە وردبوونەوە لەم پێناسەیە، مەرج نییە هەمیشە ئەدەبی سیاسی، مێژووی ڕاستەقینەی گەلان بێت، دەکرێت هەندێکجار ئەدیب بە گیانێکی لایەندارانەوە بنووسێت و بەڵگە و ڕاستییەکان لە پێشچاوی خەڵک بشێوێنێت و لە بری ئامرازی هۆشیاری ئەدەبەکە، ببێتە ئامرازی چەواشەکاریی و دژە واقیع. واتە ئەدەب ئامرازێکە لە ئامرازەکانی گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە گوزارشت لە هیوا و خەون و ئازار و ڕۆحی گەل دەکات، لەڕێی هۆشیارکردنەوەی تاکەکان و ڕێنوێنیکردنیان بۆ دەربازبوون لە هەر دۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەخوازراو کە تێیکەوتوون و کۆششکردن بەرەو ژیانێکی باشتر وگەشتن بە کەناری ئارامی و داهاتوویەکی مسۆگەرتر و سبەینێیەکی جوانتر.

نووسەرێکی تر بەو جۆرە پێناسەی ئەدەبی سیاسی دەکات، "جۆرێکە لە هونەری هۆنینەوەی وشە و ڕستەکان کە پەیوەستن بە دەستەڵاتێکی دیاریکراوەوە لە ناوخۆدا و دەرخستنی گرنگی و پێگەی ئەو دەستەڵاتەیە لە نێوان دەوڵەتانی چواردەوریدا" (الحلي، ٢٠١٤: ٤٢٥). ئەمەش زیاتر پێناسەیە بۆ ئەو ئەدیبانەی، کە خۆیان لایەنداریی لەو دەوڵەتە دەکەن. هەندێکجارییش بێلایەنداریکردن، ئەو ئەدیبانە پێگەی دەوڵەتی خۆیان لای نەتەوەکانی دەوروبەر دەردەخەن، وەک هەست و سۆزێکی نەتەوەیی و بەبێ هیچ دەستکەوتێکی ماددی و سود و قازانجی خودی. زۆرجار شاعیر و نووسەران وەک پێشەنگ و ڕێنوێن خۆیان دەناسێنن و دەبنە مامۆستا و پێشڕەوی گەلانی خۆیان و ڕابەرایەتییان ئەکەن تا دەربازبن لەو واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی تێیکەوتوون، بۆیە "شیعری سیاسی و نەتەوەیی، ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لەشۆڕشە جەماوەری و بزووتنەوە نەتەوەییەکان و سەربەخۆیی وڵاتانی جیهان بەگشتی، بۆ نموونە "فیختە" لە وتارە ناسیۆنالیستییەکانیدا بۆ گەلی ئەڵمانیا لە سەدەی نۆزدەیەمدا بە بانگەشەی یەکگرتنی ئەڵمانیا ناوبانگی دەرکرد و توانی ڕۆحی یەکگرتنیان تێدا ببوژێنێتەوە و ڕێنوێنییان بکات بۆ بەدەستهێنانی یەکریزیی لەوکاتەدا" (الحمدانی، ٢٠١٢: ١٣١). نووسەرێکی تر پێی وایە "شیعری سیاسی، شانبەشانی دیاردە و هەڵوێستە سیاسییە فرت و فێڵاوییەکانی ڕۆژگار هەنگاو ئەنێ و بە پێی بەرژەوەندی نارەوای خۆیان لە گەرداوی هەڵخەڵەتاندن و تەفرەدان، دوور یان نزیکیان دەخەنەوە، ئێستا جۆری ئەو دیاردە نامۆیە و هەڵوێستە نارەوایە لە ململانێی نێوان نەتەوە چەوساوەکان و زوڵم و ستەمی دەوڵەتە

زۆردار و داگیرکەرەکاندا دەرئەکەوێت" (ئاگرین، ١٩٩٦: ١٥). ئەمەش لەو بۆچوونەوە نزیکە، کە سیاسییەکان بەپێی ویست و ئیرادەی خۆیان و چۆنیان بوێت، بەو شێوەیە چوارچێوەی ئەدەبی سیاسی ڕەنگرێژدەکەن و سیستمێکی ناهۆشیاریی وا پێکئەهێنن، کە هەندێکجار ئەدیب و نووسەران لە گەرداوی ململانێکانی خۆیان دەئاڵێنن و دەیانکەن بە بەشێک لەو شەڕەی کە خۆیان هەڵیانگیرساندووە. ئەم ڕایە ڕاستی تێدایە تا ئەو جێیەی کە سیستمی سیاسی، دەتوانێت وا لەو ئەدیب و نووسەرانە بکات کە لە خودی خۆیەوە نزیکن و بیانکات بە دوژمنی ئەوانی دی، بەڵام هەندێک ئەدیب و نووسەری دیکەش هەن، کە مامەڵەی هۆشیارانە و هەنگاوی بەرپرسیاریانە دەنێن و ئاگاییانە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا ئەکەن. هەر ئەو نووسەرە کە دێت پێناسەی شیعری سیاسی کوردیی دەکات دەڵێت "شیعری سیاسی کوردیی بریتییە لەو شیعرانەی لایەنی ڕووخساری، هونەرەوەری و داهێنانی شیعریان لە ئامێزگرتووە و لە واتا و ناوەرۆکیشدا، بابەتی سیاسی و دەسەڵاتی حوکومڕانی" (١٩٩٦: ١٥). ئەم پێناسەیە بۆ ناوەڕۆک ڕاستی تێدایە و بابەت و ناوەڕۆکی هۆنراوەی سیاسی کوردیی، باسکردنە لە سەربەخۆیی و ڕزگاربوون لە زوڵم و ستەمی دەوڵەتە زلهێزەکانی دراوسێ و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ، کە هەمووگەلی کورد لە سایەیدا بحەسێتەوە و باسکردنە لە ژیانێکی باشتر و حوکومڕانییەکی بەهێز و ڕەخنەگرتن لە دەستەڵاتدارێتییەکی پڕ لە کەموکورتی و کورتبین؛ بەڵام بۆ لایەنی ڕووخسار، تا ڕادەیەکی زۆر پێچەوانەیە، چونکە یەکێک لە کەموکورتییەکانی ئەدەبی سیاسی کوردیی و بەتایبەت هۆنراوەی سیاسی، لاوازییە لە ڕووی داهێنانی ئەدەبی.

## ٢/١) پوختەی مێژووی ئەدەبی سیاسیی کوردیی:

دەتوانین، باباتاهیری هەمەدانی، وەک سەرەتای ئەدەبی سیاسیی کوردیی دابنێین، چونکە ئەو وەک شاعیرێک، ویستویەتی لە نێوان سێ زمانی بەهێزدا "تورکی، فارسی، عەرەبی" خۆی جیابکاتەوە و هەوڵی پێناسەی تایبەتیی بدات؛ باباتاهیر، هاتووە چوارینەکانی بە کوردیی و لەسەر "شێوەزاری لوڕی"ی نووسیوەتەوە. کە ئەمەش سەرەتای جیاکردنەوەی خود و دانانی ڕێڕەوێکی تایبەتییە بۆ شیعر، کە بەرەو ڕەهەندی ئەدەبی سیاسیی بڕوات و ئەوە نەبێت کە خەڵکی دەیەوێت و بە ئاڕاستەی پێچەوانەی خەڵکەوە بێت و بەو ئاڕاستەبێت، کە ئامانجی هۆشیارکردنەوەی خەڵکی بێت.

"نمیدانم کە رازم وا کە واژم

غم سوز و گدازم وا کە واژم

چە واژم هر کە ذونە بنگرە فاش

دگر راز و نیازم وا کە واژم! (همداني، ١٣٣٣: ١٧).

واتە؛ نازانم نهێنی خۆم بە کێ بڵێم "واکە واژەم- واچەم، ماچۆی ئەردەڵانی"، غەم و دەرد و ئازارم بە کێ بڵێم، هەرچی بڵێم لای هەرکەس زوو بڵاوی ئەکاتەوە، ئیدی ڕاز و نیازم بەکێ بڵێم. مەحرەمی ڕاز نییە کە قسەی دڵمی لەلا بکەم و خەمو خەفەت و ئەوەی لە ناخمدا پەنگی خواردوەتەوە بۆ کێی باسکەم؛ بۆ هەرکەسی باسبکەم خێرا دەچێت و بڵاوی دەکاتەوە و جارم ئەدات، نازانم ڕوو لەکوێ بکەم و کێبێت کە گوێم بۆ بگرێت. لەوکاتەدا ئاستی هۆشیاری خەڵک و کۆمەڵگە ئەوەندە نەبووە کە باسی نەتەوەیی بکەن و باسی نیشتمان بکەن، لەبەر ئەوە ئەم شاعیرە خۆی بە نامۆ و غەریب ئەزانێت و ئەڵێت هەرچی ئەکەم کەس تێمناگات بۆیە هەموو خەفەت و دەرد و داخەکەم لای خۆمە و ناتوانم هەمووشتێک بە ئاشکرا بڵێم. ئەمەش جۆرێکە لە ڕەتکردنەوەی واقیع.

لە پاش باباتاهیر و بە پێی ڕیزبەندیی قۆناغەکانی ئەدەبی کوردیی، لە بازنەی ئەدەبی فۆلکلۆرییشدا، ئەدەبی سیاسیی بەدیدەکەین؛ بەوپێیەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیی، "بریتییە لە ئەو گۆرانی و چیرۆک و ئەفسانە و هەڵبەست و قسانە، کە لەکاتی کۆنەوە بەسەر زاری بوێژ و پیرەکانەوەیە، هەزاران ساڵە دەماودەم باوک و باپیرانمان بۆ نەتەوەکانی خۆیان گێڕاوەتەوە و ئەوانییش لەبەریان کردووە" (وردی، ١٩٦١: ٣). گومان لەوەشدا نییە، کە ئەدەب بە ڕوونی لە دەربڕین و پاراوی لە گۆکردنیدا موڵکی هەمووگەلە و هەموو چینەکانی کۆمەڵگا ئەو ئەدەبە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

پێکدەهێنن.

فۆلکلۆر، لە واقیعەوە نزیکە و کەمتر ڕەگەزی خەیاڵی تێکەڵبووە. زۆرجار سیمای بەرگری تێدایە، بۆیە ناوی کەسەکان نەنووسراوە، بۆ نموونە پەندی پێشینیان، وەک ئەدەبێکی فۆلکلۆری، کە دژی دەسەڵات نووسراوە، ڕاستە یەک کەس گوتویەتی، بەڵام ناوی خۆی نەبردووە، لەبەر سانسۆری سیاسیی و تابۆی کۆمەڵایەتی. دەبێت ئاگامان لەوەشبێت، کە فۆلکلۆر بەردەوامیی هەیە و تەنیا قۆناغێکی دیاریکراو نییە، چونکە بە دیاریکراوی تێیدا نەوتراوە (فڵان دەسەڵات وایە و وا نییە)، بەڵکو گشتگیرە و دەتواندرێت بۆ هەموو سەردەم و قۆناغێک بەکاربهێندرێت.

لەناو ئەدەبی فۆلکلۆریدا، ئەگەر باس لە داستان و ئەفسانە کوردییەکان بکەین، ئەوا تا ئەم کاتە و بە پێی ئەو سەرچاوانەی کە لەبەردەستدان، بەو شێوەیەی کە پێناسەی ئەدەبی سیاسی هەڵبگرێت و بچێتە ئەو قاڵبەوە، داستان وئەفسانەکان، ناتوانن بچنە ئەو قاڵبەوە، بەڵام دەکرێت وەکو ئەدەبێک کە دژی سیستەمی کۆمەڵایەتیی و دژی پابەندی ئاینیی و دژی ڕژێمی دەرەبەگایەتی، کە بەربەستبوون لە نێوان دوو خۆشەویستدا یان وەکو هەڵکەوتنی کۆمەڵێک قارەمان، کە دژی لەشکری بێگانە جەنگاون، وەکو "دوانزە سوارەی مەریوان"، کە دوانزە سوارچاکی کوردی تێدا هەڵکەوتووە، ئەمانە کە "پیرەمێرد"ی شاعیر، نووسیویەتی زیاتر بۆ زیندووکردنەوەی کەسایەتییەکانە، وەک شتێک کە بە تەواوی ئەدەبی سیاسیی بێت، وانییە. پاشان خۆشیان لە سەردەمەکەدا نەیان نووسیوە، بەڵکو خەڵک دوای ئەوان نووسیویانەتەوە و شتی زۆریان خراوەتە سەر، "پیرەمێرد"، لە پێشەکی کتێبی "دوانزەسوارەی مەریوان"دا ئەوە دەڵێت "زۆر ئاواتەخوازبووم، کە بۆم هەڵکەوێ ئەم دوانزە سوارە بنووسمەوە، بەڵام هیچ بەڵگە و بناغەیەکم دەستنەکەوت، منیش ڕاست، ڕەوان باوکم چۆن لە باپیرمی بیستووە و منییش چۆن لە باوکم بیستووە وا نووسیمەوە، وە ئەمەش ڕاستییەکەیەتی... ئۆف شاعیرەکانی پێشین" (پیرەمێرد، ١٩٨٣: ٢). داستانی دوانزە سوارەی مەریوان، هەم خەیاڵ و هەم واقیعیشی تێدایە. پیرەمێرد، دوانزە سوارەی لە زمانی خەڵک وەرگرتوەتەوە و دایڕشتوەتەوە، واتە فۆلکلۆرییە و باسی ئازایەتی کۆمەڵە سوارێکی کورد دەکات بەرامبەر لەشکرکێشی دەستەڵاتی "سەفەوی"یەکانی فەرمانڕەوای ئەوکاتی ئێران، بەڵام زیادەڕۆییشی تێدایەو ناکرێت بە "دوانزە" کەس، لەشکرێکی گەورە بشکێنن، ڕەنگە ئازایەتییەکی بێ وێنەیان ئەنجامدابێت، بەڵام دەکرێت لە ڕووی ژمارەوە هەر ئەوەندە نەبووبن، بەڵکو ئەو دوانزەیە سەرکردەکانیان بووبێتن، چونکە بەردەوام سەرکەوتنەکان بە ناوی سەرکردەکانەوەیە. بە خوێندنەوەی داستانەکە، هێندەی بەرزڕاگرتنی کەسایەتییەکان و پیاهەڵدانە بەواندا، کەمتر ئەدەبی سیاسیی بەدیدەکرێت. بە هەمان شێوە، داستانی "قەڵای دمدم"، کە لەشێوەی بەیتی شیعرییە و بەیتەکانییش هەردوو داستانی دڵداری و قارەمانێتی تێدایە، بەڵام بە تەواوی ئەدەبی سیاسی تێدا نییە، بەڵکو وەکو ئەدەبێک کە ڕەتکردنەوەی واقیعە، جۆرێکە لە بەرەنگاری. ئەدەبی سیاسیی ئەوەیە سەرەتا مرۆڤ پێش ئەوەی بەرەنگاری بکات، دەبێت واقیعێک ڕەتبکاتەوە و بە شتێک نامۆ بێت و دژی شتێک بێت، ئینجا هەوڵبدات چۆن ئەو واقیعە بگۆڕێت، بەڵام ئەو قۆناغەی، بەیتە کوردییەکانی تێدایە، قۆناغی گۆڕینی کۆمەڵگا نییە، بەڵکو ڕەتکردنەوەی کولتوری کۆمەڵگایە، ڕاستە داستانەکە بەرەنگاری تێدایە، بەڵام ئەو بەرەنگارییە دەرئەنجامی هێرشی دوژمنە بۆ سەر قەڵاکە نەک ئەوەی بەرەنجامی ڕێکخراوێکی سیاسی و کارێکی ڕێکخراوەیی بێت. ئەگەر بمانەوێت وەک ئەدەبێکی سیاسی سەیری بکەین ئازار و کێشەکانی توێژێکی سیاسی نییە، بەڵکو بەرگری خەڵکی ناو قەڵاکەیە بەرامبەر بە داگیرکەرێک، ئەمە جیاوازە لەوەی کە ڕێکخراوێکی سیاسی هەبێت و پەیامێکی سیاسی هەبێت و خەباتی بۆ بکات، واتە نارەزایەتی نییە تا کۆبکرێتەوە و بکرێتە پەیامێکی بەرگری.

لە ناو ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیی دا و لە "پەندی پێشینیان و قسەی نەستەق" دا، دەتوانین بەشێوەیەکی بەرچاو، ڕەهەندی سیاسیی بدۆزینەوە، بەو پێیەی پەندی پێشینیان، " وتارێکی کورتی، ڕێک و پێکی، جوانی، بەتامی، بەتەوژمی، کاریگەرە، کە لە دڵ و دەروونێکی، بێداری، ئاوەدانی، ئاگاداری، پێشینانەوە هاتبێتە دەرەوە. لە دوای بەراورد و تاقیکردنەوەیەکی دوورو درێژ" (خاڵ، ٢٠٢١: ٩). پەندی پێشێنیان لە سیمایدا، بەردەوامی هەیە و دەکرێت، لە هەموو سەردەم و قۆناغێکدا، پەندی تازە، بۆ ئەو واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی، کە خەڵکی ئەو سەردەمە تیایدا دەژین، دابنرێت و بوترێت. دەکرێت لە سەردەمی ئێستاشماندا "پەند" هەبێت و ببێت بە "نوکتە" و بە ناوی هیچ

کەسێکیشەوە نەبێت و خەڵکانێکی زۆر بیگێڕنەوە. لە نموونەی ئەو پەندە کوردییانەی، کە سیاسیین و بۆ بارودۆخێکی سیاسیی وتراون: "شاری بێ حاکمە"، "لە گێژەنە دەرچووە" (حاجی موشیر، ٢٠٠٩: ٩٠-١٣٥).

ئەم پەندانە، بۆ هەر بارودۆخێکی سیاسیی بەکاردێت، کە بێسەرەوبەرەیی پێوە دیاربێت و کارلەکارترازابێت و ئومێدی چاکبوونی لینەکرێت. "گێژەنە"، بەستەری دەرگایە و کاتێک دەرگایەک لە گێژەنەی خۆی دەردەچێ، ئیتر بە چاکی پێوە نادرێت، کاروباری وڵاتیش، کە بکەوێتە دەستی کەسانێکی نەشارەزا، بەجۆرێک ئەو وڵاتە وێراندەکەن، دواتر هەرگیز نەکەوێتەوە سەر باری ئاسایی خۆی. هاوشێوەی ئەو پەندانەش هەیە، کە دەگوترێت "کەس لە ماڵەوە نییە".

لە بازنەی ئەدەبی میللییشدا، ئەدەبی سیاسیی کوردیی هەستپێدەکرێت و لای شاعیرە میللیەکان، ئەوە دەبینرێت، هەستێکیان بۆ دروستبووە، کە وەڵامێکی ئەو چەوساندووەیە بدەنەوە، کە لە سەردەمەکەیاندا هەبووە و هەوڵبدەن بە گوزارشتی ئەو سەردەمە سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بهێنن، ڕاستە ئەوان ناوی کۆمەڵێک دەستەواژەیان نەهێناوە، چونکە هەندێک زاراوەی تازەی سیاسی هەیە، لەگەڵ هاتنی ڕۆژنامەدا هاتوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، وەک بابەتەکانی " ئیستیقلال، خودموختاری" هەموو ئەمانە ڕۆژنامە هێناویەتی لەژێر کاریگەری ڕۆژنامەکانی تردا و شاعیرانی میلی ئەمەیان نەزانیوە. یاخود شاعیرە میللییەکان، هەندێکیان دۆست و نزیکی میرە کوردەکانبوون و بەیتیان بۆ هۆنیونەتەوە، لە نموونەی ئەو شاعیرە میللییانەش، عەلی بەردەشانییە، کە دۆست و نزیکی (عەبدولڕەحمان پاشا)ی بابان بووە و بە بەیت و هۆنراوەکانی پشتگیریی لێکردووە. "عەلی بەردەشانی"، داستانێکی بۆ "ئەوڕەحمان پاشای بابان" نووسیوە و ئەو بەیتە داستانییەش، دەچێتە قاڵب و چوارچێوەی ئەدەبی سیاسییەوە و ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی "ئۆسکارمان"، لە کتێبەکەیدا تۆماریکردووە.

"ئەزم عەلی بەردەشانی

دە بەیتێم نەکەی زبانی

بەیتێ دەڵێم بە دیوانی

مەدحی پاشای کوردستانی!

مەدحی پاشای کامیان باشە

شایەد ڕۆم و قزڵباشە

هەر چارێ شیرێ دەکێشا

هەمووی دەهاتنە تەماشا" (ئۆسکارمان، ٢٠١١: ٥١١).

لای شاعیرانی کلاسیکییش، وەکو (مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و نالی و سالم و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و حاجی قادری کۆیی) و تا سەرەتای ڕۆژنامەنووسیی کوردییش، چەندین چامە و هۆنراوەی بەنرخ بەدیدەکرێن، کە دەچنە قاڵب و چوارچێوەی ئەدەبی سیاسیی کوردییەوە و بە ڕەهەندێکی سیاسیی نووسراون. لە نموونەی ئەو چامە بەرزانەش، داستانی "مەم و زین" ی (ئەحمەدی خانی)یە، کە تیایدا شاعیر مەم و زین، دەکاتە بەهانەیەک، بۆ ئەوەی ئەو مەبەستە سیاسییەی، کە هەیەتی بیگەیەنێت. هەروەها چامە بەناوبانگەکەی (سالم)، کە تیایدا وەڵام بۆ (نالی)ی دەنێرێت و بارودۆخی نەخوازراوی سلێمانی، دوای داگیرکاریی عوسمانییەکان بۆ ئەو شارە، باسدەکات، لە ناو شاعیرانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەشدا، (حاجی قادری)ی کۆیی، لە پاش ڕووکردنە ئەستەمبوڵ، واز لە هۆنراوەی غەزەل دەهێنێت و بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی تەرخاندەکات بۆ ئەدەبی سیاسیی و بابەتی نیشتمانیی و وروژاندنی هەستی تاکی کورد، بۆ خۆشویستنی خاک و وڵاتەکەی و هاندانیان بۆ یەکگرتوویی.

"تا ڕێکنەکەون قەبیلی ئەکراد

هەروا دەبنە خەرابە ئاباد

ئەنواعی میللەل لە گەورە تا چووک


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

خەمڵیوە مەمالیکی وەکوو بووک

یەک بەرگن و یەک زوبان و یەک ڕەنگ

بێ غەیبەت و عەیب و عار و بێ دەنگ (کۆیی، ١٣٩٠: ٢٩).

لە پاش قۆناغی کلاسیک و دوای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بوون بە بڵندگۆیەک بۆ شاعیران و نووسەران، تا لە ڕێیەوە پەیامی سیاسیی و نەتەوەیی بدەن بەگوێی قەومی خۆیاندا و هەم بە شیعر و هەم بە پەخشانییش، بەرگریی لە خاک و وڵات و نیشتمانی خۆیان بکەن. بە نموونە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی دایک، هەر لە سەرەتای دەرکردنی ڕۆژنامەکەوە، لەپاڵ وتارە سیاسییەکانیدا، دێت و لە ژمارەکانیدا، بە جیا و هەرجارەو بەشێک لە (مەم و زین)، بڵاودەکاتەوە و باسی (حاجی قادری کۆی)یش دەکات، وەک دوو ڕەمزی گەورە و گرنگی ئەدەبی سیاسیی کوردیی.

## ١/٢) خاڵی لێکچوونی ئەدەبی سیاسیی کوردیی و ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێ:

### ١/٢-١) شانازیکردن:

بە سەیرکردن و وردبوونەوە لە ئەدەبی سیاسیی کوردیی و ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێ، هەندێک لێکچوون بەدیدەکرێت، کە بوون بە سیمای هاوبەشیی هەر یەکێک لەو ئەدەبە سیاسییانە؛ یەکێک لەو خاڵە هاوبەشانەش، بابەتی هۆنراوەی "شانازی"یە. بەو پێیەی "شانازیی هونەرێکە لە هونەرەکانی "هۆنراوەی گۆرانی" و تیایدا شاعیر بە باڵای خۆی و قەومەکەیدا هەڵدەدات و ئەمەش لە خۆشویستنی خودەوە دێت، وەک فیترەتێکی سروشتی و ڕەگداکوتاو لە ناخی مرۆڤدا؛ ئەوەی جێی سەرنجە خودی شانازییەکە خۆی ئامانج نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ وێناکردنی خود بە گەورەیی تا بەهۆیەوە ترس لە دڵی دوژمندا دروست بکات" (محمد، ٢٠١٥: ٥). لە ئەدەبی عەرەبییدا، هەر لە سەردەمی "جاهیلی"یەوە تاوەکو سەردەمی دەستەلاتدارێتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و تا ئێستاش، بابەتی "شانازیکردن"، بابەتێکی زەق و دیاری ئەدەبەکەیان بووە. شانازیی نەتەوەیی، ئایینی، هۆزو تیرە، خودیی، کۆمەڵایەتیی. بەتایبەت شانازیی تیرەگەرایی، دیاردەیەکی زۆر باوی ناو کۆمەڵگەو هۆزەکانیان بووە، چونکە خەڵکانیش پابەندبوون بەو دەستورە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەی کە هۆز و عەشرەتەکەیان بۆی ڕەنگڕێژکردوون، هەموو هۆزێکییش شاعیری خۆی هەبووە، لەپاڵ شانازیی ئایینی و کۆمەڵایەتی "شاعیر شانازی بە قەومەکەی و بە خودی خۆی و بەوەی کە ئەو شەرەفەی پێبراوە و خاوەنی ئەو نەسەبە گەورەیە و بە ئازایەتی و ڕێز و شکۆ و خانەدانی هۆزەکەیەوە کردووە" (الکاتب، ٢٠٠١: ٢٧). بێگوێدانە ئەوەی ئەو شانازیی و ستایشانە تا چەنێک ڕاستیین و لەگەڵ واقیعەکەدا یەکدەگرنەوە. شاعیرێکی عەرەب هێندە شانازیی بە هۆزەکەیەوە دەکات، دێت و دەڵێت:

"أصاغرنا، في المكرمات، أكابر

أواخرنا، في المأثرات، أوائل" (الحمدانی، ١٩٤٤: ٢٩٣).

واتە؛ بچوکەکانمان لە ڕێز و شکۆ و خانەدانی، لەپێشی گەورەی خەڵکانی دیکەوەن، کۆتا کەسمان لە جوامێری و قارەمانێتی، یەکەمی ئەوانی دیکەیە'.

لە ناو ئەدەبی سیاسیی 'فارسی'یشدا، هەمان شت بەدیدەکرێت، کاتێک شاعیرانیان شانازیی بە خاک و شار و وڵات و نەتەوەی خۆیانەوە دەکەن.

"میر ماه است و بخارا آسمان

ماه سوی آسمان آید همی

میر سرو است و بخارا بوستان

سرو سوی بوستان آید همی! (رودکی، ١٣٧٤: ٢٣).

واتە 'میر مانگە و بوخاراش ئاسمان، مانگ و ئاسمانییش بەردەوام پیکەوەن، میر سنەوبەرە و بوخاراش بێستان، سنەوبەر و بێستانییش بەردەوام پێکەوەن.

ئەم شانازییە، لە ئەدەبی کوردییشدا بەدیدەکرێت و شاعیرانی هەموو دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی، شانازییان بە خاک و ئاو و نیشتمان و نەتەوەی خۆیانەوە کردووە و بایەخیان بە زمانی ڕەسەنی خۆیانداوە و ئەم بایەخپێدانەش، ڕەهەندێکی سیاسیی هەبووە، کە ئەمانییش وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە، خاوەن زمان و کەلتورو فەرهەنگی خۆیانن و شانازی پێوەدەکەن. ئەم شانازییەش لە هەموو دیالێکتە کوردییەکان و لای زۆرینەی شاعیرانی کورد بەدیدەکرێت، تا لە قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردیدا دەگاتە چڵەپۆپە و "مەلا خدرێکی شارەزووریش پەی بەوە برد، کە شیعر ئەو هونەرە گەورە و مەزنەیە، کە دەتوانرێ شان و شەوکەتی کورد و وڵاتی بەبەی پێدەرخرێ و بەرەو هاوشانیکردنی میللەتانی تریان بەرێت و بەهۆشیەوە تاجی شکۆمەندی لەسەرنێ، هەر بۆیە هۆشمەندانە و کارامانە ڕووی لە تاقیکردنەوەیەکی نوێی شیعریی کرد و زیرەکانەش توانی لە ناو جیهانی شیعریی ڕۆژهەڵاتییدا وڵاتێکی شیعریی بە دیالێکتەکەی کرمانجی خواروی زمانی کوردیی بنیاتبنێ و بە درێژایی تەمەنی حاکمی بێت" (عەلی، ٢٠٠٤: ٤٠). کەواتە بابەتی شانازیی نەتەوەیی لە ئەدەبی سیاسیی کوردیدا، ڕەهەندێکی سیاسیی هەیە و ویستی سەلماندنی خود و توانای خۆبەڕێوەبەریی و دەوڵەمەندییە لە زمان و فەرهەنگدا.

"کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە

هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا! (نالی، ١٣٨٩: ١٠٣).

## ٢-١/٢) ڕەخنەکردنی دەسەڵات:

لە ئەدەبی سیاسیی کوردیدا، لەپاڵ نەبوونی دەوڵەت و کیانێکی سەربەخۆدا، کە وەک خاڵی جیاوازی ئەدەبی سیاسیی کوردیی و نەتەوەکانی دراوسێ، ئاماژەی پێدراوە، لەگەڵ ئەوەشدا، هەر قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆ و خۆبەڕێوەبەریش بۆ کورد، بوونی هەبووبێت، شاعیر و نووسەرانی کورد هاوشێوەی ئەدیب و نووسەرانی نەتەوەکانی دراوسێ، ڕەخنەیان لە خواروخێچی و دووبەرەکی و ناکۆکی و یەکنەگرتنی میر و کاربەدەستان و ڕێکنەکەوتنیان لەگەڵیەک، گرتووە. هەر لە "خانی"یەوە تا "حاجی قادری کۆیی" و شاعیرانی دوای ئەوانییش.

"تا ڕێکنەکەون قەبیلی ئەکراد

هەروا دەبنە خەرابە ئاباد

ئەنواعی میللەل لە گەورە تا چووک

خەملیوە مەمالیکی وەکوو بووک

یەک بەرگن و یەک زوبان و یەک ڕەنگ

بێ غەیبەت و عەیب و عار و بێ دەنگ (کۆیی، ١٣٩٠: ٢٩).

هاوکات شاعیران، ڕەخنەیان لەو دەسەڵاتە سیاسییەش گرتووە، کە مایەی نەهامەتی میلەت بووە و ئۆباڵی یەکنەگرتن و دوبەرەکی و ژێردەستەیی کوردیان خستوەتە ئەستۆی میر و کاربەدەستانی کورد خۆیەوە، واتە لەپاڵ قۆناغی بەرگری لە نەتەوە و خواستی سەربەخۆیی تەواوەتی، ڕەخنەیان لە ستەم و نادادییش گرتووە.

"لادە شاعیر تۆ لە باسی عەشقبازیی و سەیریکە

چۆن خەریکن چەند کەسێ ئێستا وەتەن وێران ئەکەن

جاهیلان بۆ ئیستیفادەی زاتی خۆیان ڕۆژ و شەو

لەم موحیتە مەنعی عیلم و سەنعەت و عیرفان ئەکەن



(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ڕووڕەشی دنیا و قیامەت ئەو نەفامانەن کەوا

هەجوی قەوم و میللەتی خۆیان بە پارە و نان ئەکەن

ئاسمان ئێستا وەها چەرخاوە جاهیل غالبە

گوربەو و ڕێوی خەیاڵی مەرتەبەی شێران ئەکەن! (جاف، ١٩٨٦: ١٠٤).

چاکبوونی دامودەزگاکان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دەسەڵاتی سیاسییەوە هەیە، بۆیە هەر شتێک نووسرابێت و ترابێت بۆ چاکسازیی و گۆڕانکاریی، لە هەموو سەردەمێکدا ئاراستەی دەستەڵاتی سیاسیی کراوە، چونکە ئەو دەستەڵاتە خاوەن هێزی ڕەهایە و مەیلی هەبێت بۆ چاکسازیی، هیچ کەسێک ناتوانێت ڕێگری لێبکات.

## ٢/٢) جیاوازی ئەدەبی سیاسیی کوردیی و ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێ:

### ٢/٢-١) شاعیری (دەربار):

سەبارەت بە بابەتی جیاوازیی، لە ئەدەبی سیاسیی کوردیی و نەتەوەکانی دراوسێدا، ئەوەی مایەی سەرنجبێت و ئەو جیاوازییە زەق و دیارانەی لەنێوان ئەو دوو ئەدەبە سیاسییەدا هەبێت ئەوەیە، لە ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێدا، شاعیری "دەربار" یان "دیوانی پاشا" زۆر بەدیدەکرێت؛ بە نموونە لە ئەدەبی عەرەبییدا و لە سەردەمە جیاوازەکانی بڵاوبوونەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە فەرمانڕەوایەتییان کردووە، فەرمانڕەواکانیان خاوەنی "شاعیری دەربار" بوون لە کۆشکەکانیاندا، شاعیرەکان بە باڵایاندا هەڵداون و ستایشیانکردوون. ئەمەش بۆ دەستکەوتی ماددی و بەدەستهێنانی ناوبانگ و سودی تاکەکەسیی بووە. شاعیرێکی وەکو "ئەختەل"، کە مەسیحییش بووە، دێت و بەجۆرێک ستاییشی "ئەمەوی"یەکان دەکات، کە دەگاتە لوتکەی زیادەڕەوی و دەڵێت ئەمانە خەلیفەی خودان لەسەر زەوی و خودا خۆی هەڵیبژاردوون و لە پێش هەموو خەڵکییەوەن بۆ سەرکردایەتی و فەرمانڕەواییکردن و بە "پاشا" ناویان دەبات.

"بيض و المصاليت و لم يعدل بهم أحد

بكل معظمة، من سادة العرب

الأكثرين الحصى و الأطيبين ثرى

و الأحمدين القرى في شدة اللذب! (الأخطل، ١٩٩٤: ٣٦).

واتە؛ فەرماندە و قارەمانەکانیان، کە مەبەست لێی "ئەمەوی"یەکانە، هەمیشە کاری جوانیان لێدەوەشێتەوە و دەروشاوەیی و سپێتی بە کارەکانیانەوە دیارە و لە جێبەجێکردنی ئەرک و فەرمانی خۆشیاندا توند و بەهێزن و بڕیاری یەکلاکەرەوە لای ئەوانە و بەمەش کەسیان پێناچوێنرێت و کەس لە ئەوان ناچێت. زۆر دەوڵەمەندن و خاوەنی زۆرترین پیاوی ئازا و قارەمانن و فراوانترین ڕووبەر و زەوی لەژێر فەرمانڕەواییاندایە و ئەمەشیان لە پاکی و حەڵاڵی پارە و داهاتەکەیانەوە بۆماوەتەوە. هەر میوانێک ڕوویان تێئەکات هێندە خزمەتی دەکەن، بەجۆرێک ئەو میوانانە سوپاسیان دەکەن، کە میوانی هیچ قەومێک بەو شێوەیە سوپاسگوزار نییە، تەنانەت لە کاتە زۆر نارەحەت و پڕ لە قاتوقڕی و وشکەساڵییەکانیشدا هەر میواندۆستن و خزمەتی میوان دەکەن!

لە ئەدەبی سیاسیی "فارسی"یشدا، لە هەموو قۆناغەکانی دەوڵەتداریتی خاکی ئێراندا، کە "کۆمەڵێک دەوڵەت حوکمداریی تێداکردووە، گرنگترینیان دەوڵەتی سەفەوی و ئەفشاری و دەوڵەتی زەندی و قاجارییە، بابەتەکانی ئەدەب تا ئەو دەمە وابەستە بووە بە ژیانی پاشاکان و پیاوەکانی چواردەوری و بە چاوپۆشی لە ئەدەبی سۆفیگەریی، دەبینین شیعری شاعیران باسکردن بووە لە قارەمانێتی پاشاکان و ستایشکردنیان و کۆڕی سەرگەرمی و شەرابخواردنەوە و سەرزەنشتکردن و لەکەدارکردنی دوژمنەکانیان، تا دەگاتە بەرزڕاگرتنی شان و شکۆی پاشاکان و بەرزتەماشاکردنی پێگەیان" (جمعه، ١٩٨٠: ٨). تەماشای ئەم هۆنراوەیەی 'ڕودەکی' شاعیری گەورە و خاوەن پێگەی ئێران بکەین، چی لە ستاییش و وەسفی پاشای 'سامان'ییەکان، "ئەبولحەسەن نەسری کوڕی ئەحمەد" دا دەڵێت:

"حاتم طائی توئی اندر سخا

رستم دستان توئی اندر نبرد

نی که حاتم نیست با جود تو راد

نی که رستم نیست در جنگ تو مردا!" (رودکی، ١٣٧٤: ٢٧).

واتە؛ لە بەخشندەیی و دڵاوایی دا تۆ "حاتەمی تەی"ییت، لە قارەمانێتی و نەبەردییشدا "ڕۆستەم"، لەچاو بەخشندەیی و سەخاوەتتدا حاتەم هەر بوونی نییە، هێندە قارەمان و نەبەردییت، ڕۆستەم لە جەنگی تۆدا کوژراوە، ئێستا کە حاتەم بوونی نییە لەبەر بەخشندەیی تۆیە، نەمانی ڕۆستەمییش، لەبەرئەوەیە لە شەڕی تۆدا کوژراوە!

هەندێکجار شاعیرانی دەرباری فارس، هاتوون بە ئامرازەکانی ڕازاندنەوەی پاشاکانیشیاندا هەڵداوە، شاعیرێک لە ستاییشی "فەرەیدون میرزا" ی شازادەی قاجاردا دێت و دەڵێت:

خلخال مجد یارهء دولت سوار ملک

بازوی عدل نیروی دین شهسوار ملک (شیرازی، ١٣٦٣: ٦٨٩).

واتە؛ پاوانەی گەورەیی و دەستبەندی دەوڵەت سوارەی مەلیک، حەساری دادپەروەریی و هێزی ئایین شاسواری پاشا. لەو سەردەمەدا پاشاکان دەستبەند و پاوانەی ئاڵتونیان لە دەست و پێیان کردووە وەکو ڕەمزی گەورەیی و شکۆمەندی.

هەمان شت بۆ ئەدەبی سیاسیی "تورک"ی ڕاستە و ئەدەبی تورکیی، لە سەردەمی دەستەڵاتداریێتی دەوڵەتی 'عوسمانی' و تاوەکو کۆتاییهاتنی ئەو دەستەڵاتە، گەلێک شاعیری کۆشک و دەرباریان هەبووە، "بەوپێیەی دەوڵەتی عوسمانی توانیویەتی دەستەڵاتی خۆی لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا فراوان بکات و وەک ڕەمزێک بۆ خەلافەتی ئیسلامی سەیرکراوە و ئەم بارودۆخە سیاسی و ئابوورییەش لە ناو ژیانی کۆشکدا ڕەنگیداوەتەوە؛ ئەمەش پاڵی بە شاعیرەکانەوە ناوە، کە بە باڵای باوباپیران و قارەمانانی عوسمانیدا هەڵدەن و باس لە سەرکەوتنەکانیان بکەن" (عبدالعال، ٢٠٠٧: ١٣٠).

لە ئەدەبی سیاسیی کوردیدا، شیعری دەربار بە کەمی دەبینرێت، واتە شیعرێک بە فەرمانی سوڵتانێک یان پاشایەک بنووسرێت. ئەو شاعیرانەی بەردەوام لای پاشاکان پارەیان وەرگرتووە و شوێنی باشیان هەبووە و بە سیاسەتی سوڵتان هەستاون و دانیشتوون. زۆر کەم لە ئەدەبی کوردیدا شاعیری دەربار دەدۆزینەوە، کە هاتبن، هۆنراوەیان بۆ دەستەڵاتی سیاسیی نووسیبێت، بەڵکو بەشێکی زۆریان شاعیرانی نارازیی بوون و دوای پارە و بەرژەوەندی تایبەتی نەکەوتوون؛ لە حاڵەتێکییشدا ئەگەر شاعیران ستایشی پاشایەکیان کردبێت، ئەوە بێبەرامبەر بووە و بۆ دەستکەوتی ماددی نەبووە و هەستی نیشتمانپەروەریی بزوێنەر و داینەمۆی ئەو ئەدەبە سیاسییە بووە. یان لە پێناو بەرژەوەندی و سودی گشتی بووە. بۆ نموونە "نالی"، کاتێک ستاییشی لەشکرەکەی "ئەحمەد پاشای بابان" دەکات، هەستی نیشتمانپەروەریی پاڵی پێوەناوە و بۆ دەستکەوتی ماددی نەبووە.

"ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاسەیی شاهن

ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن

سەف سەف کە دەوەستن بە نەزەر خەتتی شوعاعن

حەڵقە کە دەبەستن وەکو خەرمانەیی ماهن! (نالی، ١٣٨٩: ٣٥٠-٣٥١).

نالیی، شانازیی بەوەوە دەکات، کە سەربازەکان لەو بازنە عەشایەرییە دەرچوون، هەریەکەو بۆ خۆی جۆرە جلێکی لەبەردابێت و بەوە دڵخۆشە، کە بەو ڕێکوپێکییە ڕاهێنراون و ئەمەش سوودی گشتییە، نەک دەستکەوتی تایبەتی. هاوکات شاعیرێکی وەکو "سالمی ساحێبقڕان"، کە لە چامەیەکیدا ، باسی قارەمانێتی "عەزیزبەگی بابان" دەکات، لە شەڕەکەیدا لەگەڵ "تورک"ەکان، ئەمە بێ بەرامبەر بووە و ڕاستگۆیی تیایە و هیچ مەرامێکی تایبەتیی تێدا نییە، بەڵکو ئاهو حەسرەت هەڵکێشانە، بۆ لەناوچوونی دەستەڵاتێکی کوردیی خۆماڵیی و زاڵبوونی هێزی بێگانە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بەسەریدا.

گەرچی میصرە شارەزوور، ئەمما خەرابە بێ "عەزیز"

ڕوو دەدا ئەم خەلقە ئاخر، حاڵەتی کەنعانییان

شێری بێشەی موڵکی بابان بوو "عەزیز" ئەمما دریغ

وەک گرێی داموسکی بێ، ئاو قەومەکەی زوو هەڵوەشان

دیدە نابینایە وەک "یەعقوب" لە هیجرانی "عەزیز"

تۆی خودا صاحێب مەکان و تۆی خودایا! لا مەکان

کەوکەبی بەختی "عەزیز"م وا لە چاها بێنەدەر

شەعشەعەی ئەمری مونەووەر کا، زەمین و ئاسمان! (سالم، ٢٠١٥: ٥٤٨).

هەروەها شاعیرێکی وەکو مەحوی، کە دێت و لە چەند شوێنێکدا ستایشی "سوڵتانی عوسمانی" دەکات و پشتگیری خۆی و ئیمپراتۆرییەتەکەی دەکات، لەبەر سۆزی ئایینیە و هاوئایینی پاڵنەری سەرەکییە بۆ نووسینی ئەو هۆنراوانە، نەک دەستکەوتی ماددی.

"شەخسێکی صاحێب ئەحواڵ پرسی کە ئەی ئەفلاتوون

یۆنانیانی قەومت بۆچی بە دەردی سەگ چوون

تا ئەو جێیەی کە دەڵێت:

فەتح و ظەفەر بە ناوی کێ بێ؟ خەلیفەی ئیسلام

"عبدالحمید" ی غازی، سوڵتانی ڕوبعی مەسکون! (مەحوی، ١٣٩١: ٣٢٤-٣٢٥).

شاعیرێکی تری وەک "مەولانا خالیدی نەقشبەندی"، "لە سەردەمی ئیبراهیم پاشای باباندا لە سلیمانیدا بووە و بە چاوی خۆی هەوڵ و خزمەتەکانی ئیبراهیم پاشای لەو شارەدا بینیوە، هەر بۆیە لە چامە شیعرێکیدا ستایشی ئیبراهیم پاشای بابانی کردووە، باسی لە هەڵوێست و کارە چاکەکانی کردووە... مەولانا بە چاوی خۆی بینیوەتی ئیبراهیم پاشا مزگەوتی گەورەی سلێمانی بنیاتناوە و کتێبخانە گەورەکەی قەڵاچوالانی بۆ گواستوەتەوە

"کێوی شەرەف کانی سەخا و کەرەم

هەرکەسێ لای ئەو کە بێتە خەدەم

ڕوتبەی ئەگاتە کەمەری ئاسمان

حاجەتی نامێنێ بە ڕوتبە و نیشان! (صاڵح، ٢٠١٩: ٢٩-٣١).

تا نیوەی دووەمی سەدەی بیست و بەرەو سەریشەوە، شاعیری کورد لە ناو حیزبی سیاسییشدا نەک دەستکەوتی ماددی نەبووە، بەڵکو گرتن و لێدان و زیندانیکردن بەشی بووە، لە نموونەی "گۆران، دیلان، کامەران موکری" و چەندانی تریش.

## ٢-٢/٢) پەخشانی سیاسیی:

مێژووی پەخشانی سیاسیی و شیعری سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێ، کۆنترە لە هی کورد؛ بەو هۆیەی دەستەڵاتی سیاسیان و دەوڵەتدارییان زووتر بووە. تەنانەت عەرەبەکان، لە پێش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە، پەخشانی سیاسییان هەبووە و هەر لەسەردەمی جاهیلیدا لە لای "جاحظ و تەوحیدی و ئیبنولعەمید" و هی تریش، چەندجۆرێکی پەخشان نووسراون، وەک 'ئامۆژگاریی و وەسیەتکردن، وتار، پەند و قسەی نەستەق، پیاهەڵدان و ستاییشکردنی کاهین و بت"ەکان، بەتایبەتی "هونەری وتاردان، لەسەردەمی جاهیلییدا بایەخ و ڕەواجێکی زۆری هەبووە و کۆمەڵێک هۆکار هەبوون تا ئەو بایەخە پەیدا بکات، وەک زۆری چەلەحانێ و ڕەخنەلەیەکگرتن و بوونی بازاڕەکان، کە تیایدا یەکتریان

دەبینێ و لەوێدا شانازییان بە باووباپیران و نەسەب و بنەچەی خۆیانەوە دەکرد" (المفتوحة، ٢٠٠٧: ٢٠). ئەوەی جێی سەرنجە لەسەرەتادا "پەخشانی کۆنی عەرەبیی سەرزارەکی بووە و لەژێر سایەی گێڕانەوەی دەم بە دەمدا گەشەی کردووە وتۆمارنەکراوە تا کاتی جێگیربوون و چەسپانی کۆتا وێنەی ئەو گێڕانەوە سەرزارەکییە" (إبراهیم، ٢٠٠٢: ٦). لە پاش هاتنی ئاینیی ئیسلام و بە درێژایی دەستەڵاتدارێتی دەوڵەتە جیاوازەکانی، ئەم هونەرە لە برەو و پێشکەوتندابووە، دیارترین هونەری پەخشانییش لە سەردەمی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئیسلامیی بەدواوە، هونەری "نامە" نووسین بووە. "نامە"گۆڕینەوەی نێوان پاشا و دەستەڵاتدارەکان و هەموو ئەو نامانەی، لەلایەن خەلیفەی موسوڵمانانەوە دەنێردران بۆ فەرمانڕەوا و کاربەدەستانی ژێر فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی ئیسلامیی لەلایەک و ئەو "نامەگۆڕینەوە"یانەی، کە دەنێردران بۆ پاشا و دەستەڵاتدارە نائیسلامییەکان، کە ئەدەبی سیاسیی کوردیی لەمەشدا هەژارە و زۆر کەم "نامە"ی میر و فەرمانڕەوای میرنشینە کوردییەکان دەدۆزینەوە، کە بۆیەکتریان ناردبێت و مێژووی پەخشانی سیاسیی لای کورد، لە دوای دەرچوونی ڕۆژنامەی "کوردستان"ەوە دەستپێدەکات و کە ئەمەش مێژوویەکی زۆر کۆن نییە؛ واتە مێژووی ئەدەبی سیاسییمان تەنیا هۆنراوەکانە و لەو ڕۆژنامەیەوە دەبێت بە "وتار"، کە دیسان ئەو پەیامە درەنگ گەیشتوەتە ناو خەڵک، وەک ئەوەی لە شیعری 'حاجی قادر' یان 'خانی' دەبینرێت، تەنانەت ئەوەی لە نێوان 'نالی' و 'سالم'یشدا هەیە، درەنگ گەشتوەتە دەستەبژێر و خوێندەواری کورد. دەتوانین بڵێین لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە زیاتر ئەو پەیامە گەیشتوە و لەکاتی خۆیدا ئەو دەنگدانەوەیەی نەبووە وەک لە ناو میللەتەکانی تردا هەبوون. بابەتی "پەخشانی نامەنووسین لە ئەدەبی کوردیدا بابەتێکی نوێیە و لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤاردا سەرەتای دەرکەوتووە، عەلائەدین سەجادی لە لێکۆڵینەوەو نووسینەکانیدا دەربارەی ئەدەبی کوردی ڕای وایە کە نامەنووسین لە ناو کورددا لە کۆنەوە هەبووە، بەلام ئەو پاشماوانەی کە ماونەتەوە ئەوە دەرئەخەن کە پەخشانی نامە تاکو کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بە زمانی فارسی، عەرەبی، تورکی نووسراون، ئەگەر جارجارەش بە کوردی نووسرابن ئەوا فەوتاون و پاشماوەیان تا ئێستا بەدەرنەکەوتووە، ئەگەر سەرنجی ئەو نامانە بدەین کە لەگەڵ بەرهەمی تری شاعیر و زاناکانی کورددا بۆمان ماونەتەوە، نموونەیەکمان بەرچاو ناکەوێ کە بە کوردیی نووسرابن" (میسری، ٢٠٠٤: ٧٠). بابەتی پەخشان و نامە، شتێک نییە وەک بەڵگە لای کورد خۆی پارێزراو بووبێت، بەڵکو لای بێگانەکان شتەکان نووسراون، بۆ نموونە کورد لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیەکاندا، کورد لە بەڵگەنامەکانی ئینگلیزەکاندا، یان لە بیرەوەرییەکانی گەڕیدەکاندا، شتەکان باسکراون و پارێزراون. پاراستن و هەبوونی "نامە" وەک هونەرێکی پەخشان، پەیوەندی بە دروستبوونی دەوڵەت و دامودەزگای تۆکمەوە هەیە، کە لای "عەرەب"ەکان بەتایبەتی، زۆرکۆنە و خەلیفە و فەرمانڕەواکانیان "نامە"یان هەبووە بۆ یەکتری و بۆ والییەکانیان ناردوە. ئەم هونەرەش هێندە پێشکەوت، تا لە سەردەمی دەوڵەتی "ئەمەوی" دا، "دیوان" دانرا وەکو "دیوانی مەعاوییە"، کە شوێنێک بوو، وەکو نووسینگەیەک، ئیشیان "نامە" نووسین و "نامە" وەرگرتن بووە و تیایدا نامەیان ناردووە بۆ کاربەدەستان و بۆ دەوروبەر و نامەشیان ناردوە بۆ دوژمنەکان و دوژمنەکانیشیان هەم بە شیعر و هەم بە پەخشان جوابیاندانەوەتەوە.

کێشەیەکی تر ئەمەیە، ئەگەر لە ئەدەبی کوردیدا، "نامە" هەبووبێت، بە کوردی نەنووسراوە و زۆرتر بە فارسییە. بەڵگەی ئەمەش، هەموو ئەو "نامە"یانەیە، کە "مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس"، لە دوو بەرگەکەی "یادی مەردان"دا بڵاویکردووەتەوە و تیایدا هەموو نامەکان بە زمانی "فارسی نووسراون، هەر لە نامەکانی "مەولانا خالیدی نەقشبەندی"یەوە، تا "چل" نامەکەی مەولەویی شاعیر. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، شاعیرەکان زۆریان هۆنراوەی "فارسی" و "عەرەبی" و "تورکی"یان هەیە، بۆ ئەوەی ڕەخنەیان لێنەگرن، کە ئەمانە تەنیا هەر زمانی کوردی دەزانن و زمانی تر نازانن. واتە ویستویانە باڵادەستیی خۆیان دەرخەن.

بابەتی پەخشانی هونەری و کوردیی نووسین، لە ڕۆژنامەی "کوردستانەوە" قاڵبدەگرێت و پێش ئەوە "نامە" ئەگەر هەبووبێت، بە زمانی جگە لە زمانی کوردیی نووسراون. لە دەوڵەتی "عوسمانی"یشدا، زمانی ئەدەب، فارسی بووە، شاعیرانی سوڵتانە عوسمانییەکان زۆر گرنگیيان بە "فارسی" داوە و زمانی "تورکی" زیاتر زمانی فەرمی حوکمەت بوە. واتە هێندە سەرسامبوون بە ئەدەبیاتی فارس، کە بەو زمانە ئەدەب هۆنراوەتەوە، بەڵام بۆ ئەدەبی عەرەبی شتەکە جیاوازە و عەرەب بەهۆی باڵادەستی زمانەکەی و بەهۆی "قورئان"ەوە، شیعر و پەخشان هەر


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

عەرەبی بووە. تەنانەت لەسەردەمی پێغەمبەردا "درودی خوای لێبێت"، ئەو نامانەی کە بۆ "هیرەقەل"ی پاشای ڕۆم و "کیسرا"ی پاشای فارسەکانی دەنێرێت، عەرەبی بووە. لە ئەدەبی کوردیشدا، لە سەردەمی شێخ مەحموددا بڕیاردراوە، کە دەبێت نووسین به کوردیی بێت و نامە بە کوردیی بنێردرێت بۆ دامودەزگاکان، هەروەها ئەو هەوڵانەی کە ئینگلیزەکان لەکاتی دەرکردنی ڕۆژنامەی "پێشکەوتندا داویانە، بۆ ئەوەی زمانی کوردیی ببێتە زمانی فەرمی دامودەزگاکان و لە وشەی بێگانە پاکبکرێتەوە، بە نموونە ئەو وتارانەی باسی ڕێنووسی کوردیی دەکەن، باسی زمانی یەکگرتوو دەکەن، لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارە "١٠"ی ڕۆژنامەی "پێشکەوتن"دا، باس لە گرنگی ئەو دەستکەوتە کراوە، کە خوێندنەوە و نووسین و ڕاییکردنی کاروبارەکانی میری بە زمانی کوردییە "دەبێ زۆر خۆش بین کە دەوڵەتی فەخیمەی بەریتانیا بە کوردستانی ئێمە ئەم ئیمتیازەی داوینێ، نووسین و خوێندنەوە و معامەلاتی ڕەسمیەمان بە زمانی خۆمان بێ".

## ٣-٢/٢) نەبوونی دەوڵەت:

جیاوازییەکی دیکە ئەوەیە، ئەدەبی سیاسیی کوردیی، ئەدەبی نەتەوەیەکی بێ "کیان" و بێ دەوڵەتە، لە کاتێکدا ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێ، ئەدەبی نەتەوەی سەربەخۆ و سەردەستەن؛ لە پێشدا بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم جیاوازییە، پێویستە ئەمە بزانین، کە ئەدەبی سیاسیی وەک هەر ئەدەبێکی دیکە پلەبەندیی و قۆناغە، قۆناغی یەکەم وشیارکردنەوەی خەڵکە، دووەمیان بەرگرییە لە خود و لە نەتەوە، سێیەمیان خواستی دەوڵەت و سەربەخۆییە؛ لە کۆتا جارییشدا و پاش بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، چاکسازیی و خواستی گۆڕانکارییە لە دەوڵەتدا. هەر قۆناغێک لەم قۆناغانە کە ئەبڕدرێت، ئەدەبی سیاسی وەک هەر ئەدەبێکی دیکە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت؛ بۆ نموونە هەر میللەتێک قەوارەیەکی سیاسیی هەبێت، نووسەرانی نایەن ئەو قەوارە سیاسییە بروخێنن و سنورەکەشیان بە شتێکی پیرۆز ئەزانن، بەڵام لە ناوەوە ئەیانەوێت چاکسازیی لەو قەوارەیەدا بکەن. واتە کاتێک شاعیرێک دێت گلەیی و گازندە لەدەست خوار و خێچییەکانی سیستمی سیاسی وڵاتەکەی دەکات، ئەو نیازەی نییە کە ئەو سیستمە سیاسییە نەمێنێت، بەڵکو ویستی چاکسازیی هەیە تێیدا.

شاعیر و ئەدیبانی میللەتانی سەردەستە، لە پاش بەدەوڵەتبوون و سەربەخۆیی، نایەن دیسان باسی سەربەخۆیی و باسی ئاڵا و باسی دراوی دەوڵەت بکەن، بەڵکو ئەو قۆناغەیان تێپەڕاندووە و لە تەواوی دونیاشدا هەر وایە وئەدیبێکی "بەریتانی"، نایەت باسی ئاڵا و بەرگری و سەربەخۆیی بکات، بەڵکو دێت ئەوە دەخاتە ڕاپرسییەوە، کە ئایا سیستمی پاشایەتی چی بەخشیوەتە هاوڵاتی بەریتانی و ئایا بوونی باشترە یان نەبوونی. کێشەی باج و کێشەی لایەنی دەروونی خەڵک، ئایا سیستەمی سیاسی توانیویەتی کۆمەڵگا بکات بە کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران، ئەگەر نەیتوانیوە خەتای کێیە، بۆیە ئەدەبی سیاسی لە خزمەتی ئەو بابەتانەدا ئەسوڕێتەوە.

نووسەر و ڕووناکبیر و شاعیری نەتەوەیەکی خاوەن دەوڵەتی وەکو "عەرەب"یش دێت باسی بە سیستەمکردنی بارودۆخ و خراپی بارودۆخ ئەکات، باسی پچڕان و لێکترازان و جیاوازی و دووبەرەکی نێوان دەوڵەتە عەرەبییەکان دەکات، باسی ناکۆکی و خیلافات ئەکات، بە سەیرکردنی هۆنراوەی شاعیرانی نوێخوازی 'عەرەب' ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، بە نموونە شیعرەکانی 'نزار قەبانی، عەبدولوەهاب بەیاتی، بەدر شاکر سەیاب، مەحمود دەروێش، ئەحمەد مەتەر، محەمەد ماغوت' و چەندانی تریش، کە باسی ئەوە دەکەن، عەرەب میللەتێکن ڕێکناکەون، نۆکەری بێگانەن و خۆیان و میللەتەکانیان بە داگیرکەر فرۆشتووە، باسی میراتگەرایی لە دەستەڵات و پشتاوپشتی هاتنە سەر حوکوم و نەڕەخساندنی دەرفەت بۆ نوخبە تا بێنە پێشەوە و دیکتاتۆرییەتی ڕەها و برسێتی و بێکاریی و نەخوێندواریی و هتد. کەواتە زیاتر لە قۆناغی دوای ڕزگاربووندا ئەدەبی سیاسی هەوڵی گۆڕانکاریی و چاکسازی لە دەستەڵاتی سیاسیدا ئەدات، نەک دەوڵەتسازی. با سەیرێکی ئەم هۆنراوە تەنزئامێزە بکەین، ئەو ڕاستییە زیاتر بەدیدەکرێت.

"بەرانێک بە پەژارەوە

بە شوانەکەی وت:

تۆ کە بڕیارت داوە بمفرۆشی

بۆچی تێرمناکەیت؟

شوانەکە پێی وت: ئەتەوێ بڵێی چی؟

هەموو بەرپرسی وڵاتەکەم وەک منن

نە شەکوای حاڵی خۆشمەکەم و نە گلەییم هەیە

تۆش وایدانێ ڕانەمەڕێکی 'عەرەبی'یت و

من خاوەنداریتییت ئەکەم! (مطر، ٢٠١١: ٢٩٢).

هاوشێوەی عەرەبەکان، شاعیر و نووسەرانی "تورک"یش لە نموونەی "نامیق کەمال، تۆفیق فیکرەت" و چەندانی تر، ڕەخنەیان لە دەستەڵاتی داپڵۆسێنەری سەردەمەکەی خۆیان گرتووە و نووسەرانێکبوون، کە داوای ئازادیی و سەربەستی و یەکسانییان کردووە و دژی نادادی قەڵەمەکانیان بەگەڕخستووە.

"ڕۆژێک گەل، شمشێر لە کالان دەردەکێشێت،

قیامەت بەرپائەبێت،

گوڵەکان لە بەحری خوێنا نوقمەبن..

ئەو نەفس نزمانەی ڕۆژانێک گەشتبوونە لوتکە و هەرەمی گەورەیی و شکۆ،

خۆیان و شەریکەکانیان، کە دەنگی گەلیان لاوازەکرد،

ئەوانەشی هاوکاریان بوون لە دووڕوو سیخوڕەکانی چواردەوریان،

دانەبەدانەیان بە پەتی سێدارەدا هەڵئەواسرێن! " (کمال، ١٩٦٥: ٢٧).

شاعیر، لەم هۆنراوەیەدا، بە توندی هێرشدەکاتە سەر دەستەڵاتی سەردەمی خۆی "دەوڵەتی عوسمانی"، کاتێک دەبینێت، نیشتمان بوەتە شوێنێکی تاڵانکراوی بەکارهێنراو بۆ سود و چاوچنۆکی بەرپرسەکان.

تۆفیق فیکرەت، بێزارە لەو دیمەنەی کە دەبینێت "ئەوانەی لەسەر کورسی دەستەڵاتدا دانیشتبوون و تەنیا بیریان لە پڕکردنەوەی کیسە و گەدەیان دەکردەوە، فیکرەت لە حوزەیرانی '١٩١٢'دا بەرامبەر بەمانە شیعری 'خانی یەخما- خانی تالان' ی پڕ لە تیزی توندوتیژی نووسییەوە کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ: ئەم خوانچەیە ئەفەندییینە، کە چاوەڕێی هەڵلوشینە، لەبەردەمتاندا دەلەرزێ، ئەمە ژیانی میللەتە، هی ئەم میللەتەیە کە پەشۆکاوە، هی ئەم میللەتەیە کە لە سەرەمەرگدایە" (تاقانە، ٢٠٠١: ١٠).

لای شاعیر و ئەدیبانی فارسی و لە "قۆناغی پڕ لە جموجوڵی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستی زایینی کە هاوکات بوو لەگەڵ کۆتایی دەستەڵاتی قاجارەکان لە ئێران و شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ماوەی سەرهەڵدانی شیعری هاوچەخی فارسیی بوو، ڕووداوە رامیاری و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکانی ئەم ماوەیە و لە سەروو هەموویان شۆڕشی مەشروتەخوازیی ئێران ڕۆڵێکی گرنگیان لە لەدایکبوونی سەردەمێکی نوێی ئەدەبییدا هەبوو" (طاهر، ٢٠٠٦: ١٧). کە چیدی شاعیران، زمانی ئەدەبییان بۆ ڕەوانبێژیی و پیاهەڵدان و سیتاییشی پاشاکان بەکارنەدەهێنا، بەڵکو دەهاتن بە زمانێکی سادە "کەموکورییەکان و ناڕەزایەتییەکان و کرانەوەی مەوداکان لە نێوان چینی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا کە قاجارەکان بوون و خەڵکی سادە، ئەدەبیات بە گشتی و شیعری گاڵتەئامێزی دەکردە ئامرازی کاردانەوە" (مەجید، ٢٠١٩: ٥٤).

## ٤-٢/٢) دەمارگیری:

### ٤-٢/٢-١) دەمارگیریی ئایینی:

جیاوازییەکی تری ئەدەبی سیاسیی کوردیی و ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێ، شەڕی ئایینی و جیاوازی مەزهەبگەرایی و خۆلەپێشترزانین بۆ سەرکردایەتی و دەستەڵاتدارێتییە، کە مێژوویەکی دوورو و درێژی ئەدەبی سیاسیی ئەو نەتەوانە پێکدەهێنێت. هەموو ئەو کێشمەکێش و جیاوازییانەش، لەژێر چەتری ئایینیدا بووە و شاعیران، تا ڕادەی یەکتر کافرکردن و سوکایەتی بە پیرۆزییەکانی یەکتر ڕۆشتوون. نموونەی ئەو

ناکۆکییانەش لای دەوڵەتانی "ئەمەوی و عەباسی" و "عوسمانی و سەفەوی"دا بەرچاودەکەوێت. کە ئەمە لە ئەدەبی سیاسیی کوردییدا بەدیناکرێت. ڕاستە باسکردن لە مەزهەب دەچێتە قاڵبێکی ئاینییەوە، بەڵام هەر مەزهەبێک لە هەرسەردەمێکدا باڵادەستبووبێت، نووسەران و شاعیرانیان بە باڵای ئەوەدا هەڵیانداوە و دژی بەرامبەرەکانیان شیعریان هۆنیوەتەوە و بەمەش ئەدەبەکەیان مۆرکێکی سیاسیی وەرگرتووە.

"أحب محمدا حبا شديدا

و عباسا و حمزة و الوصيا

ألست ترين بنى هاشم

قد أفنتهم الفئة ظالمة! (الدؤلی، ١٩٦٤: ٧٢-٧٥).

واتە؛ محەمەد "درودی خوای لەسەر" و هاوڕێ و یاوەرانیم هەموو خۆشدەوێن، بەڵام ئەوە بەنی هاشم بۆ سەیرناکەن، کەوا کۆمەڵە خەڵکێکی ستەمکار "مەبەست پێی ئەمەوی"یەکانە، خەریکن لەناویان دەبەن و ناویان دەسڕنەوە.

ئەم ناکۆکیانە، زۆر کەم لە شاعیرانی کورد بەدیدەکرێت، ئەگەر هەشبێت وەک پەرچەکردارێک بووە، بەرامبەر بەو سوکایەتیانەی بەرامبەر بە پیرۆزییەکانی ئاینی ئیسلام کراوە، نەک ئەوەی کە لایەنداریان بۆ مەزهەبێک هەبێت و دژی مەزهەب و گروپێکی تر وەستابنەوە. وەک ئەو هۆنراوەیەی "سالم"، کە دێت و باسی گەورەیی و شکۆی یارانی پێغەمبەر"درودی خوای لەسەر" دەکات و وەڵامی مەزهەبی شیعە دەداتەوە، بەرامبەر بەو سوکایەتیانەی کە بە خێزان و یارانی پەیامبەر دەیکەن.

ڕافیضی شیعەن، لە هەردوولا نەزان و بێخەبەر

موعجیزەی صددیقە بووڕا، هەروەکو دووڕەی عومەر

تا ئەو شوێنەی دەڵێت:

کەی "عەلی" ڕوخصەت دەدا کەس بەد بە یارانی بڵێ

عالمی نا عالمی شیعەن، حەقیقەت، میثلی کەر (سالم، ٢٠١٥: ٣١٨-٣١٩).

سالم، نەهاتووە لەبەر لایەنداریی لە "عوسمانی"یەکان، کە لەوکاتەدا، ڕابەرایەتی مەزهەبی سوننەی جیهانیان کردووە، بە باڵای عوسمانییەکاندا هەڵبدات، تا ئێمە بێین و بڵێین ئەم هۆنراوەیە لایەندارییە لە ئەوان، بە پێچەوانەوە، دیوانی سالم، پڕیەتی لە دژایەتی تورک و ناوبردنیان بە "ڕۆمی"ی شووم و ستەمکار. بۆیە لە ئەدەبی سیاسیی کوردیدا، جیاوازی مەزهەبی "سوننە و شیعە" نەکراوە و تەنانەت ئەو ناکۆکییەی لەنێوان "قادری" و "نەقشبەندی"یەکاندا لە کوردستان هەبووە، پەلکێشی ناو ئەدەبی کوردی نەکراوە. لەکاتێکدا "مەولانا خالیدی نەقشبەندی" و ڕابەری تەریقەتی نەقشی لە کوردستان، خۆی دەستێکی باڵای هەبووە لە هۆنینەوەی شیعردا و لە تەمەنیدا، بەهۆی جیاوازیی تەریقەتەوە چەند جارێک ئاوارە و دەربەدەر بووە. واتە سەرەڕای ئەوەی زۆرێک لە شاعیرەکان کەسانی دیندار و خواناسیش بوون و لایەنداریان بۆ ڕابەرە دینییەکانی کوردستان هەبووە، بەڵام نەهاتوون سوکایەتی بەوانی دیکە و مەزهەب و ئاینی ئەوانی تر بکەن. هەروەها بابەتی "تایەفەگەرایی" وەک هێرشکردنە سەر "مەسیحی" و "یەهودی"ەکان لە ئەدەبی کوردیدا زۆر کەمە. قەت نابینرێت شاعیرانی گەورەی وەک "نالی و سالم و کوردی"ی لە هۆنراوەکانیاندا، هێرشبکەنە سەر "مەسیحی و یەهودی"یەکان، تەنیا لای "مەحوی" نەبێت کە سۆزی ئاینیی زاڵدەبێت بەسەریدا و وەک کاردانەوەیەک بۆ پشتگیریی سوڵتانی عوسمانی و جەنگەکانی دژ بە "ڕوس و یۆنان"ەکان، دێت و سوکایەتیان پێدەکات و بە باڵای سوڵتانی عوسمانیدا هەڵدەدات. تەنانەت لە ڕۆژنامەی "کوردستان" بە پێچەوانەوە زۆر بەرگریی لە "ئەرمەنەکان" دەکرێت و دژی "سوارەی حەمیدییە" وتار نووسراوە، "کوردستان بە ئەوپەڕی تێگەیشتنەوە 'سوارەی حەمیدی' و مەبەستی شاراوەی دامەزراندنی هەڵسەنگاند. کاتێک ژمارەیەکی زۆر لە سەرەک هۆزانی کورد ڕەشبەڵەکیان بە بۆنەی دامەزراندنی ئەو دەزگایەوە دەگێڕا و هی وایان هەبوو وایدەزانی خێر و بەرەکەت بۆ هەمووکورد دێنێ! 'کوردستان' بە هەموانی ڕادەگەیاند کە مەبەستی سەرەکی 'سوارەی حەمیدی' خەریککردنی کورد و خۆشکردنی ئاگری دووبەرەکی نێوان ئەوان و ئەرمەنە تاوەکو دژی سیاسەتی چەوساندنەوەی سوڵتان یەک

نەگرن" (مەزهەر، کەمال، ١٩٧٨: ٦٥). کوردبوونی "سوارەی حەمیدیە"، وا لە ڕۆژنامەی کوردستان ناکات، بێت و لەبەر ڕەگەزپەرستی و نەتەوەپەرستی ستاییشیان بکات، نەک ئەوە بەڵکو لۆمەیان دەکات و لە ژمارە (٢٨)ی ڕۆژنامەکەدا و لە لاپەڕەی (٢) ی ڕۆژنامەکەدا هاتووە "ئەصلێ مەقصەد ژ تەئسیسا ڤان سوارا ئەڤە کو وەقتا کو ئەرمەنی ژ زوڵما حوکمەتێ گەلەک بێزار بین عەدالەت خواستن. زەکی پاشا ترسا کو کورد ژی ژ زوڵما حوکومەتێ خوە بدەن مەیلی ئەرمینیا و هەردوو میللەت بە ئیتیفاق دەست هەڵێنن لەوما عەرز خونکار کر تەئسیسا ڤان ئەیارە ئیزن خواست. خنکار ژی هەر دڤێ تفاقەک بکە ما بەینا ملەل و ئەفرادێن بن دەستێ خوەدە لەو ما فکرا زەکی پاشا گەلەک مناسب دیت و دا کردا جەلبێ خوە و ژ ئەرمینیا دوور بکە زوو تەئسیسا ڤان سوارا فەرمان کر". لە لاپەڕە (٣) ی ژمارە (٢٦)ی ڕۆژنامەکەشدا داوای پاراستنی ئەرمەنەکان دەکات و بە کارێکی مرۆڤانەی ناودەبات "دڤێ ئەوان مەعصومێن ئەرمەنیا محافەزە بکن ...مقتەزای ئینسانیەت ئەڤە". تەنانەت چەند خێزانێکی کورد "ئەرمەن"ەکانیان لە ماڵی خۆیان پاراستووە و نەیانهێشتوە قڕ بکرێن.

## ٢/٢-٤-٢) دەمارگیریی نەتەوەیی:

جگە لە شەڕی ئایینی و مەزهەبگەرایی، ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێ لێوڕێژە بە دەمارگیری نەتەوەیی وهەمیشە ڕەتکردنەوەی ئەوانی دیکە لەو پەڕی لوتکەدابووە.

و إنما الناس بالملوك

و لا يفلح العرب ملوكها عجم! (المتنبي، ١٩٨٣: ٩٣).

واتە؛ خەڵکان بە پادشاکانیانەوە خەڵکن و بە ئەوەوە هەیبەت و شان و شکۆیان پارێزراوە، بۆیە 'عەرەب' قەت ڕزگاریی و سەرفرازیی بەخۆیەوە نابینێت، ئەگەر پادشا و سەرۆکەکەی 'عەجەم' بێت. تەنانەت ئەگەر ئەو 'عەجەم'ە هاو دینیشی بێت. ئەو نوخبە کەمەش کە لە ناو نەتەوەکانی دراوسێدا هەیە، هەر لە منداڵییەوە لەسەر ئەوە پەروەردەکراون بە گیانێکی نەتەوەپەرستییەوە مامەڵە بکەن و بەشێوەیەکی هێندە توند پەروەردەکراون کە بەرهەمی جگە لەخۆیان نەخوێننەوە، کەمینەیەکیان نەبێت. واتە ئەو دیوارە ئەستورەی دروستکراوە لە نێوان نەتەوەکاندا، وای لە ڕۆشنبیر و خوێنەواری کورد کردووە، نەتوانێت ئەو دیوارە ئەستوورە ببڕێت و بەرهەمەکانی خێرا و بەربڵاو بە دنیای دەرەوە بناسرێت، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لێرەدا جیاوازی نوخبەی تورک و فارس لەگەڵ شاعیران و نووسەرانی کورد دا دەردەکەوێت، بۆ نموونە لە ناو شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا بەشێک لەو شاعیرانە بە زمانی فارسی و تورکی هۆنراوەیان نووسیوە و لە دیوانی خۆیاندا شوێنیان کردوەتەوە، بەڵام تورکێک یان فارسێک ئامادە نەبووە بیخوێنێتەوە، ڕاستە هەوڵێک هەیە ئەو هۆنراوانە چاپبکرێن و نوخبە و ڕۆشنبیرەکانیان سەرسامی خۆیان بەم شارەزایی و لێزانییەی شاعیرانی کورد بەرامبەر بە فارسی و تورکیزانینەکەیان ناشارنەوە، بەڵام دیسان ئەمە سنوورێکی کەمی هەیە و چەندێکییش کورد خاوەنی شاعیر و ئەدیبی گەورە و باش بێت، نەتەوەی دراوسێ تا ئەوەی خۆی هەبێت، دان بە نووسەر ئەدیبی کورد دا نانێت. نموونەیەکی تری دەمارگیری نەتەوەیی، "لەساڵی ٢٧٩ ك/ ٨٩٢ ز لەژێر گوشاری یاخیبون و کەوتنە یەك لەدوا یەکەکانی موسڵ بەدەستی خەواریجەکان، خەلیفە "معتضد"ی عەباسی، کوردێکی بەناوی "عەلی ڕەهزاد"، کردە فەرماندەی شارەکە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بکاتەوە، شاعیرێکی عەرەب بەناوی "العجيني" لەمەراقی ئەمە شیعرێکی وتووە:

ما رأى الناس لهذا الـ ... دهر مذ كانوا شبيها

ذلت الموصل حتى ...... أمر الأكراد فيها (عزالدين، ١٩٩٧: ٤٦٩).

واتە؛ خەڵک لەوەتەی هەن ڕۆژگاری وەک ئەمڕۆیان نەدیوە، هێندە موسڵ زەلیل بووە، تا کوردەکان، بوونەتە فرمانڕەوای.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## ئەنجام:

١- ئەدەبێک بە سیاسیی دادەنرێت، کە دژی دەستەڵاتێکی سیاسیی ناوخۆیی یان دەرەکیی بوەستێتەوە، یاخود بە باڵای ئەو دەستەڵاتە سیاسییەدا هەڵبدات.

٢- هیچ قۆناغێکمان نییە، لە ئەدەبی کوردییدا، هەر لە ئەدەبی کۆنەوە، تاوەکو ئەدەبی فۆلکلۆری و کلاسیک و قۆناغەکانی دواتریش، کە بابەتی سیاسیی، تێکەڵ بە ئەدەب نەبووبێت، هێندە هەیە، کە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر و بە پێی سەردەم و پێویستی سەردەمەکە، لە قۆناغێکدا کەمبووە و لە سەردەم قۆناغێکی دیکەدا، لە دوای دروستبوونی چەمکی دەوڵەت و سەربەخۆییەوە، گەیشتووەتە لوتکە.

٣- لە دوای ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە، ژانری پەخشانی سیاسیی، هاتووەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە و پێش ڕۆژنامەنووسیی کوردیی، نامە و وتار و پەخشانی سیاسیی، بە زمانی کوردیی بەدیناکرێت. جیاواز لە نەتەوەکانی دراوسێ، کە ئەم ژانرەی ئەدەب، مێژوویەکی کۆن و بەرفراوانی هەیە.

٤- ئەوەی خاڵی هاوبەشی نێوان ئەدەبی سیاسیی کوردیی و ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێ پێکدەهێنێت، چەمکی شانازیکردنی نەتەوایەتییە و ڕەنگدانەوەیەتی لە ئەدەبی هەموو ئەو نەتەوانەدا.

٥- دەمارگیریی، بەهەموو جۆرەکانییەوە، ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی، بەشێکی دیاری ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێ پێکدەهێنێت، کە ئەمە لە ئەدەبی سیاسیی کوردییدا، زۆر کەمە، یان هەر بوونی نییە.

## سەرچاوەکان

### ١- بە زمانی کوردی:

#### أ- کتێب:

١- ئاگرین، عەبدوڵلا: (١٩٩٦)، شیعری سیاسی کوردی لە باشووری کوردستان – لە یەکەم جەنگی گێتییەوە تا ڕاپەڕینی شەشی ئەیلوولی بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی ١٩١٨- ١٩٣٠، چاپی یەکەم، بێ ناوی چاپخانە.

٢- پیرەمێرد: (١٩٨٣)، دوانزە سوارەی مەریوان، داستانێکی مێژوویی کوردە، چاپی سێیەم، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی.

٣- تاقانە، ئەحمەد: (٢٠٠١)، تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٤- طاهر، ئامر: (٢٠٠٦)، نیما یوشیج و عەبدوڵلا گۆران نوێکردنەوە و دابڕان، چاپا ئێکێ، چاپخانەیا حەجی هاشم، هەولێر.

٥- حاجی موشیر، شەوکەت: (٢٠٠٩)، چەپکێک لە گوڵزاری پەندی کوردی، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

٦- خاڵ، شێخ محەمەد: (٢٠٢١)، پەندی پێشینان، چاپی یەکەم، ناوەندی هزری و ڕۆشنبیری خاڵ، سلێمانی.

٧- ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا: (١٩٨٦)، دیوانی ئەحمەد موختار جاف، چاپخانەی (الادیب)، بەغدا.

٨- صاڵح، ئاراس محەمەد: (٢٠١٩)، سلێمانی لە شیعری ساعیرانی سەدەی نۆزدەدا، چاپی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری سارا، سلێمانی.

٩- صاڵح، سدیق: (٢٠١٥)، دیوانی سالم، عەبدولڕەحمان بەگی ساحێب قران، بەرگی یەک، ساغکردنەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، فاتیح عەبدولکەریم و محەمەدی مەلا کەریم، بنکەی ژین، سلێمانی.

١٠- فواد، کەمال: (٢٠٠٥)، کوردستان، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ١٨٩٨- ١٩٠٢ ، چاپی دووەم، قاهیرە.

١١- مەزهەر، کەمال: (١٩٧٨)، "تێگەیشتنی ڕاستی" و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

١٢- موکریانی، هێمن: (٢٠١١)، توحفەی موزەفەریە بە زمانی کوردی، ئۆسکارمان، چاپی سێیەم، دەزگای جاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

 (HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

١٣- میران، سەردار حەمید: (١٣٩٠)، دیوانی حاجی قادری کۆیی، چاپی یەکەم، انتشارات کردستان، سنندج.

١٤- میسری، محەمەد دلێر ئەمین محەمەد: (٢٠٠٤)، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، سلێمانی.

١٥- مودەڕڕیس، مەلا عەبدولکەریم: (١٣٨٩)، دیوانی نالی، چاپی حەوتەم، انتشارات کردستان، سنندج.

١٦- مودەڕڕیس، مەلا عەبدولکەریم: (١٣٩١)، دیوانی مەحوی، چاپی یەکەم، پەخشانگای ئانا، مەهاباد.

١٧- وردی، محمد توفیق: (١٩٦١)، فۆلکلۆری کوردی بە سێ شێوە، سۆرانی، بادینی، فەیلی، بەشی یەکەم، بەشی سۆرانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار التضامن، بەغدا.

**ب- نامەی زانکۆیی:**

١٨- مەجید، سەردار فایەق: (٢٠١٩)، بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی کوردیدا بە نموونەی شاعیران "ئەسیری و ئەحمەد موختار جاف"، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**پ- گۆڤار:**

١٩- عەلی، دڵشاد: (٢٠٠٤)، نالی لە بازنەی تاقیکردنەوە شیعرییەکەی کرمانجی خواروودا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (١٤)، لاپەڕە (٣٩- ٦٢).

**ت- ڕۆژنامە:**

٢٠- ڕۆژنامەی پێشکەوتن: (١٩٢٠)، ژمارە (١٠)، ساڵی یەکەم، سلێمانی.

**٢- بەزمای عەرەبی:**

**أ- الكتاب:**

٢١- ابن الأثير، عزالدين: (١٩٩٧)، الكامل في التأريخ، الطبعة الأولى، جلد ٦، دار الكتب العربي، بيروت- لبنان.

٢٢- ابراهيم، عبدالله: (٢٠٠٢)، النثر العربي القديم، الطبعة العربية الأولى، مطابع القطر الوطنية، الدوحة، القطر.

٢٣- آل ياسين، محمد حسن: (١٩٦٤)، ديوان أبي الأسود الدؤلي، الطبعة الثانية، مطبعة المعارف، بغداد.

٢٤- الكاتب، علاء حسين: (٢٠٠١)، مراحل الأدب العربي، دراسة التاريخية، الطبعة الأولى، المطبعة الأمين، ايران.

٢٥- الحمداني، قحطان احمد: (٢٠١٢)، المدخل الى العلوم السياسية، الطبعة الأولى، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان- الأردن.

٢٦- المفتوحة، جامعة القدس: (٢٠٠٧)، فنون النثر العربي القديم، بلا اسم المطبعة.

٢٧- الدهان، سامي: (١٩٤٤)، ديوان أبي فراس الحمداني، جزء الاول، المطبعة الكاثوليلية، بيروت- لبنان.

٢٨- المتنبي: (١٩٨٣)، ديوان المتنبي، دار البيروت للطباعة و النشر، بيروت- لبنان.

٢٩- بهاء الدين، وحيد الدين: (١٩٦٥)، أعلام من الأدب التركي، الطبعة الأولى، مطبع دار الزمان، بغداد.

٣٠- جمعة، بديع معمد: (١٩٨٠)، من قضايا الشعر الفارسى الحديث في نصف الأول من قرن العشرين، الطبعة الأولى، دار النهضة العربية للطباعة و النشر، بيروت- لبنان.

٣١- عبدالعال، بديعة معمد: (٢٠٠٧)، الأدب التركي العثماني، الطبعة الأولى، دار الثقافة للنشر، القاهرة.

٣٢- معمد، سراج الدين: (٢٠١٥)، الفخر في الشعر العربي، دار الراتب الجامعية، بيروت- لبنان.

٣٣- مطر، احمد: (٢٠١١)، مجموعة الشعرية، الطبعة الأولى، دار العروبة، بيروت- لبنان.

٣٤- ناصر الدين، مهدي محمد: (١٩٩٤)، ديوان الأخطل، الطبعة الثانية، دار الكتب العلمية، بيروت- لبنان.

**ب- المجلات:**

٣٥- الحلي، عبود جودى: (٢٠١٤)، الأتجاه السياسى في شعر على الفتال، مجلة أهل البيت، جامعة أهل البيت، بوابة البحوث، عدد (سادس عشر)، صحفة (٤٢٣- ٤٥١)، جمهورية العراق.

٣٦- المؤمني، رؤي حيدر: (٢٠١٩)، مفهوم الأدب السياسي في ضوء العلاقات المتبادلة بين الأدب و السياسة، مجلة الدراسات العلوم الأنسانية و الجتماعية، عمادة البحب العلمي، الجامعة الأردنية، العدد (٢)، صعفة (٣٦١- ٣٧٨)، الأردن.

**٣- به زمانى فارسى:**

٣٧- پژوه، منوچهر دانش: (١٣٧٤)، ديوان رودكى، چاپ أول، چاپ حيدرى، انتشارات توس، تهران.

٣٨- دستگردى، وحيد: (١٣٣٣)، بابا طاهر عريان، مؤسسة مطبوعات أمير كبير، مطبعة بانك ملى ايران، تهران.

٣٩- هيرى، ناصر: (١٣٦٣)، ديوان حكيم قاآنى شيرازى، چاپ أول، انتشارات گلشائى، ايران.

# بەها ڕۆشنبیری و ڕەوشتی و سیاسییەکان لە ڕۆمانی (دەریاس و لاشەکان)ی (بەختیار عەلی)دا

سۆران رشید حمد[1]، نەجم خالید ئەڵوەنی[2]
[1,2]بەشی زمانی کوردیی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین ، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Najim.najmaldin1@su.edu.krd

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (بەها ڕۆشنبیری و ڕەوشتی و سیاسییەکان لە ڕۆمانی )دەریاس و لاشەکان(ی )بەختیار عەلی(دا نووسراوە، مەبەست لەو توێژینەوەیە پیشاندانی بەها جۆراوجۆرەکانە کە لە دەق ڕۆمانەکەدا بە شێوازێکی ئەدەبی باسکراون، لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی ڕخنەی بنیاتگەریی پێکهاتەیی پەیڕەوکراوە کە دەق لە ژێر کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان شیدەکاتەوە، هەروەها بەهای (ڕۆشنبیری، ڕەوشتی و سیاسی ) لە ڕۆمانەکەدا ئاماژەی پێدراوە. یەکێک لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی بەها سیاسییەکان تا ئەندازەیەکی زۆر پێشێلکراون و سنوورەکانی بەرتەسک کراوەتەوە، و خەڵکی لە ڕۆمانەکەدا لە بەها و مافە سیاسییەکان بێبەشکراوە. دەگەینە ئەوەی بەهاکان بەشێواوی کاریگەرییەکی نەرێنیان لەسەر کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننووس بەشێوەیەکی داهێنەرانە و لەئاستێکی بەرزدا ئەو بەهایانەمان لە ڕۆمانەکەدا بۆ دەگێڕێتەوە.

**وشە کلیلییەکان:** (بەها، ڕۆمان، سیاسی، ڕەوشت، ڕۆشنبیری)

## الملخص

كتبت هذه الدراسة تحت عنوان: (القيم الثقافية والأخلاقية والسياسية في رواية)درياس والجثث) للروائي (بختيار علي)). و تهدف إلى إظهار القيم التي تم ذكرها في الرواية المذكورة بأسلوب أدبي. تم في هذا البحث تطبيق منهج النقد البنيوية التكوينية الذي يحلل النص تحت التأثيرات الاجتماعية، كما أن قيمة (الثقافة، الأخلاق والسياسة) مذكورة في الرواية. و من أهم نتائج هذا البحث أن القيم السياسية قد انتهكت إلى حد كبير و تم تضييق حدودها، و حرم الناس في الرواية من القيم و الحقوق السياسية. نحصل على أن القيم لها تأثير سلبي على المجتمع الشرقي، و لكن مع ذلك يخبرنا الروائي السرد بشكل مبتكر و على مستوى عال بتلك القيم في الرواية.

**الكلمات المفتاحية:** (القيم، الرواية، سياسي، أخلاق، الثقافي)

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٧ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢٢) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٣/١٤ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٦/٢٠ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Najim.najmaldin1@su_edu_krd |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٢پ.ی.د. نەجم خالید ئەڵوەنی، سۆران رشید حمد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract

This study has been written under the title: (Cultural, moral and political values in( Bakhtiar Ali's) novel (Daryas and Corpses) (. It aims at showing the values the researcher mentioned in the said novel in a literary revelation. In this research, The structural structuralism criticism method approach, which analyzes the text under social influences, has been applied The value of (culture, morals and politics) is also mentioned in the novel. One of the most important results of this research is that political values have been greatly violated and their limits have been narrowed, and people in the novel have been deprived of political values and right. We get that values have a negative impact on oriental society , But nevertheless, the novelist narration tells us innovatively and at a high level those values in the novel.

**Keywords:** (Value , novel , politician , Moral , Cultural)

## پێشەکی

بەها مرۆییەکان وەک پەیام و ڕەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤ لە هەمووکات و شوێنێکدا وەک کۆمەڵێک بنەما و باوەڕی بەرز پەیڕەوی لێدەکات، ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی یەکێکە لەو ژانرە ئەدەبییانەی کە بە شێوەیەکی فراوان بایەخ بە پیشاندانی ئەو بەهایانە دەدات، وەکو پەیامی شاراوەی دەق هەوڵدەدات بە خوێنەرانی بگەیەنێت، بەئامانجی گۆڕینی بەها خراپەکان و چەسپاندنی بەها بەرزەکان و لەیەک نزیککردنەوەی مرۆڤەکان لە یەکتری و دروستکردنی گیانی مرۆڤایەتی تیایاندا، لەڕێگەی پەیرەوکردنی شێوازێکی هونەری بەرز و بەیەکەوە بەستنەوەی توخمە جیاوازەکان بەیەکەوە.

ئەم توێژینەوەیەی کە لەژێر ناونیشانی (بەها ڕۆشنبیری و ڕەوشتی و سیاسییەکان لە ڕۆمانی )دەریاس و لاشەکان(ی )بەختیار عەلی(دایە، هەوڵێکە بۆ ئەوەی جگە لە پەیوەندییە زیندو و پێکەوەییەکان کە لە نێوان توخمەکانی ئەم ڕۆمانەدا هەیە، وەکو بنیاتێکی تاڕادەیەک سەربەخۆ، لە پاڵ ئەوەشدا ئەو کارلێکە کۆمەڵایەتییەی کە لە ڕۆمانەکەدا هەیە خراوەتەڕوو، ڕوانین و دنیابینیی ڕۆماننووس بۆ دنیا لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژیت و وەک بنیاتێکی گەورە کە ڕۆمانەکە لە هەناویدا لە دایکبووە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە تیشک خستنە سەر و وردبوونەوەیە لە بەها جۆراوجۆرەکان و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە و ئەو ڕووداوانەی کە لە ڕۆمانەکەدا گێڕدراونەتەوە.

کەرەستەی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕۆمانی (دەریاس و لاشەکان) کە یەکێکە لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی، لەگەڵ بەها جۆراوجۆرەکان کە لە چوارچێوەی ڕۆمانەکەدا باسی لێکراوە و بەیەکەوە کەرەستەی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە.

لەم توێژینەوەیەدا پەیرەوی لە ڕێبازی (ڕەخنەی بنیاتگەری پێکهاتەیی) کراوە، بنیاتگەری پێکهاتەیی وەک میتۆدێکی ڕەخنەیی هەوڵ دەدات دەق ئەدەبی بە قسە ببەستێتەوە نەک زمان، قسەش بۆ خۆی دەربڕی جیهانبینیی نووسەرە بەگوێرەی ئەو بارە کۆمەڵایەتییەی تیایدا دەژیت. جگە لەوەی کاری ئەدەبی لە خۆیدا هۆیەکە کە نووسەر بەشێوازێکی دیاریکراوی هونەری گوزارشت لە دەوروبەر و خۆی دەکات، و گوزارشت لە هەستەکانی دەکات بەرامبەر جیهان و شت و پرس و ڕووداوەکان. هەروەها ئەم ڕێبازە بەدوای ئەو پێکهاتە و بنیاتە زەینییانەدا دەڕوات کە دەقە ئەدەبییەکەیان دروستکردووە و مانایەکی پێدەبەخشن. گرنگی ئەم توێژینەوەیە، شیکردنەوەی بەها جۆراوجۆرەکانە کە لە ڕۆمانەکەدا بەشێوازی جیاواز خراونەتەڕوو، بە گرتنەبەری کۆمەڵێک تەکنیک و شێوازی هونەریی باڵا کە لە ڕۆمانەکەدا باسکراون.

پێکهاتەی ئەم توێژینەوەیە لە پوختە و پێشەکی و سێ بەش پێکدێت، لەبەشی یەکەمدا بەها ڕۆشنبیرییەکان پیشاندراون و سیفەت و تایبەتمەندییەکانی خراوەتەڕوو، لە بەشی دووەمیش دا باسی ئەو بەها ڕەوشتییانە کراوە کە لە ڕۆمانەکەدا هاتوون و شێوازی دەرکەوتنیان

ڕوونکراوەتەوە، بەشی سێیەمیش تەرخانکراوە بۆ باسکردنی ئەو بەها سیاسییانەی کە لە ململانێیەکانی ناو ڕۆمانەکەدا بەکارهاتوون و پەنایان بۆ براوە. لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەروو.

## بەشی یەکەم: بەهای ڕۆشنبیری لە ڕۆمانی(دەریاس و لاشەکان)دا:

بەهای ڕۆشنبیری بریتییە لە کۆمەڵێک بیر و کردە و جووڵەی جۆراوجۆر و بەردەوام و درێژ مەوا بە ئامانجی خزمەتکردنی تاک و چارەسەرکردنی کێشەکان ، لە هەمان کاتدا بڵاوکردنەوەی هوشیارییە لە بارەی شێوازی ژیان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لە گەڵ دەوروبەر بە شێوازێکی ئەدەبی بەرز و جوان.

بەهایەکی گرنگی ڕۆشنبیری سەرقاڵبوونە بە پرسە جیهانی و مرۆییەکان، هەروەها بەرگریکردنە لێیان بەشێوەیەکی سەرسەختانە بۆئەوەی دنیایەکی جوانتر و بێ کێشەتر دروست بکرێت و پایەکانی ئەو واقیعە تاڵە لەرزۆک و نەچەسپاو بن و دەرفەتی گۆڕان بێتەپێش، چونکە ڕۆشنبیر لێرەدا (سەرقاڵی کێشەکانی پەیوەست بە ماف و ئازادییەکانە، بە هزر و گفتوگۆ یان بە نووسین و هەڵوێستەکانی داکۆکی لە سیاسەتی ڕاستی و بەها ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و گەردوونییەکان دەکات)(حرب، ٢٠٠٤، ٣٨).

هەروەک چۆن ڕۆشنبیر سەرجەم ئەو بەها ڕۆشنبیری و کەلتوور و داب و نەریتانەی کە لە واقیعی کۆمەڵایەتی نەتەوەکەیدا هەیە پێیان کاریگەر دەبێت، بەڵام کاتێک خۆی گوزارشتیان لێدەکات یان دەریان دەبڕێت و دەیانگۆڕێت بۆ تێگەیشتنێکی تاکی و لەڕوانگەیەکی تاکەکەسییەوە بۆ واقیعەکە دەگەڕێتەوە، هەمان شتیش لەئەدەبی بەرزدا بەدیدەکرێت کاتێک لەڕێی کارەکتەرەکانی ڕۆمانێکدا بە هۆی باسکردنی تێڕوانین و جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیریان هەریەک لە کەسێتییەکان دەکرێت لەناو یەک وڵاتدا بەچەند وێنەیەکی جیاوازی واقیع ئاشنا بین. ئەمەش بەرەو پیر چوونی لایەنە مرۆییەکەی مرۆڤە لەجیاتی لاکردنەوە و باسکردنی واقیعێک کە لەدوایەوە تێگەیشتنێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکی دیاریکراو بوونی هەیە و بەها مرۆییەکان دەبوون بەقوربانی وەک لەپێشتردا دەکرا (گرنگی ئەم گواستنەوەیە لەوەدایە کە هەمیشە شتێک لە قووڵایی ئەو پاڵەوانانە دەمێنێتەوە کە هی خۆیانە، نەک هی واقیعەکەیان بێت، شتێک ناچێتە ژێر کاریکەری پێدراوە واقیعیەکانەوە و یاساکانی ئەو واقیعە دروستیان نەکردووە، شتێک ئینسانی و فەردی قووڵ کە تەنها لە چوارچێوەی ئەو جیهانەدا قابیلی تێگەیشتن و ڕاڤەکردنە کە ڕۆمانەکان دروستیدەکەن، نەک لە چوارچێوەی ڕۆشنایی و تاریکییەکانی ناو واقیعی دەرەوەی ڕۆمانەکان) (قانیع، ٢٠١٢، ٢٧٢).

بەیەکدادان و ململانێی ڕۆشنبیری و سیاسەت بەگشتی و لەئاستێکی نزمتر و بچووکتردا لەنێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵاتدا ڕەگێکی قووڵ و نەپساوەی هەیە و زۆرجار بە قوربانیدان و کۆتایی هاتووە، بە تایبەتی لەناو ئەو نەتەوانەی پایە و بنەما کۆمەڵایەتییەکانی دواکەوتووە و نەچەسپاوە. جا کێشەی ڕۆشنبیران، نیشتمانی و نەتەوەیی بێت وەکو بەگژداچوونەوەی داگیرکەران، یان ڕووبەڕووبوونەوەی دەستە و کۆمەڵەیەکی خۆسەپێن لەناو کۆمەڵگادا کەوا لەتاک دەکەن لەپێناو مانەوەی خۆی و دابینکردنی ژیانیدا خۆی ڕادەستی واقیعە کۆمەڵایەتییەکە بکات و دەستبەرداری بەها ڕۆشنبیریەکان ببێت، یان کێشەکە پەیوەندی بەماف و ئازادییە جیهانی و مرۆڤایەتییەکانەوە هەبێت وکۆی ئەو بەهایانەی نزیکی و پەیڕەویان لای هەموو تاکێک هەیە و سیمایەکی گشتی و هەمەکییان هەیە، بۆیە (جێگەی خۆیەتی لەهەموو کاتێک زیاتر ڕۆشنبیرییەکی مرۆڤایەتی تەواو بنیات بنرێت و دوور لەسیستەم و ئایدیۆلۆژیاکان هەڵگری ئاوات و ئامانجێک بێت ، لەم ڕوانینەدا ڕۆشنبیر ... نەسەرکردەیە و نەپەیامبەریشە... پێویستە دوو تواناکەی کە ئازایەتی و بیرکردنەوەیە تێیدابێت) (بریجان، ١٩٨٠، ٧)

یەکێک لە نرخاندنەکانی بەهای ڕۆشنبیری ئەوەیە کارکردنە لە شوێنێک و لە شتێک کە کەس بۆ ئەمە ڕاینەسپاردووە و ئاراستە نەکراوە. هەروەها دەستڕاگەیشتن و هێنانە بەرباسی چەندین کێشە و ڕکابەرییە کە دەکرا یان لەتواناداهەیە نەخرێنەڕو و بگەڕێنەوە بۆ بازنەی شارەزایی و بوارەکانی خۆیان و لێی لابدەن، بەڵام بەوپەڕی شارەزاییەوە دەستی بۆ دەبرێت و خۆیان بە پانتاییەکی بچووکەوە نابەستنەوە. ئەم هەنگاوەش بۆخۆی تێپەڕاندنی سنووری زانایە و تێنوێتی شکاندنە بەناوی ڕۆشنبیری، هەروەها داکۆکی و هاوخەمی مەینەتییەکانی گەلە و هەوڵە بۆ هوشیارکردنەوە یان بەئاگاهێنانەوەیان. واتا یەکێک لەخەسڵەتەکانی ڕۆشنبیر ئەوەیە تەنیا لەخانەی پسپۆڕییەکەی خۆیدا

نەمێنێتەوە و پەلدەهاوێت بۆ بوارەکانی تر و هەوڵی گۆڕینی ئەو واقیعە دەدات کە کۆمەڵگەی تێدایە، تەنانەت لە چوارچێوەی بوارەکەی خۆشیدا هەوڵی هەڵوەشاندنەوە و ڕەتکردنەوەی ئەو شتانە دەدات کە زیان دەگەیەنن، بەهۆی باوەڕبوونی بەکۆمەڵێک بەهای بەرزی ژیانەوە: (سارتەر) لەکتێبی (بەرگری لە ڕۆشنبیران) دا (ڕۆشنبیر بە ویژدانی نائارام ناودەبات، لەبەرئەوەی هەرگیز دۆخی جێگیر و ئاسوودە نییە و هەوڵی شیکردنەوە و گۆڕین دەدات، بەڵام یەکێک لە مەرجەکانی ڕۆشنبیر ئەوەیە کاتێک ڕەخنە لە واقیع دەگرێت، نابێت لە بەرژەوەندییە کەسییەکانیەوە سەرچاوە بگرێت، بەڵکو دەبێت لە بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە و نەتەوەدا بێت و لە ڕەخنەکانیدا دووربێت لە هەرجۆرە خۆبەگەورە زانینێک) (جرار، ٢٠٠٣، ١٧)

ڕەخنە چەق و گەوهەری ڕۆشنبیرییە هەر کاتێک ڕەخنە لە هاوکێشەکە دەرکرا ئەوە سەرتاپای وێنەکە بۆ پیشاندانی شتێکی تر دەگۆڕێت، دروستکردنی دنیایەکی جوانتر و چاککردنی کەموکورییەکان لە ڕێی پرۆسەی ڕەخنەگرتنەوە دێتەکایەوە، ئامادەنەبوون بۆ قبوولکردنی ڕەخنە یەکسانە بە ویست بۆ مانەوەی شتەکان وەکو خۆیان (بەختیار عەلی) لەم بارەیەوە دەڵێت: (ڕۆڵی ڕۆشنبیر و ڕەخنە لەیەکتری جودا نابنەوە، ئەوانەی کە نایانەوێت ڕەخنەگربن ڕەخنە بە مانا قوڵ و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنسازییەکەی، ڕەخنە وەک چەمکی ڕاڤەکردن و چەمکی بینین و ئامرازی گۆڕان ئەوانەن کە دژی گۆڕانن لە هەموو ئاستەکاندا، دژایەتیکردنی ڕەخنە ناوێکی شەرمنە بۆ دژایەتی گۆڕان، ئەوانە شەرم دەکەن لەوەی ڕاستەوخۆ بڵێن ئێمە دوژمنی گۆڕانکاری ڕادیکاڵین، لەبەرئەوە ناڕاستەوخۆ لەڕێگای دژایەتیکردنی ڕەخنەوە دژایەتی گۆڕان دەکەن) (عەلی، ٢٠٠٠، ٣١)

## بەهای ڕۆشنبیریی لە ڕۆمانەکەدا:

دەریاس یەکێکە لەو کەسێتییانەی کە لە ڕۆمانەکەدا هەندێک تایبەتمەندی کەسێکی ڕۆشنبیری تێدایە، بە شێوەیەک بەردەوام گومان لە ڕووداو و شتەکان دەکات و دەیەوێت لە ڕێی بەدواداچوونەکانی بە ڕاستی ئەو شتانە بگات کە ڕوودەدەن و نهێنییەکیان لە پشتە، هەر لەبەرئەوە بەشێوەیەکی ڕەها بیر لەبابەتەکان ناکاتەوە، بەڵکو بەردەوام پانتاییەک بۆ ئەگەری تر دەهێڵێتەوە و دەیەوێت بە ڕێژەیی بیروڕاکانی دەربڕێت و ڕاستییان تێدا ببینێت، بۆیە (هەر لەسەرەتاوە دەریاس کەسێکی شڕزە و خەیاڵاوی و پڕ پرسیار بوو کە لە هیچدا نەدەگەیشتە یەقین، جگە لە براکەی هاوڕێیەکی تری نەبوو، گەر خەڵکێکیشی ڕابگرتایە، تەنیا بۆ ئەوە بوو پرسیاریان لێ بکات) (عەلی، ٢٠١٩، ١٣)

بەشێک لەو خۆ بەدوورگرتنانەی ڕۆشنبیر لە دونیای سیاسەت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باوەڕی بە کۆمەڵێک بەها و بیروبۆچوونی باڵا و واڵا هەیە، کە لە ئاستێکی بەرزتر و گەورەترن لەو واقیعە سیاسییەی تێیدا دەژیت، و ژینگە سیاسییەکە ڕێخۆشکەر نییە بۆ ئەوەی ئەو بەها بەرزانە لە خۆی بگرێت و لە کردەکانی بەرجەستەی بکات، ئەمیش لەبەرامبەردا ئامادە نییە دەست بەرداریان بێت بەم کارەی نە دەیەوێت بەشداربێت لە دروستکردنی وەهم و نەدەشیەوێت باوەڕ بەو وەهمانە بکات کە هەیە (دەریاسیش چوو بۆ ئەوروپا و کەوتە دونیای کتێب و خوێندنەوەوە. شتێک لە سەرەتاوە وەک خولیا کەوتە سەری دەریاس ئەوە بوو تێبگات، چۆن تەوەهوم و خەیاڵاتی نابەجێ لە سەری مرۆڤەکاندا دروستدەبن) (عەلی، ٢٠١٩، ١٤)

پێمان وایە بیرکرنەوە خەسڵەتێکی بەرچاوی ڕۆشنبیرییە، ڕۆشنبیر لەم ڕێگەیەوە لە کەسانی ئاسایی جیادەبێتەوە، هەموو کاتێک دەیەوێت بیرکردنەوەی نوێ دروست بکات و لە یەک چوارچێوەدا نەمێنێتەوە، واتا ڕۆشنبیر لە سەرەتادا بیر لە خۆی و بۆ خۆی دەکاتەوە، دواتر بیر لەکۆمەڵگە و مرۆڤایەتی بکاتەوە، هەنگاوی سەرەتای لە خۆیەوە دەست پێدەکات (یەکەم کارێک کردی، دەفتەرێکی کڕی بۆ نوسینەوەی ژیانی ڕۆژانەی خۆی، بۆ سەرنجدان لە ناوەوەی خۆی، بۆ تۆمارکردنی تێبینییەکانی. دەیویست بزانێت ژیانی تازە چی لە ناودا دروستدەکات. خۆی خۆی دەناسی) (عەلی، ٢٠١٩، ١٧)

بەشێکی زۆری خەڵکی شار و ئەوانەش کە خوێندەوارن، ترسێکی گەورەیان لە گۆڕانکاری هەیە و برەو بە نەزانین و ڕاهاتن دەدەن، لەبەرئەوە دژی ئەوانە دەوەستنەوە کە لە خۆیان زاناتر و ڕۆشنبیرترن و لە دژیان دەوەستن بۆ ئەوەی ئەم دۆخەی تێیدا دەژین بەردەوام بێت، ئەوە

ڕێگای بۆ دەسەڵاتە ستەمکار و کلۆرەکانی ناو شار کردووەتەوە دەستکراوە بن و بە ئارەزووی خۆیان بە بێترس مامەڵە بکەن و ترسیان لە گۆڕانکاری لەلا دروست نەبێت، لێرەدا ئەو بەشە لە خەڵکی شارەکە بەو خۆپارێزییەیان دەبنە هۆی ئەوەی دەسەڵاتەکان تەمەنیان درێژتر بێت، بۆیە لە هەر جوڵە و کردەیەکی دوو دەسەڵاتە ستەمکارەکە ئەم کەسانە بەرپرسن و لێپرساوێتی تەواویان دەکەوێتە سەرشان و بەشدارن (هەموو ترسی ئەوەیان هەبوو، کەسێکی وا پسپۆڕ ژیان و ڕێکخستنی ناو ئەرشیفەکە تێک بدات و دۆخێکی نوێ دروستبکات جیاواز لەو دۆخەی لەسەری ڕاهاتوون. ترسی گەورەی خەڵکی شارەکە هەمیشە ئەوە بووە، شتێکی نوێ بێت کە لەسەری ڕانەهاتوون، هەموو شتێکیان دەکرد دەردی وا سەرهەڵنەدات و خۆیان لە بەرابەر شتی وادا نەبیننەوە، هەر شتێک تازەبایە زەندەقیان لێ دەچوو، بۆی دەچوونە بۆسەوە و دەکەوتنە تەقە لێی) (عەلی، ٢٠١٩، ٢٢ – ٢٣)

بەهای ڕۆشنبیری لە بناغەدا ئامانجی گەیشتنە بە بەرژەوەندیی گشتی و دروستکردنی چارەنووسێکی هاوبەش، بۆیە ڕۆشنبیر و سوودگەیاندن بە کۆمەڵگە و هوشیارکردنەوەیان لە یەکتری جیاناکرێنەوە، ژەنراڵ وەکو کەسێکی ڕۆشنبیر کە بڕیاردەدات بزوتنەوەیەکی سیاسی دابمەزرێنێت لە پێناو خەڵکی شارەکە ئەم کارە دەکات، دەیەوێت ئەم بیرکردنەوەیە لە قۆناغی دواتریدا بکات بە شۆڕش و بە شێوەیەکی کرداری لە پێناو ئەو ئامانجە تێبکۆشێت (ژەنراڵ ناوێکی گرنگ و بەهێز بوو. هەموو دەمانزانی پیاوێکی ترسناکە، بەڵام تاکە کەسێکیش بوو دژی ئەو دۆخە بوو کە شارەکە تێی کەوتبوو، دەنگۆیەکی زۆر گەورە هەبوو کە ئەو لە هەموو ئەم دۆخە ناڕازییە و دەیەوێت چارەیەک بدۆزێتەوە، شارەکە و خەڵکی لە دەست گەندەڵکاران و مافیاکان و چەتە حیزبییەکان ڕزگار بکات) (عەلی، ٢٠١٩، ٢٧)

ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا تێبینی دەکەین نامۆبوون و غەریبی سیفەت و ناسنامەی کەسێتییەکی ڕۆشنبیری وەک دەریاسە، ئەو وەکو ڕۆشنبیرێک کە خوێندنی لە ئەوروپا تەواوکردووە و گەڕاوەتەوە و بە رووی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا کراوەتەوە، گۆڕەپانێکی فراوانی لە ڕۆمانەکەدا بۆ تەرخانکراوە بۆ ئەوەی بیر و بۆچوونەکانی خۆی دەربڕیت. ئەگەرچی خۆی و چەند کەسێکی کەم لەبەرەکەی ئەودا هەن و وێنەی ڕۆشنبیرێکی بەهێز و کاریگەری هەیە کە شتەکان دەخاتە ژێر پرسیار و لێوردبوونەوە، بەڵام لە ڕووی پەیوەندییەوە بەخەڵک و دانیشتووان تێکەڵاوییەکی زۆر کەمی هەیە، لە کاتێکدا پێویستە ئەمە پێچەوانە بێت، تەنانەت ئەو پەیوەندییانەش کە دروستیان دەکات پاڵنەرەکەی ئەوانەی چواردەوری خۆین، بەڵام لە ڕووی هزرەوە تەواو بیرکردنەوەکانی دەخاتەڕوو کە پەیوەست نییە بە درێژبوونەوەی لە سەردەم و کاتدا، بەڵکو سەردەمی خۆی جیاکردۆتەوە، هەروەها هۆیەکی تری غەریب بوونی وەک ڕۆشنبیرێک بۆ زەمەن دەگەڕێتەوە. بە جۆرێک ئەو یەکێکە لەوانەی پێش کات و واقیعی بینراوی شارەکە کەوتووەتەوە،و نایەوێت ملکەچی ئەو سەردەم و واقیعە بێت کە شارەکەی تیایدایە، بۆیە لەم بارەدا خەڵک و شارەکە هەل و دەرچەی جووڵەی کەسێکی ڕۆشنبیری بۆ ناکەنەوە، تەنانەت ئەوەی دەیەوێت بیرکردنەوەیەک نییە هاوشانی دانیشتوان بێت بە وەستاوی، بەڵکو بە تەواوی سەرەوژێرکردنەوەی دنیابینی خۆی و بۆچوونەکانییەتی و ناچارکردنیەتی بۆ جووڵەیەکی هەڵگەڕاوە و پێچەوانە، ئەمەش دوچاری سەرسامی و نامۆبوونی کردووە (هەموو دڵنیابووین کاتێک گەڕابووەوە بۆ وڵات چاوەڕوانی ئەوەی نەکردبوو بکەوێتە کات و زەمانێکی وەهاوە، وەک غەریبەیەک وەهابوو لە وڵاتێکی غەریب تووشی شتێکی غەریب بووبێت، هەستی نەدەکرد کە سەر بە ئێمەیە، تەنیا چاخانە و خەڵکەکەی پێ نامۆ نەبوو، بەڵکو بە ڕوانینیدا تێگەیشتین کە ڕۆحیشی بە ڕۆحی ئێمە نامۆیە) (عەلی، ٢٠١٩، ٤١)

ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکەیدا دەیەوێت لە ڕێی کردەی پرسیارکردنەوە جیاوازی نێوان کۆمەڵگەی خۆرهەڵات و خۆرئاوامان پیشان بدات، ئەو شارەی لە ڕۆمانەکەدایە سەر بە کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتییە کە خەڵکەکەی بە زۆری نایانەوێت پرسیار لە شتەکان بکەن و بەدوای هۆکار و وەڵامەکانیدا بگەڕێن، ئەم هەڵوەستە نەکردنەش لەسەر ئەو شتانەی کە ڕوویان داوە یان ڕوودەدەن وایکردووە ڕووبەڕووی کارەساتی گەورە و دووبارەبوو ببنەوە، ئەم پرۆسەیە تەنیا لە چوارچێوەی بەدواگەڕانی ڕاستییەکاندا ناوەستێت، تەنانەت ئەگەر وەڵامی پرسیارەکانیش بزانن هێزی ئەوەیان نییە ڕایبگەیەنن یان بە خەڵکانیتری بگەیەنن، دەریاس کە خوێندنی لە زانکۆیەکی خۆرئاوایی تەواوکردووە دەیەوێت لە ڕێی پرسیارکردنەوە بگات بە ڕاستییەکان و شارەزابێت، بەڵام بە ئاسانی وەڵامی پرسیارەکانی دەست ناکەوێت، بۆیە ناتوانێت لە خەڵک و شارەکە تێبگات و بزانێت چۆن بیردەکەنەوە، لەبەر ئەوە زیاتر تووشی ونبوون و گومان دەبێت، سورەیا پێی دەڵێت: (کاک دکتۆر، کەس لێرە ناتوانێت


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

وەڵامی هەموو پرسیارەکان بداتەوە، زۆرجار گەر بشزانن تاقەتیان نییە وەڵامبدەنەوە، ئێمە وەک ئەوروپییەکان نین، نا... زۆر تاقەتی ئەوەمان نییە بۆ وەڵامی هەموو پرسیارێک بگەڕێین، خۆت دەزانی ئەوروپییەکان پارچە ئێسقانێک بدۆزنەوە پەنجا ساڵ پشکنینی بۆ دەکەن، ئێمە وانین، دە لاشە لە بەردەمماندا بکەوێت کەس ناپرسێت لاشەی کێیە) (عەلی، ٢٠١٩، ٤٦).

## بەشی دووەم: بەهای ڕەوشتی لە ڕۆمانی(دەریاس و لاشەکان)دا:

بەها ڕەوشتییەکان کە یاسا ڕەوشتییەکان لەخۆدەگرێت بە زۆری سروشتێکی ناچارکەریان هەیە و ئەوەی کە پشتی پێدەبەستێت بریتییە لە پابەندبوون پێیەوە، بە جۆرێک خۆی بە گوێرەی ئەو بارودۆخ و شوێنانە ناگونجێنێت کە تێی دەکەوێت، بەڵکو بە جێگیری دەمێنێتەوە. لێرەدا دوو لایەن هەیە لایەنێکیان خواستی بێگەردە یاخود میتافیزیکی ئاکارە و هەموو بیرۆکە و بنەماکان دەگرێتەوە کە تیۆریین و لایەنێکی تر کردەییە و سەرجەم کردار و مەرجەکان دەگرێتەوە کە زیاتر لە دەروونناسییەوە سەرچاوە دەگرن. بۆ ئەوەی ڕەوشت دانەڕوخێت و دووچاری شێوان و هەرەس نەبێت، پێویستە کردارەکان لەگەڵ یاسا ئاکارییەکاندا بێتەوە یان لەبەرئەو ئەنجام بدرێن(لەبەرئەوەی ئاکار خۆی لە هەموو لایەکەوە دووچاری تێکچوون و شێوان دەبێ، ئەگەر بێت و پێودانگ و بەهای (نۆرم) ی بەرزی بڕیاردانی دروست و حوکمدانی ڕاست بەسەریدا لەئارادا نەبن. ئەوەی دەبێ ئاکارەکی چاکە و باش بێت تەنیا ئەوەندەی بەس نییە بە پێی قانوونەکانی ئاکاربێت، بەڵکو لە پێناوی ئەواندا بێتە کایەوە) (کانت – ٢٠١٤ – ٢٢٨).

ژیر وەکو لایەنێکی تەواوکاری خواست نابێت نزم بێتەوە بۆ چێژ و خۆشی وەرگرتن لە ژیان و بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو، بەڵکو پێویستە پەیڕەوی لە چەند بنەمایەکی باڵا و شکۆمەند بکات و تەنیا خواستی چاکەخوازی بێنێتەکایەوە، کردار و کارەکان ئەگەر لەگەڵ خواستی چاکەخوازیدا نەیەنەوە دەبنە شتێکی بێ بناغە، لەبەرئەوەی خواست ڕیشەی کرداری ئاکارییە، بەڵام خواستی چاکەخوازی سەرباری ئەوەی بنچینە و کاکڵەی بابەتەکەیە. بۆئەوەی خۆی دەربخات لە ڕێگەی ئەو کردارانەوە خۆی پیشان دەدات کە لەگەڵی دەگونجێن، خواستی چاکەخوازی کارناکات بۆ ئەوەی بە ئامانجێکی دیاریکراو بگات، لە هەندێک بارودۆخدا ئەگەر ئەو خواستە پشتگوێ خرا یان وەلانرا و دوورخرایەوە ئەوە بەو مانایە نایەت خواستەکە بێبایەخ کراوە، چونکە خواست وەک گەوهەر وایە و بەردەوام دەدرەوشێتەوە، بەبێ ئەوەی بتوانرێت لە ڕێی سوود یان کەم نرخکردنی ئەو بایەخەی هەیەتی لێی جیابکەنەوە، لەبەرئەوەی خواستی چاکەخوازی مەبەستی ئەوەیە مرۆڤ بەختەوەر بێت، بۆیە دەکرێ دڵخۆشی و زیرەکی و ئازایەتی و ئەوانیتر وەکو چاکە دابنرێن لە مرۆڤدا، بەڵام هەموو ئەوانە (دەشکرێ ببن بەوپەڕی بەدکاری و زیان بەخش بن، ئەگەر ئەو خواستەی ئەم بەهرانە بەکاردەخات و لەبەر ئەم هۆیە، خەسڵەتە تایبەتییەکەی بەکەسایەتی ناودەبرێ، خواستێکی چاکەخواز نەبێت) (کانت – ٢٠١٤ – ٢٣٤)

مرۆڤ لە خۆیدا دوو جیهانی لەخۆگرتووە، جیهانێکیان یان بوونێکیان جەستەییە یاخود فیزیکییە و ئەویتریان جیهانی گیان و بەها و ئاکارە، کە بوونی ڕاستەقینەی مرۆڤیش دەکەوێتە ئەوێوە. بەها ئاکارییەکان کە بنیاتنەری بوونە مەعنەوی و ڕەوشتییەکەی مرۆڤن تەنیا مامەڵە لەگەڵ کاتی ڕابردوودا ناکات، دەروازەکانی بە ڕووی گۆڕانکاریدا کراوەیە و بە هۆی گۆڕانی بیر و تێگەیشتنەوە ئەویش لەق دەبێت و دەگۆڕێت، بەڵکو زیاتر پەیوەستە بە ئێستا و داهاتوو لە ڕێی هەڵبژاردنەوە بە ئاکام دەگات، وەکو بژاردەیەکی پابەندکەر و ئامادە کە مرۆڤ توانای خۆدزینەوە یان خۆبواردنی لێ نییە، چونکە مرۆڤ (ناتوانێ لە هەڵبژاردن و بڕیاردان هەڵبێ، ئەمەش بەرپرسیارێتی بنەڕەتی و ڕەوشتییانەی مرۆڤە، چونکە هەموو هەڵبژاردنێک جەوهەرێکی ئەخلاقییانەی هەیە. هەموو بڕیار وەرگرتن و یەکلابونەوەیەک داوەریکردنی ئەخلاقە) (حەمەعەلی، ٢٠١٨، ١٣٦).

بەشێک لە کردارە ڕەوشتییەکان بەپێی ئەرکی سەرشان ئەنجام دەدرێن و هەندێکیشیان بەگوێرەی مەیل و ئارەزووەکانی مرۆڤە. ئەوانەی کە بەگوێرەی مەیل دەکرێن پێویستە هاوڕێکی ئەو کارانەبێت کە بە پێی ئەرکی سەرشان دەکرێن، کەچی ئەمە بۆ کردارەکانی ئەرک مەرج نییە. باشترین کرداریش ئەوانەن کە هەر دوو لایەنەکە تێیدا یەک دەگرن و ئاوێزانی یەکتردەبن. واتا ئەو کارانەی مرۆڤ لەیەک کاتدا

وەکو ئەرکی سەرشانی خۆی دەیانکات و لەهەمان کاتدا مەیل و ئارەزووی لێیەتی، بەڵام هەندێک کردار دەکرێت لە پێناو قازانج بێت یاخود چاکەیەک لە پێناو ناو و شکۆمەندی بکرێت بەبێ ئەوەی مەبەست لێی ئەرکی سەرشان یان مەیل و حەز بێت. بۆیە ئەو کارانە لە ناوەڕۆکدا بایەخێکی ئاکارییان نییە، لەبەرئەوەی ئەو کردارانەی بە گوێرەی ئەرکی سەرشان یاخود مەیل و ئارەزوو ئەنجام دەدرێن لە پێناو گەیشتنە بە بەختەوەری، بۆیە (دابینکردنی بەختەوەری خۆی ئەرکی سەرشانە (هەر نەبێ ناڕاستەوخۆ)، چونکە ڕازی نەبوونی مرۆڤ بە بەشی خۆی و لە نێو کۆڵێک پێداویستی ژیان کە دابین نەکرابن و لە نێو پەژارەیەکی زۆردا دەکرێ ئەمانە ببنە مایەی پێشێلکردنی ئەرکی سەرشان) (کانت – ٢٠١٤ – ٢٤٢).

## بەهای ڕەوشتی لە ڕۆمانەکەدا:

ئەلیاس لە ڕۆمانەکەدا کە برای دەریاسە و کوڕی ستارەخانە وەکو مرۆڤێکی ئاسایی و زیندوو حەز و لایەنگیرییەکی زۆری بۆ هەق و دادپەروەری تێدایە و خاوەنی ڕۆحییەتێکی مرۆڤایەتی قوڵە و بە شێوەیەکی نەپساوە سەرکۆنەی کار و چالاکییە دزێوەکانی سیاسییەکان دەکات و بێزاری خۆی بە ڕوویاندا دەردەبڕێت و لە سروشتە ئارامەکەی خۆی  دەردەچن و دەیگۆڕن بۆ کەسێکی توڕە و نەفرەتکار (جار جار دەکەوتە گفتوگۆی کورتەوە لەگەڵ میوانەکاندا و تاکە شتێک لێیان دەبیست جنێوەکانی بوو بە بەرپرسان و سیاسییە گەندەڵەکان. هەموو دەیانزانی هەستێکی توندی بە عەدالەت هەیە و ناهەقی لە سروشت و هێمنی خۆی دەریدەکات ) (عەلی، ٢٠١٩، ١٥).

ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا بۆ مان دەردەکەوێت ئەوەیە هاووڵاتییە ناڕازییەکانی شارەکە بە جۆرێک لەگەڵ سەرکردەکەیان تێکەڵبوون هەموو خواستەکانیان تیایدا دەبیننەوە، وەکو کۆکەرەوەی خواستی سەرجەم خەڵکە بەشخوراو و چەوساوەکە دەبینرێت، بەڵام کاتێک سەرکردەکەیان دەکوژرێت ئەو هیوایە لە دەستدەدەن و هەست بە لاوازی و شکستی خۆیان دەکەن، لەبەرئەوەی ئەو خواستە تایبەتەی کە پێویستە هەیان بێت دەبێت لە ناخی خۆیاندابێت، نەوەک لە کەسێکی تر و لە دەرەوەی خۆیان بەدوایدا بگەڕێن، لێکەوتەکانی ئەم ڕووداوە تەنیا بەکوشتنی سەرکردەکەیان کۆتایی نایەت، بەڵکو هاوشانی ئەوەش ئامانجێکی تری پێکاوە کە بریتییە لە لاوازکردن و ترساندنی ئەوانەی هەواداری ئەون، چونکە ئەوان بەهۆی بەخشینی خواستی خۆیان بە سەرکردەکەیان توانا و هێزی جێگرتنەوە و بوونە سەرکردەیان نەماوە، لەبەرئەوە (مردنی ئەشکزاد هەمووانی فرێدابووە بنی بیرێکی قوڵی نائومێدیەوە. گەرچی حەشاماتەکە بە هەزاران بوو، لە ژن و پیاو و گەنج ومنداڵ تێکەڵبوون، بەڵام لەگەڵ ئەو پێکەوەبوون و یەکانگیرییەشیان هێشتا لاواز و شکاو دەردەکەوتن. لە لەشکرێکی نەخۆش دەچوون یەکێک بۆ جەهەنەم پێشیانکەوتبێت، تروسکەیەکی ئیرادە و تیشکێکی هیوایان  پێ نەمابوو) (عەلی، ٢٠١٩، ٧٠ - ٧١)

دەریاس ئەگەر وەکو خۆی بە شێوەیەکی بەرچاو لە کۆمەڵگەکەی ونبووە و لایەنگیری و هەست و سۆزی بۆ کەس و شتەکان نەماوە و ناتوانێت خۆی بەلایەکدا بخات، ئەوە لە پەیوەندییە خێزانییەکانیشی ڕەنگدەداتەوە، تەنانەت کاتێک دایکیشی دەمرێت توانای ئەوەی نییە بگریت و هەست بە ئازاری دڵ و ناخی بکات، لەبەرئەوەی خۆی وەکو مردویەک لە دەرەوەی ژیان دەبینێت، بەڵام نەبوونی حەز و ئارەزوو بۆ دەوروبەر نەبووەتە هۆی ئەوەی لەبەها ڕەوشتییەکان دوورکەوتبێتەوە و کردارەکانی بە گوێرەی خواستەکانی خۆی و هەست کردن بە بەرپرسیارێتی ئەنجام نەدات، نەبوونی هەست و سۆز بۆ  دەوروبەر لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەودایە و زۆرجار بە هۆیەوە ئازار دەکێشێت. (هەستیکرد پەیوەندی بە دایکییەوە ئەرکێکی ئەخلاقییە تا خۆشەویستی. دایکی خۆشنەدەویست، بەڵام ڕقیشی لێ نەبوو. وەک هەموو شتەکانی تری دەوروبەری، نە ڕقی لە هیچ شتێک بوو نە هیچیشی خۆش دەویست.  هەندێ جار هێندە بێهەست تەماشای شتەکانی دەکرد، وای دەزانی غەریبەیەکە لە دوورەوە هاتووە ڕاپۆرتێک لەسەر شارەکە بنووسێت، کە هەستیشیدەکرد هەستەکانی لە ئاستی سەرسامی و ترس و پەشۆکان  دەوەستان) (عەلی، ٢٠١٩، ٨٠)

لە ڕۆمانەکەدا تاکەکانی شارەکە بە هۆی ڕازی بوونیان بەو گەندەڵی و بەهەدەردان و چەوساندنەوەیەی لەلایەن دەستە خۆسەپێن و زۆردارەکەی شاردا لەبەرامبەریان دەکرێت کارێکی کردووە لە زۆرێک لە بەها مرۆیی و ڕەوشتییەکاندا دامالرێن یاخود بە شێوەیەکی کاتی لە دەستی بدەن، چونکە ئەگەر ئەوان لەو واقیعەی تێیدا دەژین قوربانی و چەوساوەبن ئەوە بەسەرێکی تر هەر خۆیانن وایانکردووە ئەمە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بەردەوام بێت، ئەگەر بەو شێوەیە ڕازی نەبوونایە، دەسەڵاتەکەش بەم جۆرە نەدەبو و توانای ئەوەی نەدەما بەم شێوەیە بمێنێتەوە، لەم سات و قۆناغەدا خەڵکەکە بەهای ڕەوشتییان لەدەستداوە، ئەو کەسەی دەیەوێت ئەو هەستکردنە بە خۆیان ئاشکرا بکات و چیدی نەهێڵێت درێژەبکێشێت خۆیان نین، بەڵکو دوای هوشیارکردنەوەیان بەم دۆخە خەڵکەکە پشتگیری دەکەن. (هەر ڕۆژێک منتان بینی، بزانن ئەوە ڕۆحی سەرگەردان و بێسرەوت و ئارام نەگرمە کە نایەوێت بخەوێت تا ئێوە دەبنەوە بە خاوەنی ئەخلاقی بەرز و بڵند، تا ئێوە لە چنگی ستەمپیشە و دڵڕەشان ڕزگارتان دەبێت، بەڵێ من ڕۆحێکی بێئۆقرە و بێسرەوت دەسوڕێمەوە، وەک تارماییەکی بێ قەرار دەمێنمەوە کە ناتوانێت ئاسوودەیی مردن بچێژێت، تا هێز و ئالای ئێوە دەبینم لەسەرو هەموو ئالایەکەوە دەشەکێتەوە) (عەلی، ٢٠١٩، ١٠١)

بەها ڕەوشتییەکان لەئاستی تاکەکەسیدا دەکرێت وەکو ڕزگارکەری کەسەکان بن و کارێک بکەن یان بیانووێک بێت بۆ ئەوکەسانەی لە ژیان وەڕس و بێزارن تاوەکو هیوایەکیان بە ژیان هەبێت و ئەو شتە بێت کە ژیانیان لە مەترسی ڕزگار دەکات، بەڵام لە ئاستە هەمەکی و پانتاییە فراوانەکەی ناو خەڵکدا بەها ڕەوشتییەکان پاساوێکن بۆ ئەوەی بە هۆیانەوە پشتگیری لە سەرکردە و شۆڕش بکەن و ژیانی خۆیانی لە پێناو دانێن، واتا لە سەرێکەوە بەها ڕەوشتییەکان ژیانی تاکەکان دەپارێزێت و لە سەرێکی ترەوە خەڵکی بە گشتی پارێزگاری لە بەها ڕەوشتییەکان دەکەن. لەم بارەشدا بەها ڕەوشتییەکان هەم پارێزەرە و هەمیش پارێزراو. ئەرشەد ساحیب (پیاوێک بوو لە گەنجیدا دوو جار هەوڵی خۆکوشتنی دابوو، نوشوستی هەوڵەکانی بۆ خۆکوشتن بەهێزتریان کردبوو، یان وەک خۆی دەیگوت کردبوویان بە کەسێک تەنیا بەها ئەخلاقییە زۆر بەرزەکان سەروەتی بدەنێ و ڕازیبکەن) (عەلی، ٢٠١٩، ١٢٤)

## بەشی سێیەم: بەهای سیاسیی لە ڕۆمانی(دەریاس و لاشەکان)دا:

بەها سیاسییەکانی وەک یەکسانی و دادپەروەری لە سیستەمێکی سیاسی خراپدا نامێنێت ، دەسەڵاتدارە چەوسێنەر و قۆرغکارەکانیش هەوڵی گەوجاندن و گەندەڵ کردنی گەلەکەیان دەدەن ، بە هۆی بەگەڕخستنیان لەو بوارانەی کە خۆیان مەبەستیانە تاوەک لە دزی و بەهەدەردان و پێ لێهەڵکشانەکانیان بەردەوام بن و زامنی مانەوەی خۆیان بکەن ، لەبەر ئەم هۆیەشە (( گەل نایەوێ ڕێزی ئەو جیاوگ و دەسەڵاتانە بگرێ کە بەپیاوە گەورەکانی سپاردووە و بەهیچ جۆرێ پەیرەویان ناکات. کاتێک ڕۆحی یەکسانی لە ڕادە و سنووری خۆی تێپەڕێت خەڵک بڕیار دەدا بۆ خۆی هەموو کارەکان ئەنجام بدات )) ( مۆنتسکیۆ ، ٢٠٠٣ ، ١٩٦ ) .

مێژوو لەلای دەسەڵاتی چەوسێنەردا شتێک یان هۆکارێک نییە بۆ سوود وەرگرتن و لێوردبوونەوە و ڕامان، بەڵکو ئەوەی دەیکات گواستنەوە یاخود کوشتن و کردنە قوربانی ئێستایە لە پێناو مێژوودا و تەنیا لە بازنەی کۆمەڵێک ڕووداوی دیاریکراودا دەخولێنەوە، بە جۆرێک بەشێکی زۆر یاخود سەرتاپای ڕۆژەکانی ساڵ لە ڕووداوێک دەگرێ کە پێشتر ڕوویداوە و یادی دەکاتەوە لە هەمان کاتدا ئەوەندەی لە توانایدا بێت تەنیا ڕێ لە ڕوودانی ڕووداوی تر دەگرێت و چەندیش بۆی بکرێت ڕووداوە نوێیەکان بچووک نیشان دەدات، واتا ئێستا بە قوربانی ڕابردوو دەکات و توانای تێگەیشتن لە ڕووداوە نوێیەکان و گۆڕانکاری لەبار دەبات. بۆیە لە یادکردنەوەی مێژوودا ئەوەندەی مەبەستیان لەخۆبایی بوون و خۆبەگەورە زانین و کەنارخستنی ئێستایە ئەوەندە مەبەستییان کارکردن بۆ دووبارەنەبوونەوەی کارەساتەکان و کەڵک و فێربوون و خوێندنەوەی نییە. ئەگینا لە بارە ئاساییەکەی مێژوودا (ناکرێ بێ شارەزابوون لە ڕووداوەکانی ڕابردوو خۆمان بۆ بنیاتنانی دوارۆژ ئامادە بکەین، بۆ ئەوانەش کە پەی بە نهێنییەکانی ڕابردوو دەبەن، ئەستەمە بتوانن دەرس و پەند بۆ ئەوانە بگوازنەوە کە لە ڕووداوەکانی بێ ئاگان) (تۆدۆرۆف، ٢٠٠٨، ١٥)

گرتنەدەستی حوکمڕانیکردن لەلایەن کەسانی دەغەڵ و نەشارەزا و ناکارامە بەهەر ڕێگایەک بێت یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ئاشتی کۆمەڵایەتی دەشێوێنێت و شیرازەی سیاسەتکردن تێکدەچێت، لەبەرئەوەی کەسەکان بە گوێرەی توانا و زانیاری و کارامەیی لە شوێنی خۆیان دانانرێت. بۆیە (تۆماس ئاکیناس) ی ئیتاڵی پێی وایە (نائارامی، بێ بەرنامەیی و بێ یاسایی لە کۆمەڵگەیەکدا دێتەپێش کاتێک خەڵکانێک کە لە ڕووی جەستەوە بەهێزتر، بەڵام لە ڕووی هزرەوە لاوازترن، دەسەڵاتی سیاسی بە زۆرەملێ یان بە هۆکاری هەستیاری، نەوەک لە ڕووی لۆژیک بەدەست دێنن) (لیدمان، ٢٠١١، ٩٦)

تاکەکان لەلایەک و کۆمەڵگە لەلایەکی تر بەرپرسیارێتییەکی زۆریان دەکەوێتە سەرشان بۆ پارێزگاری لە شکۆی مرۆڤ و بەها بەرزەکان. لە ئەگەری بێدەنگ بوون و هەڵبژاردنی بێلایەنیدا بەها سیاسییەکان ئاوەژوو دەبنەوە و دەستەیەکی ستەمکار دەبنە دەسەڵاتدار، لەو کاتەشدا هەر تاوان و تالانی و ناپاکییەک کە ئەنجام دەدرێت تەنیا ئەم دەستەیە لێی بەرپرس نین، بەڵکو تاکەکانیش بە گوێرەی جۆراوجۆری پلە و ئاستیان لێی بەشدارن، لێرەدا تاکەکان ئەگەر بە دیوێکدا قوربانی بن ئەوە بە دیوێکی تر بنیاتنەر و ڕاگری ئەو دەسەڵاتە ستەمکارەن، لەبەرئەوە تاوانەکانی دەستەکە وەکو تاوانی هەمووانە، لەم ڕووەوە (ڤاسلاڤ هاڤێل) دەڵێت: (سەروبنی سیاسەت هەر ئەوەیە کە تاکەکەس لە ڕووی ئاکارەوە بەرپرسە لەوەی هەڵوێست لە ڕشتەی دامەزراو وەربگرێت. کەس مافی ئەوەی نییە، بە بیانووی ئەوەی بیر و کردەوەکانی چ نۆرەیەکیان نییە، خۆی دووره پەرێز ڕاگرێ. گەر هەمووکەس کۆمەڵگەی درۆزنانە بسەلمێنن، ئەوا هەر دەمێنێ. بەڵام هەر ئەوەندەی بەسە یەکێک هاوار بکات پاشا ڕووتە ئیدی هەموو شتێک دەگۆڕدرێ. لاوازی ڕشتەکە ئاشکرا دەبێت و گۆڕانکاری  دەست پێ دەکات) (لیدمان، ٢٠٠٤، ٢٧٨)

ئازادی سیاسی گرێدراوە بەوەی تاچەند تاکەکان لە ڕووی بیرکردنەوە و داراییەوە خاوەنداریێتی سەربەخۆی خۆیان هەیە، دەست بەسەرداگرتن و قۆرغکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان بە شێوەیەکی شاراوە کەمکردنەوەی ئازادی تاکەکانە لە کۆمەڵگەدا، بۆیە ئەگەر دەسەڵاتێکی سیاسی (ڕێگر و بەربەست بوو بۆ پێشوەچوون و سەرکەوتن ، دەبێ لەگەڵ دەسەڵاتێکی نوێ بگۆڕدرێت بۆ ئەوەی پێشکەوتنی خێرا و بەرچاو بەخۆیەوە ببینێت) (لیدمان، ٢٠١١، ٢٣١)

دەسەڵاتداری زۆردار لەلایەک کار لەسەر بێخەوشی خۆی لەلای ئەوانەی لێی ڕازین دەکات لەلایەکی تر کار لەسەر ترس و تۆقاندن دەکات بەرانبەر ئەوانەی یار و نەیارین، بۆیە گۆڕەپانێکی فراوان بۆ گومان و بێ باوەڕی دروست دەبێت. وردە وردە باوەڕکردنی خەڵک بەرامبەر ئەو شۆڕشگێڕ و سیاسییانە لەق دەبێت کە تەنیا هوتافی بێگەردی و دڵسۆزییان کێشاوە. ئەگەری دادگاییکردن و کوشتن و بە زیندان ئاشناکردنیان لەلایەن جەماوەرەکانی خۆیاندا لە هەرکاتێکدا ئەگەرێکی کراوەیە، بۆیە تاکە شتێک لەبەرانبەر خەڵکەکەی خۆیاندا پەنای بۆببەن (بڕوا پێکردنە ئەمەش هەڵوێستی خودی تاک خۆیەتی، ئێمە نە دەتوانین بزانین ئەو بڕوایە چییە نە دەشتوانین حوکمی لەسەر بدەین تەنیا لەڕێگەی بڕوا پێکردنەوە نەبێ) (هیجل، ١٩٩٦، ١١٠)

لە سیاسەتدا پێویستە چەمکە ڕەوشتییەکان بگۆڕدرێن، بە جۆرێک بکرێنە کەرەستەی خاو بۆ دروستکردنی پرەنسیپ و یاسا، لەبەرئەوەی دەسەڵات جیاوازە لە پەیوەندییە ڕەوشتییەکان، بۆیە هەر سەرۆکێک لە ڕێی بەکارهێنانی چەمکە ڕەوشتییەکان حوکم بکات کارەسات بەدوای خۆیدا دەهێنێت و بەڵێنەکانی تەنیا لە چوارچێوەی دروشم دەمێنێتەوە و جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو ئەوەی حوکم دەکات حەز و ویست و ئارەزووی دەسەڵاتدارە و ستەم و زۆرداری بەدوای خۆیدا دێنێت ئەم حەزەش لە ئاستێکدایە (هەر شتێک لە ڕوویاندا بوەستێتەوە تەنانەت ئەو دام و دەزگایانەی کە خۆشیان دایانمەزراندووە، تێکیدەشکێنن و بۆ لەناو بردنیان لە هیچ شتێک سڵ ناکەنەوە، چونکە نایانەوێ کەس سنوور بۆ ویست و ئارەزووەکانیان دابنێت) (امام، ١٩٩٦، ٩٦)

لە سیستەمێکی سیاسی دواکەوتوودا تاکەکان خەون و تواناکانیان قەتیس و پێشێل دەکرێت. بۆیە بەردەوام لە هەوڵی ڕاماڵینی بەربەستەکانی بەردەمی خۆی دەبێت تاوەکو بە ئامانجەکانی بگات. لەبەرئەوە پێویستە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ئازادییان بۆ فەراهەم بکرێت و بەرپرسیارێتییان پێبدرێت بۆ ئەوەی بە ئاواتەکانیان بگەن و کۆمەڵگەش بەها و کەرامەتی تاکەکان لەبەرچاوبگرێت، چونکە (ئەمە شێوازێکە لە شێوازەکانی  ژیان، هەروەها دەبێت درک بەوەش بکەین، ئەمە ڕێگاییکیشە لە ڕێگاکانی ژیانی کەسەکان و پێوەرێکی دروستی ڕەفتارە کەسییەکانمان دەداتێ) (دیوی، ١٩٩٥، ٤٣).



(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## بەهای سیاسی لە ڕۆمانەکەدا:

ڕۆمانی دەریاس و لاشەکان ڕۆمانی سەرزەمینی دەرکەوتنی سەرۆکەکانە کە دوای ئەوەی چەند گۆڕێکیان پێدەکرێت دواتر لەسەر قەلایەک دەنێژرێن، لە پاش خۆیان بە شێوازێکی کۆن دەسەلات بۆ کوڕ و نەوەکانیان دەگوازرێتەوە، پێویستی خەلک بۆ سەرۆک حەزێکی تەواونەبووە و هیچ کارێک بێ سەرۆک بەڕێوەناچێت بە جۆرێک خەلکی بوونی خۆیان لە سەرۆکدا دەبیننەوە، ئەگەرچی ئەوەیان بۆ گرنگ نییە شێوازی دەستا و دەستکردنی دەسەلاتەکە چۆنە و کێ ئەم پلەیە پردەکاتەوە یان تا چەند لێهاتووە (بۆ ئەوە بڕیاریاندا کە کوڕە گەورەکەی، گەرچی گەمژەیەکی نەفام و بێدەموپل بوو، نازناوی سەردار وەک ئیرس وەربگرێت و پشتاوپشت و نەوە لە دوای نەوە سەرۆکایەتی بۆ منداڵەکانی بەجێبهێڵێت. شتێک مایەی پێکەنینی ئێمەبوو، ئێمە کە لەو سەد ساڵەی ڕابوردوودا هێندە لە دونیا تێگەیشتبووین کە بزانین دەسەلات نابێت بەوجۆرە دەستاودەست بکات، دەمانزانی ئەو مۆدێلێکی کۆن و بەسەرچووە و بەدبەختی بەدواوەیە) (عەلی، ٢٠١٩، ٧ - ٨)

ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەوەیە شێوازی بەڕێوەبردن و پەیکەربەندی دەسەلات و هەڵسوکەوتکردن لەناو شارەکەدا بە شێوەیەکە بەرگەی هیچ گۆڕانێک ناگرێت، بۆیە گۆڕانکاری و هەلوەشاندنەوە تیایدا دەبنە یەک و ناتوانرێن لە یەکتری هەلاوێردیان بکەین، لەبەرئەوەی شتەکان بە جۆرێک ڕیزبەندی کراون یاخود ڕێکخراون وەکو زنجیرە هەر یەکەیان تەواوکەری ئەویتریانە، و دەرفەتی هیچ تەکنیک و چاکسازی و ستراتیژێک نەماوەتەوە بۆ نوێکردنەوە یان باشترکردنی ژیان، ئەگەر دەست بۆ بچووکترین چاکسازی ببرێت دەشێت سەرلەبەری شتەکان بروخێنن یان دابتەپن و نەمێنن. بۆیە (تەواوی جێگاکە لای ئەو وەک شوێنێکی تەلیسماوی و ئالۆز دەردەکەوت کە دەستکاریکردنی دەبێتە مایەی تێکچوون و لەناوچوونی. دەریاس هەموو ولاتەکەی وادەهاتە بەرچاو، وەک جێگایەک کە ناتوانرێت شتێکی گرنگی تیا بگۆڕدرێت. شتەکان وا دانرابوون و دروستکرابوون یان دەبوو بروخێنرێن یان دەستیان لێ نەدرێت) (عەلی، ٢٠١٩، ٢٣)

لە ناو ڕۆمانەکەدا ئەو بارودۆخەی لە شاردا هەیە یەکجار نائاسایی و نەگونجاوە شارەکە لەلایەن هەندێک گەندەڵەوە بەڕێوەدەبرێت و دانیشتوانەکەی بە تەواوی لێی نائومێدبوون و ژیانی خۆیان وەکو مردوو دەبینن، بەلام کاتێک فریادرەسێک یان سەرکردەیەک دەردەکەوێت و دەیەوێت ئەو بارە لارە هاوسەنگ بکاتەوە، ئەوا لەو کاتەدا کۆمەلگە و تاکەکان لەبری دەستباری و بەدەمەوەچوون، توانا و ئاواتەکانیان وازلێدێنن و توانای بیرکردنەوە لە خۆیاندا دەکوژن و بەشێوەیەکی کوێرانە دوای دەکەون و خۆیان ون دەکەن، بەم شێوەیە دەگۆڕێن بۆ تاکێکی دەست و پێ سپی و مێگەلی، ئەو هەوڵدانەی بۆ ئازادی دەیدەن لە کۆتاییدا بە کۆیلەبوونیان دەگەیەنێت، لەم بارەشدا هەم ئازادی دەکەوێتە مەترسی و هەم بەرپرسیارێتیش لاواز دەبێت، سەید بورهان دەڵێت: (ژەنراڵ بیلال یەکێکە لەو سیاسییە کەمانەی کە خێری تێداماوە، هەولێک دەدات بەڵکو بتوانێت بەسەر ئەم دز و جەردانەدا سەربکەوێت کە حکومەتییان گرتۆتە دەست. دوژمنی زۆر، دوژمنی زۆر گەورەی هەیە، بەلام خۆی پیاوێکی کارا و لەبەردلانە، خەلک خۆشیان دەوێت. ئێمە لە شارەکەدا وەکو مردو واین، مەگەر ژەنراڵ بتوانێت شتێک هێز و ئیرادەمان بۆ بگێڕێتەوە) (عەلی، ٢٠١٩، ٣٣)

مێژوو بە شێوەیەکی گشتی ئەو بوارەیە کە بەهۆی شارەزابوون لێی بتوانین داهاتوو ببینین، هەروەها لە ڕێی زانینی نهێنییەکانی پەند و سودی لێوەربگرین و هەلەکان دووپات نەکەینەوە، بەلام مێژووی ئەم شارەی لە ڕۆمانەکەدا باسکراوە لەگەڵ هاوولاتییەکانی شتێکی ئاشکراو ڕوون نییە، ئەوەی بەلای ئەوانەوە گرنگە سوتان و شاردنەوەی ڕاستییەکانە، تاوەکو ئەوانەی لە دوای ئەمان دێن ڕێگایەک نەبێت پێیدابچنەوە و بیر لە ڕابردوو بکەنەوە تاوەکو بزانن چی ڕوویداوە و سوودی لێوەربگرن، لێرەدا کێشەکە لە نەخوێندنەوە و کەڵک وەرنەگرتن نییە لە مێژوو، بەڵکو پرسە گرنگەکە نەبوون و نەنوسینەوەی مێژووە و بزربوونی ناسنامەی شارەکەیە وەکو قەدێکی ڕەگ ونکراو. (لەبەرئەوەی خەلکی ناچارن هەموو شتێکی خۆیان بشارنەوە، هەموو ئەسەر و نیشانەیەکی ئیشەکانی خۆیان بسوتێنن. نابێت کەس لە دوای خۆمان بزانێت ئێمە کێ بووین و چی بووین، گەر زانیشیان دەبێت چەند ساڵێک دوای مردنمان بێت، ئەوکاتەی کە خەلک هەقیقەتیشیان لێ دەبێتە ئەفسانە. بەشی هەرە زۆری خەلکی وادەکەن، هەموو شتێکی خۆیان دەسووتێنن) (عەلی، ٢٠١٩، ٦٢ - ٦٣)

هەروەک دەزانین لە دونیای سیاسەتدا بەها ڕەوشتییەکان کە سروشتێکی تاکەکەسیان هەیە وەکو خۆیان نامێننەوە دەکرێن بە ئامراز و

سەرچاوە بۆ دروستکردنی پرەنسیپ و یاسا لە ئاستێکی گشتیدا بۆ هەموو هاوولاتییان وەکو یەک، مامەڵەکردنی کەسانی بەرپرس لەگەڵ هاوولاتییان و هەڵسوکەوتی تاکەکانیش لە نێوان خۆیاندا بە گوێرەی ئەو یاسایە دەبێت کە بۆیان داڕێژراوە و لە سەری ڕێککەوتوون، بۆیە (مەسەلەکە تەنیا ڕاماڵینی ئەم دەسەڵاتدارانەی ئەمڕۆ نیە، بەڵکو هەموو شۆڕشێک سستمێک پرەنسیپی پیرۆز بەرهەمدەهێنێت کە تا ماوەیەکی درێژ دەژی، سەرۆکێکی موقەدەس دەخولقێنێت کە تا ماوەیەکی درێژ دەبێت بە سەرچاوەی ئیلهامی نەوەکان و نەتەوەکان. دەبوو ڕێبازێک دابڕێژێت کە وەفادار و خیانەتکار بە ڕوونی جیابکاتەوە) (عەلی، ٢٠١٩، ١٣١ - ١٣٢)

ئەوەی خەڵکە نارازییەکەی شارەکە دەیانەوێت سەرکردەیەکی ڕەوشتییە کە کار بە بەها ڕەوشتییە کەسییەکانی خۆی بکات لە سیاسەتدا بەبێ ئەوەی بگۆڕێت، ئەم داواکارییە کارەسات بە دوای خۆیدا دەهێنێت، دەبێتە هۆی ئەوەی چەندین بەڵێن بە خزمەتکردن بدرێت و جێبەجێ نەکرێت. ئەم شێوازەی حوکمکردن تەنیا ناونیشانی دەسەڵاتدارە چەوسێنەرەکانی پێشوو بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، لەبەرئەوەی تەنیا پشت بە حەز و ئارەزووەکان دەبەسترێت و کەس ناتوانێت توخوبەکانی دیاریبکات و پاشگەزی بکاتەوە، واتا ئەوەی بەدوایدا دەگەڕێن (باوکێک کە بەجێیان ناهێڵێت و دەیان پارێزێت، ئەخلاقێک کە ناگۆڕێت و تێک ناچێت، خۆفیداکارێک کە بیر لە خۆی ناکاتەوە. خەڵک پێویستیان بە موقەدەسێکە، ئێمەش ئەو موقەدەسەمان بۆ دروستکردن. سەرۆکێکی ئەبەدی، باوکێکی ئەبەدی، دەستپاکێکی ئەبەدی، داوێنپاکێکی ئەبەدی. (هاوار، جەنابی ئەرشەد ساحیب ؟ بەو جۆرە سیاسەت دەبێتە کارخانەی دروستکردنی  پاڵەوانانی  درۆزن) ) (عەلی، ٢٠١٩، ١٣٣).

## ئەنجامەکان:

١-لە ناو ڕۆمانەکەدا ئەوکارانەی ئەنجام دەدرێن لێکدانەوەی بۆ ناکرێت و بە شێوەیەکی نائاگایانە دەستی بۆ دەبرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک کەسێتیی ڕۆشنبیر هەن دەیانەوێت ئەوە ڕاست بکەنەوە.

٢- بەهایەکی سیاسی لە ڕۆمانەکەدا کارکردنە بۆ گۆڕینی بارودۆخی هاوڵاتییان ، بۆ ئەوەی هوشیاربنەوە و لە ستەم ڕزگاریان بێت و بە ئازادی بژین.

٣-بەها ڕەوشتییەکان لە ڕۆمانەکەدا لەگەڵ ئەوەی پانتاییەکی فراوانی گرتووەتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەم بەهایانە وێنەیەکی ناتەواویان هەیە و دەکرێت لە دەست بدرێت و بەدەست بهێنرێتەوە.

٤- لە دەق ڕۆمانەکەدا ڕەوشت وەکو بەهایەکی کەسی پێویستە بگۆڕێت بۆ بەهای سیاسی لە ئاستە گشتییەکەیدا، بەڵام لە دەقەکەدا ئەمە ڕوونادات.

٥- لە ڕۆمانەکەدا بەها سیاسییەکان تا ئەندازەیەکی زۆر پێشێلکراون و سنوورەکانی بەرتەسک کراوەتەوە، خەڵکی لە ڕۆمانەکەدا لە بەها و مافە سیاسییەکان بێبەشکراوە.

٦- بەهای سیاسییەکان لە ڕۆمانەکەدا بە سەربەخۆیی نین، بەڵکو لە چوارچێوەی بەهاکانی تر خۆی پیشان دەدات ، پانتاییە گشتییەکە جێدەهێڵێت و بە سروشتێکی تاکەکەسی دەرکەوتووە.

## لیستی سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی:

١- عەلی ، بەختیار ، (٢٠١٩)، دەریاس و لاشەکان ، ناوەندی رۆشنبیری رەهەند، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، چاپی یەکەم .
٢- تۆدۆرۆف، تۆزڤیتان، (٢٠٠٨)، دەسەڵاتی رەها و مەترسییەکانی دیموکراسی، و: دڵشاد مستەفا وەسانی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، چاپی یەکەم.
٣- حەمەعەلی، ئومێد،(٢٠١٨)، ئەخلاق و زمان، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە، چاپخانەی ئەندێشە، چاپی یەکەم، سلێمانی.
٤- عەلی، بەختیار، وریا، مەریوان، فەتاح، ئاراس، (٢٠٠٠)، رۆشنبیر، کۆمەڵگا، دیموکراسی، ناوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.
٥- قانیع، مەریوان وریا، (٢٠١٢)، شوناس و ئاڵۆزی چەند وتارێک دژ بە دۆگماتیزم، ناوەندی رۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، چاپخانەی کارۆ، چاپی دووەم، سلێمانی.
٦- کانت، ئیمانۆییل، (٢٠١٤)، پرۆلیگۆمێنا و دانانی بنەمای میتافیزیکی ئاکار، و: حەمید عەزیز، بەرێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر.
٧- لیدمان، سڤن ئریک، (٢٠١١)، مێژووی بیروراکانی سیاسی لە ئەفلاتون هەتا ئانارشیزمی سۆسیالیستی، و: محەمەد شەهدی، چاپخانەی رۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.
٨- مۆنتسکیۆ ، (٢٠٠٣) ، رۆحی یاساکان ، و: ئیدریس شێخ شەرەفی ، دەزگای وەرگێران ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، چاپی دووەم ، هەولێر
٩- لیدمان، سڤێن ئێرک،(٢٠٠٤ )، رێگوزەری بیری سیاسی، و: ئاسۆس کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی.

### بە زمانی عەرەبی:

١- امام، عبدالفتاح امام، (١٩٩٦)، المنهج الجدلي عند هيجل، مكتبة المدبولي، الطبعة الثالثة، القاهرة.
٢- بريجان، ميشال، (١٩٨٠)، المثقفون و الديمقراطية، ت: د. خليل أحمد خليل، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، الطبعة الاولى، بيروت.
٣- جرار، صلاح، (٢٠٠٣)، المثقف و التغير، قراءات في المشهد الثقافي المعاصر، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت.
٤- حرب، علي ، (٢٠٠٤)، أوهام النخبة أو نقد المثقف، الناشر: المركز الثقافي العربي، الطبعة الثالثة، بيروت.
٥- ديوي، جون، (١٩٩٥), الحرية و الثقافة، ت: امين موسى قنديل، مكتبة الانجلو مصرية.
٦- هيجل، (١٩٩٦)، اصول فلسفة الحق، ت: امام عبدالفتاح امام، مكتبة المدبولي، القاهرة.

# ئیستاتیکای وێنە ڕەمزییەکان لە کۆبەرهەمی (بۆنی بەختەوەری)ی (محەمەد کوردۆ)دا

**مەریوان حسێن فەرحان[1]، ئەمیر تەها ئەحمەد[2]**
[1,2] بەشی زمانی کوردیی، کۆلێژی پەروەردە و زمان، زانکۆی چەرموو، شاری چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Marewan.husen@charmouniversity.org

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "ئیستاتیکای وێنە ڕەمزییەکان لە کۆبەرهەمی (بۆنی بەختەوەری)ی (محەمەد کوردۆ)دا" مەبەستێتی کاریگەری و گرنگی ڕەمز لە بنیاتنانی دەقی شیعری شاعیردا لە ڕووی جوانی و چێژ و ئیستاتیکاوە بخاتەڕوو، توێژینەوەکە هەوڵ دەدات ئەو ڕەمزانە بخاتەڕوو، کە شاعیر لە خستنەڕووی وێنە جوان و فۆرمە حەشاردراوەکانی ناخیدا بۆمانی بەیان دەکات، بۆ مەبەستی گەیشتن بەو جوانییەی کە لە فۆرمە نادیارەکەدا خۆی حەشارداوە، بە ئامانجی شکاندنی ئەو کۆدانەی کە سەرچاوەی بەخشینی وێنەی هونەری و ئیستاتیکیەتی دەقەکانن و سەرنجی ئاخێوەری ڕاکێشاوە، بۆ ئەوەی پەنا بۆ ڕەمزەکان ببەن، تاوەکو لە واتای دەقەکان بگەن. دەرەنجامی توێژینەوەکەش دەرخەری ئەو زمانە ڕەمز ئامێزەیە کە شاعیر لە ڕێگەی ڕەمزەکانی (ئەفسانە, کەلەپووری, ئایینی, گشتی, ڕەنگ, مێژوویی, جیهانی و خودی)یەوە بۆمانی بەیان دەکات. ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بە میتۆدی "پەسنیی شیکاری" و داتا کتێبخانەییەکانی ئەم بوارە توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەقەکان کردووە, ئامانجەکەشی چۆنیەتی و چەندێتی بەکارهێنانی ڕەمزەکانە لە بەخشینی ئیستاتیکا و شیعرییەت لە کۆبەرهەمی "بۆنی بەختەوەری"ی شاعیردا.

**کلیلەوشەکان:** بۆنی بەختەوەری، محەمەد کوردۆ، ئیستاتیکا، ڕەمز، ڕەمزی ئیستاتیکا.

## ملخص:

يهدف هذا البحث, الذي يحمل عنوان"جماليات الصور الرمزية في مجموعة رائحة سعادة محمد كردو" الى اظهار تأثير وأهمية الرموز في بناء النص الشعري للشاعر من حيث الجمال والمتعة والجماليات, يحاول البحث أن يبين لنا الرموز التي يكشفها لنا الشاعر في ظهور صور جميلة وأشكال خفية بداخلها, وذلك لتحقيق الجمال الذي يخفيه في الشكل المجهول, بهدف كسرالرموز التي هي مصدر صور فنية وجمالية للنصوص وجذب انتباه القارئ للجوء الى الرموز, لفهم معنى النصوص. تظهر نتيجة البحث اللغة الرمزية التي يعبر عنها الشاعر لنا من خلال رموز(الأسطورة, التراث, الدين, العام, اللون, التأريخ, العالم ونفسه). أعتمد هذا البحث على منهج "تحليل الوصف" ومكتبات البيانات في هذا المجال وقد قام ببحث وتقييم النصوص, هدفها هو نوعية وكمية استخدام الرموز في اعطاء الجماليات والشعر في منتج"رائحة السعادة" للشاعر.

**الكلمات المفتاحية:** رائحة السعادة, محمد كردو, الجماليات, الرمز, رمزالجماليات.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٧ ژمارە ٣ساڵی(٢٠٢٢) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٧/١٤ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/٢٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Marewan.husen@charmouniversity.org |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٢د. مەریوان حسێن فەرحان، ئەمیر تەها ئەحمەد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Summary:**

This research, entitled “Aesthetics of symbolic images in the collection of the Smell of His Excellency Muhammad Kordo” aims to show the excitement and importance of symbols in building the poet’s poetic text in terms of beauty, pleasure and aesthetics, the research tries to show us the symbols revealed to us by the poet inthem, in order to achieve the beauty that he hides in the unknown form, in order to break the symbols that are the source of artistic and aesthetic images of the texts and attract the attention of the reader to resort to symbols, to understand the purpose of the texts. The result of the research shows the symbolic language expressed to us by the poet through symbols (lengend, heritage, religion, public, color, history, world and himself). This research was based on the method of “analyzing description” and data libraries in this field and has researched and compiled texts, the aim of which is the quality and quantity of the use of symbols in giving aesthetics and poetry in the product ”Smell of Happiness” to the poet.

**Keywords:** Scent of Happiness, Mohammed Kurdo, Aesthetics, Symbol, Symbol of Aesthetics.

## ١.پێشەکی:

ئیستاتیکا یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دەقی ئەدەبی بەگشتی و دەقی شیعری بەتایبەتی، بە جۆرێك کە دەقی شیعری ئامانجی پێشکەشکردنی جوانی و گەیاندنی چێژ و خۆشییە بە خوێنەر، ڕەمزیش وەکوو کەرەستەیەکی گرنگی گەیاندنی پەیام هەر لە کۆنەوە مرۆڤ پەنای بۆی بردووە و بۆ گەیاندنی مەبەست و داخوازییەکان بە کەسی بەرانبەر (خوێنەر) بەکاریهێناوە، دواتر لەبەر بارودۆخی جیاواز و زۆر جار بۆ مەبەستی تایبەتیی خۆیان، شاعیران و نووسەران ڕەمزیان گواستووەتەوە ناو دەقی شیعری و نووسینەکانیان، بە جۆرێك ئێستا ڕەمز ئامادەییەکی تەواوی لە شیعری زۆربەی شاعیراندا هەیە.

ئیستاتیکا بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەو یاسایانە دەگرێتەوە کە لە بواری هونەردا هەن، هەر ئەمەیش وا دەکات کە بوترێت ئیستاتیکا دۆزینەوە و بەدەرخستنی یاسا ئیستاتیکییەکانی جوانییە، واتە ئەرکی ئیستاتیکا تەنها پەییپێبردن و دەستنیشانکردن و خستنەڕووی بنەما هونەرییەکانە، لێرەوە ئیستاتیکا بە شێوەیەك ئاوێتەی فەلسەفە دەبێت کە دەکرێت بوترێت ئیستاتیکا لقێکە لە لقەکانی فەلسەفە، دەربارەی جوانی و بەتایبەتی جوانیی هونەری دەکۆڵێتەوە.

ڕەمز لە چوارچێوەی شیعردا دەبێت ماهیەتی ئامۆژداربێت و دوو سەدای جیاواز بۆ یەك سەدا بگۆڕێت، گرنگترین تایبەتمەندیی ڕەمزیش فرەمانایيە، ئەم فرەمانایيە هۆکاری پابەندبوون و یەکێتیی دەنگەکانە. چونکە بەکارهێنانی ڕەمز لە شیعردا پرۆسەیەکی کاریگەرە، لەگەڵ ئەوەی کە ڕەمز وەك هونەرێکی نوێی ڕەوانبێژی خۆی دەرخستووە، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە ڕەمز جیایە لەو کەرەستە ڕەوانبێژییانەی کە وێنە دەسازێنن، لە چەشنی خواستن و لێکچواندن و درکە، چونکە ڕەمز چوارچێوە و سنورەکانی فراوانترە و تا ڕادەیەکی زۆریش گشتگیرتر خۆی دەنوێنێت.

محەمەد کوردۆ یەك لەو دەنگە ئازاد و چالاکانەی ناوچەی گەرمیانی باشووری کوردستانە کە زۆر ئازادانە و بوێرانە دەقی شیعری بەرهەمدەهێنێت، بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ژیانی تایبەتیی خۆی و ئەو ژینگەیەی کە تێیدا ژیاوە و پەروەردەبووە، هەروەها کاریگەریی شیعری شاعیرانی کلاسیك و سەردەم و هاوچەرخ لەسەر شاعیر وایکردووە کە توانیویەتی زۆر وێنەی هونەریی بەرز و بەها باڵاکان لە بونیادنانی دەقە شیعرییەکانیدا بەرجەستەبکات، گرنگیدانی شاعیر بە بنەما هونەرییە جوانەکان و داڕشتنی قاڵبە شیعرییەکانی لەسەر بناغەی بونیادنانی زۆر وێنەی هونەری لە دەقە شیعرییەکانی (کۆبەرهەمی بۆنی بەختەوەری)دا دەبینرێت، کە زۆر وشەی سادەی لە ڕووی

فۆرم و بەهای پڕ لە واتای کاریگەری بەیانکردووە، کە بە ڕواڵەت ئەو دەقانەی بونیادیناون، لە ساکار دەچن، بەڵام بە قوڵبوونەوەیان و تێڕوانینی ورد لێیان، زۆر واتای جوان و پڕبەهای ئیستاتیکای لەپشت وشە بەکارهاتووەکانی شاعیر بۆ خوێنەر (پەیامودەرگر) ڕووندەبێتەوە.

محەمەد کوردۆ یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بە ئەزموون و کارامەیی خۆی سوودی لە ڕەمزی فرەچەشن و جۆراوجۆر وەرگرتووە، کە لە دەقە شیعرییەکانیدا بە واتای نوێ پڕڕەنگکراون، بۆیە ئێمەیش لەم دیدگایەوە توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی "ئیستاتیکای وێنە ڕەمزییەکان لە کۆبەرهەمی بۆنی بەختەوەریی محەمەد کوردۆ"دا بە نموونە وەرگرتووە، کە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین بەکورتی لە بەکارهێنانی ڕەمز لە بونیادنانی وێنەی شیعریدا لەلای محەمەد کوردۆی شاعیری هاوچەرخ بدوێین، لە ڕوانگەی ئیستاتیکای ڕەمزەوە.

میتۆی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بە میتۆدی "پەسنی شیکاری" و داتا کتێبخانەییەکانی ئەم بوارە توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەقەکان کردووە.

## هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوەکەمان، خستنەڕووی ئامانج و مەبەستە تایبەتییەکانی شاعیرە لە بەکارهێنانی ڕەمزە جیاوازەکان و دەرخستنی بنەماکانی ڕەهەندی جوانییە، لەناو ئەو وێنە ڕەمزییانەی کە شاعیر دەقەکانی پێ بنیادناوە، لە کۆبەرهەمە شیعریی (بۆنی بەختەوەریی) شاعیردا.

گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە هاوکارییەکی زانستییانەی خوێنەر و لێکۆڵەرانی بواری ئەدەبی و توێژینەوە ئەکادیمییەکان دەکات، بۆ ئەوەی وەکو بنەمایەکی زانستی سوودی لێ ببینرێت بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەکان، کە لەم بوارەدا ئەنجام ئەدرێن، بەپێی بنەمای داتای زانستی و ئەکادیمی.

بەشەکانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە (پێشەکی و بنەمای تیۆری و پێداچوونەوە و پوختەکردنی چەند توێژینەوەیەکی پێشتر، کە لەم بوارەدا ئەنجامدراون و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان) پێکدێت.

## ٢. بنەمای تیۆری:

ئیستاتیکا کۆڵەکەی بەدیهێنانی دەقی شیعرییە و بناغەی بونیادنانی شیعرە، کە ((مەبەستی سەرەکی گەیاندنی جوانی و چێژ و خۆشیە.)) (مستەفا، ٢٠٢١: ١٢١) بەم شێوەیە ئیستاتیکا دەبێتە یەکەم ئامانجی سەرەکیی شاعیر لە بونیادنانی دەقەکانیدا، کە مەبەستی چێژبەخشینە بە پەیامەکەی و گەیاندنیەتی بە وەرگر (خوێنەر)، کەواتە ئاراستەکردنی پەیام لەلایەن شاعیرەوە بە ڕێگای جوڵاندنی هەست و سۆزی خوێنەر، بە شێوازی چێژ و خۆشی و ئاوێزانکردنی بە دەقەکانیدا، تاکە هۆکاری سەرەکی و ئامانجی شاعیرانە لەم کارەدا، لەگەڵ ئەمەیشدا دەبێت بزانین کە ((چەمکی جوانی کە (ئیستەتیك)یشی پێدەوترێت، لە بنەچەدا گریکیە و لە وشەی (Aisthesis) وەرگیراوە، کە واتای هەستەکان دەدات و واتا وەرگیراوەکەشی بە واتای تیۆری هەستەکان دێت.)) (حوسێن، ٢٠٢٠: ٢٢٧) کەواتە هەستکردن بە جوانی لە دەربڕیندا بنەمای کاری فەلسەفییە و لێکۆڵەران و شاعیرانیش وەك کەسێکی خاوەن پڕهەستی کۆمەڵ، ئەم بیرە فەلسەفی و هەستییانە لە نووسینەکانیاندا بەرجەستەدەکەن.

سەرچاوەکان کاتێک دێنە سەر باسکردنی ئیستاتیکا، باسی ئەوە دەکەن کە بۆ یەکەم جار ((ئەلیکسەندەر باومگارتن" لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمدا، لە کتێبێکیدا بە ناوی (Aesthetics) ئەم زاراوەیەی بەرانبەر بە (زانینی هەستی) یان (هەستناسی) بەکارهێناوە، کە هێزی زانینی دابەشکرد بۆ: هێزی باڵای ئەقڵ، کە جەخت لەسەر لۆژیك دەکاتەوە، لەگەڵ هێزی نزمی هەست کە جەخت لەسەر

ئیستاتیکا دەکات.)) (حسێن، ٢٠٠٨: ١٧-١٨) بەم کارەی لۆمگارتن ئیستاتیکا لە فەلسەفە جیابووەوە و زاراوەکە وای لێ هات ئەوە بگەیەنێت کە پەیوەندیی بە رەخنەی جوانی یان تیۆری چێژبەخشەوە هەبێت، کەواتە لێرەدا ئیستاتیکا دەبێتە زانستی جوانی و لە زانستی فەلسەفە جیادەبێتەوە.

ئیستاتیکا وەکوو زانستێك کاریگەریی لەسەر هەست و سۆزی خوێنەر هەیە و چێژی دروست بە خوێنەر (پەیاموەرگر) دەگەیەنێت، لەم بارەیەوە دکتۆر هیمداد دەڵێت: ((جوانناسی زانستێکە لە هەست و سۆز و چێژ دەکۆڵێتەوە، کە دیمەنی شتە جوانەکان دەیاننێرن.)) (حوسێن، ٢٠٢٠: ٢٢٨) کەواتە هەرچی بەرهەمێك چێژبەخش بێت جوانە، هەر لەم بارەیەوە ئەرستۆ بڕوای وایە کە ((کاتێك شتێك جوان دەبێت، هەم گونجاوبێت و هەم چێژبەخش بێت، ئەگەر بوونێك گونجاوی تێدابێت و نەتوانێت چێژ ببەخشێت، ئەوا ناکرێت بە جوان دابنرێت.)) (هیمداد حوسەینی، ٢٠٢٠، ٢٣٠) بەپێی ئەم پێناسانە بێت، هەموو چێژبەخشێك جوانە، بەڵام دەبێت ئاگاداری لایەنێك بین، ئەویش ئەوەیە کە هەندێک کەسانی شەرەنگێز هەن کە چێژ لە خراپەکاری دەبینن، بۆیە ئەمەش پەردە لەسەر ڕاستییەك دەردەخات، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت پەیوەندییەکی داینەمیکی لەنێوان ئاکار و جوانیدا هەبێت، چونکە دەبێت رەچاوی ئەو ئاکارە بکەین کە لێوەی هەڵدەهێنجێنین، بەوەی کە هەر شتێکی چێژبەخش ئەو کاتە جوان دەبێت کە ئاکاری تێدا پەیرەوکرابێت و هیچ کەسێك تێیدا زیانی لێ نەکەوێت، هەر ئەوەشە بووەتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندییەکی پتەو و بەهێز لەنێوان جوانناسی و ئاکارناسیدا دروستببێت. بۆیە "نیتچە" لەمبارەیەوە بۆچوونێکی هەیە، دەڵێت: ((جوانناسی وەك زانستە پێوەرییەکانی دیکە، گەیشتنە بە پێوەرێکی دروست، بۆ ئەوەی ئەو جوانییەی شایەنی سەرسامبوونە پێی بپێورێت)) (حوسەینی، ٢٠٢٠: ٢٣٣) مەبەستی ئەو جۆرە پێوەرەیە، کە جوانی و ئاکارە جوانەکان لە ناشرینی و ئاکارە ناشرینەکان جیادەکاتەوە.

وێنەی رەمزی یەکێکە لەو رەگەزە سەرەکییانەی کە دەقی شیعری هەرگیز دەستبەرداریینابێت، چونکە ((ناتوانرێت بەبێ وێنە پارێزگاری لە سیما هونەرییەکەی بکات، بۆیە بەردەوام شاعیر لە خەمی داهێنانی وێنەی شیعریدایە، بەو ئامانجەی شیعرییەتی دەقەکانی بپارێزێت و گیانی نەمرییان بە بەردابکات.)) (کەریم، ٢٠١٢: ٢٥) واتە شاعیر بە ئامانجی پاراستنی دەقەکانی لە لەناوچوون پەنا بۆ وێنەکێشان دەبات، وەکوو رەگەزی سەرەکیی پێکهێنەری دەقەکانی، بە مەبەستی بناغەدارشتنی کاری بونیادە شیعرییەکەی، هەر بۆیە ((وێنەی هونەری ئەو رەگەزە هونەرییە دەگرێتەوە، کە لەباوەشی گشت شیعرێك ئامادەیەو زادەی گشت سەردەمێکە.)) (عیسی، ٢٠٠٩: ١٣) کەواتە ئەم بوون بە زادەی گشت سەردەمە، هۆکاری سەرەکیی پاڵنانی شاعیرە بۆ جووڵاندنی هەستەکانی بە دارشتنێکی پتەو و بەهێز، تاوەکوو لە رێگای بناغەی بونیادنانی دەقەکانیەوە لە رێگەی "وێنەی هونەری شیعری"یەوە، مەبەست و ئامانجەکانی بەدیبهێنێت.

رەمز لە شیعری کوردیدا رەگ و ریشە و مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەڵام لە شیعری نوێی کوردیدا پانتاییەکی فراوانتری داگیرکردووە، بە جۆرێکە کە ((کاتێ وشەکان بە مانای فەرهەنگی خۆیان بەکارناهێنرێن رەمزو دەلالەتی نوێیان پێدەدرێت، بەجۆرێك کە پێشتر هەڵگری ئەو دەلالەتە نەبوون، ئەمەش سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت و دەکەوێتە بیرکردنەوە.)) (قادر، ٢٠١٤: ١١٤) کەواتە مەبەستی سەرەکیی بەکارهێنانی رەمز لەلایەن نووسەران و شاعیرانەوە، زیاتر بۆ مەبەستی سەرنجراکێشانی خوێنەرە بە لای بەرهەمەکانیدا. وێبستر (Webster) چەمکی رەمز بە شێوەیەك دەردەخات کە دەڵێت: ((رەمز ئەوەیە کە ئاماژ بەشتێکی تر دەکات لەرێگای بوونی پەیوەندییەك لەنێوانیاندا، وە رەمز دیاردەیەکی جێگیرە چ لە شیعر و چیرۆك و بەرهەمە هونەرییەکاندا.)) (مەعروف، ٢٠٠٤: ١٣٦) کەواتە رەمز دەبێتە فاکتەری سەرەکی لە هێنانەبەرهەمی مەبەستێکی سەرەکی بەهۆی بەکارهێنانی مەبەستێکی لاوەکییەوە، بە شێوەیەك کە لەپێناوی خزمەتکردنی ئامانجە بنەرەتییەکەدا ئەم کارە ئەنجامبدرێت. هەر لەم بارەیەوە رۆلان بارت کە رەمز بە "نیشانەناسی" ناودەبات، بڕوای بەوەیە کە دەڵێت: ((هەروەك چۆن زانستی فیزیك (هاوچەرخ) دەبێ لەگەڵ تایبەتمەندی هەندێك ئاقاردا ڕابێ، ئاوهاش دەبێ شیکردنەوەی پێکهاتەیی (نیشانەناسی) بچوکترین خوڕاگری لە ئاست لێکدانەوە و نەخشەی نارێکی دەمارەکانی دەق لەبەرچاوبگرێ.)) (بارت، ٢٠١١: ٤٥) بەپێی ئەم بۆچوونە بێت خوێنەری ڕاستەقینە دەبێت لەگەڵ بەکارهێنانی وشەی تەمومژاویی ناو هەر دەقێکی ئەدەبی و بەرهەمی نووسەر و

شاعیراندا و بەپێی بارودۆخی سەردەمە جیاوازەکانی کە تێیدا بەرهەمەکەیان نووسیوە، ڕاستەوخۆ ئاماژی پشتەوەی وشە بەکارهاتووەکەی نووسەر پەی پێ بەرێت و کلیلی کۆدەکانی ڕەمزە بەکارهاتووەکە بدۆزێتەوە، بەمەش مەبەستی سەرەکیی نووسەر و شاعیر لەلایەن خوێنەری ڕاستەقینەوە بەهەندوەردەگیرێت و ئامانجی دەقەکەشی بەڕوونی بۆ خوێنەر ئاشکرادەبێت. بەکارهێنانی ڕەمز لەلایەن شاعیرانەوە جگە لە مەبەستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دەروونی، لە هەمان کاتدا مەبەستی ئیستاتیکییە، هەر لەبەر ئەم هۆکارانەشە کە ((لە پەیوەندی نێوان ڕەمزو دەورووبەر لەڕێگای خەیاڵ و ئەبستراکتەوە دەرکی پێ ئەکەین، کە شاعیر بەهۆی ڕەمزەوە بەدوای نهێنییە شاراوەکاندا دەگەڕێ.)) (حەویز، ٢٠١٨: ٣٢٩)

وێنە زیندووترین و چالاکترین ڕەگەزی شیعرە، کە لە باوەشی گشت شیعرێکدا هەیە و زادەی گشت سەردەمێکە. شیعریش ئەو پەستانە پەنگخواردووەی ناخ و دەروونی شاعیرە کە بە هیچ شتێك بەربەستناکرێت و هەر چۆنێك بێت دێتە دەرەوە و لە دووتوێی وێنەی جۆراوجۆردا خۆی دەنەخشێنێت، چونکە ((وێنە گەلێ ڕۆڵی جیاواز لە بنیاتنانی گشتی شیعردا دەبینێت، بەشێوەیەك کە سەرەڕای لایەنی ئیستاتیکی لە یەکگرێدانی پارچەکانی شیعردا، گوزارشت کردن و هێماش دەبەخشێت.)) (عیسی، ٢٠٠٩: ١٣)، کەواتە وێنە ڕەگەزێکی زیندووە، کە گەشەکردنی بەردەوام بە شیعر دەبەخشێت، بە جۆرێک تیشکەکانی سنووردەبەزێنن و تێکەڵی خەیاڵ دەبن و شۆڕدەبنەوە بۆ ناخی ڕۆح و لەگەڵیدا ئاوێتەدەبن، بەمەش هەر شیعرێك بگرین، خۆی لە خۆیدا وێنەیەکە و لە کۆمەڵێك وێنەی ئاوێتەی یەکتر بونیادنراوە.

وێنەی شیعری جەوهەری هونەری شیعرە و واتای سەرەکی لەوەوە دروستدەبێت، شاعیر بە یاریدەی خەیاڵ و بەهۆی وشەوە وێنەی بیرۆکەکانی خۆی دەکێشێت. وێنە لە شیعری نوێدا گرنگی و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، ئەم تایبەتمەندێتییە بە جۆرێکە کە ((لە شیعری نوێدا فەلسەفەی ئیستاتیکی خۆی هەیە، دیارترین سیفەتی (چالاکی)یە، پێشتر (وشە) کەرەستەی گوزارشت بوو، بەڵام لە شیعری نوێدا (وێنە) کەرەستەی گوزارشتە، کە دیمەنێکی زیندوو دەگوازێتەوە و ئەزمونێکی مرۆڤایەتی کورت دەکاتەوە.)) (حسێن، ٢٠٠٨: ٩٤-٩٥) شاعیر لە ڕێگەی وشەوە وێنەکانی دروستدەکات و هەر لەم ڕێگەیەشەوە ((هەست و سۆز و خەیاڵی بەخوێنەر دەگەیەنێت، وە خوێنەریش لەڕێگەی هەمان کەناڵەوە (وێنە) دەچێتە ناوکەشی شیعرەکەوە، بۆیە ((پێویستە (فەزا)ی وێنە شیعرییەکە لەگەڵ (فەزا)ی گشتی شیعرەکەدا بگونجێت، نەوەك دژایەتی بکات، بۆ نموونە ئەگەر بیری گشتی شیعرەکە خەماوی بێت، ناگونجێت وێنە شیعرییەکە گوزارشت لە خۆشی بکات.)) (حسێن، ٢٠٠٨: ٩٥) کەواتە شاعیر لە ڕێگەی کەرەستەی خاوی بەردەستیەوە کە "وشە"یە، بونیادی دەقە شیعرییەکە پێکدەهێنێت، لە ڕێگەی ئەم کارەیەوە دەتوانێت هەست و سۆز و خرۆشی خۆی بۆ پەیاموەرگر بنێرێت، لە هەمان کەناڵەوە "پەیاموەرگر" وێنەی ئامادەکراوی پەیامبەر وەردەگرێت و چێژی لێ دەبینێت. زۆر جار شاعیر لە ڕێگەی "ڕەمز"یەوە دەیەوێت ئامانج و مەبەستی خۆی بە دروستکردنی وێنەیەکی شیعری لە ڕێگای پەیامەکەیەوە بە خوێنەر (پەیاموەرگر) بگەیەنێت، بەمەش لێرەدا "ڕەمز" وەکوو بنەمایەکی دارشتنی دەقی شیعری دێتە ناو بوارەکەوە و لە بونیادنانی دەقەکەدا بەشداریدەکات، لەم بارەیەوە "ئاوات محەمەد" دەڵێت: ((شیکردنەوەی شیعر هەرگیز لەنێو کایە مەعریفێکاندا بواری لێدوانی بۆ نەرەخساوە، واتە شیعرمان هەیە و پرسیار لە خودی شیعر ناکەین، بێگومان لەناو ڕۆشنبیرییەکی لەو شێوەدا دەرناچن، کە لە هزری هەر یەکێکماندا بوونیان هەیە.)) (محەمەد، ٢٠١١: ١٢٣-١٢٤) بۆیە زۆر لە لێکۆڵەر و نووسەران بەڵگەی زانستی دەهێننەوە لەسەر ئەوەی کە نووسەری بواری ئەدەب بەگشتی و بەرهەمی ئەدەبی بەتایبەتی، پەنا بۆ زۆر هۆکار دەبەن لە هۆیەکانی گوزارشتکردنی مەبەستە خودییەکان، یەك لەو تایبەتمەندییانەی گوزارشتکردن ڕەمزە، وەکوو چۆن ڕێبواری مەلازادە باوەڕی وایە کە دەڵێت: ((شێواز و ڕێگاکانی دەربڕین و گوزارشتکردنی تاك لە مەبەست و پەیام و خود جۆراوجۆرن، کە خۆی لە بەکارهێنانی زمان و ڕەفتار و چالاکی و جوڵەی جەستەیی و تەنانەت پێ دەنگیش دەبینێتەوە.)) (مەلازادە، ٢٠٢٠: ٣٠٤) مەبەستی نووسەر لە بێدەنگییەکە بەکارهێنانی ڕەمزە، وەکوو بنەمایەکی چالاکی و ڕەفتارنواندن لە نووسینەکاندا لەلایەن ئەدیب یاخود شاعیرەوە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## ٣. توێژینەوەکانی پێشوو:

"ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیی کرمانجی خوارووی کوردستانی عێراقدا (١٩٧٠-١٩٩١)" ناونیشانی تێزی دکتۆرای "پەخشان سابیر حەمەد" و بە سەرپەرشتیی "پ.د. محەمەد نوری عارف" وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا، لە ساڵی ٢٠٠٢ی زایینیدا پێشکەشی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە ، توێژەر باسی لە چەمکی ڕەمز و مێژووی سەرهەڵدانی لە ئەدەبی جیهانیدا و خاسیەتی هاوبەشی ڕەمزە جیاوازەکان و پەیوەندییان بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی و ڕەنگدانەوەی لە شیعری هاوچەرخی کوردی و بارودۆخی ئەو سەردەمەی باشووری کوردستان لە دەرکەوتنی ڕەمزەکان و ڕەنگدانەوەی لە شیعری شاعیرانی گرووپی ئەدەبیی "ڕوانگە و پێشرەو" لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٩١ خستووەتەڕوو.

"ڕەمز لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا" ناونیشانی توێژینەوەیەکی ئەکادیمییە، کە لەلایەن "د. کەمال مەعرووف" ئەنجامدراوە و لە ژمارە ١٠٢ی ٢٠٠٥/١١/٥ی گۆڤاری ڕاماندا بڵاوکراوەتەوە، توێژەر باسی لە چوار جۆری ڕەمزی "ئەفسانەیی و ئایینی و مێژوویی و کەلەپووری" کە جێگەی گرنگی و بایەخی شاعیر بوونە لە شیعرەکانیدا کردووە، بە هێنانەوەی بەڵگەی شیعری لە دەقە شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەسدا.

"ڕەمزی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی هێمن دا" ناونیشانی توێژینەوەیەکی ئەکادیمییە، کە لەلایەن "ڕێبین خلیل قادر" ئەنجامدراوە، لە ژمارە ١٥٩ی ٢٠١٠/٨/٥ی گۆڤاری ڕاماندا بڵاوکراوەتەوە، توێژەر باسی لە گرنگی ڕەمزە ئەفسانەییەکانی لە شیعری نوێی کوردیدا کردووە، کە بەهۆیەوە شاعیر مەبەستە تایبەتییەکانی خۆی پێی دەربڕیوە و دواتر بەرجەستەکردنی لەناو شیعردا بەهۆی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە و بەکارهێنانی هەندێک لە ڕەمزە ئەفسانەییە جیهانییەکانی لەناو دەقە شیعرییەکانی هێمنی شاعیردا خستووەتەڕوو.

"ڕەمز لە شیعرەکانی موفتی پێنجوێنی دا" ناونیشانی توێژینەوەیەکی ئەکادیمییە، کە لەلایەن "ژوان عبدالسلام عزیز" ئەنجامدراوە، لە بەشی ١٥ی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٠ی گۆڤاری "زانکۆی کەرکووك/بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان"دا بڵاوکراوەتەوە، توێژەر کورتەیەکی لەسەر چەمك و زاراوەی ڕەمز خستووەتەڕوو، پاشان هۆکاری بەکارهێنانی ڕەمزی سروشتی لەلای شاعیران و بەکارهێنانی هەندێك لە ڕەمزە جیاوازەکانی لە دەقە شیعرییەکانی موفتی پێنجوێنیدا خستووەتەڕوو.

"ڕەنگەکان لە کولتوور و باوەڕی کۆندا" ناونیشانی توێژینەوەیەکی ئەکادیمییە، کە لەلایەن "محەمەد سلێمان عەباس" ئەنجامدراوە و لە ژمارە ١٥٣ی ٢٠١٠/٢/٥ی گۆڤاری ڕاماندا بڵاوکراوەتەوە، توێژەر باسی لە گرنگیی ڕەمز لە سروشتدا کردووە، کە ڕەنگ سیمبولی سروشتە و جۆرە جیاوازەکانی ڕەنگەکان و دەلالەتە ڕەمزییەکانی خستووەتەڕوو، دواتر باسی لە هەندێک ڕەمزی گشتیی ڕەنگە جیاوازەکان لەلای زۆربەی میللەتە جیهانییەکان و لێکچوون و هاوبەشییان لە بەکارهێنانی ئەم ڕەمزە ڕەنگییانەدا خستووەتەڕوو.

## ٤. شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن:

ڕەمز پێش ئەوەی ڕەگەزێك بێت بۆ خستنەڕووی ئەندێشە، شیکردنەوەی واقیعە، زۆر جار ڕەمزەکان لایەنی دەروونیی شاعیر و نووسەر دەردەخەن و خەونەکانیان دەخاتەڕوو، زۆر جار ژینگە و سەردەم ڕێگەی نووسەر و شاعیران نادات کە حەزەکانی بکاتە دیوی واقیع، بۆیە لە ڕێگای ڕەمزەوە دەست بۆ تەواوی حەزەکانی دەبات، شیعرەکانی کوردۆ پڕن لە وێنەی شیعری و وێنەی ڕەمزی، کە پڕاوپڕن لە بەهای ئیستاتیکی و جوانی و چێژبەخشین، بە جۆرێك کە ئەگەر خوێنەری ڕاستەقینە بەرهەمە شیعرییەکانی ئەم شاعیرە بخوێنێتەوە، ئەوا بەڕوونی ئەو ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێت کەوا بنەمای کاری شاعیر لە چنینی دەقەکانیدا کارکردنە لەسەر بناغەی جوانی و چێژگەیاندن بە پەیامەوەرگر (خوێنەر) لەسەر ڕێبازی ئیستاتیکا و گەیاندنی خۆشی و چێژ بە خوێنەری دەقەکانی. زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە باسیان لە جۆرەکانی ڕەمز کردووە، چەند جۆرێکی باوی ڕەمزیان باسکردووە، ئێمەیش بە سوودبینین لەو سەرچاوە گرنگانەی پێشوو و ئەو جۆرە ڕەمزە گرنگ و دیارانەی کە لە دەقە شیعرییەکانی "کۆبەرهەمی بۆنی بەختەوەری"دا هەن و بەهای ئیستاتیکی دەبەخشن، بەم شێوەیە پۆلێنیان دەکەین و دەریاندەخەین:

### ١-٤/ ئیستاتیکای ڕەمزی ئەفسانەیی:

ڕەمز و ئەفسانە پەیوەندییەکی پتەویان بە یەکترییەوە هەیە، ئەم پەیوەندییەش لەناو شیعردا هەستی پێ دەکرێت، چونکە ((ئەگەر ئەفسانە بەرهەمی خەیاڵی مرۆڤ بێت، ئەو لە شیعردا خەیاڵ ڕەگەزێکی سەرەکییە و شاعیر بەهۆی خەیاڵەوە داهێنان و دەستڕەنگینی و لێهاتوویی خۆی دەردەخات.)) (قادر، ٢٠١٠: ٤٨). زۆربەی لێکۆڵەران لەگەڵ ئەوەدان کە ڕەمز و ئەفسانە پەیوەندییەکی بنچینەییان بەیەکەوە هەیە، ئەم پەیوەندیەش مێژوویەکی دێرینی هەیە، کە لە سەرەتای پەیدابوونی ئەفسانەوە دروستبووە، چونکە ((زۆربەی ئەفسانەکان سروشتێکی ڕەمزیان هەیە.)) (مستەفا، ٢٠٠٩: ١٧٧) بۆیە لە شیعری نوێی کوردیدا ئەفسانە کەرەستەیەك بووە کە شاعیران بەهۆیەوە ئەزموونەکانی خۆیان پێ چڕکردووەتەوە، هەر ئەم بایەخدانەش وایکردووە کە ((شاعیرانی هاوچەرخ هونەرمەندانە، ئەفسانە و کەرەستە فۆلکلۆرییەکانی ڕابردوو زیندوو بکەنەوە و گیانێکی زیندوویان بە بەردا بکەن و هەموو هەست و هەڵچوونەکانیشی پێدەربڕن.)) (حەوێز، ٢٠١٨: ٣٦٠) محەمەد کوردۆ لە شیعری "مرۆڤ"دا ئەم چەشنەی ڕەمزی ئەفسانەییەی بەکارهێناوە، کە دەڵێت:

"مرۆڤ پەیکەرێکی داپۆشراوە

ڕۆژانێکی زۆر و

ساڵانێکی زۆر و

تەمەنێکی تەواو

چاوەڕوانی هاتنی گۆدۆیەك دەکات

پەردەی لەسەر لادا..!" (١٧٢)

"گۆدۆ" ڕەمزی ئەفسانەیی چاوەڕوانیی بێئاکامی مرۆڤە بۆ ڕزگاربوون لە نەهامەتییەکانی ژیان، کە لە بنەڕەتدا گۆدۆ کەسایەتییەکی نادیاری چاوەڕوانکراوە بۆ گەیشتن بە ژوانی دوو کەس بە ناوەکانی "ئیستراگۆن" و "واڵدیمر"، کە لە شانۆنامەی نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی، ساموێل بێکیتدا هاتووە، لە کاتێکدا ئەم دوو پیاوە چاوەڕوانی کەسی نادیاری فریادڕەسیان دەکەن بە ناوی گۆدۆ، تاوەکوو لەو نەهامەتی و تەنگانەیەی ژیانیان ڕزگاریانبکات کە تێیدان و بۆ خۆشییەکانی ژیانیان بیبانگێڕێتەوە. کوردۆی شاعیر مەبەستێتی سەرەتای ژیانی مرۆڤ بە چەشنی لادانی پەردەی سەرەتای سەر شانۆی گۆدۆ بخاتەڕوو، هەموو چاوەڕوانییەکانی مرۆڤیش بۆ گەیشتن بە خۆشییەکانی ژیان و ڕزگاربوون لە تەنگانە و نەهامەتییەکان، هاوچەشنی چاوەڕوانیی بێئاکامی ئەو دوو کەسە بۆ فریادڕەسی نادیاری ژیانیان کە گۆدۆیە، پیشانبدات.

لە دەقە شیعرییەکی دیکەی شاعیردا بە ناوی "تلانەوە"، لە دێڕێکدا ڕەمزی ئەفسانەیی "ئاوی حەیات" بەکاردەهێنێت، وەك دەڵێت:

"من هەموو جەستەم لە عیشقی پڕ لە کڵپەت قوڵپەدات

هۆ زنەی ئاوی حەیات، بێم دەم بنێمە کوێتەوە..؟" (٣٥٢)

بەکارهێنانی "ئاوی حەیات" لەم دێڕەدا ڕەمزەی ئەفسانەیە بۆ مانەوە لە ژیان، وەکوو لە چەندین دەق شیعریی شاعیرانی کلاسیکدا هاتووە کەوا پیاوچاکێک بە ناوی "خدری زیندە" ئاوی بەقا یاخود ئاوی حەیات و ئاوی مانەوەی لە ژیان پێیە و هەر کەسێک لەو ئاوەی دەستی ئەم پیاوچاکە بخواتەوە، ئەوا نەمری لە ژیاندا بەدەستدەهێنێت، شاعیر مەبەستێتی ئەوە دەربخات کە یار هەڵگری ئاوی حەیاتە و بە گەیشتن پێی ئاوی حەیات بەدەستدەهێنێت، بەمەش هەم گڕوکڵپەی عەشقەکەی ناخی دەکوژێنێتەوە، هەمیش بەقا و مانەوەی هەتایی لە ژیاندا بەدەستدەهێنێت.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

### ٤-٢/ ئیستاتیکای ڕەمزی کەلەپووری:

شاعیرانی هاوچەرخ بەپێی ئەو زەمینەیەی بۆیان دەرەخسێت و بەپێی ئەو پاشخانە ڕۆشنبیرییەی کە هەیانە، بۆ ڕابردوو و کەلەپووری میللەتەکەیان دەگەڕێنەوە و سەرلەنوێ کاری لەسەر دەکەنەوە و لە بونیادنانی دەقی شیعریدا بەکاریدەهێننەوە، بە جۆرێك کە شاعیرانی کورد بەگشتی و شاعیرانی نوێخوازی کورد بەتایبەتی، زۆر بەتوندی باوەشیان بە کەلەپووردا کردووە و وەکوو سەرچاوەیەکی سەرەکیی شیعری سەیریانکردووە، چونکە ((پەیوەندییەکی دیالێکتی لەنێوان کەلەپوور و بابەتی ئێستادا گرێ دەدات.)) (حەمەد، ٢٠٠٢: ٢٣٨)

کوردۆ لە زۆر شوێنی ناو دێرەشیعرەکانیدا ڕەمزی کەلەپووریی بەکارهێناوە، وەك لە شیعری "نەمری"دا نموونەیەکی ڕەمزی کەلەپووری کوردی پیشاندەدات و دەڵێت:

"مرۆڤ ئاوی ناو گۆزەیەکە

بەسەر شانی خەیاڵەوە

بەرەو نەمری دەڕوات

وەلێ ناگاتە جێ، دەڕژێ..!" (١٦٥)

لێرەدا شاعیر مرۆڤی بە ئاو چواندووە و "ژیان"ی مرۆڤیش بە "گۆزە"، ئێمە دەزانین کە گۆزە ئەو دەفرەیە کە کوردنشینان لە زەمانی زوودا هۆکاری فێنککەرەوە و ساردکردن نەبووە، ناچار گۆزەیان لە قوڕ دروستکردووە و ئاویان تێکردووە، تاوەکوو فێنك بێت بۆ خواردنەوە، شاعیر بە بەکارهێنانی ئەم وشە فۆلکلۆرییە، جارێکی تر سەری مرۆڤ بە کاسەیەکی پڕ لە ئاو و دۆشدامانی خەیاڵێکەوە بۆ هەڵهاتن لە مەرگێک بەیاندەکات کە بەرۆکی هەمووان دەگرێت و مەرگیش بە ڕێگر لەبەردەم بەدینەهاتنی ئەو خەیاڵەی کە شانیداوەتەبەر سەری مرۆڤەکان، لە شێوەی گۆزەیەکی ڕێی کانیی کوردەواریی ژیانە سادەکەی ئافرەتی کوردا دەنوێنێت.

لە دێڕێکی تری شیعری "من بەزەییم بە حاڵی ژانا دێتەوە"، ڕەمزێکی دیکەی کەلەپووریی بەکارهێناوە، کە ئەویش وشەی "دەسرازە"یە، وەك دەڵێت:

"وەك کۆرپەی ناو بێشکەی ئازار

بە دەسرازەی مەینەتی شەتەك دراوە.." (٣٢٨)

وشەی دەسرازە ڕەمزێکی کەلەپوورییە بۆ ئەو پارچە قوماشەی کە لەناو لانکی منداڵدا لە سەردەمی کۆندا بەکاردەهێنرا، تاوەکوو منداڵەکە لەناو لانکەکەدا نەکەوێتە خوارەوە و "بێشکە" ڕەمزێکی کەلەپوورییە بۆ شوێنی حەوانەوەی منداڵ لە کۆندا. شاعیر ژیانی ئادەمیزاد بە چەشنی منداڵێکی ناو بێشکە وەسفدەکات و تەنگەژییەکانی دونیاش بە چەشنی ئەو دەسرازەیەی کە منداڵەکەیان بەستووەتەوە، بە جۆرێك بەرۆکی مرۆڤیان گرتووە و دەستبەرداری نابن، تا ئەوەی کە لە پەلەقاژ و هەوڵە بێئاکامەکانی وەرسدەبێت، بۆ ڕزگاربوون لەو جێگە تەنگ و ناهەموارەی قۆناغی تەمەنیدا، ئاوهاش مەینەتییەکان دەستبەرداری مرۆڤ نابن تاوەکوو بێئاکام سەردەنێتەوە.

### ٤-٣/ ئیستاتیکای ڕەمزی مێژوویی:

مێژوو یەکێکی دیکەیە لەو کەرەستە ڕەمزیانەی، کە شاعیران بۆ بونیادی دەقی شیعری پەنای بۆ دەبەن، بەو پێیەی کە ((مێژوو سەرچاوەیەکی گرنگە و پریەتی لەڕووداو و کارەساتی هەمەجۆر، شاعیر پەنا دەباتە بەر ڕەمزی مێژوویی، لەلایەك ئەزموونی خۆی پێدەوڵەمەند دەکات، لە لایەکی تر کەسایەتیە مێژووییەکان وەکو دەمامکێك وەردەگرێت، بۆ ئەوەی گوزارشت لە هەڵوێستی شاعیرەکە بکات، یاخود کەم و کورتییەکانی چەرخی نوێی پێ بەدەرخا.)) (عەبدولا، ٢٠٢٠: ١٠٨) بەم شێوەیە شاعیر بە سوودوەرگرتن لە سەرچاوە مێژووییەکانی

وەك (("مێژوو، کەسایەتییە ناودارەکان، ڕووداوەکان، شوێنەوارە دێرینەکان" هەموو سەرچاوەی دەوڵەمەندن بۆ شاعیران، تا وەکو ڕەمز دەقە شیعرییەکانیان پێدەوڵەمەند بکەن.)) (مستەفا، ٢٠٠٩: ١٧٩) کوردۆ لە شیعری "زەکییە ئالکان"دا نموونەی ئەم ڕەمزە مێژووییە بەرجەستەدەکات و دەڵێت:

"مرۆڤێکە زۆر بەجەرگ

دەبێ کێ بێ..؟!

مامە یارەی ئاگر گرتوو..؟!

نەخێر قوربان

قازی محەمەدی ئازاو

ترس لەنێودڵا نەبوو..؟!

- نەخێر نەخێر

خاتوو خانزاد، یان قەدەم خێر..؟!

دیسان نەخێر..

نەتانزانی

کچێك بوو جوان

جوان هەروەکو شیعری بزێو

جەستەی سپی چەشنی پەموو." (٣١٩-٣٢٠)

شاعیر لەم کۆپلەیەدا بە ناوهێنانی کەسایەتییە ناودارەکانی مێژووی کورد وەکوو "مامەیارە و قازی محەمەد و خاتوو خانزاد و قەدەم خێر"، توانیویەتی لە یەك کاتدا چەند کەسایەتییەکی دیاری شۆڕشگێڕی و سیمبولی خۆڕاگری و بەرهەڵستیی دژی ستەم و زۆرداریی دوژمنانی کورد لە دەقێکدا کۆبکاتەوە، وەکوو "مامەیارە" کە ڕەمزی "نەورۆز" و بەهاری ئازادی و "قازی محەمەد" کە ڕەمزی گیانفیدایی کوردە لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا لەسێدارەدرا و خاتوو "خانزادی خوشکی میری سۆلاف" کە ڕەمزی قارەمانێتی و هەڵوێستی مەردانەی ئافرەتی کوردە بەرانبەر زوڵم و چەوساندنەوەی نەتەوەکەی و خاتوو "قەدەم خێر" کە ڕەمزی ژنە شۆڕشگێڕی کوردە، هاوشانی باوك و براکانی دژی ڕەزاشای ئێران جەنگاوەر بووە و لە ناونیشانی دەقە شیعرییەکەدا ناوهێنانی خاتوو "زەکییە ئالکان"ی کچە بێپەرواى باکووری کوردستان کە بە جەستەی خۆی نەورۆزی پیرۆزکرد، بەڵگەی ئەوەن کە کوردۆ سەرەتا سیفاتی بەجەرگی دەداتە پاڵ هەریەکە لەو سەرکردە و جەنگاوەرانەی کورد کە لە ڕابردوودا بەرگرییان لەم نەتەوەیە کردووە و بوونەتە کەسایەتییە مێژوویەکانی ناو پەڕەی مێژووی خەباتی کوردەواری، لە کۆتاییشدا هەموو ئەمانە بەلاوەدەنێت و بەجەرگی و ئازایەتی بۆ جوانیی ئافرەتێکی کورد دەگەڕێنێتەوە، شاعیر لەم دەقەدا زۆر بەجوانی سیفاتی ئازایەتی و بەجەرگی دەداتە پاڵ جوانی، کە لە بنەڕەتدا جوانی و ئازایەتی دوو سیفاتی جیاوازن و لە یەک کاتدا لە یەک مرۆڤدا کۆنابنەوە، بەمشێوازەی کە شاعیر کردوویەتی، توانیویەتی شیعری بەرگری و دڵداری ئاوێزانی یەکتری بکات.

### ٤-٤/ ئیستاتیکای ڕەمزی ئایینی:

شاعیرانی هاوچەرخی کورد بایەخێکی زۆریان بە ڕەمزی ئایینی داوە و لە شیعرەکانیاندا بەرجەستەیانکردووە، بە جۆرێك کە ((ئاینە ئاسمانی و زەمینیەکان و کتێبە پیرۆزەکان، هەمیشە سەرچاوەیەکی گرنگی دروستکردنی ڕەمزن، چونکە لەڕێگەی ڕەمزی ئاینییەوە حەقیقەتەکانی مرۆڤ ئاشکرا دەبێت.)) (مستەفا، ٢٠٠٩: ١٧٩) لەگەڵ ئەم چەشنە بایەخدانەیشدا شاعیرانی هاوچەرخ بە جۆرێکی جیاوازتر وەك لە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

شاعیرانی کلاسیك مامەڵە لەگەڵ ئاییندا دەکەن، چونکە ((شاعیرانی هاوچەرخ لە بەکارهێنانی رەمزدا بە عەقڵییەتی ئایین بیرناکەنەوە، لەمەدا دەردەکەوێت کە لەنێوان ئەزموونی سۆفێتی و تاقیکردنەوەی شیعریدا جیاوازی هەیە.)) (عەبدوڵا، ٢٠٢٠: ١١٥) کوردۆی شاعیر لە شیعری "تۆ هەموو ژنە جوانەکانی دنیای"دا نموونەیەکی بەرزی رەمزی ئایینی بەکارهێناوە، کە ناوی چەند رەمزێکی پیرۆزی ئایینی دەبات، وەك دەڵێت:

"یان تۆ حەوای یان حەوا تۆ بووە

ئەگینا چۆن، ئادەم

دەستی لە بەهەشتی خوا هەڵدەگرت.. و

خۆی لە دۆزەخی زەویدا، ون دەکرد..؟" (١٣٨)

شاعیر لەم دەقەدا ناوی "حەوا"ی هێناوە، مەبەستی دایکە حەوایە، کە رەمزی یەکەم مرۆڤی فریودراوە لەلایەن شەیتانەوە. "ئادەم" کە رەمزی یەکەم پیاوی قوربانیی دەستی ئافرەتە، کە خۆی بێبەشدەکات لە خۆشییەکانی بەهەشت لەپێناوی گوێڕایەڵی بۆ ئافرەت. "بەهەشت" کە رەمزی ئایینییە بۆ "خۆشترین شوێنی بێوێنە"، ئەو شوێنەی کە خوای گەورە وەك پاداشت دەیبەخشێتە بەندە گوێڕایەڵەکانی. "دۆزەخ" کە رەمزی ئایینییە بۆ "ناخۆشترین شوێنی بێوێنە"، کە خوای گەورە بەندە گوناهبار و لەفەرماندەرچووەکانی پێ سزادەدات. کوردۆی شاعیر قوربانیدانی بۆ ژن، هاوچەشنی قوربانیدانی باوکە ئادەم بۆ دایکە حەوا بەیاندەکات، بە جۆرێك کە خۆی لە خۆشییەکانی دونیا کردووە لەپێناوی ڕازیکردنی دڵی دڵبەرەکەیدا، بەمەش نەهامەتییەکانی دۆزەخی دونیای بەراورددەکات بە نەهامەتییەکانی باوکە ئادەم لە تەنگەژییەکانی دونیادا، سەرباری ئەمانەش شاعیر گەشبینە بەوەی کە گەیشتنی بە دڵبەرەکەی، دۆزەخی دونیای دەبێتە خۆشیی بەهەشت، هاوچەشنی گەیشتنی ئادەم بە حەوا.

شاعیر لە چەندین شوێنی دێرەکانی ناو دەقە شیعرییەکانیدا رەمزی جوانی ئایینی بەکارهێناوە، وەك لە شیعری "تلانەوە"دا دەڵێت:

"بە قەستی دەستی برد و دوگمەی یەخەی ترازان

سەری کردم بە (جودی) و سینەم بە (توور)ی سینا." (٣٥٣)

شاعیر لەم دێرەدا دوو رەمزی جوانی ئایینی بەکارهێناوە، ئەوانیش "جودی" کە مەبەستی شاخی جودییە، ئەو شاخەی کە پێغەمبەر نوح (دروودی خوای لێ بێت) کەشتییەکەی لەسەری لەنگەریگرتووە، وەکوو خوای گەورە دەفەرموێت: ((واستوت على الجودي.)) (سورة هود، الأية ٤٤) "تووری سینا" مەبەستی "طورسنین"ی ئەو شاخەیە، کە پێغەمبەر موسا داوای بینینی پەروەردگاری کرد و خوای گەورە خۆی پیشانی شاخەکە دا و لەتاوی تیشکی پەروەردگاردا شاخەکە سووتا، وەك دەفەرموێت: ((وطور سينين.)) (سورة التين, الأية ٢) لێرەدا شاعیر سەری خۆی بە شاخی جودی چواندووە لە لەنگەرگرتنی کەشتیی سۆز و ئەوینی یارەکەی و سینەشی بە شاخی توری سینا چواندووە، شاعیر مەبەستێتی دەریبخات بۆ یار کە ئەگەرچی سووتاویی تیشکی ئەوین و گڕی عەشقی یارە، بەڵام خۆڕاگریی سەری بەرزی چەشنی جودی جێی ئارامی و خۆڕاگری و سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی ژیانە، بۆ دابەزینی کەشتیی عەشق و ئەوین و جوانی.

## ٤-٥/ ئیستاتیکای رەمزی گشتی:

ئەو رەمزانە دەگرێتەوە کە لەناو زۆربەی میللەتانی دونیادا بۆ یەك واتا و مەبەست بەکاردەهێنرێن و شاعیریش وەریاندەگرێت و لە شیعرەکانیدا بەکاریاندەهێنێت، نموونەی ئەم جۆرە رەمزەش وەکوو (("کۆتری سپی کە رەمزی ئاشییە لەبەر ئەوەی بەهێنانی چڵەزەیتونێك

هەواڵی کۆتایی هاتنی لافاوەکەی پێغەمبەر (نوح)ی ڕاگەیاند، سیندباد بووەتە ڕەمزی گەشت و گوزاری، کە پاش بڵاوبوونەوەی چیرۆکە سەرکێشییەکانی لە کتێبی (هەزار و یەك شەو)دا"،....هتد.)) (غریب، ١٩٧١: ٢٢٧) کوردۆی شاعیر لە شیعرەکانیدا نموونەی زۆری ئەم ڕەمزە گشتییانەی لە دەقە شیعرییەکانیدا بەکارهێناوە، وەکوو لە شیعری "بەخت"دا نموونەی ئەم ڕەمزە گشتییانە دەردەخات و دەڵێت:

"ئەو باز لەسەر شانی هەڵنیشت

تۆ کۆتر.. و

من پەپووی شووم..

ئەو بە پیری و

تۆ بە گەنجی و

من بە مناڵی پیر بووم ..!!" (١٣٣)

لەم دەقەدا شاعیر سێ جار ڕەمزی گشتیی بەکارهێناوە، لەوانەش "باز" کە ڕەمزی بەختە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، "کۆتر" کە ڕەمزی ئاشتی و کۆتایی نەهامەتییە، "پەپوو" کە ڕەمزی شووم و نەگبەتییە. ئەم ڕەمزانە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا وایە، نەك تەنها لە جیهانەکەی کوردۆدا وا بێت، شاعیر مەبەستێتی بەدبەختیی خۆی بەیانبکات لە بەرانبەر ئەو نەهامەتییانەی بەهۆی ڕۆژگارەوە تێیکەوتووە و یاریش بووەتە پایتەختی وڵاتی ئۆقرە و ئارامیی، کە کەسێکی تر بووە بە فەرمانڕەوای دەسەڵاتدارێتیی ئەم پایتەختە میهرەبانە، دڵی شاعیریش لە حەسرەتدا بووەتە وێرانە، بە چەشنێک کە پەپووی تێدا ژیابێت.

### ٤-٦/ ئیستاتیکای ڕەمزی جیهانی:

ئەو جۆرە ڕەمزانە دەگرێتەوە کە لە هەموو جیهاندا بۆ یەك واتا و مەبەست بەکاردەهێنرێن و ((ئەو ڕەمزانە دەگرێتەوە کە پاشخانێکی جیهانییان هەیە و لە هەموو دونیادا ناسراون و لە ئەدەبییاتی گەلاندا بەشێوە و تێڕوانینی جودا ڕەنگیان داوەتەوە، وەکو: خاچ، عیسا، پیکاسۆ، ماندێلا، فیدڵ کاسترۆ، جیڤارا،....هتد.)) (دەشتی، بەرزنجی، مەحمود، ١٣٩٧: ١٣٩) کوردۆ لەم جۆرە ڕەمزە جیهانییانەی لە دەقە شیعرییەکانیدا بەکارهێناوە، وەکوو لە شیعری "نیوتن"دا دەڵێت:

"سێوێك،

تەنیایی

دڵی سوور کردبوو

لە تاوا

خۆی بەردایەوە..

نیوتن بێئاگا لە عیشق

بە (هێزی کێشکردنی زەوی)

لێکیدایەوە..!" (١٣٢)

ناوهێنانی "نیوتن" ڕەمزێکی جیهانییە بۆ زانای بەناوبانگی جیهانیی بواری زانستی فیزیا، ئیسحاق نیوتن، کاتێک تاقیکردنەوەیەکی زانستی لەسەر سێو ئەنجامدا، کە لەم شیعرەدا "میوەی سێو" وەك ڕەمزێکی هەڵخەڵەتێنەری مرۆڤ دەردەکەوێت، چونکە لەلای شاعیر سێو میوەی فریودەری مرۆڤە، نیوتیی زانای هەڵخەڵەتاند بەوەی کە خۆی خستە سەر زەوی تاوەکوو ببێتە هۆی بەدەستهێنانی ئەو ناوبانگە جیهانییەی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کە لە بیردۆزەکەی نیوتنی زانای ناوداری جیهانییەوە بۆی ماوەتەوە. شاعیر مەبەستێتی ئەوە بخاتەڕوو کەوا چۆن سێو نیوتنی ئاڵوودەی عەشقی یاسای هێزی کێشکردنی زەوی کرد، ئاوهاش سێو کوردۆی شاعیری ئاڵوودەی هێزی کێشکردنی خۆشەویستی کردووە.

### ٤-٧/ ئیستاتیکای ڕەمزی کەسی (خودی):

هەموو شاعیرێك بەپێی ئەزموون و تاقیکردنەوە تایبەتەکانی ژیانی خۆی و ئاستی ڕۆشنبیری و ژینگەکەی، کۆمەڵێك ڕەمزی تایبەت دروستدەکات، کە پەیوەستن بە خودی شاعیر خۆیەوە، چونکە ((ئەم جۆرە ڕەمزە بۆ باری دەروونی شاعیر دەگەڕێتەوە، بەکارتێکردنی کەرەستەکانی دەوروبەر بەسەر هەست و دەروونی شاعیردا، ئەمەش هاندانی شاعیرە بۆ دروستکردنی ڕەمزی تایبەتی خۆی.)) (العلاق، ٢٠٠٧: ٤٧)، کەواتە کارلێکی شاعیر لەگەڵ ژینگەکەیدا خولقێنەری ئەم جۆرە ڕەمزەیە، ئەمەش وا دەکات کە ((ئەم ڕەمزانە ناوازەن و ئاستێکی باڵایان هەیە، وە ڕەمزە کەسییەکان ڕەمزی بەرزن کە بیری شاعیری داهێنەر دەیانخولقێنێ، بەبێ ئەوەی پێشتر نموونەی هەبووبێ، ئەم ڕەمزانە ڕەمزی زیندوون، چونکە شاعیر خۆی دروستیان دەکا و گیانیان بە بەردا دەکات.)) (مستەفا، ٢٠٠٩: ١٧٤) کەواتە هەموو شاعیرێك بەپێی ئەزموون و تاقیکردنەوە شیعرییەکانی خۆی لە ژیانیدا، دەتوانێت هەموو بابەتێك یان ڕووداوێك وەکوو ڕەمز بەکاربهێنێت، کە ئەگەرچی پێشتر وەکوو ئەو بەکارنەهێنرابێت.

کوردۆ لە چەندین دێرەشیعری دەقەکانیدا چەند وشەیەکی بەکارهێناوە، ئەم وشانە بە چەشنێ جەختی لەسەر کردوونەتەوە، کە بوونەتە ڕەمزێکی خودیی تایبەت بە شاعیر، وەك بەکارهێنان و چەند جار بەکارهێنانەوەی وشەی "دڵنشین"، کە لە هەشت دێڕی جودای دەقە شیعرییەکانیدا ئەم وشەیەی بەکارهێناوە، وەکوو دەڵێت:

"هەست دەکەم ئەو دەنگە دڵنشینەی
لە لەرینەوەی داران دێ، (١٤٣)

.....................................

ژنێکی دڵنشین
هێدی هێدی دەڕوا و (١٤٧)

...........................

دڵی ئەو دەبێتە ژنێکی دڵنشین
دڵی منیش پیاوێکی داگیرساو (١٤٩)

.............................

چپە چپی دڵنشینی
قوخ و
بەهێ و
بەی دێ! (١٥٠)

..........................

ئەو بیرەوەرییە دڵنشینانەت
بیر دەخەمەوە..! (١٦٠)
لە ئێوارەیەکی دڵنشیندا،
ژنێکی دەم بەپێکەنین (١٦٢)

..............................

ئەم هەموو ڕوناكییە دڵنشینەی

چۆن چۆنی كۆكردۆتەوە و (١٨٤)

.......................................

لەم ئێوارە دڵنشینەدا

كە سروشت، دەڵێی ژنێكی نازەنینە." (٢١١)

"دڵ" كانگای سروش و شوێنی هەست و خۆشەویستییە، هۆكاری حەوانەوەی مێشك و ئاسوودەبوونی جەستەی مرۆڤە، "نشین" شوێنی نشتەجێبوون و ئارامگەی حەوانەوەیە، بۆیە شاعیر مەبەستێتی ئەوە دەربخات كە وشەی لێكدراوی "دڵنشین" ڕەمزی تایبەتی خۆیەتی بۆ ئارامی دڵ و ئاسوودەیی بیر و هزر و خەیاڵ، بە مەبەستی بەخشینی چێژی ئارامی بە دەروونی، بۆیە زۆر مەبەستی بووە و چەند جارێك دووپاتیكردووەتەوە.

## ٨-٤/ ئیستاتیكای ڕەنگ و وێنە ڕەمزییەكان:

ئاشكرایە كە چ سایكۆلۆژییەتی هونەری و ئەدەبی بە شێوەیەكی گشتی و چ سایكۆلۆژییەتی ڕەنگ بە شێوەیەكی تایبەتی، زیاتر شوێنكەوتەی تێڕوانین و بۆچوون و كاریگەریی یەكێك لە كەرەستە و داتا هونەرییەكانە، ئەمەش بە جۆرێكە كە ((بەشێوەی بارێكی نەبینراو یان نەستییانە لەسەر كەسێك، جا كەسەكە(گوێگر، خوێنەر، بینەر)بێت، بەجۆرێك وایلێدەكات، وەك ئەوەی حاڵەتەكە لە خودی كەسەكەوە وەرگیرابێت نەك بەسەریدا هاتبێت، یان تیایدا دروستبووبێت بە هۆی كردارێكەوە.)) (عەلی، عەزیز، ٢٠٠١: ٢٥) واتە ڕەنگدانەوەی نەستییانەی كارە هونەری و ئەدەبییەكان لەسەر مرۆڤەكان بە مەبەستی بەدیهێنانی توانایەكی مرۆییانەیە، بۆئەوەی مرۆڤێك بتوانێت بەشداریی هەست و نەست و بیركردنەوەی مرۆڤەكانی تر بكات. هەر لەم بارەیەوە "بۆدلێر" بڕوای وایە كە ((ئەو هەڵچوونانەی كە هەستەكان پێچەوانەی دەكەنەوە، لەڕووی كاریگەری دەروونییەوە لەیەك دەچن، دەنگ كاریگەرییەك جێ دەهێڵێ بەو كاریگەرییە دەچێ كە ڕەنگ جێی دەهێڵێ یاخود بۆن بەجێی دەهێڵێ.)) (گەردی، ٢٠٠٢: ٢٦٢)

ئەزموونی كوردۆی شاعیر لەبارەی ئەم وێنە ڕەمزییەی ڕەنگەوە هێندە ڕووكەش و سادە نییە كە دەقەكانی تەنها بە وشە ڕەنگینەكانی وەك "سوور، ڕەش، شین... هتد" ڕەنگڕێژكرابێت، بەڵكوو ئەزموونەكە لەمە قووڵتر و فراوانترە، چونكە بونیادی سەرجەم پارچە شیعرەكانی تەنراوە بەو وشە ڕەنگاڵەییانەی كە وەك ئاماژێك وان بۆ وێنەی ڕەنگە جۆراوجۆرەكان، بۆ نموونە لە شیعری "گوڵی سپی"دا دەڵێت:

"وەك بەژنی كازیوەی سەربڕاو

شەلاڵی خوێن كرا

لەسەر چی..؟

شەوێكیان ڕێی كێشا بۆ هەور

بارانێ دابكا

گوڵی ڕەش بگۆڕێ بۆ سپی..!!" (٦٣)

وشەكانی "كازیوە، سەربڕاو، خوێن، شەو، گوڵ، ڕەش، سپی"، هەریەكەیان ئاماژێك نیشان ئەدەن بۆ ڕەمزێك، بۆ نموونە "كازیوە" ڕەمزی سەرەتایە و ڕەمزی ڕووناكی و بەرەبەیان و هەڵهاتنی خۆری نوێیە لە ڕۆژێكی نوێدا. "سەربڕاو" ڕەمزی لەناوبردنی زیندەوەرە و گیاندارەكانە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

"خوێن" ڕەمزی ئازاردان و ستەم و چەوسانەوە و تۆڵەکردنەوە و لەناوبردنە. "شەو" ڕەمزی بێدەنگی و حەوانەوەی سروشتە. "گوڵ" ڕەمزی وەفا و پەیمان و خۆشەویستی و سۆزە. "ڕەش" ڕەمزی خەم و پەژارە و تاریکی و نەزانییە. "سپی" ڕەمزی ئاشتی و گەڕانەوەی ئاسوودەییە بۆ دڵ و دەروون و بێپەروایی شوێن و دەروونە. شاعیر دەیەوێت هەستی ناخی لە ڕێی فرمێسکەکانیەوە هەوری تەم و غەمی ڕابماڵێت، ڕەوینەوەی خەمەکانی هاتنی موژدەی سپێدەیەکی نوێ بن بۆ گۆڕینی ڕۆژگاری نەهامەتی و بەدبەختی بە ڕۆژگاری هیوا و ئاسوودەیی و کامەرانی.

## ئەنجــام

لە توێژینەوەکەماندا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

١. ڕەمز وەکوو بنەمایەکی گرنگی بونیادی دەقی شیعری، ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لە خستنەڕووی مەبەست و ئامانجی شاعیر لە ئاڕاستەکردنی بیر و هزریدا دەبینێت.

٢. پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان شیعر و ڕەمزدا هەیە، کە شاعیر بۆ گەلێک مەبەستی جیاواز ڕەمز بەکاردەهێنێت، وەکوو هۆکارەکانی "ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕۆشنبیری و جوانی و... هتد"، بەڵام مەبەستی ئیستاتیکی لە مەبەستە سەرەکییەکانی کوردۆی شاعیرە، کە بە مەبەستی بەخشینی بەهایەکی ئیستاتیکیی بەرز و ناوازەی هونەری بە بەرهەمەکەی و دەرخستنی توانا و ئەفراندنی جوانی، ڕەمزی لە دەقە شیعرییەکانیدا بەکارهێناوە.

٣. محەمەد کوردۆ توانیویەتی سەرکەوتووانە سود لە ڕەمز وەربگرێت و ڕۆحی زیندووکردنەوە بەهۆی ڕەمزەوە بە دەقەکانی ببەخشێت.

٤. شاعیر بەجۆرێك سوودی لە ڕەمزە جیاوازەکانی ناوکولتووری خۆماڵی و جیهانی وەرگرتووە، بە سیمایەکی نوێی کوردەوارییانە و ئەزموونێکی نوێی شیعرییەوە سەرلەنوێ لە دەقەکانیدا داپڕشتووەتەوە، مەودا و ناوەڕۆکی وێنە ڕەمزئامێزەکانی دەچێتە چوارچێوەی بابەتە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکانەوە و ڕەمزەکانی زیاتر وێنەی هەست و عاتیفە و ئەزموونەکانی لێ دەکەوێتەوە.

٥. جیهانبینیی نوێ و ڕوانینی مۆدێرنیتە بۆ زیہنی تازەی مرۆڤایەتی وایکردووە کە وێنە شیعرییەکانیش لەسەر ئەو ڕوانینە تازەیە بونیادبنرێت، کەچی ئەو زمانەی شاعیر بەکاریهێناوە، لە بەکارهێنانی ڕەمزە جیاوازەکان و سادەیی و ساکاری لە دەربڕیندا وایکردووە کە بەئاسانی پەیامەکەی بگەیەنێتە خوێنەر و چێژی پێ ببەخشێت.

٦. شیعرەکانی محەمەد کوردۆ پڕن لە وێنەی هونەریی بەرز و ڕازاوە، بە جۆرێك کە ڕەمزە جۆربەجۆرەکان بەشدارییەکی کارا لە پێکهێنان و هۆنینەوەی دەقەکانیدا دەکەن.

٧. شاعیر لە بەکارهێنانی ڕەمزە جیاوازەکاندا توانیویەتی گەنجینەیەکی درەوشاوە لە شیعرەکانیدا بنەخشێنێت و مەبەستە ڕەمزییەکانی بە جۆرێك بەکارهێناوە کە لە لایەك کاریگەری لەسەر خوێنەر دروستدەکات و لە لایەکی تریشەوە خوێنەر هەوڵی کردنەوەی کۆدەکانی دەدات. گرنگترین ئەو ڕەمزانەی کە لە دیوانی بۆنی بەختەوەریدا بوونەتە بونیادی بەخشینی وێنەی هونەری و ئیستاتیکا بە دەقە شیعرییەکان، بریتین لە "ڕەمزی ئەفسانەیی، ڕەمزی ئایینی، ڕەمزی کەلەپووری، ڕەمزی مێژوویی، ڕەمزی گشتی، ڕەمزی جیهانی، ڕەمزی خودی و ڕەمزی ڕەنگەکان".

## لیستی سەرچاوەکان

**ا- کتێبە کوردییەکان:**

١. حسێن، جەبار ئەحمەد، (٢٠٠٨)، ئیستاتیکای دەق شیعری کوردی کوردستانی عێراق (١٩٥٠-١٩٧٠)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٢. حمەساڵح، مقداد، (٢٠١٣)، سەرنجێك لەسەر ئیستاتیکا، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.

٣. حەوێز، سروشت جەوهەر، (٢٠١٨)، ئازاد دڵزار و تازەکردنەوەی لە شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

٤. حوسەینی، هیمداد(د.)، (٢٠٢٠)، ئەدەبی نوێی کوردی (لێکۆڵینەوەو رەخنەی پراکتیکی)، بەرگی دووەم، چاپخانەی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر، هەولێر.

٥. عەبدوڵا، عەباس ساڵەح، (٢٠٢٠)، ڕاڤەی دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

٦. عەلی، عەزیز، تاهیر محەمەد، قومری سەعید، (٢٠١١)، ڕوانین لە دەق، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

٧. عیسی، هاوژین سلیوە، (٢٠٠٩)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٨. گەردی، سەردار ئەحمەد حەسەن، (٢٠٠٣)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی (١٩٧٠-١٩٩١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٩. محەمەد، ئاوات، (٢٠١١)، لێکدانەوەی شیعر و ئاماژەکانی پشتەوەی تێکست، چاپخانەی ڕۆشبیری، هەولێر.

١٠. مستەفا، ئاسۆ عومەر، (٢٠٠٩)، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.

١١. مەلا زادە، رێبواری، (٢٠٢٠)، (تیۆری ئەدەبی) دەق شیعری کوردی لە تیۆری ئەدەبیدا، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر، هەولێر.

**ب- نامەی زانکۆیی:**

١٢. حەمەد، پەخشان سابیر، (٢٠٠٢)، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خواروی کوردستانی عێراقدا (١٩٧٠-١٩٩١)، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەڵاحەدین.

**پ- گۆڤارە زانستی و ئەکادیمییەکان:**

١٣. دەشتی، بەرزنجی، مەحمود، عوسمان دەشتی، عەلی تاهیر بەرزنجی، شنۆ محەمەد مەحمود، (١٣٩٧)، ئەدگارەکانی تەکنیکی هونەری لە شیعرە کوردییەکانی جەلالی مەلەکشا، پژوهشنامە ادبیات کردی.

١٤. عزیز، ژوان عبدالسلام، (٢٠٢٠)، ڕەمز لە (شیعرەکانی موفتی پێنجوێنی)دا، گۆڤاری زانکۆی کەرکوك، ژمارە ٢.

١٥. عەباس، محەمەد سلێمان، (٢٠١٠)، ڕەنگەکان لە کولتوور و باوەڕی کوندا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٥٣.

١٦. قادر، ڕێبین خلیل، (٢٠١٠)، ڕەمزی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی (هێمن)دا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٥٩.

١٧. کەریم، فەرهاد قادر کەریم (٢٠١٢)، وێنەی دووبارە لە شیعرەکانی حەمدیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٣٥، بەشی B.

١٨. مستەفا، ئاسۆ عومەر، (٢٠٢١)، ئیستاتیکای لادانی زمانیی لە کۆشیعری (ژەنەراڵی خۆشەویستی)ی محەمەد کوردۆدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە ٨.

١٩. مەعرووف، کەمال(د.) (٢٠٠٥)، ڕەمز لە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٠٢.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

* القرأن الكريم

٢٠. العلاق، علی جعفر(د.)، (٢٠٠٧)، في حداثة النص الشعری (دراسة النقدية), الطبعة الأولى، دار الشروق للنشر و التوزيع، لبنان_بيروت.

٢١. غريب, روز، (١٩٧١)، تمهيد في النقد الحديث، الطبعة الأولى، دار المكشوف، بيروت.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

# زانای کورد بدیع الزمان أبو العز اسماعیل بن سید الرزاز الجزری ( ٥٤٨ -٦٣٠ ک/١١٥٣-١٢٣٣ ز) داهێنانەکانی لە بواری ئەندازیاریدا لە شارستانیەتی ئیسلامی دا

ئاسۆ محمد فرج[١]، زریان سالار حمەعارف[٢]
[١،٢]بەشی شوێنەوار، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی ، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: aso.faraj@univsul.edu.iq

## پوختە

شارستانیەتی ئیسلامی یەکێکە لە گرنگترین شارستانیەتەکانی مێژوومرۆڤایەتی ، لەبەر ئەوەی داهێنان و زانای زۆری پێشکەش بە مێژووی مرۆڤایەتی کردووە کە توانیویانە بە زانستەکەیان رێرەوی مێژوو بگۆرن. گەورەیی شارستانیەتی ئیسلامی لەوەدا رەنگیداوەتەوە، بەو پێیەی کە شارستانیەتێکی درەوشاوەیە لە ئاینێکی گشتگیردا لە ژێرسایەیدا چەندین نەتەوە و گەل گەشەیان کردووە. کۆڵەکەکانی ئەم شارستانیەتە زاناکانن، لە نێویشیاندا زانایانی کورد کە رۆڵێکی دیاریان هەیە لەو بوارەدا. لێرەدا گرنگی توێژینەوەکەمان دەردەکەوێت، بەو پێیەی کە باسی زانایەکی کورد دەکات کە یەکێکە لە زانا داهێنەرەکان کە ئەویش بریتیە لە(بدیع الزمان ابو العز اسماعیل بن سید الرزاز الجزری) کە کەسێکی فەرهەنگی و ئەندازیارێکی داهێنەر بووە و کتێبێکی داناوە کە تێدا سەرجەم داهێنانەکانی کۆکردوەتەوە بە شێوازی وێنە روونی کردونەتەوە بە ناونیشانی( الجامع بین العلم والعمل النافع فی صناعە الحیل).

لەبەشی یەکەمدا باسمان لە ژیاننامە و رەچەڵکی کردوە کە لەدایکبووی جزیرەی بۆتانە(جزیرە ابن عمر) لە کۆتاییەکانی حوکمڕانی عەباسیەکان لە شارە دێرینەکانی کوردستان ژیاوە و سەرجەم داهێنانەکانی ئەنجامداوە، بەتایبەت لە شاری دیاربکری کوردی کە لەو کاتەدا لەلایەن دەوڵەتی ئورتوقیەکانەوە بەرێو دەبرا. ئەم کەسایەتیە زانایەکی گەورە لێهاتوو بووەچەندین بەرهەم و داهێنانی هەبووە کە هاوشێوەی نەبووە لەسەردەمی خۆیدا لەبەر ئەوە بەشی دووەمان تایبەت کردووە بەقسەکردن لەبارەی بەرهەمەکان و دانراوە زانستیەکانی کە پێ گەیشتوە بەنمونە رۆبۆت و سەعاتی ئاوی هتد. هەروەها ئاماژەمان داوە بە وتەی مێژوونووسان و رۆژهەڵێتناسان کە داهێنانەکانی ئەم زانا سەرسامی کردوون لە بارەیەوە دواون لە نمونەی دۆناڵد هێل و دومبیلی و سارتۆن.

**ووشە کلیل:** ابن الرزاز الجزری ، زانای کورد، داهێنان، ئەندازیاری، شارستانیەتی ئیسلامی.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٧ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢٢) |
| رێککەوتەکان | رێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٥/٢٠ \| رێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٧/٢٦ \| رێککەوتی بلاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | aso.faraj@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بلاو کردنەوە | ©٢٠٢٢ئاسۆ محمد فرج، پ.ی.د. زریان سالار حمەعارف، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر رەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## الملخص

تعد الحضارة الإسلامية احدى اهم الحضارات عبر تأريخ البشرية، كونها قدمت كثيرا من الابداعات و العلماء الى تاريخ البشرية استطاعوا بعلومهم ان يغيروا مجرى التاريخ، ان عظمة الحضارة الإسلامية تتجلى في بنياتها التي تقام عليها كونها حضارة منبثقة من دين شمولي التي تعيش في ظلها أمم و اقوام عدة، ومن أعمدة هذه الحضارة العلماء، ومن بينهم علماء الكرد الذين لهم دور بارز في هذا المجال، ومن هنا يأتي أهمية بحثنا، كونه يتحدث عن عالم كردي من علماء الحضارة الإسلامية العظام الا وهو (بديع الزمان إسماعيل ابن الرزاز الجزري)، الموسوعي المهندس المخترع الذي الف كتابا يجمع فيه كل اختراعاته و يشرحه بشكل الصور بعنوان (الجامع بين العلم و العمل النافع في صناعة الحيل) .

تحدثنا في المبحث الأول عن حياته و نسبه و اصله، وهو من مواليد جزيرة بوتان (جزيرة ابن عمر) في أواخر حكم العباسيين، وترعرع في مدن كوردستان العريقة و تعلم فيها وانجز كل اعماله و ابداعاته و لاسيما في مدينة ديار بكر الكردية، التي يحكم في حينها من قبل الدولة الارتقية، وكان عالما فاضلا وله انتاجات و ابداعات علمية غزيرة التي ليس لها مثيل في عصره و لهذا خصصنا المبحث الثاني للتحدث عن نتاجاته و مؤلفاته العلمية و الابداعات التي وصل اليها ولم يصل اليها احد من قبله من أمثال روبوت و الساعة المائية ... والخ .

وقد استشهدنا باقوال بعض المؤرخين و المستشرقين حول هذه الشخصية و حول ابداعاته التي اذهلهم من أمثال دونالد هيل و الدوميلي و سارتون و الخ،.


**الكلمات المفتاحية:** ابن الرزاز الجزري، عالم كوردى، الابتكارات، الهندسة ، الحضارة الإسلامية .


## Abstract

The Islamic civilization is one of the most important civilizations in history because it presented many innovations and scientists to human history. The greatness of Islamic civilization is reflected in the fact that it is a brilliant civilization in a universal religion under which many nations and peoples have developed. The pillars of this civilization are the scientists, including Kurdish scholars who play a significant role in this field. In the present study, we discuss one of the inventive scholars of Islamic civilization who was of Kurdish descent. He is (Badi az-Zaman Abu l-Izz ibn Ismail ibn ar-Razaz Al-Jazari). He was a professional scholar who made many inventions through his initiative. He has collected all inventions in a manuscript called (El-câmi' beyne'l-ilm ve l-amel en-nâfi' fî es-sinaâ'ti'l-hiyel) in which he mentioned inventions in detail and explained all the inventions with pictures.

In the first section, we talked about his life, lineage, and origin. He was born on the Cizre (Jazira of Ibn Omar) at the end of the Abbasid era. He grew up and studied in the ancient cities of Kurdistan, also he completed all his works and inventions there. especially in the Kurdish city Diyarbakir, which was ruled by the Artuqid state. Al jazari was a great scientist who had many works and inventions that were matchless in his time, we have devoted the second part to talk about the works and inventions which he has uniquely reached until that time, such as a robot and a water clock...etc. We have also referred to the statements of historians and .,.orientalists who were impressed by these scientists' inventions, such as Donald Hill, Al-Dumaili, Sarton, etc


**Keywords:** Ibn Ar-Razzaz Al-Jazari, Kurdish Scholar, Innovation, Engineering, Islamic Civilization.

## باسی یەکەم: ژیان و ڕەچەڵەکی

## یەکەم: ناو و ڕەچەڵکی ئەلجەزەری

ناوی تەواوی (بديع الزمان ابوالعز ابوبكر أسماعيل بن سيد الرزاز الجزري)یە (Al-Jazari -1974- p16 ) هەروەها ناسناوی ( بديع الزمان ) کە ئەمەش بە واتایی داهێنەری سەردەمی خۆی بووە (Al-Jazari -1974- p3 ) ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شارەزایی و بەتواناییەی هەیبوە لە زانستی ئەندازیاری و بەتایبەتی لە بواری ئەندازیاری میکانیکدا و هەروەها زانایەکی بیرکارزانی لێهاتووبووە چەندین داهێنانی کردووە لەبواری ئاین و زمانەوانی و و فیزیا و بیرکاری(الفتاح-٢٠١٠- ٥٨٦) ، ناسناوی (الرزاز) کە لەم زانایەنراوە دەڵێن لە (الرز)ەوە وەرگیراوە، وەکو سارتۆن دەڵێت:(( لەبەر ئەوەی باوکی کوڕی بازرگانێکی گەورەی برنج بووە لە دەوڵەتی حەمدانیدا (٩٣٠ز-١٠٠٣ز) ( Sarton -1931- p632)، ئەمەش ڕەنگ بێت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە لە ناوچەکانی ئامەد و ماردین و حصن كيفا و باوبووە. ناو و ناسناوی پیشگەرییەکەیان بچێتە سەرناوەکەیان، زۆرجار بگوازرێتەوە بۆ تەواوی بنەماڵەکەش، بەتایبەتی لەسەردەمی ئورتوقیەکاندا کە هەرێمەکەیان ناسرابوو بە پیشەی جۆراو جۆر وەك هونەری هەلکۆڵین و زەخرەفە و تەلارسازی و ئاسنگەری و بازرگانی ( الحموی -١٩٧٧-٢/١٣٨) ، هەروەها (الجزری )یش ناسناوێك بووە بۆی لەناوی هەرێمی (جزيرەو بۆتان)ەوە هاتووە کە بەجەزیرەی (ابن عمر)یش ناودەبرێت(Al-Jazari -1974-p ) ، هەرێمی جەزیرە ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کەوا دەکەونە نێوان دیجلە و فوراتەوە ئەم دوو ڕووبارە دەبوونە سنوری سروشتی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوایی هەرێمەکە، هەرچەندە هەندێك شار و دەڤەر هەبوون دەکەوتنە ڕۆژهەلاتی دیجلەوە یان ڕۆژئاوایی فوراتەوە کە لەرێگەی بەرێوەبردنەوە هەر دەخرانە سەر هەرێمی جەزیرە ( تۆفیق – ٢٠٢٠-٤٠)، هەروەها جزیرە وەکو شوێنی لەدایکبوونەکەی کە تیایدا گەورە بووە پاشان چۆتە دیاربکر لەوێ پلە زانستەیەکانی بڕیوە و گەشە بە زانستەکەی داوە( Ceccarelli -2009- p1-2) ، لەسەرەتاکانی هاتنی ئاینی ئیسلام ناوچەی جەزیرە هەرێمیکی ئاوەدان بووە بەبەرهەمی جۆراوجۆری کشتوکاڵی و میوە و دانەوێڵە و هەروەها ڕستن و چنین (Uzun -2008- 92)

کورد لە مێژەوە پێکهاتەیەکی ڕەسەن و بنەڕەتی دانیشتوانی جەزیرە پێك دەهێنێت و مێژووی دێرینی لە و هەرێمە هەیە( تۆفیق – ٢٠٢٠-٤١)، نەتەوەی کورد ڕێژەیەکی گەورە لە دانیشتوانی ئەو هەرێمە پێك دەهێنیت بەتایبەتی لەبەشی سەرەوەی هەرێمی جەزیرە، لەلای ڕۆژهەلات و باکووری ڕۆژهەلاتییەوە، زۆربەی شار و گوندە کوردییەکان بلاوبونەتەوە لە ناوچەکانی جەزیرە بۆیە دەتوانین بڵێن ئەم زانایە بە ڕەچەڵك کورد بووە( خۆشناو – ٢٠١٤- ١٣٤) ،هەرچەندە بەشێك لە نوسەرانی عەرەب و تورك ئەم زانایە بەلای ڕەگەزی خۆیاندا رادەکێشن بەلام لە ڕاستیدا نەخۆی و نەهیچ کام لەسەرچاوە ڕەسەنەکان باسی ڕەگەزی ئەم زانا داهێنەریان نەکردووە، بەلام ڕەگەزی کوردبوونی لە هەموویان نزیکتر و لۆژیکی ترە چونکە ئەو ناوچەیە کە تێدا لە دایکبوە و ژیاوە و مردوە بەشێکە لە خاکی کوردستانە زۆرینەی ڕەهای دانیشتوانی کورد زمان بوون لە دێر زمانەوە( ڕەسول – ڕۆوف -٢٠٢١- ٢٣)، سەبارەت بە ئاینی ئەم زانایە لە پێشەکی کتێبەکەیەوە بۆ مان دەردەکەوێت ئەم زانایە کەسێکی دیندار و دامەزراو بووە، پاش ئەوەی بەناوی خوا دەست پێ دەکات درووود و سەلام بۆ پێغەمبەر محمد (د. خ) دەنێرێت و سوپاسی خوا دەکات لەسەر نیعمەتی ئیسلام (Al-Jazari -2016 –p2-3) (Ali, 2021) (Ali, 2020) (Rahim, 2020)

## دووەم: لە دایکبوون و مردنی ئەلجەزری

دەربارەی ساڵی لە دایکبوون و مردنی ئەم زانایە لەلایەن مێژوو نوسانەوە سێ ساڵی جیاوازخراوەتە ڕوو، لەوانە لە ساڵی (٥٣٠ك/ ١١٣٦ ز) لەدایکبووە لە جزیرە ابن عمر، وە لە ساڵی (٦٠٢ ك ،١٢٠٦ز) لە دیاربکر کۆچی دوایی کردووە(Al-Jazari -1974-p3 ) ، وە لەسەرچاوەیەکی تردا ئاماژە بەوە کراوە ئەم زانایە لە ساڵی (٥٦١ ك /١١٦٥ز) لە دایکبووە و لە ساڵی (٦٠٧ك / ١٢١٠ ز)کۆچی دوایی کردووە(غيلونجی-شوق - -٩٤)، وە لەیەکێکی تر لەسەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکات ئەم زانا داهێنەرە لە ساڵی(٥٤٨ ك /١١٥٣ ز) لە گەرەکی تور لە شاری جەزیرە لە لەدایکبووە لە تەمەنی (٨٠) ساڵی لە ساڵی (٦٣٠ ك / ١٢٣٣ز) کۆچی دوایی کردوە( KORKUTAT-2012 –p37) ، پاش ئەوەی کۆچی

دووایی دەكات لەشاری جەزیرە ابن عمر لەمزگەوتی پێغەمبەر(نوح) لەنزیك قبەی ملای جزیری بەخاك دەسپێریت و لەسەر گۆرەكەی نوسراوە(رئیس الاعمال بدیع الزمان اسماعیل بن الرزاز الجزری)(یوسف -٢٠٠١ -٢٣١) لە پاڵ گۆرەكەی الجزری دوو گۆری تر هەیە یەكێكیان هی برازایەكەیەتی بەناوی (حسن علی ابوالعز) هەروەها گۆری كەسێكی تر هەیە كە نەناسراو، هەرچەندە ساڵەكانی لە دایكبوون و مردنی ئەم زانایە لەسەرچاوەكاندا بە جیاواز هاتووە بەلام گرنگ ئەوەیە لە كۆتاییەكانی سەردەمی عەباسیەكاندا ژیاوە ، هەروەها بەپێ نوسراوی سەرگۆرەكەشی بێت ئەم زانایە لە نێوان ساڵەكانی ( ١١٥٣ز/٥٤٨ك – ١٢٣٣ز/ ٦٣٠ ك) ژیاوە. بۆیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە ئەم زانایە لە نێوان ساڵانی ( ١١٥٣ز/٥٤٨ك – ١٢٣٣ز/ ٦٣٠ ك ژیاوەو ئەم بۆچوونە پشتراست دەكەینەوە. بڕوانە وێنەی ژمارە(١)

لەسەر گۆری ئەم زانا داهێنەرە قوبەیەك دروستكراوە، ، كاتێك (میر بەدرخان) میری میرنشینی بۆتان لە ساڵی ١٨٤٧دا شكستی هێنا، دەوڵەتی عوسمانی بۆ ماوەی هەفتەیەک شاری جەزیرە تۆپباران كرد. وە تۆپێك نزیك گۆرەكەی دەكەوێتە خوارەوە و قوبەی گۆرەكەی تێك دەچێت، دواتر لە ساڵی ١٩٦١ لەلایەن هەندیك كەسی نەناسراوە وە كێلی گۆرەكەی دەدزرێت ، بەلام بەشێكی كێلی گۆرەكە لەكاتی بردنیدا بە دەست كەسە نەناسراوەكانەوە دەكەوێتە خوارەوە بەجێ دەهێڵن كە دەبێت بەسێ پارچە وە، بەوتەی (عبداللە یاشین) كە نووسەر و لێكۆڵەرێكی مێژوویە كەخۆی و هاورێیەكی بەناوی محمد گۆراڵ كێلەی سەر گۆرەكەی الجزریان هەڵگرتوەتەوە و بردویانە بۆ مزگەوتی پێغەمبەر نوح، دەشڵێت لە ساڵی ١٩٩٦ داومان لە والی شرناخ و قائیمقامی جزیرە كردووە بۆ نۆژەنكردنەوەی گۆرەكان دروستكردنی قبە بەسەریانەوە بەلام قائیمقام تەنها رەزامەندی لەسەر دروستكردنی قبە بۆ گۆرەكەی الجزری دەربریوە، بەهۆی ئەوەی گۆرەكەی الجزری لە قەراغەوە بووە دروستكردنی قبەكە زۆر نارەحەت بووە بۆیە نەتوانراوە كێلەكە كە بوو بوو بەسێ بەشە لە شوێنی خۆی دابنێنەوە ، بۆیە كێلەكە لە دیوارە كە دانراوە (یاشین: چاوپێكەتن، ٢٠٢٢) بڕوانە وێنەی ژمارە(٢).

## سێهەم : شوێنی نیشتەجێبوونی ابن الرزاز الجزري

زانیارییەكان كەمن لەسەر بنەماڵەكەی و چۆنیەتی گەورە بوونی (الجزری)، بەڵكو زۆربەی سەرچاوەكان لە باری كارەكانیەوە دواون، ئەم زانایە ئەندازیاریكی میكانیك و پیشەگەرێكی لێهاتوو بووە هەروەها بیركاریزان بووە. باوكی لە كۆشكی پادشای ناوچەكە وەك ئەندازیار و سەرۆكی ئەندازیاران بووە(Yassi -2017-p2) بەلام ئەوەی بە روونی دیارە ئەم زانایە چووەتە شاری ئامەد(دیاربكر)ی ئێستا ژیاوە كە دەكەوێتە باكوری رۆژئاوای ئەنادۆڵ(Uzun-2008- p94) ، ئەم شارە لەو سەردەمەدا لەرووی زانستیەوە پێشكەوتووە بوە، بۆیە پێ دەچێت رۆیشتنی الجزری لە جەزیرە وە بۆ دیاربكر و جێهێشتنی زێدی خۆی بۆ ئەوە بگەرێتەوە (عزیز -٢٠١٩ -٢٨٩) ، ناوچەی دیاربكر لەو سەردەمەدا شوێنیكی تەواو گەشاوە بووە ،دیاربكر وەكو ئامەدی كۆن ناسراوە توركەكان ئاماژە بەرەنگی ئەو بەردەی كە بینا سەرەكیەكانی شاری پێ دروستكراوە ناوی قەرە ئامەد یان( ئامەدی رەش)یان لێناوە، زۆر كەم ناوچە هەیە لە رۆژهەلات هێندەی دیاربكر دیمەن سەرنج راكێشی هەبێت (عبداللە -٢٠١٢ – ٩٢) هەریەك لە شارەكانی دیاربكر و ماردین لە مێژوودا بە كوردی (رەسەن) وەسفكراون ، (جزیرە ابن عمر) نیشتیمانی گەلی كوردبووە لەسەردەمی ئیسلامیدا بە جزیرەی كوردی ناسراوە هەروەها شاری دیاربكر بە یەكێك لە شارە گرنگەكانی كورد دادەنرێت، كە بە درێژایی مێژوو كوردبوون، هەورەها ابن شەدادیش دەڵیت شاری ماردین شارێكی دیرینە و زۆربەی دانیشتوانەكەی كوردبوون (محمد -٢٠٠٩ -٢٠٩) ، جەزیرەی بۆتان تا ناوەراستی سەدەی (٣ك/٩ز) بە جزیرە الاكراد دەناسرا تا كابرایەك بەناوی (ابن عمر) كە عەرەب بووە هاتوو تە ناوچەكە هەندێك خانووی تێدا ئاوەدان كردەوە ئیدی بە (جەزیرەی ابن عمر) ناوی جێگیر بوو (تۆفیق -٢٠٢٠-٤١)، ئەمەش كوردبوونی ئەم زانایەمان بۆ دەسەلمێنیت كە وا لەو سەردەمەدا جەزیرە سەر بەشام بووە لەمرۆشدا باشوری رۆژهەلاتی توركیا دەكات كە دەكاتە باكوری كوردستان (Al-Hassani-2006 –p42) ، ئەگەریش بوترێت ئەم زانایە ناسناوی كوردی لە خۆی نەناوە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی چونكە لەو سەردەمەدا هەستی نەتەوایەتی وەكو ئێستا زاڵ نەبووە، زۆربەی زاناكانی ئەو سەردەمە ناسناوەكانیان یان شارەكەیان بوو یان پیشەكەیان بووەمەش بۆناسینەوەی بووە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئەم زانایە لەسەردەمەی دەوڵەتی ئورتەقیەکاندا ژیاوە کە ئەم دەوڵەتە لەنەوەی ئورتۆقن کە سەرکردەیەکی سەربازی بووە لە کۆتایی سەدەکانی(٥ ك/١١ ز) خزمەتی (مەلك شاه) سوڵتانی سەلجوق کردووە، ئورتۆقیەکان بەسەردوو لقی سەرەکی دابەشبوون، ئەوانیش نەوەی هەردووکورەکەی ئارتۆقن (الغازی و سوکمان)، لقی سوکمان دەوڵەتی ئەرتەق لە حصن کێفا و ئامەد ولقی الغازی لە ماریدن و میافارقین حوکمیان کردووە(تۆفیق -٢٠٢٠-٢٧٣) ، کە ماوەی سێ سەدە و نیو حوکمیان کردووە لە ساڵی (٤٦٥/٨١٢ ك – ١٠٧٢/١٤٠٩ ز) ئەم دەوڵەت هاو سەردەم بووە لەگەڵ دەوڵەتی ئەیوبیەکان( العقبی -٢٠١٧-١٠٧) کە لەلایەن (سەلاحەدین ئەیوبی) دامەزراوە (٥٣٢ك/١١٣٧- ٥٨٩ك /١١٩٣ ز) (علی-١٩٩٥-٦٧) فەرمانڕاوایانی ئەم دەوڵەت زۆر گرنگیان داوە بە زانست و زانیاری هەروەها ڕێزیان لە زانایان و نوسەران گرتووە، چەندین دەستنوس لەبوارە جیاوازەکان لەو سەردەمە نوسراون، ئەم دەوڵەت لە دیاربکر دامەزراوە پاشان دەسەلاتیان فراوان بووە بۆ جزیرە و شام (خلیل -١٩٨٠- ٢٤) ، هەر بۆیە کاتێ کەسێکی وەکو ئەلجەزەری دەچێتە ناویان لە خۆیانی نزیك دەکەنەوە ، دەیکەنە لێپرسراو لە بوارەکەی خۆی (Ceccarelli-2009 –pp2) ، ئەم زانا داهێنەرە لە زاناکانی پێش خۆی جیاواز بووە لە داهێنانەکانیدا جگە لەوەی کاری میکانیکی کردووە، کاری لە دادگای فەرمانڕەوای دیاربەکر دەکرد و گوێ لە داواکارییەکانی خەڵکیش دەگرت(Romdhane and zeghloul-2009 –p4) ، ئەو فەرمانروا ئەرتۆقیانەی کە الجزری خزمەتی کردوون برتیی بوون لە(نورەدین محمد ن ارسلان) لە (٥٧٠ -٥٨١ ك/١١٧٤-١١٨٥ز) حوکمی کردووە هەروەها قطب الدین سوکمان بن محمد لە(٥٨١-٥٩٧ ك) حوکمی کردووە دواین فەرمانراواش کە الجزری لە خزمەتیدا بووە ناصرالدین محمود بن محمد ئەویش لە ساڵی(٥٩٧ -٦١٩ ك) حوکمی کردووە (Yassi -2017-p2).

## چوارەم: گەڕان بەدوای زانستدا

ئەم زانایە لەسەرەتای تەمەنیدا بەکاری جوتیاری و کشتوکاڵی سەرقاڵ بووە لەناو باخەکەی باوکی کاری کردووە و داری بریوە پلانەکانی بەو ێنە نەخشاندوە لەسەر کاغەز، پاشان دەستی دەکرد بەجێبەجێکردنی وێنەکانی بە شێوەیەکی پراکتیکی، وە توانی بەسەر کەوتووی هەندێك ئامێری میکانیکی دروست بکات، کە کاتێکی زۆر بۆ مرۆڤ دەگێرنەوە، وەك کاتژمێر و ئامێری هەڵگۆزینی ئاو و دەفری سەرنج راکێش و چەندان شتی تر(الفتاح-٢٠١٠- ٥٨٦) ، هەروەها الجزری لە پێشەکی دەستنوسەکەیدا دەڵی کتێبی زاناکانی پێش خۆمم خوێندوەتەوە کارەکانیانم هەڵسەنگاند لە ئامێرە هەواییەکان و ئامێرەکانی ئاو و کاتژمێر جێگیرەکان و خۆرییەکان، هەروەها لە پێکهاتەکەیانم کۆڵیەوە وە بیرم لە چۆنیەتی دروست کردنەکەیان کردەوە بەجۆر و شێوازی تر ، پاش ماوەیەك لێکۆڵینەوە و هەوڵدان و خوێندن بوومە شارەزا لە بوارەکەدا، لەسەر کاری زانا پێشینەکان کارم کردووە و هەوڵمدا و بەردەوام بووم لە زانستەکەدا تا بگەمە راستی( Al-Jazari, -2016- p2-3)، ئەم زانا داهێنەرە کتێبی زاناکانی یۆنانی و هیندی و خوێندوەتەوە نوسینەکانی هەریەکە لە (ئیقلیدیس و ئەرخەمیدیس و ئەبلونیوس و هیرون) خوێندوەتەوە هەروەها کتێبەکانی زانایانی شارستانیەتی ئیسلامی پێش خۆی وەکو( ئەلبیرونی و الفارابی و ابن سینا و ابن الهیثم) خوێندوەتەوە کە هەریەك لەمانە لە بوارەکانی خۆیاندا چەندین داهێنانیان کردووە(الفتاح-٢٠١٠- ٥٨٦)، هەروەها کتێبی ئەو زانایانەی پێش خۆی خوێندوەتەوە کەوا دەستێکی بالایان هەبووە لەدروستکردنی ئامێری جوڵەدارە ئاوییەکان ، لەپاش ماوەیەکی زۆر لە توێژینەو و خوێندنەوە، پاشان دەستی کرد بە نوسین و تەواوکردنی کتێبەکەی، ئەمەش بۆ ئەوەی بگاتە هەموو راستیەکان دەربارەی ئامێرە ناوازەکانی (الورد-١٩٨٦- ٤٩) ، لە پاشان الجزری چەندین داهێنان دەکات دەبێتە هۆی ناو بانگی ئەم زانایە زۆر بەخیرایی بەناو هەموو شارەکاندا بڵاو ببێتەوە، تاوای لێهات هەرجارەو پاشایەك بانگی دەکرد بۆ ناوچەکەی خۆی بۆ ئەوەی لە داهێنانەکانی بێ بەش نەبێت (الفتاح-٢٠١٠- ٥٨٦)، کارەکانی زۆر گرنگ بوون بۆ بڵاو بوونەوەی مە عریفە لەجیهانی ئیسلامیدا لەو سەردەمەدا هەروەها دواتریش لە ئەوروپا بەهۆی وەرگێرانی کتێبەکەی بۆ سەر زمانە بیانیەکانی تر(Uzun-2008- p94).

## باسی دووەم: بەرهەمەکانی

## یەکەم : کتێبەکانی الجەزری

سەبارەت بە کتێبەکانی الجزری تا ئێستا ئەوەی لە بەردەست دا بێت تەنها یەك کتێبە بەناوی (الجامع بين العلم والعمل النافع فى صناعه الحيل) هەرچەندە لە هەندێ سەرچاوە باس لەوە دەکرێت، ئەم زانایە چەند کتێبێکی تری هەبووە لە وانە کتێبی (الالات ) هەروەها کتێبی(كتاب في معرفة الحيل الهندسية)(سعدون -٢٠٠٧-٥٠) ، بەلام پاش لێکۆلینەوەی ورد لەسەرچاوە جیاوازەکان گەشتینە ئەوەی کە الجزری تەنها یەك کتێبی دەستنووسی هەبووە، کە ئەم دەستنوسە بەچەند ناوێکی جیاواز لەسەرچاوەکاندا هاتووە، ناوی یەکەمی (الجامع بين العلم والعمل لنافع فى صناعه الحيل) هەروەها ناسراوە بە (الحيل الهندسية (الزركلى -١٩٩٠-٣٩٦)، هەر ئەم کتێبەی (ابن الرزاز) لە سەرچاوەکاندا بەناوی (الحيل ابى العز اسماعيل الجزر)ی ناسرابوو، یەکێکی تر لە ناوەکانی کتێبەکەی بە ناوی (الالات الروحانيه) ناو دەبرێت( حاجى خليفه – ١٩٩٩-١٣٩٥) ، یەکێکی تر لە ناوەکانی تری کتێبەکەی ( هيئة الآشكال ) کە ناسراویش بووە بە (الحيل الهندسيه) (الورد -١٩٨٦-٤٩) ، ئەم کتێبەی (ابن الرزاز الجزری) بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێت لە زانستی میکانیك، لەسەردەمی عەباسیەکاندا نوسراوە، لەسەر داوای پادشای دیاربکر(الملك ناصرالدين ابن ارسلان) یەکێك بووە لە سوڵتانەکانی دەوڵەتی ئەرتەقیەکان نوسیویەتی( عطيه -١٩٩١-٣٠٧)، کە ماوەی (٢٥) ساڵ لە خزمەتی سوڵتانی دیاربکردا بووە کتێبەکەی، بە ئەلف و بێ عەرەبی نوسیویە (Uzun-2008 –p94) ،لە ساڵی (١١٨١ز- ٥٧٧ك) دەستی کردووە بە نوسینی کتێبەکە و لە لە ١٦/ کانوونی دووەمی( ١٢٠٦ز – ٦٠٣ك) تەواوبووە لە نوسینی، پاش تەواو بوونی دەستنوسەکەی نوسخەیەکی نێردراوە بۆ خەلیفەی ئەو کاتەی عەباسیەکان لە شاری بەغداد کە لە وکاتەدا ابو العباس أحمد ناسر الدين حوکمی دەکرد( Adem-2009 -734)

لە کتێبەکەیدا هەوڵیداوە هەتا پێ بکرێت بە زمانێکی عەرەبی زۆر سادە بنوسێت بۆ ئەوەی شێوازی کارکردن و درووستکردنی ئامێرەکانی روون بکاتەوە، زانیاری وردی داوە لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی ئامێرەکان، لەو کاتەدا ئەم شێوازە نوسینە نائاسایی بووە چونکە زۆربەی زانایان زیاتر حەزیان لە سەرسامکردنی زانا هاوپیشەکانیان بووە لە نوسینی کتێبەکانیانن ئەوەش بەبەکارهێنانی زمانێکی ئاڵۆز کە خەڵکی بە سەختی لێی تێبگات(p4--2009Romdhane and zeghloul)

لەنوسینەکانیدا هەوڵیداوە یەکانگیری بکات لە نێوان زانستەکانی ئەندازیاری و فیزیایی و میکانیکی و بیرکاری، سەرجەم ئەم زانستانە بەرەو ئاراستەی پراکتیکی بەرێت ، بە پێچەوانەی زانایانی پێش خۆی کە زیاتر بە تیۆری بابەتەکانیان وێناکردووە، بەمجۆرەش ژمارەیەکی زۆر نەخشەی ئەندازەیی و شێوازی میکانیکی کێشاوە، سەرجەمیانی بە وێنەی رەنگا و رەنگ روون کردوەتەوە و تا ئێستا وێنەکانی یەکێکن لە ناوازەترین وێنە و نەخشە زانستیەکان کەماونەتەوە (صليبيا -٢٠١١-٦٠). سەبارەت بە ناونیشانی کتێبەکەی (الجامع بين العلم والعمل فى صناعه الحيل) بەگشتی بە واتای(کۆکەرەوەی نێوان زانست و کار لە دروستکردنی فێڵەکان)(سليمان -٢٠٠٨ -١٥٦)، ئەگەر ووشە سەرەکیەکانی شی بکەینەوە( علم) بە مانایی زانست یان زانین دێت بەمانا فراوانەکەی، هەروەها (عمل النافع) دەتوانرێت وەك کاری بەسوود یان هێز وەربگیرێت، بەلام لە مانایی هەموو ناونیشانەکە پراکتیك یان دیزاینە، الجزری هەوڵیداوە بەتێکەڵکردنی زانست و پراکتیکی ئامێرەکانی دیزان بکات لە کتێبەکەیدا پێ دەوترێت(الحيل) کە کۆکراوەکەی (الحيله) لەسەردەمی پێشوو لە شارستانیەتی ئیسلامیدا بە زانستی میکانیکیان وتووە(الحیل) واتە دەستکردێك یان ریگایەکی (فیڵاویی) بۆئەوەی کارێك ئەنجامبدرێت ( p4--2009Romdhane and zeghloul).

لە دەستنوسەکەیدا، باسی (٥٠) داهینان کراوە زیاتر لە ١٠٠ وێنەی تێدایە، سەرباری ئەوەش ئەم زانایە لە ماوەی ژیانیدا چەندها داهێنانی تری کردووە، بەلام ئاماژەی پێ نەکراوە، هەروەها لە دەستنوسەکەدا ئاماژە بۆ ئەوەدەکات ( من لە پەنجا داهێنان چەندها لقم کردووەتەوە کە سوودێکی زۆری هەبووە و لەو لقانەش چەندها پەل و پۆی تریش لە دایکبووە، بەلام هەندێك لەوانە باسم نەکردوون چونکە زۆر تێکەڵ و ئاڵۆزبوون، لەبەر ئەوەی لای خەڵکی و زانست خوازان تێکەڵی و پێکەڵی درووست نەکەم( الشمس -١٩٨٢- ٧-٨) کتێبەکەی بویە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەوانەی دوای خۆی ئەوانەی حەزیان لەم زانستە بوو، هەروەها بیرۆکە میکانیکیەکانی جێ بایەخ بوون بۆ زانایانی دوای خۆی( قازی -٢٠٠٦ -٢٢١)، لە ئێستادا لە کتێبخانەکانی جیهاندا (١٦) نوسخە لە کتێبەکەی (الجزری) هەیە، نوسخە سەرەکیەکەی لە ئێستا پارێزراوە لە کتێبخانەی (توپ قای سەرای) لە ئەستەمبول

( yassi 21- 2017-.)لە کتێبەکەیدا پۆلێنی ئامێرەکانی کردووە بۆ شەش چین بەپێی بەکارهێنانەکانیان و شێوازی دروستکردنیان، کە لە پاشدا ئەم کتێبە بو بە بناغەیەکی گرنگ بۆ پۆلێن کردنی زانستەکان لە ئەوروپا لەسەردەمی ڕێنسانس کە بەهەماشێوە زانستەکانیان دووبارەکردەوە، کتێبەکی چەندین لێکۆلینەوەی وردی تێدایە سەبارەت بە(کاتژمێر)، هەروەها سەبارەت بە(نافورە) و ئامێری (بەرزکردنەوی قورسایی) و ( بەرزکردنەوەی ئاو)، بۆیە بەپێ وتەی زانایان ئەم کتێبە بە ناوازەترین کتێب دادەنرێت لە بواری داهێنانی زانستی میکانیکی و هیدرۆلیکی کە نوسرابێت(حاجی-٢٠٢١ -١٢).

کتێبەکەی (ابن الرزاز) وەرگێردراوەتە سەر چەند زمانێکی جیاواز لەوانە زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی و لە ساڵی ١٩٧٤ لەلایەن دۆناڵد هێل وەرگێردراوتەوە سەر زمانی ئینگلیزی (سعدون -٢٠٠٧ -٥٠) ، هەروەها زانایانی ئەڵمانیی وە نوسخەیەك لەم کتێبەیان دەست کەوتووە لە گەنجینەکانی (قسطنطنیە) و توانیویانە بە شێکی وەربگێرن بۆ سەر زمانی ئەڵمانی( پادشا -١٩٩٥ -١٠٧) لەسەردەمی سوڵتانی عوسمانی ( سەلیم یاوز)(١٤٧٠-١٥٢٠ز) وەرگێردراوەتە سەر زمانی تورکی(الکردی -٢٠٠٨-مج١-٢٢٤). هەروەها ئەحمەد حسن یوسف بە عەرەبی لێکۆڵینەوەی لەسەر کتێبەکە(ابن الرزاز) کردووە لە ساڵی ١٩٧٩ بلاوکراوەتەوە ،بە ناونیشانی (الجامع بين العلم والعمل فی صناع الحيل ) تصنيف ابی العزاسماعيل الجزری (صليبيا -٢٠١١ -٦٠). بڕوانە وێنەی ژمارە(٣)

ئەم زانایە چەندین داهێنانی دەگمەن و بێ وێنەی پێشکەشی خەڵك کردووە، کە هەوێنی دەیان ئامێری ناوازە و دەگمەن بوون بۆ ئەم سەردەمی خۆمان، هەروەها لەکتێبەکەیدا (ابن الرزاز) بە چڕوپڕی باسی شێواز دروستکردنی ئامێرەکانی خۆی کردووە، هەروەها چۆنیەتی کارکردن و کارپێکردنی ئەو ئامێرانەی ڕوون کردوەتەوە، ئەمەش لێهاتووی ئەم زانایەمان بۆ دەر دەخات، کە چەند باڵا دەست بووە لەکارەکەی خۆیدا، بەهەرحاڵ داهێنانەکانی داهێنانەکانی پۆلێن دەکەین بەسەر شەش جۆری جیاوازدا ( پادشا -١٩٩٥ -٣٨) ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- بەشی یەکەمی کتێبەکەی تایبەت بووە بە کاتژمێرەکان کە (١٠) جۆر کاتژمێری جیاوازی درووستکردووە.

٢- بەشی دووەم تایبەت بووە بە دەفرە سەرسورهێنەرەکان و ڕۆبۆت، کە لەم بەشەشدا (١٠) جۆر دەفری جیاواز باسکراون.

٣- بەشی سێیەم تایبەتن بە کتری و قۆری و تەشی و ئامێری خوێن وەرگرتنی جۆراوجۆر کە بریتین (١٠) شێوازی جیاواز (حاجی خلیفە -١٩٩٩ -١٣٩٥).

٤- بەشی چوارەم تایبەت بە درووستکردنی ئامێری (نافورە) جیاواز، کە ئەمیش لە (١٠) جۆری جیاواز پێك دێت بەکار دەهێنرا بۆ جوانکاری و ڕازاندنەوەی کۆشکەکان.

٥- بەشی پێنجەمی کتێبەکە (ابن الرزاز) بریتیە لە دروستکردنی(٥) ئامێری جیاوازی هەڵگۆزینی ئاو لە بیر و ڕووبارەکان، کە چەندین تەکنیکی جیاوازی تێدا بەکارهێناوە.

٦- بەشی شەشەم و کۆتایی کتێبەکە تایبەتە بە (٥) جۆر ئامێری شێوە جیاواز وەك قوفڵ و بەلەمی شێوە جیاواز( شوق – ١٩٩٥- ٢٦٥).

## دووەم : داهێنانەکانی الجەزری

## یەکەم : کاتژمێرەکان (بناکیم - فناکین)

کاتژمێرەکان بەشێکی سەرەکی بوون لە کتێبەکەی (ابن الرزاز)، چونکە لە شارستانیەتی ئیسلامی کە یەکێك بووە لە شارستانیەتە هەرە پێشکەوتووەکانی مرۆڤایەتی گرنگی زۆر بە کات دراوە، چونکە کات زۆر بەنرخ بووە لەلای موسوڵمانەکان بۆ زانینی کاتەکانی نوێژ و هەروەها مامەڵە و گرێبەست و بواری گەردوناسی و تەنانەت پشودانیش بەپێ ئاینی ئیسلام پابەند بووە بەکاتەوە، لەسەرەتای دروستبوونی

دەوڵەتی ئیسلامیەوە حاکمە موسوڵمانەکان بۆ زانینی کات لە ڕۆژدا(الاسطرلاب) یان بەکار دەهێنا و لە شەودا(البنكمات) بۆ دیاریکردنی کات بەکاردەهێنا، ئەم دەستەواژەیە بە فارسی واتە(قەبارە) وە هەروەها بەواتایی (کاتژمێری ئاوی) و (دەقەژمێر) دێت ، دوو جۆری هەبووە یەکەمیان جۆرێکی گەورە بووە هێندەی ژوورێك بووە، دووەمیان بچوك بوون و ناونراوە بە( کاتژمێری سندوق) یەکێك لەو کاتژمێرانە(هارون ڕەشید) بە دیاری دای بە (شارلمان پادشای فەڕەنسا)( سلیمان – ٢٠٠٨ -١٥٤).بۆ دەبینین چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز باسی گرنگی کاتیان کردووە خوای گەورە دەفەرموێت(وَالْعَصْرِ (١) إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ (٢) إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ (٣) (سورة العصر) خوای گەورە سوێند بە زەمانە و سوێند بەکات دەخوات، هەروەها چەندین فەرموودەی پێغەمبەر(د. خ) باسی گرنگی کاتیان کردووە وەک : پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت (- نعمتانِ مغبونٌ فيهما كثيرٌ منَ النَّاسِ الصِّحَّةُ والفراغُ)(البخاري، ٢٠٠٢، ١٥٩٨) لەم ڕووەو (ابن الرزاز) گرنگی زۆری بە دروستکردنی کاتژمێرداوە، کاتژمێرەکانی ئەم زانایە پێشکەوتنی زۆریان بەخۆوە بینوە، ئەم زانا بلیمەت زانستی حیلەی ئاوی بەکارهیناوە بۆ کار پێکردنیان، بەپێ پێشکەوتنیان دەتوانین کاتژمێرەکان ئەم زانایە کە لە کتێبەکەیدا (١٠) جۆری باسکردووە، بەپێ شێوازی کارکردنیان دەتوانین دابەشیان بکەین بۆ سێ جۆری جیاواز:

١- جۆری یەکەمی کاتژمێرەکان بە میکانیکی ئاوی کاریان دەکرد، زنجیر و تەراز و بەندۆل یان تێدا هەبووە

٢- جۆری دووەمی کاتژمێژەکان بە میکانیکی ئاوی کاریان دەکرد، بەلام بەبێ زنجیر و تەراز و بەندۆل بوون، زۆر بچوك بوون و بەدەگمەن تێك دەچوون

٣- جۆری سێهەمی کاتژمێرەکانی زۆر پێشکەوتووبوون بەچەشنی کاتژمێری هەڵواسین بە دیوارەوە ، لە بری کارکردنیان بە ئاو ، شەمعی تێدا بەکارئەهێنا بۆ کارکردن، هەروەها جوڵەی میکانیکی سادە و ساکار و ئاسان بوو، بە ئاسانی هەڵدەگیرا و قەبارەی بچوك بوو (عطیە -١٩٩١ -٣٠٩).

ئەو کاتژمێرانەی بە ئاو ئیشیان دەکرد ژمارەیان شەش جۆر بووە کە بریتی بوو لە کاتژمێری( یەکەم و بەلەم و تەپلێدەرکان و فیل وکوپی و تاوس ) ( الشمس -١٩٨٢ -٢٩) ، کارپیکردنی ئەم کاتژمێرانە بە ئاو قورس بوو، سەرەرای ئەوەی لە شەودا کارپێکردنیان پێویستیان بە چاودێری چر و بەردەوام بوو بەلام ئەم کاتژمێرانە لە ڕووی کارپێکردن و دیزاینەوە زۆر جوان دروستکرابوون، بەشەکانی کاتژمێرە ئاوییەکان لە ( نیو ڕوبع و سێ یەك) پێکهاتبوون، ئیتر (ابن الرزاز) نا چاربوو بیر لە ڕیگەیەکی تازە بکاتەوە بۆ دروستکردنی کاتژمێر، کە کارپێکردنی ئاسان بێت هەروەها بتوانرێت بۆ سەفەرکردن بەکاربهێنرێت، ئەو کاتژمێرانەی دروستی کردن توانی ڕزگاریان ببێت لە زنجیر و تەرازوو بەندۆل (عطیە – ١٩٩١ -٣٠٩) ، ئەو کاتژمێرانە بە(مۆم) ئیشیان دەکرد ژمارەیان چوار کاتژمێربووە کە بریتی بوون لە لەمانە کاتژمێری (شمشێر ونوسەر و مەیمون و دەرگا) ( الشمس -١٩٨٢ -٢٩). بیرۆکەی ئەم چوار جۆر کاتژمێرە ئەوەیە کە مادەی (شەمع) مۆم بەکاردەهێنرا بۆ کارپێکردنی کاتژمێرەکان، بە سوتانی مۆمەکە کاتژمێرەکە ئیشی دەکرد، ئەم مۆمە بە جۆرێك دەسوتا ماوەکەی یەك کاتژمێری ڕێك بوو (عطیە – ١٩٩١ -٣٠٩) بڕوانەو وێنەی ژمارە(٥)

## دووەم: دەفرە سەرسورهێنەرکان و ڕۆبۆت( فی عمل اوان وصور تليق بمجالس الشراب)

جۆری دووەمی داهێنانەکانی الجزری بریتین لە دەفرە سەر سورهێنەرەکان و ڕۆبۆت کەژمارەیان (١٠) دەفرە لە جۆری جیاواز (حاجی خلیفە -١٩٩٩-١٣٩٥)، بابەتەکانی ئەم جۆرە داهێنانەی (ابن الرزاز) پەیوەستە بە هەندێ ئامێری تایبەت بە خواردنەوە، کە بەجۆرێك دروستکراون دڵخۆشی دەخستە نێو دانیشتنەکان، چونکە هەندێك لەبەشەکانی ئەم دەفرانە جوڵەی هونەری جوانی تێدایە، هەندێك لە دەفرەکان دەنگی ناوازەیان دەرئەکرد پارچە مۆسیقایەکی لێ ئەدا ، ئەمەش بۆ ئارامی و دڵخۆشی و بەکاربەرەکانی بووە، لە پێش ئەم زانایە چەند زانایەکی تر وەك ابن موسی توانیویانە دەستیان هەبێت لە دروستکردنی ئەم جۆرە ئامێرانە کە ئەویش لە کتێبەکەیدا بەناوی (علم المیکانیك التطبیقی – الحیل) باسی کردوون( الشمس -١٩٨٢ -٧٠). جۆری دەفرەکانی ابن الرزاز بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- جۆری یەکەمی دەفرە سەرسوهێنەرەکانی بریتی بوو لە(پەرداخێك) لەدانیشتنی شەراب نۆشی دادەنرا لە زیو و هاوشێوەکانی دروستکرابوو.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

٢-جۆری دووەمی دەفرەکان بریتین لە دەفری گومەزدارکان.

٣- جۆری سێهەمی دەفرەکان وێنەی کەنیزە و مۆسیقا ژن و سەماکەر بەسەرەوەبووە لەشێوەی رۆبۆت دا.

٤-دەفریکی تری لەشێوەی بەلەمێکی بچوك بووە کە دەخرایە ناو ئاو لەکاتی دانیشتنەکاندا.

٥-هەروەها دەفرێکی گەورەی لەشووشە دروستکردبوو لە دانیشتنەکاند دادەنرا جۆرها ئاوو وخواردنەوەی تێدەکرا.

٦-یەکێکی تر لە دەفرەکان وێنەی رێبوارێکی لەسەرە کە لەبەر ماوەی پادشای دەخوارد

٧-دەفرێکە لە شێوەی خزمەتکاریك درووستکراوە کەمیوە و پەرداخێکی پێوەیە

٨-دەفریکە لەشێوەی پیاویکدایە کە پەرداخی بەدەستەویە شەراب تێ دەکات و پێشکەشی دەکات

٩-دەفرێکە لە شیوەی رایەخێك دروستکراوە وێنەی دوو شیخ ین دوو پیاوماقولی لەسەرە بەدەستی هەریەکێکیانەوە شەراب و پیاڵە هەیە بۆ یەکتری تێ دەکەن.

١٠-جۆرێکی لە دەفرە سەرسورهێنەرەکن ولەشێوەی وێنەیی جارییەکی ئافرەتە کە شەراب و پیالەی بەدەستەوە بوو( شوقی -١٩٩٥ -٣٢٣). بروانە وێنەی ژمارە (٦)

## سێهەم/ کتری و تاس(عمل أباريق و طساس للفصد والوضوء)

ئەمەش لە جۆری سێهەمی کارەکانی (ابن الرزاز) کە برتین لە (١٠) جۆر جیاواز کترییەکان چەند جۆرێکی جیاوازن هەندێکیان تەنها ئاوی گەرمیان لێ دەهات و هەندێکی تریان ئاوی سارد و هەندێکی تریان ئاوی گەرم و شلەتێن تێدا دەهاتە دەرەوە کە خزمەتکارەکان لای خۆیانەوە دایدەنین، جۆرێکی تر لەم کتریان بە شێوەی خزمەتکاریك دروست کراوە کە ئاو دەکات بەدەستی پادشادا بۆ دەس نوێژگرتن، هەروەها یەکێکی تر لەم داهێنانە مەلك تاوسێکە ئاو لە دەنوکی دەردەچێت بۆ دەست نوێژ هەڵگرتنی کەسی خزمەتکراو، جۆری دووەمی ئەم داهینانەی بریتی بووە لەتاس کە وەك دەفرێك بووە دەمەکەی گەورەتر بووە بەکارهێنراوە بۆ دەستشۆردن، هەروەها تەشتی جۆری مەلك تاوس و بۆ دەست شۆردن هەروەها تەشتی خزمەتکارەکان، چەند جۆرێکیشیان تایبەت بوون بە خوێن وەرگرتن( شوقی -١٩٩٥ -٣٣٠). بروانە وێنەی ژمارە ژمارە (٧)

## چوارەم: نافورەکان ( فوارات فی برك تتبدل)

(فلیونی بیزەنتی) بەیەکەم کەس دادەنرێت لە کتێبەکەیدا بە ناوی (الحیل الروحانی) کە باسی لە جۆرەکانی نافورای کردووە، هەروەها لە شارستانیەتی ئیسلامی و لەسەردەمی یەکەمی عەباسیدا بنوموسی بن شاکر لە کتێبەکەی (الحیل) باسی لە هەشت جۆر نافورەی ئاوی کردووە شوقی:١٩٩٥، ٣٣٣).

ابن الرزاز لە کتێبەکەیدا باسی لە (١٠) جۆر نافورە کردووە وەکو خۆی دەڵێت ئەم نافورانەی ئەم جیاواز بوون لەوانەی (بنو موسی)، ئەم زانا نافوارەکانی جۆراو جۆر بوون هەریەك لە نافوارەکان ناوی تایبەت بە خۆیان هەبووە وە تایبەتمەندی خۆیان هەبووە کە بریتی بوون لەم شێوازخوارەوە:

١-نافورەی جۆری دوو لایی کە دەگۆرێت بەپێ کاتێکی دیاریکراو.

٢-نافورەی دوو تاکی لەگەڵ چوار ریگا بۆ دەرچوونی ئاو.

٣-نافورەیی دوو عەوامی گۆردراو مەبەست لە عەوامە(پارچەیەك تۆپی کانزایی ناو بۆشە، دەکەوێتە سەر ئاو هەرگیز ژێر ئاو ناکەوێت) وەك تەوافی مو بەریدە

٤-دوو نافورە لە لەتەنیشت یەك لەگەڵ دوو عەوامەکەی

٥-نافورەی دوو تاکی کە لەهەموو کاتێکد گۆرانکاری بەسەردا دێت

٦-نافورەی (الطهرجان) لە هەموو کاتێکدا گۆرانکاری بەسەردا دێت (شوق -١٩٩٥-٣٢٤)

٧-چوار جۆر لە نافورەی (المزامر) کە دوو تۆپی پێوە بووە ، مۆسیقای لێداوە چەند جۆرێکی جیاوازی لێ دروسکراوە بە شێواز تەراز و بە دوو تاك و بە دوو عەوامە (الشمس -١٩٨٢- ١١٧). بروانە وێنەی ژمارە (٨).

## پێنجەم: ئامێری هەڵگۆزینی ئاو (آلة ترفع ماء من غمرة وبئر ليست بعميقة و نهر جار)

تەکنیکی هەڵگۆزینی ئاو مێژوویەکی کۆنی هەیە میسریەکان لە کۆندا ئامێرێکیان هەبوو بەناوی (شادوف) کە ئامێرێکی سادەو کاریگەر بوو کە ئاوی لە رووبارەکانەوە هەڵدەگۆزی لە رێگەی ئەو سەتڵانەی بەسترابوون وە بەتەوەری درێژی خلۆکەکەیەوە، میسریەکان لەسەردەمانی دێریندا نزیکەی ١٠٠ ساڵ پیش زایین ئاویان لە رووبارە قوڵەکان هەڵدەگۆزی بۆ زەوییە بەرزەکان، ( ابن الرزاز ) یەکێك بووە لەو زانایانەی کە داهێنانی کردووە بە جۆرێك پێنج ئامێری هەڵگۆزینی ئاوی دیزاین کردووە بەشێویەکی کرداریش دروستی کرددون (حەسەنی -٢٠١٧-١٣٧-١٣٨) ، ئەم ئامێرانە بۆ بەرزکردنەوەی ئاوە بووە لە بیر و رووبارەکان ، ئەم زانایە چەندین ریگای بۆ باسکردوین بۆ بەرزکردنەوەی ئاو هەروەها هەمویان بونیاتنراون لەسەر رێساو یاسای میکانیکی، هەندێك لەم جۆرە ئامێرانەش ئاژەڵی تێدا بەکارهێناوە بۆ ئاسانکردنی کارەکەی ، ئەمەش لە ریگەی کردارێکی ئەندازەیی وردە کە زۆر زیرەکی خۆی تێدا نواندووە، ئەم کارەشی بۆ ئەوە کرد ئەم زانایە دەیزانی خەڵکی ولاتەکەی پیویستیان بە ئاوی بیر و رووبارە ، بۆیە بیری لە داهێنانی ئەم جۆرە ئامێرەکردووەو ، پشی بە ئاژەڵ دەبەست ( مرحبا -١٩٨٨- ٣٦٥) ، بە زیرەکی و لێهاتووی ئامێری ئاو هەڵگۆزینی سەرنجراکێشی درووست دەکرد کە برێکی زۆر ئاوی هەڵدەکێشا، بەبێ ئەوەی هیچ مرۆڤێك پێوە ماندووبێت، یەکەمین کەس بوو سیستەمی پەپکی خولاوی دداندداری تووڵی لکاوی بەکارهێناوە، بەیەکێك لەگرنگترین داهێنانە میکانیکیەکان دادەنرێت، چونکە جوڵەی بە سور دەگۆرێت بۆ جووڵەی بەهێڵ، بۆیە دەتوانین بڵین کە لەم سەردەمەدا جوڵەی پەپکەی خولاوی دداندار کە (ابن الرزاز) داهێنەریەتی لە هەموو جۆرە ئامێریکدا هەیە لە یاری منالانەوە بیگرە تا ئامێری میکانیکە گرنگەکانی وەك بزوێنەری ئوتومبیل، ئەم پەپکە دداندارنە لە ریگەی ئاژەڵە وە دەخولانەوە، ئاژەڵەکەش بەسترابوییەوە بەتەختەیەکەوە کە بەرزو نزمی دەکرد لە سیستەمێکی ئالۆزدا کە گێر و پەپکە دداندداری خولاوەی تێدابوو کە لەم سەردەمەدا پێ دەوترێت(slider crank Mechanism) پەپکە دداندداری خولاوە وەك بەشێك لەئامێری میکانیکی، تا سەدەی (١٥) و دەسپێکی شۆرشی پیشەسازی بەکار دەهینرا بە شیووەیەکی گشتی، هەروەها ئەم زانایە موزەخەی ئاوی دروستکردووە بۆ ئەوەی ئاوی رەز و باخەکانی پێ بدات بۆ ئەم کارەشی سوودی لە ئاژەڵ وەرگرتووە بۆ کارەکەی ، ئەم ئامێرانەی زۆر بە جوانی و بە وردی کاری لەسەر کردوون لق و پۆپی زۆری لێ جیاکردونەتەوە بە شێوەیەکی ئەندازەی زۆر جوان(مرحبا – ١٩٨٨-٣٦٥) ، ئامێرەکانی ئەم زانایە بریتی بوون لە درووستکردنی ئاو بەرزکەرەوە لە ریگەی دۆلابێکی ئاو کاردەکات بە شێوەیەکی میکانیکی رێك وپێك هەروەها یەکێکی تر لە ئامێرەکانی درووستکردنی دۆلکەیەك بووە کە بەستروەتەوە بەزنجیر و بۆ دەرهێنانی ئاوی ژێر زەویی ، جۆرێکی تر لە ئامێرەکانی دەرکردنی ئاو بوە لە ژێر زەوییەوە بە چوار(مەغرەفەی غامسە) کە وەك لوولە دەبرێت ناخی زەویی بۆ راکێشانی ئاوی ژێر زەویی کە یەك بەدوا یەك کاردەکەن بۆ ئەوەی بەردەوام بن بۆ دەرهێنانی ئاو لە ناخی زەوییدا(شوقی -١٩٩٦-٣٣٠)، بروانە وێنەی ژمارە(٨)

## شەشەم/ ئامێر و کەرەستە جۆراو جۆرەکان( الاشكال المختلة )

(ابن الرزاز) لەبەشی شەشەمی کتێبەکەیدا (پێنج ) جۆر ئامێری جیاوازی دروستکردووە کە فێڵی ئەندازەیی تێدا بەکار هیناوە کە بریتی بون لە مانەی خوارەوە:

١-لەشاری ئامەد دەرگایەی لەمسی زەرد دروستکردبوو بۆ پادشای شارەکە کە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کاری کردووە

٢-ئامێرکی تری دروستکردووە بۆ دەرکردنی سەنتەری سێ خاڵی ونبوو، هەروەها دۆزینەوەی چەندەها گۆشەی جیاواز.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

٣-قوفڵێك بۆ داخستنی سندوقی جۆراوجۆر كه له ریگەی (١٢) پیتی فەرهەنگیە وە كاری پێ دەكرد

٤-قوفڵێكی دروسكردووه كه بەچوار سلاید بە دەرگاكانەوە دەنوسا(شوقی -١٩٩٥ -٣٨٢)

٥-دروستكردنی بەلەمێكی زۆر جوان، كه كاتژمێرێكی بەسەرەوە بۆ هەموو سەری كاتژمێرێك بەلەمەكەی دەهەژاند(– Kuza -2013 p43).

## سێهەم : بۆ چوونی زانایان لەسەر كتێبەكەی الجزری

زانایانی ئیسلامی و زانایانی ئەوروپا پاش لێكۆڵینەوە و خوێندنەوەی كتێبەكەی چەندین بابەتیان لەسەر نوسیوە كە هەریەك و بە جۆریك وەسفیان كردووە ، كتێبەكەیان بە گرنگ وەسف كردووە لەوانە:( سارتۆن) زانایەكە ئەمریكیە لەوەسفی كتێبەكە الجزری دەڵیت" تێزەكەی وردترین بووە ئەگەر لەدەسكەتەوكانی هاو سەردەمی خۆی سەیری بكەین" هەروەها( الدومیلی) یەكێكی تر لە و زانایانەی كە وەسفی كتێبەكەی كردوە لە نوسینیكدا دەڵێت" تایبەت بەلێكۆڵینەوە لە ئامێرەكانی پێوانەكردنی كات(ابوالعز اسماعیل بن الجزری) لە دەوروبەری ساڵی ١٢٠٥ بالادەست بووە هەروەها حەزی ئەم زانایە لە زانستەكانی تر وەكو هایدرۆلیك و خودی ئامێرە جولاوەكان تر گەیشتوەتە میكانیزمێكی میكانیكی لە ولاتانی موسوڵمان لە سەردەمی ئەم زانایەدا، هەروەها (هێل) یەكێكی تر لە لە زاناكان لە وەسفی كتێبَەكەدا دەڵێت (تا سەردەمی مۆدێرن هیچ بە ڵگەنامەیەك لە هیچ شارستانیەتێكی جیهان نەبووە هێندەی كتێبەكە (الجزری) دەوڵەمەندبێت بە دیزاین و روونكردنەوەی ئەندازیاری بەتایبەت شێوازی بەرهەم هێنان و كۆكردنەوەی ئامێرەكان (مطلوب -٢٠٠٠ -١٦)

سیرتوماس ارنۆلد دەڵیت" الجزری كتێبێكی مەزنی لەسەر میكانیك و سەعات نوسیوە ، لە باشترین ناسراوەكانی زانستی ئیسلامی دادەنرێت لە جیهاندا ، یەكێكی تر لەو كەسانەی وەسفی كتێبەكە الجزری كردوە رۆژهەلاتناسی ئیتالی ویندەر دەڵێت" داهێنانی ئەوروپیەكان نەگەیشتونەتە ئاستی داهێنانەكانی (الجزری) جگە لەم سەدانەی دوایدا نەبێت(محمد – ٢٠٠٩ -١٨٩).

هەروەها هاوسەر یەكێكی تر لەو زانایانەی باسی كتێبەی كەی دەكات و دەڵیت " كتێبەكەی بەباش ناسراوە ، هەندێك لەبەشەكانی كتێبەكەی لەلایەن(ڤیرمان ئەڵمانی) لە چارەكی سەرەتای سەدە بیست وەرگێراوە بۆ سەر زمانی ئەڵمانی(Adem -٢٠٠٩ -٧٣٧).

دكتۆر أحمد یوسف الحسن سەبارەت بەكتێبەكەی الجزری دەڵیت" كتێبەكەی تیۆری و عەمەلەیە، لە هەمان كاتدا كتێبَەكەی لەسەر ئامێر میكانیكانە، (الجزری) ئەندازیاری میكانیكی بووە بە هۆی شارەزاییی و زانستی خۆیەوە گە یشتوەتە ئەو زانستە ، زانستی تیوری زاڵ بووە بەسەریدا، لێهاتوو شارەزا بووە لە هونەری شێوەكاری و ئەندازیاری و پیشە سازی دروستكردنی ئامێرەكان(الحسن -١٩٧٩ -٥١).

## دەرئەنجام

١-ابن الرزاز زانا و ئەندازیاریكی میكانیكی بە توانای كورد بووە ، بەكارەكانی توانیویەتی سەرنجی دەسەلاتدارانی ئەو سەر دەمە بۆ خۆی رابكێشێت.

٢- ئەم زانا داهێنەر لە گەرەكی تور لە دایكبووە لە جەزیرەی ابن عمر و لە دیاربكر ژیاوە.

٣-ئەم زانایە دا هێنانەكانی بە جۆرێك بوو كە بەفێڵەی میكانیكی ناسراوە، كە مترین توانای مرۆڤ بەكارهێنراوە لە كارەكانی بەمەش میرە ئەرتۆقیەكان سەرنجی ئەم زانایان داوە بە كارەكانی سەرسام بوون و لە خۆیانیان نزیك كردووەتەوە.

٤-هەرچەندە هیچ سەرچاوەیەك نیە كە ئاماژە بەوە بكات ئەم زانایە بەكوردی قسەی كرد بێت، بەلام ئەو شوێنەی ئە م زانایە تێدا ژیاو ناوچەیەكی كوردی بووە، بۆیە لەسەرچاوە مێژوویەكان ئاماژە بە كوردبوونی ئەم ناوچەیە كراوە، هەرچەندە دەستنوسەكەی بە زمانی عەرەبی نوسیوە بەلام لە و سەردەمەدا زمانی عەرەبی زمانێكی گشتی بوو زمانی خوێندنەوە و نوسین بوو.

٥-ئەم زانایە تەنها یەك دەستنوسی هەبووە بە ناوی(الجامع بین العلم والعمل النافع فی صناعه الحیل)، بەلام بە زۆر ناوی جیاواز ناسراوە.

٦- سەبارەت بە ساڵانی ژیان و مردنی ئەم زانایە گەیشتوینەتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەم زانایە لە نێوان ساڵانی ( ١١٥٣ز/٥٤٨ك – ١٢٣٣ز/٦٣٠) ك ژیاوە.

٧-سەرجەم وێنەکانی ناو دەستنوسەکانی وێنەی زانستین داهێنراوەکانی سەرجەمیان زانستی بوون و داهێنانی تایبەت بە خۆی بوون.

٨-چەندین داهێنانی گرنگی ئەنجامداوە کە بەشێکی زۆریان ئێستاش جیگای لەسەر وەستانن وەکو کاتژمێرەکان و ئامێری هەڵگۆزینی ئاو.

٩-شوێنی گۆری الجزری لە ئێستادا لە جزیرەی ابن عمر لە مزگەوتی پێغەمبەر نوح بە تەنیشت گۆری ملاجزیرییەوەیە، پاشماوەی کێلی گۆرەکەی تا ئێستا ماوە، خەڵکی سەردانی دەکەن.

## سەرچاوەکان


١-القرآنالكريم

٢-البخارى، الامام ابى عبدالله محمد بن اسماعيل، صحيح البخارى، دارابن الكثير، دمشق ، بيروت، طبعة الاول،١٤٢٣-٢٠٠٢،

٣-عزيز: صالح امين،٢٠٠٩، اعلام علماء الكورد خلال القرون(٦-٨)الهجرى،الطبعة الاول ،مطبعة سارا ، سليمانى.

٤- شوقى: جلال:١٩٩٥ العلوم والمعارف الهندسيه فى الحضارة الاسلاميه، الطبعه الاولى

٥- پادشا: أحمد تيمور:٢٠١٢ أعلام المهندسين فى الاسلام، مؤسسه لهنداوى لتعريف والثقافه، قاهره ، مصر

٦-پاشا: احمد تيمور، ١٩٤٢، التصوير عند العرب ،لجنه التاليف والترجمه والنشر ، القاهره

٧-مرحبا: محمد عبدالرحمن،١٩٨٨ الجامع فى تاريخ العلوم عند العرب، الطبعه الثانى ، منشورات عويدات، بيروت

٨-ابن الأثير، الإمام أبى الحسن على بن أبى الكرم محمد بن محمد بن عبدالكريم بن عبدالواحد الشيبانى٢٠٠٦ )ت:٦٣٠هـ(، ٧٨٩١ ،الطبعه الأولى، دارالكتب العلميه، بيروت-لبنان

٩-پاشا: دكتور حسن ،١٩٩٥، التصوير فى العصور الوسطى، مكتبه النهضة المصريه ، القاهره

١٠-الحموى: شيخ شهاب الدين ابى عبدالله ياقوت بن عبدالله ، ١٩٧٧، معجم البلدان ،دار صادر – بيروت .

١١-خليفه :مصطفى بن عبدالله حاجى ،١٩٩٩، كشف الظنون عن اسامى الكتب والفنون، الطبعة الثانية ، تحقيق محمد شريف الدين ،دار احياء التراث العربى –بيروت

١٢-خليل:الدكتۆر عمادلدين،١٤٠٠ هـ -١٩٨٠، الامارات الارتقيه فى الجزيره والشام، مؤسسه الرسالة بيروت ، الطبعه الاول

١٣-الزركلى: خيرالدين ، ترتيب الاعلام على الاعوام ،المجلد الاول ،دار لقلم –بيروت ،١٩٩٠.

١٤-سليمان: مصطفى محمود،٢٠٠٨ تاريخ العلوم والتكنولوجيا، الطبعة الثانى ، الهيئه العامه الكتب المصريه ،القاهره

١٥-الشمس: ماجد عبداللهن،١٩٨٢ الجزرى رائد ميكانيك، دار الحاحظ المنشورات –بغداد

١٦-شوقى : جلال ،١٩٩٥، العلوم والمعارف الهندەسيه فى الحظارة الاسلاميه،مؤسه الكويت للتقدم العلمى، الطبعه الاول

١٧-الصفدى: صلاح الدين خليل بن ايبك،٢٠٠٠، الوافى باالوافيات، الطبعه الاول ، الجزء الاول، دار احياء التراث العربى ، بيروت ، لوبنان ، ٢٠٠٠.

١٨-صليبا: د. جورج ، ٢٠١١، العلوم الاسلاميه وقيام النهضه الاوروبيه، ترجمه:د. محمود حداد ، مركز التعريب والترجمه أبوظبى

١٩-عطيه : د. احمد عبدالحليم ،١٩٩١، دراسات فى التاريخ العلوم عند العرب، دار الثقافه و النشر والتوزيع

٢٠-العقبى :الدكتۆر محمد الطاهر،٢٠١٧ الجامع بين العلم والعمل النافع فى صناعه الحيل، دار اراس الطباعه والنشر

٢١-غيلونجى-شوقى – مؤسس:بول-جلال-حسين ،بدون السنة، موسوعه العلوم الاسلاميه والعلماء المسلمين، الجزء الاول ،دار الطبع المستقبل

٢٢-الفتاح :على عبدالله ،٢٠١٠، أعلام المبدعين من علماء العرب والمسلمين، الطبعة الاولى.

٢٣-قازى: لطف الله ،٢٠٠٦، الانجازات العلميه للعرب والمسلمين فى القرون المتاخرة،الطبعه الاولى، الدار العربيه للموسوعات

٢٤-محمد: اكو برهان ،٢٠١٢، الحياه الثقافيه فى دياربكر فى العصر العباسى،مطبعه هاشم ،الطبعة الاولى، اربيل ،

٢٥-يوسف: عبدالرقيب،٢٠٠١، دوله الدوستكيه،الجزء الثانى ، دار ئاراس- اربيل

٢٦-الورد: باقر امين ،١٩٨٦ معجم العلماء العرب، مكتبه النهضه العربيه، الطبعه الاولى

٢٧-يوسف: للامام الاديب للغوى الشيخ ابى عبدالله محمد بن احمد، ١٣٤٢،مفاتيح العلوم ،مطبعه الشرق

٢٨-الحسن:احمد يوسف:١٩٧٩، تحقيق (الجامع بين العلم والعمل فى صناعه الحيل)،معهد التراث العلمى العربى ،جامعه حلب

٢٩- فراج:عزالدين:٢٠٠٢ ،فضل علماء المسلمين في الحضارة الاوربية، دار الفكر العربي،القاهرة

٣٠- الكردى : محمد على الصويركى:٢٠٠٨، الموسوعة الكبرى لمشاهير الكرد عبر التاريخ ط١ ، الدار العربة للموسوعات، بيروت

## سەرچاوەی ئینگلیزی

1-yassi: Yousef -2017–Al-jazari s water Clocks Nuncius – 32(1)-1-24 DOI

2-Uzun: Abdullah _ISMAIL ALJAZAI MACHINES AND NEW TECHNOLOGIES-2008

3- Al-Jazari, Ibn-Razzaz al-Jazari,1974, The Book of Knowledge of Ingenious Mechanical • Devices, Trans by: Donald R. Hill. Dordrecht-Holland/Boston-USA.

4- Sarton, George, 1927, Introduction to the History of Science, Vol. I, Baltimore. Vol. II (2 • parts), London 1931.

5- Al-Jazari, Ibn-Razzaz al-Jazari, Original Book, The Book of Knowledge of Ingenious • Mechanical Devic-es2016

6- Ceccarelli, Marco, 2009, Distinguished Figures in Mechanism and Machine Science, part2, • Springer

7- Al-Hassani, Salim,2006, 1001 Inventions: Muslim Heritage in Our World, national geographic

8- Romdhane and zeghloul: AL: JAZARI(1136-1206) IN distinguished figures in Mechanism and Machine sci-ence –springer 2009

9- Adem: Dr: Bildiril Erkitabi –Proceedings Book –Agri 2009

10- Rahim, H. M. S. (2020). The Mandate to Consider Grievances (Al-Mazalim) in the First Islamic Eras to the End of the First Abbasid Era(232AH/846AD). Halabja University Journal, 5(4), 143–163.

11- Ali, N. A. (2020). Historical texts in the book of Ibn Abd Rabo, on the succession of (Abd al-Malik bin Mar-wan). An analytical historical study. Halabja University Journal, 5(1), 541-554.

12- Ali, N. A. (2021). The Kurdish Community from the Abbasids to Safavids; Sharafkhan Bedlisi’s Perspective. Revista Geintec-Gestao Inovacao E Tecnologias, 11(4), 4246-4257.

## سەرچاوەی تورکی

1-Kuza:Ali –dunyanin ilk Muhendisi –EL-CEZERI- PARAF YAYINLARI-2013

2-Korkutat:Yusuf – El Cezri In Hayata Ve Terazili Surekli Calan Flut Adli Calsmas -2012

## گۆڤار

١-محمد :د اكو برهان ،گۆڤاری ئەكادیمی كوردی ، علم الحیل ابن الرزاز الجزری ،٢٠٠٩

٢-مطلوب : أ – د احمد : مجله المورد ، علم الحیل عند العرب عدد الپانی ، ٢٠٠٠

## چاوپێكەوتن

١-عبداللە یاشین : نوسەر و لێكۆلەر تەمەن ١٩٥٠، ٢٠٢٢/١/١٢، كاتژمێر ٨:٣٠

## سەرچاوە كوردی

١-عەبدوڵلا: د نەجاتی،٢٠١٢، سەفەرنامەی ولیەم هیوود بۆ كوردستان ساڵی١٨١٧، هەولێر چاپخانەی حاجی هاشم

٢-سعدون: د. كاوە فەرەج: ٢٠٠٧، رۆڵی پرشنگداری زانا موسوڵمانە كان لە پێشكەوتنی زانستەكاندا، چاپی یەكەم ،پرۆژەی تیشك

٣-خۆشناو: د حكیم ئەحمەد،٢٠١٤، كوردو كوردستان لەدیدی گەریدە و ولاتناسی موسڵمان، وەرگێرانی شوكر سلێمان ، هەولێر

٤-حەسەنی: سەلیم،٢٠١٧، ١٠٠١ داهێنان لە كەلەپوری زانایانی موسوڵمان،وەرگێرانی، جوتیار قارەمان، چاپی یەكەم

٥-علی: هادی :١٩٩٥، صەلاحەدینی ئەییوبی سەركردەی موسوڵمانی كورد،چاپی یەكەم

٦-حاجی: زریان ، ٢٠١٢، رەنگدانەوەی شارستانیەتی یۆنانی لە ناوشارستانیەتی ئیسلامی، لێكۆلینەوەی مێژووی، چاپی یەكەم، پاپخانەی شڤان ، سلیمانی

٧-تۆفێق: د:زرار صدیق ،٢٠٢٠ كوردو كوردستان لە رۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا (١٦-٦٥٦ك/٦٣٧-١٢٥٨ز)، چاپخانەی ماد

٨-نوەردینی : بوار ،٢٠٠٨، میر عەبدال خانی بدلیس ، چاپی دووەم ، چاپخانەی شڤان

## گۆڤاری كوردی

١- حاجی: زریان: گۆڤاری هەیڤ ،دامەزرێنەری یەكەم رۆبۆت لە مێژوودا زانایەكی كوردی موسوڵمانی نێو شارستانیەتی ئیسلامی بوو، ژمارە ٦٢، هاوینی ٢٠٢١

٢-رەسول ،رووف :رەوەند اسماعیل ،نەوزاد خالید،٢٠٢١، مجله پۆلیتكنیك للعلوم الانسانیە والاجتماعیە، رۆڵی زانایانی كوردستان لە بواری زانستی میكانیكدا لە نێوان سەدەی (٦-٨ك /١٢-١٤ز)( ئیسماعیل جەزیری و زینەدین ئامەدی وەك نمونە)، مجلد٢ ، عدد ١

## فارسی

١-ناطق،نفسیی، جاە: محمد جواد ،حمید رضا ، سعید رفعت، مبانی نضری وعملی مهندس میكانیك درتمدن اسلامی،چاپ وصحافیی معراج ،چاپ اول ،١٣٨٠،

وێنەی ژمارە (١) نوسینی سەر گۆڕەکەی




وێنەی ژمارە (٢) گۆڕی الجزری



وێنەی ژمارە (3)



وێنەی ژمارە (٤)نمونەی یەکێك لە کاتژمێرەکان



وێنەی ژمارە (٥) نمونەیەک لە دەفرە سەرسوڕهێنەرەکان



وێنەی ژمارە (٦)



وێنەی ژمارە (٧) نمونەیەک لە نافورەکان



وێنەی ژمارە (٨)ئامێری هەڵگۆزینی ئاو



# ناو و جوگرافییا و مێژووی دەیلەمستان لە شارەزووری سەدەکانی ناوەڕاست

**شوان محمد صابر[١]، زریان سالار حاجی[٢]**
[١،٢]بەشی شوێنەوار، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی ، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: zryan.hama@univsul.edu.iq

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ناو و مێژووی و شوێنی جوگرافییایی ئاوەدانی دەیلەمستانە لە شارەزووری سەدەکانی ناوەڕاست نووسراوە، وەك یەكێك لە ئاوەدانییە گرنگەکانی شارەزوور لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەم شارە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا ئاماژەی پێکراوە و دەربارەی نووسراوە، بەڵام لە ئێستادا شوێنی جوگرافییاییەکەی دیاریکراو نییە و ناوە ڕەسەنەکەی گۆڕانکاریی بەسەرداهاتووە، بۆ هیچ شوێنەوارێکی مێژوویی لە شارەزوور بەکارناهێنرێت، پاڵپشت بە سەرچاوە ڕەسەنەکان و زانیارییە مێژووییەکان کە دەربارەی دەیلەمستان نووسراون، پاشان بەراوردکردنی ئەم زانیارییە مێژووییانە، بە بەڵگە و پاشماوە شوێنەوارییە بەجێماوەکانی سنوری شارەزوور، بە ئامانجی دیاریکردن و ڕوونکردنەوەی مێژووی و شوێنی جوگرافییای دەیلەمستان لە ئێستەی شارەزووردا، توێژینەوەکە سەرنجی زانستی خستوەتە سەر پاشماوە شوێنەوارییەکانی ناوچەی دەرەسولان و شوێنەوارە مێژووییەکانی (دلیدمان) لە سنوری جوگرافییایی ئێستەی هەورامان لە باکورو خۆرهەڵاتی ناحییەی خورماڵ، پاڵشت بەزانیارییە مێژووییەکان بۆچونی توێژینەوەکە بەو شێوەیە، کە پاشماوە شوێنەوارییەکانی "دلیدەمان" نزیکترین بۆچونە کە هەمان شاری دەیلەمستانی شارەزووری سەدەکانی ناوەڕاست بێت.

**وشە کلیلییەکان:** شار، شارەزوور، سەدەکانی ناوەڕاست، دەیلەمستان، دەرەسولان، دلیدەمان.

## ملخص:

كُتب هذا البحث لشرح اسم و التاريخ و الموقع الجغرافي لمدينه ديلمستان في شهرزوور في العصور الوسطى. باعتبارها واحدة من أهم مستوطنات شهرزور في العصور الوسطى، وقد ورد ذكر هذه المدينة في المصادر التاريخية وكُتب عنها ومع ذلك، فإن موقعها الجغرافي غير معروف وتغير اسمها الأصلي. لا يتم استخدامه لأي بقايا تاريخية في شهرزور، بناءً على المصادر الأصلية والمعلومات التاريخية المكتوبة عن ديلمستان، ثم مقارنة هذه المعلومات التاريخية بالأدلة والبقايا الأثرية المتبقية في شهرزور، من أجل تحديد وشرح التاريخ والموقع الجغرافي لديلمستان في منطقة شهرزور حاليا. يركز البحث على البقايا الأثرية لمنطقة داراسولان والآثار التاريخية "دليدمان" في الحدود الجغرافية الحالية فى هورامان، في شمال وشرق ناحية خورمال. بناءً على البيانات التاريخية، يُعتقد الآن أن بقايا دليدامان الأثرية هي نفسها مدينة ديلمستان التي تعود إلى العصور الوسطى.

**الكلمات المفتاحيه:** المدينة، شهرزور، العصور الوسطى، ديلمستان، درسولان، دليدمان.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٧ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢٢) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٧/٢٨ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/٢٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | zryan.hama@univsul.edu.iq . |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٢شوان محمد صابر، پ.ی.د. زریان سالار حاجی، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Summary:**

This research is written to explain the name, history and geographical location of a Sharazoor city in the Middle Ages, as one of the most important settlements of Sharazoor in the Middle Ages, this city is mentioned in historical sources and written about. However, its geographical location is unknown and its original name has changed. It is not used for any historical remain in Sharazoor, Based on the original sources and historical information written about Dilemstan, then comparing this historical information with the evidence and archaeological remains left behind in Sharazoor. In order to determine and explain the history and geographical location of Dilemstan in the Sharazoor now, The research focuses on the archaeological remains of Darasulan area and historical remain (Dlidman) in the current geographical boundaries in the Hawraman, in the north and east of Khurmal district, Based on historical data, the research believes that the archaeological remains of Dilidaman are same city of Dilimastan in the Middle Ages.

**Key word:** City, Sharazoor, middle Ages, Dailamstan, Darasulan, Dlidaman.

## پێشەکی:

ناوچەی شارەزوور وەك یەكێك لە گرنگترین ناوچەكانی كوردستانی باشوور، بە درێژایی چاخە كۆنەكان جێگەی ژیان بووە، ئەمەش وایكردووە ژمارەیەكی زۆر پاشماوەی شوێنەوارناسیی لە شارەزووردا بەجێبمێنن، بەتایبەت لە چاخی ئیسلامیی دا، بە دیاریكراوییش لە سەدەكانی ناوەڕاست، كە قۆناغێكی گرنگی شارستانێتیی و دەركەوتنی میرایەتیی و دەسەڵاتە كوردییەكانە، لە شارەزووریشدا ژمارەیەكی زۆر پاشماوەی بیناسازیی شار و قەڵای مێژوویی ماونەتەوە.

ساغكردنەوەی مێژوویی شوێنە شوێنەوارییەكان لە زانستیی شوێنەوارناسییدا كارێكی زانستیی وردە، پشتدەبەستێت بە تۆمارە نووسراوەكان و لێكۆڵینەوە زانستییە شوێنەوارناسییەكان، پاشان شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی بەڵگە و پاشماوە شوێنەوارییە بەجێماوەكانی شوێنە مێژووییەكان، هەروەها سوودوەرگرتن لە ئەنجامی ئەو ڕاپۆرتە زانستییانەی پاش هەڵكۆڵینێكی شوێنەوارناسییانە لە شوێنە مێژووییەكان تۆماردەكرێن. بەمشێوەیە، دەكرێت بۆچونێكی زانستیی یان ڕوونكردنەوەیەكی مێژوویی بدرێت لەسەر شوێنێكی شوێنەواریی.

لەم سۆنگەیەوە، پۆلێنكردن و جیاكردنەوە و ناسینەوەی پاشماوە و بەڵگە شوێنەوارییەكان، بەشێكی تری كاری زانستیی لێكۆڵینەوە شوێنەوارناسییەكانە، بەتایبەت پاشماوەیی تەلارسازییەكان، كە لێكۆڵینەوە لەسەر هێڵكاریی و تایبەتمەندییە بیناسازییەكانی شوێنە مێژوویی و شوێنەوارییەكان دەكرێت، بەمشێوەیە دەبن بە بەڵگەی بەردەست بۆ جیاكردنەوە و دەست نیشانكردنی تەلارسازیی شارێك لە تەلارسازیی قەڵایەك یان كۆشكێك یان خانێك یان بیناسازیێكی ئایینیی یان خزمەتگوزاریی چەرخە مێژووییەكان.

لەم توێژینەوەیەدا، لەبەر نەبوونی هیچ لێكۆڵینەوەیەكی زانستیی لەسەر شار و ئاوەدانی دەیلەمستان، هەروەها ئەنجام نەدانی هەڵكۆڵینێكی شوێنەوارناسییانە لە پاشماوە شوێنەوارییەكانی دلیدەمان، لەبەر ئەم هۆكارانە پشتبەستراوە بە ڕێبازی لێكۆڵینەوەی كتێبخانەیی و گەڕانەوە بۆ زانیاریی نێو سەرچاوەكان و تۆمارە مێژووییەكان، كە پەیوەندییدارن بە سنووری جوگرافییایی توێژینەوەكە و جۆری شوێنە شوێنەوارییەكە، كە دەیلەمستانە لە شارەزووری سەدەكانی ناوەڕاست، پاشان بە پشتبەستن بە ڕێبازی لێكۆڵینەوەیی بەراوردكاریی، زانیارییە بەدەستهاتووەكانی نێو تۆمارە مێژووییەكان بەراوردكراون لەگەڵ لێكۆڵینەوە مەیدانییەكان، كە لەسەر پاشماوە و بەڵگە شوێنەوارییەكانی دلیدەمان كراون، ئەم بەراوردكردنەش پشتدەبەستێت بەو شێوە توێژینەوە زانستییانەی كە دەربارەی چۆنییەتی ساغكردنەوەی مێژووی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ناڕوونی شوێنێکی شوێنەواری جێبەجێکراون، بۆ ڕیزبەندیی و چۆنێتیی دانان و باسکردن و شیکردنەوەی بەشە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە. ڕوونکردنەوەی قۆناغی مێژوویی توێژینەوەکە، و دیاریکردنی سنووری جوگرافییایی توێژینەوەکە، دەروازەی وەڵامدانەوە و گەیشتن بە ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە ئاسانتر دەکات، بە نموونە مەبەست لە شارەزووری سەدەکانی ناوەڕاست چییە؟ هەروەها ناسینەوەی تایبەتمەندییەکانی شار لە سەدەکانی ناوەڕاست. بۆ زیاتر ئاشنابوون لە بیناسازیی شارکە ئامانجی توێژینەوەکەیە.

توێژینەوەکە لە سێ باسی سەرەکیی پێکدێت، لە باسی یەکەمدا باس لە شار و تایبەتمەندییەکانی کراوە بە ئامانجی ناسینەوەی شار لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لە باسی دووەمدا باس لە ناو و مێژوو و جوگرافییایی شاری دەیلەمستان کراوە، پاڵپشت بە زانیارییە کتێبخانەییەکان و تۆمارە مێژووییەکان، لە باسی سێیەمدا لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە ڕوونکراوەتەوە، شوێنی جوگرافییایی ئێستەی پاشماوە شوێنەوارییەکانی شارەکە خراوەتەڕوو، لە کۆتاییشدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکان باسکراون.

## باسی یەکەم: شارو و تایبەتمەندییەکانی،لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.

دەیلەمستان لە سەرچاوە مێژووییەکاندا بە دوو شێوە ناو هێنراوە، وەك شارێك و وەك گوندێکی بچوك، لێرەدا توێژینەوەکە دەیەوێت ڕوونی بکاتەوە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەچی دەوترێت شار؟ تایبەتمەندییەکانی دەیلەمستان لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی شاریی سەدەکانی ناوەڕاست یەك دەگرێتەوە؟ بۆ ئەوەی بتوانرێت شار بوون یان گوند بوونی دەیلەمستان دیاریبکرێت، دەبێت لە تایبەتمەندییەکانی شار بکۆڵرێتەوە لە شارەزووری سەدەکانی ناوەڕاستدا.

شار دیاردەیەکی شارستانی و جوگرافی مرۆڤە لە سەر ڕوویی زەوی(عبدالرزاق عباس: ١٩٧٣، ل٢١)، شوێنێک ژمارەی دانیشتوانی زۆر بوون بە شار ناودەبرێت(فیروز ئابادی: ١٤٢٦ ،ل١٢٣٣)، شار بەشوێنێک دەوترێت دانیشتوانی زۆربێت(عبوش:٢٠٠٤، ل٢٠).

شارەکان ئەگەر لەسەر ڕێگا بازرگانییەکان بووبێتن بەراورد بە شارە کەنارییەکان یان شاری کشتوکاڵی و شاری بازرگانی و تەنانەت شاری سیاسی و سەربازیش جیاواز بوون؛ یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی بنیاتنانی شار لە سەدەکانی ناوەڕاست نزیك بوون لە سەرچاوەی ئاوو بووە(رەواندی: ١٣٨٢، ج٨، ل٥٥١).

بونی سەرچاوەی ئاوو لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆ شارەکان گرنگ بووە، بەتایبەت بۆ کاری کشتوکاڵی، چونکە سود وەرگرتن لە ئاووی ژێر زەوی بە شێوەی کانی و کارێز ئەرکی گران و تێچوشی زۆر بووە(ئەحمەد: ٢٠١٩، ل٣٧).

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تایبەتمەندێکی تری شار بریتیبووە لەوەیی شارەکان خاوەنی مزگەوت بن، وە مزگەوتەکانیش مناری بەرز و گەورەیان هەبێت(الطازی: ١٤١٧، ل٢٩).

تەواویی باوەڕە کۆنەکان لەسەر ئەو بۆچونە بوون، شار واتە ئەو شوێنەی مرۆڤەکان باوڕیان وەک یەکە و پەیوەندییان لە نێوان خۆیان و ئاسماندا باش بووە، ئارامی دەرونی و مادەیی و مەجازی لە نێو شاردا بۆ دەستەبەر بووە(اعتضادی: ١٣٨٤، ل١٣٣).

شار بریتیە لە شوێنێک کۆمەڵێک لە مرۆڤەکان پێکەوە تێیدا دەژین، کار و چالاکییەکانیان لەم شوێنەدا ئەنجام دەدەن؛ شار تەنها بریتیی نییە لەوەی خاوەنی بیناسازیی زۆر بێت، بەڵکو شار بریتییە لە داهێنان لە پێداویستییەکانی مرۆڤ و ڕێکخستنی چینایەتی و پارێزگاری لە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، تێکەڵ بونی کلتور و فەرهەنگی جیاواز و پێکەوە ژیانی کەسانی داهێنەر و بەکاربەر بەیەکەوە؛ شارەکان فەزایەکی جیاوازی پێکەوە ژیان و یەکتر قەبوڵکردن و شوێن بونەوەیی تەواوی بیرە جیاوازەکان و کلتورە هەمەڕەنگەکانە(خزاعی: ١٣٩٥، ل١٣و١٤).

تایبەتمەندییەکانی شار و ژینگەی شار و ئاوەدانییە گەورەکان بەم شێوەیە باسکراون، بەدیاری کراویش لە سەدەکانی ناوەڕاست، لە شارەزوور ئەو ئاوەدانی و شارانەی بوونیان هەبووە تاچەند لەم تایەبتمەندیانە لە خۆیان دەگرن؟ یان شار و ئاوەدانی دەیلەمستان لە تایبەتمەندییەکانی شاری سەدەکانی ناوەڕاست دەچێت؟ یان چەند تایبەتمەندی لە خۆدەگرێت؟ بەتایبەت لە شوێنەوار و بەڵگە ماوەکانی ئێستەی دلیدەمان، بەراوردکردنی پاشماوە بیناسازییەکانی ناوچەی دلیدەمان بە تایبەتمەندییەکانی شار لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا،

بە ئامانجی زیاتر ڕوونبونەوە و دەرخستنی مێژووی دەیلەمستانی شارەزووری سەدەکانی ناوەڕاست، بەشێوەیەك بەدەر لە دیاریکردنی شوێنی جوگرافییایی دەیلەمستان پاڵپشت بەسەرچاوەکان، ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی پاشماوە بیناسازییەکان، کە دەیلەمستان شارێکی شارەزور بووە یان گوندێکی ئاوەدان و کاریگەر؟

## باسی دووەم: دەیلەمستان لە شارەزووری سەدەکانی ناوەڕاستدا.

دەیلەمستان وەك ئاوەدانییێکی شارەزووری سەدەکانی ناوەڕاست ناوبراوە. لێرەدا دەبێت ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە مەبەست لە شارەزووری سەدەکانی ناوەڕاست چییە؟ وکام ناوچەیی جوگرافییایە دەگرێتەوە؟ دەیلەمستان لە شارەزووری سەدەکانی ناوەڕاستدا لە کوێی شارەزوور بووە و لە ئێستەیی شارەزوور کامە شوێن دەکات.؟

## یەکەم: جوگرافییای شارەزوور.

مێژوو نووس ئیبن رستە لە باسی شیکردنەوەی هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتدارییەتی موسڵمانان، لە هەرێمی چوارم باسی شارەزووری بەم شێوەیە بۆ کردووین: شارەزوور ناوچەیەکی فراوانە و سنوری جوگرافیاکەی سەربە هەرێمی چیاکانە، بەڵام لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە ناوچەی موسڵە؛ دەکەوێتە نێوان هەرێمی چیاکان و هەرێمی موسڵ(ابن رستە: ١٨٩٢، ل٣١٤). هەرێمی چوارەم کە بەهەرێمی چیاکانیش ناودەربرێت، دەکەوێتە باکوری عیراقی ئێستا لە ناوچەی عیراقی عەجەم؛ هەندێکیش بە هەرێمی بابل ناوی دەبەن، زۆربەی سەرزەوی هەرێمی چوارم ناوچەی شاخاوییە و ناوچە کوردنشینەکانیش دەکەونە هەرێمی چوارەمەوە(ابن عساکر: ١٩٩٥، ج١، ل١٩٣)، مەبەست لە هەرێمی چیاکانیش بریتی بوە لەو هەرێمەی کە ناوەکەی بۆ ناوی میدییەکان دەگەڕێتەوە، جوگرافی ناسە موسڵمانەکان بەم هەرێمەیان وتووە(اقلیم جبال) هەرێمی چیاکان، ئەمەش بەهۆی ئەو سروشتە چیاییەی کە زۆربەی ناوچەکانی ئەم هەرێمەی گرتووەتەوە، لە سەدەی شەشی کۆچی و دوانزەی زایینی ، لە سەردەمی سەلجوقییەکان ناوی ئەم هەرێمە گۆڕدراوە بە هەرێمی عێراقی عەجەمی(زریان حاجی: ٢٠١٧، ل٣٧)، بەوردی مەبەست لە هەرێمی چیا ئەو ناوچە فراوانەیە کەوتووەتە بەری خۆرهەڵاتی ناوچەکانی خۆراسان و ئیسفەهان و فارس و باکوری خۆرهەڵاتی خوزستان، لەبەری باکوریشیەوە ناوچەکانی دەیلەم و قەزوین و ڕەی؛ لەبەری باشوریشەوە ناوچەکانی عیراق و خوزستان دەوریان داوە(کەیوان ئازاد ئەنوەر: ٢٠١٥، ل١٨). زۆربەی دانیشتوانی ئەم هەرێمە کوردن، بە شێوەیەکی زۆر لە بەشی ناوەڕاست و خۆرئاواویی هەرێمەکەدان(ڕەحمانی: ٢٠٠٩، ل٢٠).

مێژوو نووس قلقشندی جوگرافییایی شارەزووری بەم شێوەیە دیاری کردووە: شارەزوور لە سنوری عێراقی عەجەمدایە و لە نێوان هەمەدان بۆ موسڵ و لە هەمەدانەوە بۆ زنجان لەوێشەوە تا شارەزوور سی و سێ فرسەخ ئەبێت؛ لە شارەزوورەوە بۆ دینەوەر چوار قۆناغ دەبێت(القلقشندی: ٨٢١، ج٤، ل٤٠٥).

ئەلئوستوخری لە باسی جوگرافییای شارەزووردا نووسیوویەتی: شارەزوور دەکەوێتە ناوچەی چیاکانەوە، لە شارەزوور تا هەمەدان زنجیرە چیای درێژ بوونیان هەیە، لە شارەزوورەوە بۆ دینەوەر و بۆ ڕەی و پاشان هەمەدان چیاکان درێژ دەبنەوە، بە هەمان شێوەش لە شارەزوورەوە بۆ سیروان و سیمرە و پاشان بۆ حلوان سنوری شارەزوورە(ئەلئوستوخری: ٢٠٠٤، ل١١٩و٢٠٢)، شارەزوور لە ڕووی جوگرافییاییەوە لەلای (مەقدیسی) سەربە هەرێمی چیاکانە و وەک ناوچەیەکی فراوان ناوی بردووە، و لە ناو هێنانی شارەزووردا بە وڵاتی شارەزوور ناوی بردووە لە هەرێمی چیاکاندا(المقدیسی: ١٩٩٧، ج١، ل١٢٧).

جوگرافییای شارەزوور لەڕووی دابەشکاری کارگێڕییەوە گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە، لەسەر بنەمایی کارگێڕی ناوچەکە جوگرافییاکەیان دیاریکردووە، مێژوو نووس (نەویری) شارەزوور وەک ناوچەیەک لە ویلایەتی موسڵ ناو بردووە و نووسیوویەتی: شارەزوور سەر بە ناوچەی موسڵە(النویری: ١٤٢٣، ج ١٩، ل٢٧٦). دیارە ویلایەتی موسڵ یەکێك بو لە ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی کە پێشتر ئەم ناوچانە لە ڕووی کارگێڕییەوە سەربە بەغداد بوون، بەڵام دواتر شارەزوور و کەرکوک و هەولێر و موسڵ بەیەکەوە کرانە ویلایەتێك و ناونران ویلایەتی موسڵ


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

له ساڵی ١٨٧٨ میلادی(شاکر علی شاکر: ٢٠١١، ل٧١).

دیاری کردنی شوێنی جوگرافییایی شارەزوور وەک وڵات لەلایان سمعانیه وه باس دەکرێت، له باسی شوێنی جوگرافییایی وڵاتی شارەزوور نووسیویەتی: دەکەوێتە نێوان موسڵ و زنجان(سمعانی: ١٩٦٢، ج٨، ل١٧٩)، ئیدریسی باس له ڕێگاکانی نێوان شارەکانی هەرێمی چیاکان دەکات له نێوان بەغداد بۆ حلوان و لەوێشەوە بۆ قەسری شیرن، دەڵێت: شارەزوور یەکێکە لەشارەکانی هەرێمی چیاکان ڕێگایەکی پیادە هەیە بۆ شاری قەسری شیرن(ئیدریسی: ١٤٠٩، ج٢، ل٥٦٩).

شارەزوور کورەیەکی فراوانە سەربە هەرێمی چیاکانە دەکەوێتە نێوان ناوچەی هەمەدان و هەولێرەوە(ابن واصل: ١٩٥٧، ج١، ل٨٤)، مێژوو نووس العسقلانی پێی وابووە: سنوری شارەزوور تا هەولێر فراوان بووە لەوسەردەمەدا(ابن حجر العسقلانی: ١٩٨٤، ج١، ل٢١)، شارەزوور دراوسێی شاری حولوانە دەکەوێتە دەوروبەری شاری حلوانەوە ئەم شارە پەیوەندیدار بووە بە شاری موسڵەوە تا کۆتای سەردەمی خەلافەتی ڕاشدین بەڵام دواتر جیابووەتەوە(الحمیری: ١٩٨٠، ل٣٥٠).

شارەکانی هەرێمی چیاکان زۆرن، شارەزوور ناوچەیەکی فراوانە لەم هەرێمە، شارێکی گەورەی هەیە بەناوی نیوەی ڕێگە (نیم ئەزڕاپی)کە ناوەندی شارەزورە(ابن خرداذبة: ١٨٨٩، ج١، ل١٩)، بڕواننە پاشکۆی نەخشەکان نەخشەی ژمارە یەك.

ئیبنولموستەوفی سنوری شارەزوور بە ویلایەتی شارەزوور ناو بردووە و بە تایبەت لە سەردەمی سوڵتان موزەفەرئەددین کوکەبری، نووسیویەتی: ویلایەتی شارەزوور کەوتە دەست سوڵتان موزەفەرئەددین و سنوری تا زێی بچوک فراوان بوو(ابن مستەوفی: ١٩٨٠، ج٢، ل٥٥٣).

شارەزوور لە کۆمەڵێك ناوچەی زۆر پێکدێت لەوانە گوڵعەنبەر و بەرزنجە دوو لەو ناوچانەن سەربە شارەزوورن، زانا و نوسەری زۆریان لێیە(البیطار:١٩٩٣، ل٧٥٤)، بەشێک لە نوسینە مێژوویەکان شارەزوور لە ڕووی جوگرافییایی و پێکهاتەوە بە ناوی تسوجێك باسکراوە، لێردا ناوی شارەزوور وەک توسج دەبرێت(ابن جعفر: ١٩٨١، ج١، ل١٦٠). تاج الدین سەبکی لەزاری یوسف الدین دیمەشقی بۆمان باسدەکات کە شارەزوور ناوەندی هێز و دەسەڵات دارییەتی ناوچەکە بووە چەندین نشینگە لە شارەزووردا بونیان هەبووە(السبکی: ١٤١٣، ج٦، ل١٢٢).

جوگرافییای شارەزوور فراون و بچوک بووەتەوە لە قۆناغە مێژوویەکاندا، بە جۆرێك مێژوو نووس شەهابەددین ئەعومەری لە سەدەی هەشتی کۆچی لە باسی شارەزوور نووسیوویەتی: لە بەشی خۆرهەڵاتی شارەزوور لە ئاراستەی جادەی خۆراسان هەڵهاتووەکانی شارەزوور دەچونە دەربەندی قرابلجا(العمری: ١٩٨٨، ل٦٠)، گەر ئەم بۆچونەی (ئەلعومەری) وەربگرین ئەوا لەم سەردەمەدا شارەزوور بەرتەسک بووەتەوە و سنورەکەی تا بناری چیاکانی شعران و زەڵم بووە، لەکاتێکدا نووسەری کتێبی چەردەیەک لە مێژووی ئەحمەدئاوادا پێی وایە: قرالیجا هەمان دەربەندی قرالجای ئێستەیە، کە بە کرالجا یان کەرەجاڵ ناوودەبرێت، دەکەوێتە پشت گوندی زەڵم و ئەم ناوەشی بۆ سەردەمی ساسانییەکان گەڕاندوەتەوە کە مەبەست لێی جێگە و شوێنی قراڵە، کە پلەیەکی سەربازی نێو سوپایە(ئەحمەدئاوایی: ٢٠٢١، ل١٣).

جوگرافییای شارەزوور گونجاوە بۆ ژیان دەشتێکی فراوان و ئاووی سەرزەوی و ژێرزەویشی هەیە زێی خوارو لە ناوو چیاکانی شارەزوورە وە هەڵدەقوڵێت، لە نێوان هەولێر و داقوقدا تێپەڕ دەبێت(دیمشقی: ١٩٩٣، ج٤، ل٢٥٨)، هەروەها: البکری لە باسی شارەزوور ووتەی ابن الاعرابی هێناوە کە دەڵێت: ابن عەرەبی بۆمان دەگێڕێتەوە ئەم شارەزوورە کە فەتح کرا شارێکی ناسراو بوو. جوگرافییاکەی لە نێوان هەمەدان و موسڵدایە(البکری: ١٤٠٣، ج٣، ل٨١٣).

بلازەری نووسیوویەتی: شارەزوور ناوچەیەکی فراوانە و لە ڕوی جوگرافییایەوە سەر بە کورەی موسڵە و دەکەوێتە بەشی خۆرهەڵاتی موسڵەوە و ناوچەیەکی فراوانە، زنجیرە چاکانی پشتەوەی سنوری لەگەڵ هەمەدان و نەهاوەند و دینەوەر جیا دەکاتەوە(البلازری: ١٩٨٧، ل٤٦٦ بۆ ٤٦٧).

ڕونتر جوگرافییای شارەزوور دیاری بکەین، دەبینین جوگرافییای شارەزوور لە سەدەکانی ناوەڕاست وەک لەم نوسینانەی سەرەوە باسکراوە

تا ڕادەیەك خاڵی هاوبەش و جیاوازیش هەیە، یاقوتی حەمەوی جوگرافییای شارەزووری بەوردی باس کردوە بەم شێوەیە: شارەزوور سەر بە هەرێمی چوارەمە و درێژی شارەزوور حەفتاو سێ نمرە و پانییەکەشی سی وحەوت نمرە و نیوە، شارەزوور ناوچەیەکی (کورە)فراوانە و دەکەوێتە نێوان چیاکانی هەولێر و هەمەدان(حموی: ١٩٩٥، ج٣، ل٣٧٥).
بۆدیاری کردنی ڕونتری جوگرافییای شارەزوور پشت بە تایبەتمەندی و سیفاتەکانی شارەزوور دەبەستین، لە یەکێك لە بەیتە شعرەکانی سەدەی سێهەمی هیجریدا ابن معتز زۆر بەڕونی دەڵێت: شارەزوور هاوینە هەوارێکە بۆ کوردەکان(ابن معتز:٢٩٦، ل٢٢٣)، بەم شێوەیە زیاتر لە جوگرافییای شارەزووری سەدەکانی ناوەڕاست ورد ببینەوە دەبینین ابن فوطی لە باسکردنی هێرشی مەغول بۆ سەرهەولێر بۆمان باس دەکات کەوا سوپای عیمادالدین زەنگی بەرەو خۆرهەڵات بۆ دەرەوەی سنورەکانی هەولێر ڕۆیشتن بۆ شارەزوور(ابن الفوطی: ٧٢٣، ل٣٠).
ناوەندی شارەزوور دەشتێکی فراوانە لە باشوری خۆرهەڵاتی ناوچە شاخاویەکانی پارێزگای سلێمانی لە نزیک سنورەکانی ئێستانی نێوان کۆماری عێراق و ئێران ناوچەیەکی تەختای و نزمە لە بەشی باشور و بەشی خۆرهەڵاتیدا ڕوباری تانجەرۆ هەیە(هستتد:١٩٤٨، ل١٥).
زنجیرە چیاکانی هەورامانیش دەکەونە بەشی خۆرهەڵات و باکوری خۆرهەڵاتی شارەزوور، لە بەشی باکوری شارەزووریش ناوچەی قەڵاچوالان و شاربازێر و زنجیرە چیای کورەکاژاو هەڵکەوتووە، لە بەشی باشوریشەوە ناوچەی گەرمیان و شیخ مەیدان تا کەنارەکانی ڕووباری سیروان پێکدێت، لەبەشی خۆر ئاواشیدا دەگاتە زنجیرە چیاکانی قەرەداخ و چیاکانی بەرارنان(مینۆرسکی:١٩٦٨، ل٤١٨).
لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا شارەزوور دەبێتە ویلایەت و جوگرافییاکەی بەم شێوەیە دیاری کراوە، شارەزوور ویلایەتێکە لە سنوری نێوان دەوڵەتی صەفەوی و عوسمانییەکان، لەگەڵ ویلایەتی موسڵ و بەغداد و عمادیە دراوسێیە، و ئەم ویلایەتە پێکدێت لە سی و دوو لیواو سنجاق سەرەکی، ویلایەتەکە کەرکوکە لە خۆرهەڵاتەوە دەوڵەتی صەفەویە و لە خۆرئاواوە هەولێرە، لە باشوریشیەوە ویلایەتی بەغداد و عێراق عەرەبی(حاجی خەلیفە: ١١٤٥،ل٤٤٥).
بەورد بونەوە و پشت بەست بە سەرچاوە مێژووییەکان بۆمان دەردەکەوێت شارەزوور لە سەدەکانی ناوەڕاست ناوچەیەکی فراوان بووە، نەک تەنها یەک شار لە نێوان شاری هەمەدان بۆ شاری هەولێر بوبێت، بەم شێوەیە دەکرێت بوترێت شارەزوور یان ناوچەی شارەزوور لەسەدەکانی ناوەڕاست پاڵپشت بەم سەرچاوانەی سەرەوە بەورد بونەوە لە نەخشەکانی ئەوسەردەمەی شارەزوور بریتی بووە لەو دەشتاییە فراوانە لە نێوان چیاکانی هەورامان کە بە چیای زەڵم لە سەرچاوەکان ئاماژەیان پێکردوە لەبەشی خۆرهەڵاتەوە و شاری هەولێر و کەرکوک لەخۆرئاواوە، لە باکورەوە زنجیرەچیاکانی ناوچەی بەرزنجە و لە باشوریشەوە بۆ سنورەکانی دەشتی زەهاو و قەسری شیرین. بڕواننە پاشکۆی نەخشەکان نەخشەی ژمارە دوو.

## دووەم: جوگرافییایی دەیلەمستان.

دەیلەمستان یەکێکە لە ئاوەدانەکانی ناوچەی شارەزوور لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە لەلایان گەڕیدە و مێژوو نووس و جوگرافی زانەکانەوە باسکراوە، توێژینەوەکە کۆنترین زانیاری لەسەر دەیلەمستان باسکرابێت لێرەدا دەخاتە ڕوو.
(موسەعەر کوڕی موهەلهەل)دەربارەی دەیلەمستان دەنوسێت: دەیلەمستان گوندێکە لە نزیک شارەزوور، ئەم گوندە لە شاری نیم ئەزراوە حەوت فرسەخ دوورە کە ناوەندی شارەزوورە، دەیلەمییەکان لە ڕۆژگاری پادشاکانی ئێرانی لە ناوچەکانی خۆیانەوە هاتونەتە ئێرە، بە ئامانجی ڕێگری و چەتەیی، بۆ هەرشوێنێک ڕۆشتبن لەوێ خێمەیان هەڵداوە و ماڵ و منداڵیان لەوێ داناووە(ابودلف: ١٣٥٦، ل٥٥)؛ هەروەها مێژوو نووس (ئیبن حەوقەل)یش دەربارەی دەیلەمستان نووسیوویەتی : شارێکی بچوکە نزیکە لە شارەزوور، دانیشتوانەکەی سەردەمی فارسەکان هاتونەتە ئەوێ سەربازی ئازان؛ دەیلەمستان لە شاری نیم ئەزراوە حەوت فرسەخ دوورە(ابن حوقل: ١٩٣٨، ل٦٧).
بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانیان دەستیان کردووە بە ڕێگری و چەتەیی، لە دەوروبەری خۆیان و شەوانیش گەڕاونەتەوە خێوەتگاکانیان و خەریکی ڕێگری و خراپکاری بوون، پاشانیش گەڕاونەتەوە شوێنی ڕەسەنی خۆیان، ئەم ناوچەیە تائێستەش لە شارەزوور هەربەناوی

دەیلەمیەکانەوە ناودەبرێت؛ دەیلەمستان دانیشتوانەکەی بەراورد بە شاری پیر زۆر تورە و بەهێزتر و ئازاترن(ابودلف: ١٣٥٦، ل٥٦).

(یاقوتی حەمەوی) دەرباری دەیلمستان نووسیوویەتی: دەیلەمستان گوندێکە لە نزیک شارەزوور لەگەڵ شاری نیم ئەزرای نێوانییان حەوت فرسەخ دەبێت، دەیلەمیەکان لە بۆنەکاندا دەڕۆنە دەرەوە بۆ دزی و ڕێگری و چەتەیی، پاشان دەگەڕێینەوە خێوەتگاکانیان و لەو ناوچانەی دزی و چەتەی دەکەن خۆیان وون دەکەن، بۆشوێنی مانەوەی خۆیان دەگەڕێنەوە(حەمەوی: ١٩٧٧، ج٢، ل٥٤٤)؛ خاڵیک کەزۆر گرنگە بۆ دیاری کردنی شوێنی دەیلەمستان یاقوتی حەمەوی ئاماژەی پێدەکات کە دەیلەمستان کۆتا ناوچەی شارەزوورە(حەمەوی: ١٩٧٧، ج٣، ل٣٧٥).

ابن عبدلحق دەربارەی دەیلەمستان نووسیوویەتی : گوندێکە لە دەوروبەری شارەزوور ئەم گوندە دەیلەمیەکانی تێدا دەژین لە ڕۆژگاری فارسەکان هاتونەتە ئەم ناوچەیەو لێردا خیمەیان هەڵداوەو ماونەتەوە، دیلەمیەکان بەهێزو سوارچاک و سەربازی باش بوون(ابن عبدالحق: ١٤١٢، ج٢، ل٥٨٠).

ئەمین زەکی بەگیش لە باسی شارەکانی شارەزووردا نووسیوویەتی: دەیلەمستان وەک یەکێک لە شارەکان و ئاوەدانییەکانی سەردەمی سەرەتای هاتنی ئیسلام ئاماژەی پێکراوە، ئەم دەیلەمستانە سەر بە شارەزوور بووە و لە چوارچێوەی خاکی شارەزوور ناوبراوە، هەروەها ناوی دەیلمستان دەهێنیت وەک یەکێك لەو ئاوەدانی و نشینگانەی کەوا گەریدەکان باسیان کردووە وەک ابو دولف و حەمەوی، لەگەڵ ئەوەشدا دەیلمەستان بە یەکێك لە ئاوەدانیەکانی شارەزووری سەدەی چواری کۆچی ناوودەبات (ئەمین زەکی: ١٩٣٩، ل١٨).

(ئەمین نەقشبەندی)ش دەربارەی شارەی دیلەمستان دەدوێیت وە بۆچونی جیاوازی لەسەر شوێنی شاری دیلەمستان هەیە و پێی وایە شاری دیلەمستان ناوچەی هەورامانە، بەدیاری کراویش گومان بۆ چەند ناوچەیەک دەکات وەک گوندی هەورامانی ئێستا، لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یان گوندی دزڵی لە بەشی کوردستانی ئێران کە پێی وایە ناووەکەشی لە دیلم نزیکەو گومان دەکرێت دەیلەمییەکان لە دزڵی نیشتە جێ بوبێتن، یان ئەوگوندەیی لە سەرەتای دەربەند کەڵەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە بەناوی زەرەوەی یان زەرارا کە ئەکرێت "زۆر دارا"بوبێت واتە بەهێزەکان، ئەم شوێنە شوێنی مانەوەی دەیلەمییەکان بووبێت(ئەمین نەقشبەندی: ١٩٨٣، ل٧١ و٧٤). بەڵام ئەم بۆچونانە زانستی نین چونکە نێوانی دەیلەمستان و نیم ئەزرای حەوت فرسەخ بووە، لە کاتێکدا نێوان ئەم شوێنانەی ئەمین نەقشبەندی باسی لێوەکردوون زیاتر لە بیست فرسەخ دەبن، لەکاتێکدا نێوان شوێنەوارەکانی دلیدەمان لە ئێستادا لەگەڵ شوێنی شوێنەوارەکانی شاری نیم ئەزرای لە ناوەندی شارەزوو تەنها حەوت فرسەخە و ئەمەش بۆچونە زانستیەکەی توێژینەوەکە پشتڕاستدەکاتەوە کە دیلیدەمان شوێنی دەیلەمستانبێت.

دکتۆر (حیسامەددین نەقشبەندیی) دەربارەی دەیلەمستان نووسیوویەتی: گوندێکە لە نزیک شارەزوور لە شاری نیم ئەزراوە ٤٢کم دورە، نیشتیمانی یەکەمی دەیلەمیەکان باشورو باشوری خۆرهەڵاتی دەریای قەزوینە و لە ڕۆژگاری فارسەکان هاتونەتە ناوچەکە، ئەوشوێنەی لێیماونەتەوە لە باکورو خۆرهەڵاتی خورماڵ بووە، هەروەها بۆچونی تریش هەیە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی هەورامان نیشتە جێ بوون(حسام الدين نەقشبەندی: ٢٠١١، ل٩٨).

(عەباس ئەلعەزاوی)ش دەربارەی دەیلم دەڵێت: زانیاری لەسەر دەیلەمستان لە معجم بلدانی حەمەوی باسکراوەو گوندێکی دەورو بەری شارەزوورە(عزاوی: ٢٠٠٠، ل١١٠)، مامۆستا ڕۆژبەیانیش دەیلمستان وەک شارێکی شارەزوور باس دەکات و مێژووەکەی بۆ پێش هاتنی ئیسلام دەگەڕێنێتەوە(ڕۆژبەیانی: ٢٠٠٥، ل٤٦٢).

سەرچاوە کان بەم شێوەیە دەربارەی گوند یان شاری دەیلەمستان نوسیویانە، گەرچی بەوردی شوێنی جوگرافییایی دەیلەمستانیان دیارینەکردووە، بەڵام سەرداوی باش لە زانیارییەکان هەیە بۆ دۆزینەوەو دیاری کردنی شوێنی دەیلەمستان لە ئێستادا.

## باسی سێیەم: دیاریکردنی شوێنی دەیلەمستان لە ئێستادا.

لە سەرچاوە مێژوویەکان مێژوو نووس و گەڕیدەکان دەربارەی دەیلەمستان زانیاریەکانیان بۆ تۆمارکردوین، کۆی ئەو زانیاریانەی هەیە لە سەر دیلەمستان بریتییە لەوەی گوندێکە لە کەناری شارەزوور، دانیشتوانەکەی کاریان ڕێگری و چەتەییە، بەراورد بە شاری پیر بەهێزترن، وە دیلەمستان کۆتا ناوچەی شارەزوورە؛ دەیلەمییەکان لە ڕۆژگاری دەسەڵاتداریەتی ئێرانیەکان هاتونەتە شارەزوور، خێوتیان هەڵداوە بۆ ژیان دواتر چۆڵیان کردووە، دەیلەمیەکانیش سەربازی بەهێزن، حەوت فرسەخ لە شاری نیم ئەزراوە دورە، کە نیم ئەزرا(نیوەی ڕێگە) ناوەندی شارەزوور بووە لەو سەردەمەدا، شوێنی جوگرافییاکەشی دەکەوێتە لێوارەکانی شارەزوور، لە سنوری هەورامان و خورماڵدایە.

مەبەست لە دەیلەمیەکان لە بنەچەدا یان دیلمەستان ناوی سەرزەمێنێکە لە نێو چیاکانی ئەلبورز لە سەرەتای کەناری دەریای خەزرە، لە باکوری قەزوین لە نێوان پارێزگای گەیلان و خۆرئاوای تەبەرستان یان مازندەران لە باکوری ئێران(یوزف: ١٣٧٣، ل٢٥٦)، دەیلەمیەکان لە سەردەمی بنەماڵەی بوهییەکان بەهێز بوون، وە بەشێک لە لێکۆڵەرەوەکان باوریان وایە بوهییەکان لە دەیلەمییەکان بوون(سجادی: ١٣٧٨، ل٦٧). کەواتە دەکرێت بووترێت لەو سەردەمەدا وەک سەرچاوەکانیش باسیان کرد لە سەردەمی فارسەکان هاتونەتە ناوچەکەو بۆ چەتەی و ڕێگری هاتبن.

### یەکەم: بۆچونی توێژینەوەکە لەسەر شوێنی جوگرافییایی دەیلەمستان:

بە بۆ چونی ئەم توێژینەوەیە دەبێت دەیلمستان لە ئێستادا شوێنەواری کەلاوەکانی بانی "دەرەسولان" و تەختایی "دلیدمان" بێت، بۆ ئەوەی ئەم شوێنە مێژوویە زیاتر بناسێنرێت پێش دەرخستنی بەڵگەکان ناوچەی بانی دەرسولان و دلیدمان ڕوون دەکاتەوە.

لەسەر بنەمای توێژینەوە مەیدانییەکان ئەم ناوچەیە بریتیە لە ناوچەیەکی تەختایی لە بەرزایی چیاکانی هەورامان، لە باکوریەوە گوندی دەرەی مەڕ و لە خۆرهەڵاتییەوە گوندی سەرگەت و لە باشورییەوە گوندی ئاوایی ڕۆستەم بەگ و ناحیەی خورماڵ و لە باشور و خۆرئاواشیەوە گوندی ئەحمەدئاوا هەڵکەوتووە لە ئێستادا.

ئەم ناوچەیە هەڵکەوتە جوگرافییاییەکەی بە شێوەیەکە، کاتێك دەگەیتە بناری چیاکان لە یەکەم تەختایدا لە بەرزی کێوی دەرەسولاندا کۆمەڵێك کەلاوی و بیناسازی و شوێنەواری ژیان دەبینرێت، کە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم شوێنەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەرچاوی ئاوی سروشتی و کانیاوێکی باشی لێیە، هەروەها کەمێک تەختترە بەراورد بە بەشەکانی تری ناوچە چیاییەکە، لە هەموشی گرنگتر بەشێوەێك هەڵکەوتوە دەڕوانێت بەسەر ڕێگای هاتوچۆی نێوان دەربەندی دەرەی مەڕ و دەرمەندی زەڵم، تەواوی ڕێگاکانی هاتوچۆی ناوچەکە دێنەوە بەردەستی ئەم شوێنە، سەرەڕای ئەوەی شێوەی ژیانکردن لێرەدا تەنها بۆ ئەوە گونجاوە کە ڕێگربیت نەک ئەوەی شوێنی ژیان و کشتوکاڵ کردن بێت، وە بەشێوەیەک لە شێوەکان دوورە لە ئاوەدانییەکانی ژیان لەو سەردەمەو لە ئێستاشدا، ماڵەکان و کەلاوەکان بەشێوەی کەمپێک یان خانوەکانیان زۆر نزیک لە یەکەوە و بە تێکەڵی و بەشێوەی بیناسازی سادەو وشکە کەڵەك دروستکراوون، لە ئێستاشدا بناغەکان و پاشماوە بەردەکان بەباشی ماونەتەوە.

### دووەم: بۆچی توێژینەوەکە پێی وایە دلیدمان "دلیم" شوێنی دەیلەمیەکانە و دەیلەمستان بووە.

خاڵی یەکەم: ناوەکەی هۆکاری سەرەکیە بۆ ئەوەی بەشوێن ناوچەی دەیلەمیەکان بگەڕێین، دەبینین وەک سەرچاوەکان ئاماژەیان پێکرد ناوچەکە بە دەیلەمستان یان دەیلەمیاکان بەناوبانگ بووە، بەناوی خۆیانەوە ناوبراوە، ئێستەش شوێنەواری ئەم کەلاوە کۆنانە پێی دەوترێت (دلیم) وە دلیدمان کە تەنها پیتی (لا)مەکە و پیتی (یا)پێشو دووا کەوتووە، و وەك خۆی ماوەتەوە، تەنانەت لە مێژووی زارەکی ناوچەکە ورد بیبنەوە لەزاری بەشێک لە بەتەمەنەکانی ناوچەکە گێڕاویانەتەوە ئێرە پێیان وتووە دەیلمان و دواتر گۆڕدراوە بە دلیدمان وە ئێرە شوێنی چەتەو ڕێگربووە، کاتێك ئەم زانیارییە مەیدانییانە بەراورد بە تێکستە کۆنەکان دەکرێن دەبینرێت سەرەداوی شوێنی دەیلەمستان ڕوون دەبێتەوە.

تێبینێکی زانستی وەك مێژووی زارەکی بۆ زیاتر روون بوونەوەی بابەتەکە وەك لێکۆڵەری ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆم بە چاوی سەر و بە گوێی خۆم کە لەم ناوچەیە ژیاوم دەیان جار ئەم ناو بەسەرهاتانەم بەرگوێ کەوتووە، بەڵام پێشتر هیچ لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ئەم بابەتە نەکراووە بۆ پشتڕاستکردنەوەی، بەڵکو ئەمانە دەچنە چوارچێوەی مێژووی زارەکی وە تەنها ئەمەش بەس نییە بۆ سەلماندنی مێژوویەك کە چەند سەدەیەك بەسەریدا تێپەڕ بووبێت(توێژەر).

خاڵی دووەم: دیلمستان گوندێکی بچوک بووە، یان لە شێوەی خێوتگە و کەمپێک بووە، ئەمە زانیاریی نێو سەرچاوە مێژوویەکانە، ئەمەش دەبێتە بەڵگەیەکی بەهێز بۆ بۆچونی توێژینەوەکە، چونکە دلیدمان ئێستەش شوێنکە و شوێنەوارە جێماوەکانی لە گوندێکی بچوک زیاتر تێپەڕ ناکەن، ئەم پاشماوە شوێنەوارییە جێماوانە وەک گوندێکی بچوک دەردەکەوون، وە یەکسانن بەزانیارییەکانی نێو سەرچاوە مێژووییەکان کە دەڵێن دەیلەمستان گوندێکی بچوکە؛ یان وەک کەمپێک کەوا زۆر لە نزیک یەکەوە ماڵیان دروستکردووە، ئەمەش تایبەتمەندیکی سەربازی چەتەکانە، بۆ ئەوەی ئاگایان لە خۆیان بێت و پارێزراوبن، یان دەکرێت بوترێت مرۆڤانی کۆچەریی کە زۆر گرنگی بە بیناسازی و شوێنی مانەوەیان نادەن؛ دەبین پاشماوە شوێنەورییەکانی ئێرەش بەو تایبەتمەندییەن بنیاتنراون، واتە تایبەتمەندی پاشماوە شوێنەوارییەکانی دلیدەمان یەکسانە بەزانیارییەکانی سەرچاوەکان کە باسیان لە دەیلەمانکردووە. بڕواننە نەخشەی ژمارە سێ و ژمارە چوار پاشماوە شوێنەوارییەکانی  دلیدەمان.

خاڵی سێیەم: بەراوردکردنی دانیشتوانی دەیلەمستان و شاری پیر گەورەترین سەرەداو و بەڵگەیە بۆ ئەوەی کەوا دەیلەمیەکان لە نیزك شاری پیرەوە خێمەیان هەڵداوە، ئەم شوێنەی ئێستەی دلیدەمان زۆر نیزکە لە شوێنی شاری پیرەوە، پرسیارەکەش ئەمەیە بۆچی دەیلەمیەکان بەراورد بە شاری نیم ئەزڕای یان دزدان نەکران، کە دووشاری گەورە و دیاری شارەزووری سەدەکانی ناوەڕاستن، بە بۆچونی توێژینەوەکە وەڵامەکەش بەم شێوەیەیە، چونکە دەیلەمستان نزیکترین ئاوەدانی لێیەوە دەبێت شاری پیر بوبێت؛ بەراورد کردنی دانیشتوانی پیر و دیلەم بەوەی دەیلەمیەکان شەڕانگێز و ئازاتر بوون، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەوان کۆچەری بوونو هاتونەتە ناوچەکە و بۆ مەبەستی دزی و چەتەی وە لە سەردەمی دەوڵەتانی ئێرانی هاتوون، واتە ئەبێت پشتیوانی دەوڵەتیان هەبوبێت وە ناسراوتر بوبێتن  لەلای دەسەڵاتدارانی ناوچەکە، ئەمەش وایی کردووە بتوانن بە ئاسانی هاتوچۆ بکەن، هەروەها ساناتر بتوانن کاری ڕێگری و چەتەی بکەن، بە مانایەکی تر ئەگەر ئێستە شوێنی دەیلەمیەکان ئاوەدان بکەیتەوە بێجگە لە چەتەی و ڕێگری بۆ هیچ شتێکی تر بە کەڵک نایەت، ئەمەش دەرخەری ئەوە یە ڕۆژگارێك کۆمەڵێك چەتە لەم کەلاوە کۆنانەدا ژیابن بە ئێستەشەوە ئاوەدان نەکراوەتەوە کەسی تیدا ناژیت، وەك سەرچاوەکانیش ئاماژەیان پێکرد کە دەیلەمییەکان ناوچەکەیان چوڵکردوە.

هەروەها تایبەت بەم شوێنە وەك بەشێك لە مێژووی زارەکی ناوچەکە تا کۆتای ساڵی نەوەدەکان، بەهۆی تێکچونی بارودۆخی سیاسی و ئابوری کوردستانی باشوور ئەم جێگایە  شوێنی چەتی و ڕێگری بووە، تەنانەت لە یادگەی ئەو مرۆڤانەی ئێتە دەژین بە توێژەریشوە چەندین کەس لەم ناوچە کوژراون لەکاتی هاتو چۆکردن و بونی باری گرانبەها پێیان، ئەمەش دیسانەوە پشتڕاستی ئەوەدەکاتەوە ئەم شوێنە کە ئێمە پێمان وایە شوێنی دەیلەمیەکانە، گونجاوترین شوێنە بۆ چەتەیی، هاوکات تاکە ئامانجی دەیلەمیەکانیش چەتەی بووە، بە ئێستەشەوە ئەم شوێنە نزیکترین ئاوەدانییە لە شوێنەوارەکانی شاری پیر ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە کە ناوچەیی "دلیدەمان" دەیلەم بێت، چونکە شوێنە جوگرافییاکەی یەکسانە بە تایبەتمەندی شوێنی جوگرافی دەیلەمستانی سەدەکانی ناوەڕاست.

شاری پیر وەك شارێکی ئاوەدانی شارەزووری سەدەکانی ناوەڕاست کە ئێستە شوێنەواری شارەکە لە سەرەتای دەربەندی زەڵم دایە(ئەحمەدئاوایی:٢٠٢١،ل١٠)، گونجاوە بەراوردکردنی دانیشتوانی ئەم گوندە بەشاری پیر چونکە دراوسێی یەکترین، وە ئەم بۆچونەش گونجاوە و نزیکە لەو شوێنانەی کەوا سەرچاوەکان بە گومانەوە لەم ناوچەیە دواون و  باسی شاری دەیلەمستانیان کردوە لەم ناوچەیە بێت، بەڵام بەشێوەیەکی ورد خودی گوندەکەیان دیاری نەکردوە، وەك حسامەددین نەقشبەندی و ئەمین نەقشبەندیی باسیان لەوەکرد دەیلەمستان لەناوچەی هەورمانە، ئەم شوێنەش لەناوچەی هەورامانە و ناوەکەی و پاشماوە شوێنەوارییەکانی و نزیکی لە شاری پیرەوە کە

بەراوردکراوە تەواوکەری بۆچونی توێژینەوەکەن.

خاڵی چوارەم: دەیلەم کۆتا خاڵی شارەزوورە، ئەم زانیارییەش زانیاریی نێو سەرچاوەکانە، ئەم زانیارییە بۆتوێژینەوەکە گرنگە، چونکە شوێنی ئێستەی دلیدەمان کۆتا خاڵە و لێرەدا شارەزوور تەواو دەبێت، بەڵکو یەکەم بەرزای چیاکانە و دەشتاییەکانی شارەزوور لە بنارەوەو لە خوارەوە دەردەکەون بەم شێوەیە ئەمەش پشتڕاستی ئەوەمان بۆدەکاتەوە ئەکرێت ئێرە هەمان ئەو شوێنە بێت کەوا دەیلەمیەکانی تێدا ژیاون، واتە شوێنی جوگرافییایی ئێستەی شوێنەواری دلیدەمان گەر بەراورد بە سنوری جوگرافییایی شارەزووری سەدەکانی ناوەڕاست بکەین دەبنین یەکسانە بە شوێنەواری شاری دەیلەمستان کە وترا لە کۆتایەکانی شارەزووردا بووە.

خاڵی پێنجەم: سەرچاوەکان باسیان لەوەکرد نێوان شاری نیم ئەزرا و دەیلەمستان حەوت فرسەخە هەر فرسەخێک یەکسانە بە شەش کیلۆمەتر و کەمێک زیاتر(٦,٢٤کم)، کەواتە گەر حەوت فرسەخ بەرانبەر بە کیلۆمەتر لێکدان بکەین چل و دوو کیلۆمەتر و سەدو شەست و هەشت مەتر دەردەچێت(٤٢,١٦٨کم)، گەر لە دەیلەمستانەوە بۆ شوێنی شاری نیم ئەزرای کەوا سێ کوچکەی نێوانە زەڕایەن و بێستانصور و عەرەبەتە، ئەندازە بکەین بەشێوەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێش ڕاست لە نێوان بێستانصور بۆ عەربەت یەکسانەبە(٤٢,٦٠٠کم). ئەمەش دەبێتە بەڵگەیەکی زانستی گرنگ گە دوری دەیلەمستان و نیم ئەزرای وە دوری دلیدەمان و بێستانصور و عەربەت یەکسانن بەیەک.

خاڵی شەشەم: هیچ تایبەتمەندێکی شارنشینی و یان بیناسازی دانیشتوان وەک کۆشک یان مزگەوت یان بازاڕ یان پاشماوەی شارستانییەتی لەم بەشەی پاشماوە بیناسازیانەی دلیدەم نادۆزرێتەوە لە ئێستادا، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە ئەمانە کۆچەری بوون وە چەتەو ڕێگرن بوون زۆر گرنگیيان بە لایانی تەلارسازیی نشینگەکەیان نەداوە.

لێرەدا ئەوە ڕون دەبێتەوە کەوا شوێنەواری کەلاوەکانی بانی دەرەسولان، ئەو شوێنەی پێی دەوترێت دیلمان یان دلیدەمان، شوێنێکی بچوکە و گوندێکی ئاساییە، هەڵکەوتەکەی نزیکە لە شاری پیرە و دانیشتوانەکەی غەریب بون و نەهاتونەتە نێو ئاوەدانییەکانی شارەزوور و ئەو کەنارەیان گرتووە، بە ئامانجی چەتەیی کەئەمەش یەکسانە بە سیفەتەکانی گوندی دەیلەمستانی سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست و بەتایبەتیش سەردەمی چواری کۆچی.

کەواتە بۆچی  هیچ کەسیک لە توێژەران درکی بەوە نەکردوە کەئەم بۆچوونەی ئێمە پێشتر باسبکات، هۆکاری سەرەکی ئەوەیە ئەم شوێنە لە ئێستادا کەنارە و دەبێت زۆر شارەرزای ناوچەکەبیت، وە مەیدانییەن هەنگاو بە هەنگاو لەم ناچەیە ورد ببیتەوە بۆ ئەوەی ئەم ڕاستیە دەربکەویت، کەمن ئەوانەی بتوانن درك بەو هەموکەلاوە کونانەی دلیدەمان بکەن و بەشوێن مێژوویاندا گەڕابن؛ هەربۆیە تایبەتمەندیەکانی ناوچەی دلیدەم، خودی ناووەکە و کەلاوە کونەکان و پاشماوە بیناسازییەکان و هەڵکەوتە جوگرافییاییەکەی، هەروەها بچوکی شوێنەکە و سەرەڕیگەبوونی لە کوندا و کەنار بوونی و سەخت بوونی، لە ئێستەشدا وێران بوون و ئاوەدان نەکردنەوەی هاوشێوەی گوند و ناوچەکانیتر کە دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکەی لێ ژیاون، سەرەڕای بوونی کانی و کانیاوی سروشتی و ئاوشیرن دەرخەری ئەوەن ڕۆژگارێك، کۆمەڵێك کەس بەنییەتی چەتەی ئێرەیان بەکار هێنابێت، پاشان بۆهەمیشە بەشێوەی کەلاوە کۆن مابێتەوە، بە شێوەیەك ئەم گوندە پێشتر گوندێك یان ئاوەدانێك نەبووە، کە بەهۆی شەڕ یان گرفتێکەوە دانیشتوانەکەی چوڵی بکەن و پاشان بگەڕێنەوە وەك بەشێکی زۆری گوندەکانی تر، بەڵکو کەدەیلەمیەکان چوڵیان کردوە ئیتر نەگەڕاونەتەوە و ئێرە ئاوەدان نەکراوەتەوە و تەنها شوێنەواری کەلاوە کۆنەکان ماونەتەوە و بەشێك لە ناوەکەی هەرچەندە کەمێك گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

لە ئەگەری ئەنجامدانی هەڵکۆڵینی زانستی شوێنەوارناسی لە پاشماوە شوێنەوارییەکانی بانی دەرەسولان و شوێنەواری دلیدەمان و دەرکەوتنی بەڵگە و پاشماوەی شوێنەواریی، کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر پشتڕاستکردنەوەی بۆچونی توێژینەوەکە، گەرچی پاڵپشت بە زانیارییە تۆمارکراوەکان و بەڵگە بەردەستەکان، نزیکترین بۆچونی زانستی، شوێنەواری دەیلەمستانی شارەزووری سەدەکانی ناوەڕاست پاشماوە شوێنەوارییەکانی دلیدەمانە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## ئەنجام:

ئەم توێژینەوەیە گەیشتوە بە چەند ئەنجامێکی گرنگ، دەربارەی ئاوەدانی دەیلەمستان، و پاشماوە شوێنەوارییەکانی دلیدەمان.

١. بەشێك لە سەرچاوەكان دەیلەمستانییان بە شار ناو بردووە، لە تایبەتمەندی شارەكانی سەدەكانی ناوەڕاستیش ورد بوینەوە، وێڕای ئەوەی بەشێك لەتایبەتمەندیەكانی شار بریتیبون لەوەی شارەكان سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەویان هەبێت، هەروەها زۆری ژمارەی دانیشتوان و ئامانج و كلتوری هاوبەشی دانیشتوانی شارێك یان ئاوەدانێك وەك تایبەتمەندی شار دەستنیشانكرابوو، تاییەت مەندیانەش لەگەڵ ئاوەدانی دیلەمستان یەك دەگرنەوە، بەڵام زیاتر زانستییە گەربڵێن دەیلەمستان گوندێكی گەورە بووە، بەراورد بە شارەكانی ئەو سەردەمەی شارەزوور، بۆیە ناچێتە چوارچێوەی شارەكانەوە هەرچەندە شار لەوسەردەمانەدا زۆر بچوك بوون، ئاوەدانییەكان هەندێكجاریش بەشار ناو براون، بەڵكو ئەتوانین بڵێن دەیلەمستان گوندێكی گەورە بووە.

٢. شوێنی ئێستەی شار یان گوندی دەیلەمستان دەكەوێتە بانی دەرەسولان، شوێنگی گرنگ و خاوەنی پاشماوەی شوێنەوارییە، تەواوی تایبەتمەندییەكانی ئێستەی شوێنەوارەكانی دلیدەمان یەكسانە بە تایبەتمەندی ناوەڕۆك و شێوە ژیانی دانیشتوانی دەیلەمستانی شارەزوری سەدەكانی ناوەڕاست، كە ئیشیان ڕێگری و ژیانییان سادەو لە شێوەی كەمپوو نزیك لەیەك ژیاون، ئەمەش ئێمە دەباتە سەر بۆچونی تەواوەتی كەوا شوێنەوارەكانی دەیەلمان یان دلیدەمان یەكسانە بە ئاوەدانی دەیلەمستانی سەدەكانی ناوەڕاست لە شارەزوور.

٣. لە سۆنگەی جوگرافییایی شارەزووریشەوە بەوردی سەرچاوەكان شوێنی جوگرافییایی فراوانی شارەزووریان بۆ ڕونكردینەوە، شوێنی جوگرافییایی ئێستەی شاری دلیدەمان بەراورد بە سنوری فراوانی شارەزووری كۆن بەشێك بووە لە شارەزوور، بەدیاریكراویش لێوارەكانی شارەزوور وەك سەرچاوەكانیش نوسینەكانییان بەم شێوەیەبوو.

٤.دەیلەمستان دەكەوێتە لێوارەكانی شارەزوور، لە سنوری شاری پیر، كە ئێستە شاری پیر لە دەربەندی زەڵم دایە، و نزیكە لە شوێنەواری دلیدەمان و كۆتاییەكانی شارەزووری سەدەكانی ناوەڕاست دەكات، وە پاشماوە شوێنەوارییەكانی دیلدەمان تەنها پاشماوەی شوێنەواری فەرامۆشكراوون كە تایبەتمەندی دەیلەمستانییان لەخۆگرتبێت.

٥.پاشماوە بیناسازیەكانی شاریی دەیلەمستان كە ئێستە توێژینەوەكە پێیوایە (دلیدەمان)ە هاوشێوەی ژیانی كۆچەریی و گروپ و نشینگەیی ڕێگرەكانە، كەئەمەش یەكسانە بە تایبەتمەندی دەیلەمستانی سەدەكانی ناوەڕاست.

٦.شوێنی جوگرافییای دەیلەمستان لە شارەزووری سەدەكانی ناوەڕاست یەكسانە بە شوێنی جوگرافییایی دلیدەمانی ئێستا لە لێوارەكانی شارەزوور و لە نزیك شاری پیر، هەورەها هەڵكەوتەی جوگرافییای پاشماوە شوێنەوارییەكانی دلیدەمان بەهەمان شێوە یەكسانە بە تایبەتمەندی زانیارییەكانی شاری دەیلەمستان.

٧.پاشماوەی ناوی دلیدەمان سەرچاوەكەی بۆ دەیلەمستان دەگەڕێتەوە و وەك بەشێك لە شوێنەواری ناوە مێژووییەكەی دەیلەمستان لەسەر پاشماوە شوێنەوارییەكانی بانی دەرەسولان ماوەتەوە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە عەرەبییەکان.


١. البكري، أبو عبيد عبد الله بن عبد العزيز بن محمد البكري الأندلسي (المتوفى: ٤٨٧هـ)، ( ١٤٠٣هـ)، معجم ما استعجم من أسماء البلاد والمواضع، الناشر: عالم الكتب، الطبعة: الثالثة، بيروت

٢. أبن بطوطه، محمد بن بطوطه (المتوفى٧٧٩هـ)، (١٤١٧هـ)، النضارفي غرائب الامصار و عجائب الاسفار، عبدالهادي التازي، طبعة الاولي، اكاديمية المملكة المغربية، رباط.

٣. ا البلاذري، أحمد بن يحيى بن چابر بن داود الب ل اذري (المتوفى: ٢٧٩هـ)، ( ١٩٨٧م)، فتوح البلدان، الطباعة و النشر: المسسة المعاف – لبنان،بيروت.

٤. ابن البيطار، عبد الرزاق بن حسن بن إبراهيم البيطار الميداني الدمشقي (المتوفى: ١٣٣٥هـ)، (١٤١٣هـ-١٩٩٣م)، حلية البشر في تاريخ القرن الثالث العشر،حققه ونسقه وعلق عليه حفيده: محمد بهجة البيطار - من أعضاء مجمع اللغة العربية الناشر: دار صادر، الطبعة: الثانية، بيروت.

٥. الجوزي، جمال الدين أبو الفرج عبد الرحمن بن علي بن محمد الجوزي (المتوفى: ٥٩٧هـ)، (١٤١٢هـ - ١٩٩٢م)، المنتظم في تاريخ الأمم والملوك، المحقق: محمد عبد القادر عطا، مصطفى عبد القادر عطا الناشر: دار الكتب العلمية، الطبعة: الأولى، بيروت.

٦. الادريسى، محمد بن محمد بن عبد الله بن إدريس الحسني الطالبي(المتوفى: ٥٦٠هـ)، (١٤٠٩هـ)، نزهة المشتاق في اختراق الآفاق، الناشر: عالم الكتب، الطبعة: الأولى، بيروت.

٧. الدمشقي، محمد بن عبد الله (أبي بكر) بن محمد ابن أحمد بن مجاهد القيسي الدمشقي الشافعي، شمس الدين، الشهير بابن ناصر الدين (المتوفى: ٨٤٢هـ), (١٩٩٣م)، توضيح المشتبه في ضبط أسماء الرواة وأنسابهم وألقابهم وكناهم، المحقق: محمد نعيم العرقسوسي الناشر: مؤسسة الرسالة - الطبعة: الأولى، بيروت.

٧. هستد، كوردن ،( ١٩٤٨م)،الاسس الطبيعية الجغرافية العراق، المؤلف: كوردن هستد، تعريب جاسم محمد خلف، الناشر: وزارة المعارف - الطبعة الأولى، عراق بغداد.

٨. ابن واصل، محمد بن سالم بن نصرالله بن سالم ابن واصل (١٣٧٧هـ - ١٩٥٧م)، مفرج الكروب في أخبار بني أيوب،(المتوفى: ٦٩٧هـ) الناشر: دار الكتبوالوثائق القومية- المطبعة الأميرية، جمهورية مصر العربية ،القاهرة.

٩. ابن حوقل، ابوالقاسم محمد بن حوقل البغدادي الموصلي (المتوفى: بعد ٣٦٧هـ), (١٩٣٨م)، صورة الأرض الناشر: دار صادر، أفست ليدن، بيروت.

١٠. ابن حجرلعسقلاني، أبو الفضل أحمد بن علي بن محمد بن أحمد بن حجر العسقلاني (المتوفى: ٨٥٢هـ)، (١٤٠٤هـ/١٩٨٤م)، النكت على كتاب ابن الصلاح، المحقق: ربيع بن هادي عمير المدخلي الناشر: عمادة البحث العلمي بالجامعة الإسلامية، الطبعة: الأولى، المدينة المنورة، المملكة العربية السعودية.

١١.حاجي خليفة، مصطفى بن عبد الله القسطنطيني العثماني المعروف بـ «كاتب جلبي» وبـ «حاجي خليفة» (المتوفى ١٠٦٧ هـ)، (١١٤٥)، جهان نما، .حاج خليفة، الطبعة الاولي ١١٤٥هجري في قسطنطينة.

١٢. الحميرى, أبو عبد الله محمد بن عبد الله بن عبد المنعم الحميرى (المتوفى: ٩٠٠هـ), (١٩٨٠م)، الروض المعطار في خبر الأقطار، المحقق: إحسان عباس الناشر: مؤسسة ناصر للثقافة - طبع على مطابع دار السراج الطبعة: الثانية، بيروت.

١٣. ياقوت الحموى، شيخ الامام شهاب الدين ابى عبدالله ياقوت بن عبدالله الحموى الرمى البغدادي(المتوفي ٦٢٦هـ) ( ١٩٩٥م)،معجم البلدان لبنان، بيروت.دار الناشر صدر.

١٤. المقدسي، أبو القاسم شهاب الدين عبد الرحمن بن إسماعيل بن إبراهيم المقدسي الدمشقي المعروف بأبي شامة (المتوفى: ٦٦٥ هـ), (١٤١٨ هـ- ١٩٩٧م)، الروضتين في أخبار الدولتين النوريةوالصلاحية، عدد الأجزاء١، المحقق: إبراهيم الزيبق الناشر: مؤسسة الرسالة -

الطبعة: الأولى، بيروت.

١٥. ابن المستوفي، المبارك بن أحمد بن المبارك بن موهوب اللخمي الإربلي، المعروف بابن المستوفي (المتوفى: ٦٣٧هـ) , (١٩٨٠م)، تاريخ إربل, المحقق: سامي بن سيد خماس الصقار الناشر:وزارة الثقافةوالإعلام، دار الرشيد للنشر ، العراق.

١٦. مجموعة من المؤلفين(٢٠٠٤م)، قاموس مجمع الوصيط، الدارالعامة المعجمات والتراث جمهورية ميصرية، ناشر المكتبة الشرق الدولية، الطبعتة الرابعة، قاهير.

١٧. ابن المعتز، عبد الله بن محمد ابن المعتز العباسي (٢٩٦هـ)، طبقات الشعراء المحقق: عبد الستار أحمد فراج الناشر: دار المعارف - الطبعة: الثالثة، القاهرة.

١٨.مينورسكي، فلاديمير(١٩٦٨)، لأكراد، ملاحظات وانطباعات، الأكراد أحفاد الميديين، ترجمة د.معروف خزندار، طبع اولا، مطبعة النجوم، بغداد.

١٩. النقشبندي،.حسام الدين ( ٢٠١١)، الكرد فى لرستان الصغري (الشمالية) و شهرزور جلال العصر الوسيط، موسسة ژين، سنة سليمانية.

٢٠. النويري، أحمد بن عبد الوهاب بن محمد بن عبد الدائم القرشي التيمي البكري، شهاب الدين النويري (المتوفى: ٧٣٣هـ), ( ١٤٢٣هـ)، نهاية الأرب في فنون الأدب،.الناشر: دار الكتب والوثائق القومية، الطبعة: الأولى، القاهرة.

٢١. السبكي، تاج الدين عبد الوهاب بن تقي الدين السبكي (المتوفى: ٧٧١هـ), ( ١٤١٣هـ)، طبقات الشافعية الكبرى، المحقق: د. محمود محمد الطناحي د. عبد الفتاح محمد الحلو الناشر: هجر للطباعة والنشر والتوزيع الطبعة: الثانية.

٢٢. السمعانى، عبد الكريم بن محمد بن منصور التميمي السمعاني المروزي، أبو سعد (المتوفى: ٥٦٢هـ), (١٣٨٢ هـ - ١٩٦٢م)، الأنساب، المحقق: عبد الرحمن بن يحيى المعلمي اليماني وغيره الناشر: مجلس دائرة المعارف العثمانية، الطبعة: الأولى، حيدرآباد.

٢٣. ابن عساكر، أبو القاسم علي بن الحسن بن هبة الله المعروف بابن عساكر (المتوفى: ٥٧١هـ), ( ١٤١٥ هـ - ١٩٩٥م)، تاريخ دمشق، المحقق: عمرو بن غرامة العمروي الناشر: دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت.

٢٤.ابن عبد الحق، عبد المؤمن بن عبد الحق، ابن شمائل القطيعي البغدادي، الحنبلي، صفي الدين (المتوفى: ٧٣٩هـ), ( ١٤١٢هـ)، مراصد الاطلاع على أسماء الأمكنةوالبقاع، الناشر: دار الجيل، الطبعة: الأولى، بيروت.

٢٥.العمري، أحمد بن يحيى بن فضل الله القرشي العدوي (المتوفى: ٧٤٩هـ), ( ١٤٢٣هـ)، مسالك الأبصار في ممالك الأمصار، الناشر: المجمع الثقافي، الطبعة: الأولى، أبو ظبي.

٢٦.العينى، أبو محمد محمود بن أحمد بن موسى بن أحمد بن حسين الغيتابى الحنفى بدر الدين (المتوفى: ٨٥٥هـ) ( ١٤٢٩هـ- ٢٠٠٨م)، نخب الأفكار في تنقيح مباني الأخبار في شرح معاني الآثار، المحقق: أبو تميم ياسر بن إبراهيم الناشر: وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية- الطبعة: الأولى، قطر.

٢٧. عبدالرزاق عباس،( ١٩٧٣م)، نشاة مدن العراق وتطورها، المؤلف، عبدالرزاق عباس حسين، الطبعة الاولى، النشر بغداد.

٢٨.عبوش،( ٢٠٠٤م)، المدينة الكردية من القرن (٤-٧هـ، ١٠-١٣م)، فرهاد حاج عبوش، طبعة الاولى، دار سبيريز، دهوك.

٢٩. العزاوي، عباس(٢٠٠٠م)، شهرزور السلمانية (اللواء والمدينة)، راجعه و تعليق عليه وقدم له، محمد علي القرداخي، الطبعة الاولي، بغداد.

٣٠.ابن الفوطي، كمال الدين أبو الفضل عبد الرزاق بن أحمد بن محمد الصابوني (٧٢٣هـ)، الحوادث الجامعةوالتجارب النافعة في المائة السابعة، بدون سنة نشر.

٣١. فيروزابادي، مجدالدين أبي طاهر محمد بن يعقوب(المتوفي ٨١٧هـ), ١٤٢٦هـ.)، قاموس المحيط، مكتب تحقيق التراث فى مؤسسة الرسالة، الطبعة الثامنة، مؤسسة الرسالة، بيروت.

٣٢. لاصطخري، أبو اسحاق إبراهيم بن محمد الفارسي (المتوفى: ٣٤٦هـ)، ( ٢٠٠٤م)، المسالكوالممالك، الناشر: دار صادر، بيروت.

٣٣. القلقشندي، أحمد بن علي بن أحمد الفزاري ( ٨٢١هـ)، صبح الأعشى في صناعة الإنشاء،الناشر: دار الكتب العلمية، بيروت.

٣٤.قدامة بن جعفر، ابو الفرج قدامة بن جعفر بن قدامة بن زياد البغدادي(المتوفى: ٣٣٧هـ), ( ١٩٨١م)، الخراج وصناعة الكتابة الناشر: دار الرشيد للنشر، الطبعة: الأولى، بغداد.

٣٥. ابن رسته، أحمد بن عمر، أبو علي ابن رسته، (المتوفي ٣٠٠ هـ), (١٨٩٢م)، علاقة النفسية، ، مجلد السابع، متبعة بريا، المدينة ليدن.

٣٦. ابن خلدون، عبد الرحمن بن محمد بن محمد، ابن خلدون أبو زيد، ولي الدين الحضرمي الإشبيلي (المتوفى: ٨٠٨هـ), (١٤٠٨هـ - ١٩٨٨م)، ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر، المحقق: خليل شحادة الناشر: دار الفكر، الطبعة: الثانية، بيروت.

٣٧. ابن خرداذبة، أبو القاسم عبيد الله بن عبد الله المعروف بابن خرداذبة (المتوفى: نحو ٢٨٠هـ), ( ١٨٨٩م)، المسالك والممالك الناشر: دار صادر أفست ليدن، بيروت.

٣٨. الذهبي، شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان (المتوفي٧٤٨هـ), (١٤٠٢هـ)، سير أعلام النبلاء، الطبعة الثانية، مؤسسة الرسالة، بيروت.

## دووەم: سەرچاوەی فارسییەکان:

١. اعتزادی،( ١٣٨٤شمسی)، شهر ايراني، يك مفهوم، لادن اعتزادی، در فصلنامه انديشه ايرانشهر، شماره ٦، تهران.

٢. ابودلف،(١٣٥٦شمسی)،سفر نامه ی ابودلف در ایران، در سال ٣٤١، با تعليقات و تحقيقات ولاديمر مينورسكى، ترجمة سيد ابو فزل طباطبايي، چاپ دوم، تهران.

٣. دهخدا،(١٣٤١شمسی)، لغت نامه دهخدا، علي اكبر دهخدا، الناشرسازمان مديريت و برنامه ريزى كشور، تهران.

٤. حسن قمی،( ١٣٨٥شمسی)،تاريخ قم، نويسنده حسن بن محمد بن حسن قمى، به كوشەش دار التحقيق آستانه مقدسه قم، مكان نشر شهر قم.

٥. يوزف،( ١٣٧٣ شمسی)، ايرانشهر بر مبنای جغرافيای موسى خورنى، ماركوارت يوزف، انتشارات اطلاعات، نوبت يكم، تهران.

٦.خزای،( ١٣٩٥شمسی)، مفهوم شهروندی در شهر ساسانى، رضا خزاعى، نوبت چاپ يكم، ناشر انتشارات بهار درخت، تهران.

٧. سجادی،( ١٣٧٨شمسی)، تاريخ و جغرافيای تاريخى رامسر، محمد تقى سجادى، انتشارات معين، نوبت چاپ يكم، تهران.

٨. راوندی،(١٣٨٢شمسی)،تاريخ اجتماعی ايران، نويسنده مرتضى راوندى، نوبت چاپ دوم، ناشر انتشارات نگاه ، تهران.

## سێیەم: سەرچاوە کوردیەکان

١. ئەمین زەکی،( ١٩٣٩)، تەئریخی سلێمانی و وڵاتی لە دەوری زۆر قەدیمەوە تا ئەوەڵی ئیحتیلال ١٩١٨میلادی، محمد ئەمین زەکی، چاپخانەی النجاح، چاپ یەکەم، شوێن بەغداد..

٢. ئەحمەدئاوایی(٢٠٢١ م)، چەردەیەک لە مێژووی ئەحمەدئاوا، محمد صابر ئەحمەدئاوایی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕێدار، سلێمانی.

٣.حاجی, زریان ( ٢٠١٧م)، ڕۆڵو کاریگەری ئێرانیەکان لە گەشە سەندنی بوار کۆمەڵایەتیەکان لە شارستانیەتی ئیسلامی، دکتۆر زریان سالار حاجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٤. کەیوان ئازاد ئەنوەر( ٢٠١٥م)،کوردستانو کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە، تاران.

٥. نەقشبەندی، ئەمین (١٩٨٣م)، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی دەیەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

ڕەحمانی، وریا( ٢٠٠٩م)، کوردو کوردستان لە ڕوانگەی نەخشەوانیەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٦.ڕۆژبەیانی، مەلا جەمیل بەندی، (٢٠٠٥)، وڵاتەکەت باشتر بناسە، چاپی یەکەم، چاپ خانەی ئاراس، هەولێر.

## یەکەم: پاشکۆی نەخشە

نەخشەی ژمارە(١) هەرێمی چیاکان لە کتێبی
صورت ئەرضی ابن حوقل چاپی لیدن(ابن حولق: ١٩٣٨، ل٣٥٦).




نەخشەی ژمارە(٢). شوێنی شارەزوور لەخاکی عوسمانی
(حاجی خلیفە: ١١٤٥کۆچی: ل٤٠١).



نەخشـەی ژمـارە(٣) شـوێنی جوگرافییایـی دەیلەمسـتان لـە باشـورو خۆرهەڵاتـی ناحیـەی خورمـاڵ و خۆرهەڵاتـی شـارەزووری سـەدەکانی ناوەڕاسـت (توێـژەر)




نەخشـەی ژمـارە(٤) پاشـماوە بیناسـازییەکانی ناوەندیـی گونـدی دەیلەمسـتان لـە بانـی دەرەسـولان و ناوچـەی دلیدەمان(توێـژەر).





(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## دووەم: پاشکۆیی وێنە

وێنەی ژمارە(١) دیمەنی بانی دەرەسولان(توێژەر)



وێنەی ژمارە(٢) دیمەنی پاشماوە بیناسازییەکانی(دلیدەمان)



وێنەی ژمارە(٣) دیمەنی کەلاوەکانی دلیدەمان(توێژەر)



وێنەی ژمارە(٤) دیمەنی پاشماوەیی بەردە بەکارهاتووەکانی بانیدەرەسولان(توێژەر)



# تحديد مواقع مستجمعات المياه السطحية في ناحية شورش ( قضاء كوية - محافظة أربيل) باستخدام نموذج (AHP)

نالي جواد حمد[1]، ساية سلام صابر[2]، جوانرو أزاد عزيز[3]
[1,3]قسم الجغرافيا، كلية التربية، جامعة كوية ، مدينة كوية، كوردستان، عراق
[2]قسم الجغرافيا، كلية العلوم الأنسانية، جامعة السليمانية، مدينة السليمانية، كوردستان، عراق
Corresponding author's e-mail: nali.jawad@koyauniversity.org

**المستخلص :**

يعاني سكان منطقة الدراسة ومناطق الإقليم كوردستان العراق من سوء ادارة و تنمية مصادر المائية المتاحة للاستخدامات المختلفة، ، نتيجة للتغيرات المناخية منذ ستينيات القرن الماضي، مما دفع سكان منطقة الدراسة الى الاستفادة القصوى من الموارد المائية المتاحة، و ذلك عن طريق حفر آبار في منازلهم، إلا أن كمية المياه التي يمكن تخزينها في تلك الابار محدودة جدا ، لذلك هدفت الدارسة إلي تسخير تقنية نظم المعلومات الجغرافية في دراسة و تحديد أفضل المواقع لإنشاء السدود في منطقة الدراسة.

تقع منطقة الدراسة جهة جنوب الشرق من محافظة اربيل وتتمثل بناحية شورش التي تبلغ مساحتها مساحة الناحية حوالي (٦٨٩,٩٠) كم٢. على ارتفاع يتراوح مابين (٣٥٨ - ١٣٢١) م فوق مستوي سطح البحر و استخدمت الدراسة معايير طبيعية من تربة و تراكيب جيولوجية و معالم طبوغرافية وخصائص مناخيه وتصنيفات استخدام الاراضي، في اقتراح أفضل المواقع لإنشاء السدود، وتم اعتماد خطوط الكنتور بفاصل رأسي (٥٠)متر في تحليل السطوح الطبوغرافية بالاعتماد على برامج نظم المعلومات الجغرافية المتمثلة في (ArcGIS10.8) و منهج(AHP)، أظهرت الدراسة أن هناك عدة مواقع مناسبة لإقامة السدود و بقدرات تخزينية متفاوتة وأوصت الدراسة ببناء مستجمعات لتخزين مياه الأمطار بحيث تخدم المنطقة في فترة الجفاف وتنظيم و إدراة الموارد المائية المتاحة و توفير احتياجات المنطقة من المياه الصالحة للشرب و الزراعة ، اضافة الى تجنب خطر حدوث الفيضانات.

**الكلمات الدالة:** التحليل الهرمى (AHP)، نظم المعلومات الجغرافية (GIS)، التحليل المكانى، السدود الموارد المائية.


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٧ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢٢) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٧/٢٨ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/٢٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | nali.jawad@koyauniversity.org |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٢ أ.م.د نالي جواد حمد، أ.م.د ساية سلام صابر، م.م جوانرو أزاد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## پوختە :

دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە و هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەکی گشتی بەدەست خراپی بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی سەرچاوەکانی ئاو دەناڵێنێت بەتایبەتی لەپاش ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، ئەمیش لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی ئاووهەوا، بۆیە دانیشتوانی ناوچەکە بۆ دەستکەوتنی سەرچاوەی ئاو ناچاربوون پەنابەرن بۆ هەڵکەندنی بیر لە ماڵەکانی خۆیان، هەرچەندە بڕی ئاوی دەستکەوتوو لەم بیرانە زۆر کەم و دیاریکراوە، بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم گرفتە هەوڵماندووە لە ڕێگەی بەکارهێنانی سیستەمی زانیاری جوگرافی و کۆکردنەوەی زانیاری وورد چەند شوێنێك دەستنیشان بکەین بۆ دروستکردنی بەست و بەنداو.

ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە بەشی باشووری خۆرهەڵاتی پارێزگای هەولێر، ڕووبەرەکەی دەگاتە نزیکەی (٦٨٩,٩٠)کم٢ و بەرزی لە نێوان (٣٥٨ - ١٣٢١)م دایە لەئاستی ڕوی دەریا، لەو توێژینەوەیەدا چەند هەڵسەنگاندنێکی سروشتی بەکارهێنراون بۆ شیکردنەوەی لایەنی (خاك و پێکهاتەی جیۆلۆجی و ئاووهەوا و بەکارهێنانی زەوی) بۆ مەبەستی دیاریکردنی باشترین شوێن بۆ دروستکردنی بەست و بەنداو، هەروەها پشت بەستراوە بەنەخشەی کەنتۆری دووری ئاسۆیی(٥٠)م بۆ شیکردنەوەی خاسیەتی بەرزونزمی ناوچەکە، ئەمە بێجگە لە بەکارهێنانی سیستەمی زانیاری جوگرافی، وەك پرۆگرامی (ArcGIS١٠,٨) ومیتۆدی(AHP)، کە تواندراوە چەند ناوچەیەکی گونجاو دەستنیشان بکرێت بۆ دروستکردنی بەست و بەنداو و کۆکردنەوەی ئاوی باران، ڕاسپاردەکانیتوێژینەوە بریتییە لە دروستکردنی چەند بەست و بەنداوێك بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران و بەکارهێنانی لەکاتی ووشکە ساڵی و کەمئاوی بۆ ماوەیەکی درێژ.


**کلیلە وشە:** شێکردنەوەی قوچەکی (AHP)، سیستەمی زانیاری جوگرافی، شیکاری شوێنی بەنداوەکان، دەرامەتی ئاو.


## Abstract:

The population of the study area in particular, and population of the Kurdistan region in general have been facing water scarcity, and especially since the 1960s, due to climate change. Thus, the residents of the areas affected by water shortages have been forced to resort to drilling private water wells on their own properties. However, those wells do not provide sufficient quantities of water. To overcome water scarcity, this study tries to identify potential sites to build dams and reservoirs using geographic information systems (GIS) and accurate field data.

The area under study is the southeastern part of Erbil Province which is approximately 689.90 km2 in area and has a height of 358 to 1321 m above the sea level. In this study, we have used an environmental impact assessment to evaluate the soil type، geological formations، climate، and land use in the area in order to locate the best sites to construct dams. We have also relied on contour maps with 50 m intervals to analyze the elevation of the area, and used geographic information systems such as ArcGIS10.8 and AHP that enabled us to identify suitablable dam construction sites to collect rainwater. This study recommends the construction of a number of dams and reservoirs in the area to harvest rainwater and use the water for a prolonged period of time during the dry seasons.


**Key words:** (AHP) Model، GIS، Spatial Analysis. Dams. Water Resource

## المقدمة:

تعد مياه الامطار من المصادر المائية الطبيعية المهمة لاسيما في البيئات شبه الرطبة و شبة الجافة ، لذا ينصب الجهد العلمي على القيام بإجراءات ودراسات تهدف الى حصاد مياه الامطار، باستخدام طرق أكثر ملاءمة مع خصائص المنطقة المستهدفة لدعم الموارد المائية. ويعد انشاء السدود من أكثر الوسائل شيوعاً للاستفادة من مياه الجريان السطحي واستعمالها في اوقات ندرتها. ونتيجة لصعوبة تقدير معدلات الجريان السطحي من الاحواض المائية بطريقة مباشرة لكونها تحتاج الى توفر معدات واجهزة قياس حقلية فضلاً عن قياس كمية التصريف خلال فترة العاصفة المطرية، لذلك تم تطوير طرق ونماذج رياضية تستخدم لحساب معدلات الجريان السطحي، ولعل اشهرها استخداماً وشيوعاً هي استخدام النموذج منحنى الجريان (scs-cn) الذي يعتمد يعتمد على الارقام المنحنية لتقدير معدلات الجريان السطحي، و أنها طريقة مبسطة وفعالة يمكن تطبيقها بنجاح اعتماداً على الحد الادنى من المعلومات الممكن توفرها عن هطول الامطار والغطاء الارضي وصنف التربة الهيدرولوجية، وذلك بالاستعانة بتقنية نظم المعلومات الجغرافية GIS، في السنوات الاخيرة شهد ميدان الجغرافيا اقبالاً واسعا على تطبيق الاساليب الكمية والنمذجة للابتعاد عن الوصف والتعميم.اذ ان البيانات المتوفرة من الخرائط المختلفة مثل خرائط الارتفاع و الانحدار، والغطاء الارضي واستخدام الارض وغيرها يمكن اعتمادها مباشرةٍ في تغذية البيانات للنموذج بسهولة ودقة لمحاكاة سلوك النظام الهيدرولوجي في الاحواض المائية. ومن ثم جاءت الدراسة الحالية لتندرج في إطار ادارة المياه لأحواض الأودية ومحاولة الاستفادة منها والتقليل من مخاطرها.

## مشكلة الدراسة: تتمثل المشكلة الدراسة على النحو الاتي:

١.هل للخصائص الطبيعية أثر في تحديد الشبكة المائية والجريان السطحي في المنطقة؟

٢.هل بالإمكان انشاء سدود كبيرة أو سدود صغيرة لحصاد المياه على مجاري الاودية؟

فرضية الدراسة:تمثل الفرضية اجابة على مشكلة الدراسة والتساؤلات العلمية الثانوية والمتمثلة ب:

١.تؤثر الخصائص الطبيعية في تحديد الشبكة المائية للاحواض وفي حجم الجريان السطحي للأحواض المائية.

٢.قدرة عملية التحليل الهرمي AHP، على اقتراح مناطق ملائمة لأنشاء السدود وبناءً على المعايير الطبيعية والبشرية المتوفرة في المنطقة.

## اهداف الدراسة:

١.دراسة الخصائص الطبيعية للمنطقة والمتمثلة بالبنية الجيولوجية والمناخ السائد والتربة والموارد المائية والنبات الطبيعي و توضيح تأثيرها على شبكة التصريف المائية للأحواض.

٢.تقويم ملاءمة الارض لإقامة السدود المختلفة وفقا للخصائص الطبيعية والبشرية للمنطقة.

منهج الدراسة: تم استخدام المنهج الوصفي التقليدى في وصف الخصائص الطبيعية لمنطقة الدراسة من حيث ابعادها و احجامها ، و المنهج الموضوعي الذي يقوم على تصنيف الغطاء الارضي من خلال استعمال تقنيات الاستشعار عن البعد و نظم معلومات الجغرافية كما اعتمدنا على المنهج التحليلى من خلال الاسلوب الكمي الذي يعتمد على جمع البيانات الرقمية و جدولتها و تحليلها و تنظيمها باستخدام الطرق و التقنيات العلمية الحديثة من خلال الاستفادة من نموذج الارتفاعات الرقمية و المرئيات الفضائية.

البيانات والبرامج المستخدمة في البحث: اعتمد الباحثون على مجموعة من البيانات والبرامج من اجل الوصول الي اهداف البحث التي تم تحديدها وهي كالاتي:

١- بيانات الاستشعار عن البعد للقمر الصناعي( LAND SAT 8) متعددة الأطياف والملتقطة بتاريخ 14/6/2021

٢- نموذج الارتفاع الرقمي(DEM) وبدقة تميزية (١٢,٥م).

٣- استخدام وبرنامج (Erda Imagine 2014) v ، وبرنامج (ArcMap 10.8) وما يتعلق به من برامج.

٤- استخدام التحليل الهرمي في اختيار أفضل معيار مؤثر في أنشاء السدود في منطقة الدراسة

بالاعتماد على البيانات والبرامج السابقة المستخلصة من مجموعة الخرائط التي تخص موضوع البحث.

## منطقة الدراسة:

تقع منطقة الدراسة في الجزء الشمال الغربي من قضاء كوية في محافظة أربيل، تبلغ مساحتها (٦٨٩,٩٠) كم٢، تحدها ناحية مركز قضاء كويسنجق في شرقا ومن الجنوب ناحية سيكرتكان من جهة جنوب الشرق ناحية طق طق. ويحدها من الغرب قضاء سهل أربيل، في حين يحدها من الشمال قضاء شقلاوة التابع للمحافظة أربيل. تنحصر فلكياً بين دائرتي عرض (٣٦° ١٦' ١٥" – (٣٥° ٥٥' ٢٩" شمالاً، وخطي طول (٤٤° ٣٣' ١١" - ٤٤° ١٦' ٦") شرقاً، خريطة (١).

**خارطة (١) موقع المنطقة الدراسة بالنسبة لقضاء كوية**




المصدر: جهورية العراق، وزارة الموارد المائية، الهيئة العامة للمساحة، خريطة العراق الإدارية، لسنة ٢٠١٠ ،مقياس ١/١٠٠٠٠٠

## تقييم مواضع السدود المحتملة في ناحية شورش:

تعد عملية تقييم مواضع السدود لغرض تنمية حصاد المياه في ناحية شورش من الاهمية بمكان، إذ يتطلب الامر توفر المعلومات الضرورية عن بيئة موضع السد بهدف اختيار افضل المواضع المناسبة لإنشاء السدود، والحد من المشاكل والاثار السلبية الناتجة عن الاختيار غير الملائم لها، وذلك باستخدام التقنيات الحديثة لنظم المعلومات الجغرافية والاستشعار عن بعد، والتي تساعد في تطبيق معايير تقييم وتحليل واستنتاج البيانات اللازمة لتنمية حصاد المياه في ناحية شورش، وتتطلب المواضع الملائمة لإنشاء السدود عددا من العوامل التي تؤهل الموضع لاختياره للانشاء السد، بناء على عدة اعتبارات أهمها) التكوينات الجيولوجية و الظواهر الخطية، المظاهر الطوبوغرافية و العوامل المناخية و النباتات الطبيعية للغطاء الارضي )) وقد تم تحديد هذه العوامل وافقا لثمان معايير يجب أخذها في عين الاعتبار لتقييم مواضع السدود في ناحية شورش، وتمثل هذه المعايير العوامل المؤثرة في اختيار مواضع السدود، حيث ان لكل عامل دور في تحديد موقع و موضع انشاء السدود،حيث أن لتحديد مواضع إنشاء السدود مواصفات معينة و معايير محددة، وبما أن المواضع

الملائمة لإنشاء السدود يجب أن تفي بالمعايير المحددة، فإن عدم توفر أحد هذه المعايير يقلل من ملائمة الموضع.

## خطوات العمل:

المرحلة الاولى: تجميع وتحضير طبقات البيانات الموافقة للمعايير وإدخالها ضمن برنامج نظم المعلومات الجغرافية.

المرحلة الثانية: تحديد توابع الانتماء الضبابية وفق كل شرط من الشروط: مرحلة بناء توابع الانتماء تمثل خطوة إعادة تصنيف البيانات وهذه العملية تتم لتسهيل قراءة البيانات المخزنة بصيغة الراستر Raster، بتغيير القيم الاصلية للبيانات بقيم جديدة).

٣. المرحلة الثالثة: تم في هذه المرحلة استخراج الاوزان المرجحة لكل طبقة عن طريق منهجية (AHP) التي وضعها وطورها توماس ساعاتي، أستاذ الرياضيات بجامعة بتسبريج، في ولاية بنسلفانيا في الولايات المتحدة الامريكية في سبعينيات القرن الماضي، ويمكن الاختيار من بين العديد من البدائل و الاختيارات( مع أخذ جميع المعايير) العوامل والمبادئ( التي تتوقف عليها عملية الاختيار بالاعتبار، والتي قد لا تكون رقمية يمكن قياسها بسهولة. والتي تعد خيارا جيدا حينما يصعب صياغة المعايير، حيث تعتمد المقارنات الثنائية على أرقام ولا توجد قيم مطلقة وتعتمد عملية التحليل الهرمي ببساطة على العلاقة بين المعايير بالإضافة للعلاقة بين البدائل لكل معيار ( باهرمز٢٠٠٤).) إذ تساهم هذه المنهجية في تحديد مواضع أنشاء السدود المحتملة، ليتم بعد ذلك ضرب الوزن.

## تعريف النموذج:

النموذج عبارة عن مجموعة من الخرائط على هيئة طبقات Map layers تشترك فيما بينها في إطار خرائطي واحد يعتمد على المرجعية المكانية المعروفة بالإحداثيات , كما يمكن أن يحتوي على البيانات الوصفية (Attribute Data) التي تتعلق بالخصائص التطبيقية لمنطقة الدراسة التي تغطيها لبناء نموذج تحديد افضل المواقع لانشاء السدود في منطقة الدراسة اعتقد تم تم اتباع ما يلي :

١.اعداد الخرائط الرقمية الاولية التي تدخل في بناء النموذج .

٢.بما ان عملية بناء نماذج الملائمة تعتمد في بنائها على بيانات بصيغة خلوية (Raster) كان لزاماً تحويل جميع البيانات والتي هي بصيغة خطية الى الصيغة الخلوية وذلك بتحويل جميع المعايير التي حددت في الجداول و الخرائط السابقة الى خرائط جبرية Algebra Map ، من خلال استخدام ادوات التحليل المكاني (Spatial analysis Tools ) في بيئة البرنامج (ArcGIS) . وذلك من خلال استخدام حقيبة ( conversion Tools) في (Arc toolbox) ، ومن ثم التطبيق ( To Raster ) و اختيار الامر (Polygon to Raster) لان البيانات كانت بصيغة مساحية .

٣. بسبب تباين حجوم الخلايا للبيانات الداخلة في بناء النموذج تم توحيد جميعها لكي يكون مطابقاً لحجم خلية نموذج الارتفاع الرقمي (DEM) المستخدم في بناء النموذج ، لانه في حال عدم تطابق قيم الخلايا لا يتمكن البرنامج من القيام ببناء نموذج الملائمة و يعطي ايعاز بوجود الخطأ . وتم ذلك من خلال تغيير كل من الخصائص ( output coordinate system) و( Extent ) و Snap Raster ) ) في الاعدادات العامة (General settings) وكذلك تم تغير كل من ( Cell Size و Mask ) ) في اعدادات تحليل الشبكة (Raster analysis setting) الى دقة نموذج الارتفاع الرقمي (DEM) الداخل في بناء النموذج ، وكان كلا الاعدادين تندرج تحت عنوان ال (Environment) ضمن واجه الامر (Polygon to Raster) .

٤. تم استخدام الامر ( Straight Line ) والتي هي احد اوامر التطبيق (Distance) ضمن الادوات المحلل المكاني (Spatial analyst)في (ArcGIS) ، بغية ايجاد المسافات المستقيمة لكل المعايير الداخلة في بناء النموذج ، منتجةً لنا مناطق متساوية في المسافاتها مقسمة الى (١٠) مراتب متساوية في المسافة تغطي كامل مساحة منطقة الدراسة .

٥.ان الطبقات الناتجة في المرحلة السابقة تم اعادة تصنيفها من خلال استخدام وظيفة ( Reclassify) ضمن الادوات المحلل المكاني (analyst Spatial) ، الى (١٠) فئات ايضاً ، وقد اعطيت قيم عالية للفئات الملائمة و قيم الواطئة للفئات الغير الملائمة و بشكل يتلاءم مع اهداف عملية التحليل .

٦.ضمن قائمة (Spatial Analysis tools) تم استخدام الاداة (Overlay) و الامر (weighted Overlay) ، لاجراء عملية مطابقة قيم العوامل مع بعضها بعد اعطاء وزن نسبي لكل طبقة بناء على اهميتها في تحديد مواضع السدود المطلوبة وتوحيدها بعد ظربها في وزنها .

-عملية التحليل الهرمي (AHP Analytic Hierarchy Process)

هي من الأساليب المستعملة في مجال واسع في الوسط العلمي والتطبيقي على حدٍ سواء، التي طورها توماس ساعاتي(T.saaty،1980 Saaty, 1980)، استعملت هذه الطريقة من قبل الافراد والشركات والمؤسسات الحكومية في عملية التخطيط والتصنيع ولتحديد أفضل المواقع لبناء المصانع وانشاء السدود.

يعد بناء هرم الخطوة الاولى في عملية التحليل الهرمي بدءاً بتحديد الهدف والعوامل الرئيسة مروراً بالمعايير الثانوية والفرعية في عملية صنع القرار.

الهدف من هذه الدراسة هو تحديد المواقع الملائمة لانشاء السدود بحسب المعايير الطبيعية الرئيسة والثانوية للمنطقة. وهو أحد أكثر القرارات المهمة والمعقدة، لأنه يمكن ان يؤثر في الغطاء الارضي واستعمالات الارض واسلوب الحياة للمستقرات السكانية المجاورة، لذا يعد من الضروري إجراء دراسة دقيقة في منطقة الدراسة، وهذا ما توفره عملية التحليل الهرمي AHP في اتخاذ مثل هذا القرار (Mbura, 2018, pp. 113-133). ركزت الدراسة على العوامل التي تزيد من دقة اختيار موقع السد بعد عرضها على مجموعة من المحكمين والخبراء من أساتذة الجامعات والمسح الجيولوجي ومهندسي الموارد المائية والسدود، اذ تم تحديد اوزان العوامل المدخلة في مصفوفة المقارنات وتعديل بعض فقراتها، وصنف كل عامل و إدخال مستمر إلى خمس فئات رئيسة هي: الأكثر ملاءمة، وملاءمة، وملاءمة إلى حد ما، وقليلة الملاءمة، وغير ملاءمة تماماً. واعطاء ارقام للفئات الخمسة الرئيسة هي (١، ٣، ٥، ٧، ٩)، لاسيما القيم الوسطية بين الفئات على أساس ان الارقام تعطي تفاوتاً اعمق مما تقدم الالفاظ، اذ يكون غير الملائم هو (١)، والاكثر ملاءمة هو (٩) (Saaty, T.L.; Vargas, L.G. , 1980, p. 180–191.) ، جدول(١).

**الجدول (١) مقياس الاهمية النسبية على وفق(1980Saaty)**

| درجة الأهمية | التعريف |
|---|---|
| ١ | غير ملاءمة تماما |
| ٣ | قليلة الملاءمة |
| ٥ | ملائمة الى حد ما |
| ٧ | ملاءمة |
| ٩ | الاكثر ملاءمة |
| ٢،٤،٦،٨ | القيم الوسيطة بين حكمين متجاورين |

المصدر: (Saaty's scale of preferences in the pairwise comparison process (Saaty 1980

## معايير تقييم مواضع السدود في ناحية شورش:

كما اشرنا اليها سابقا بان العوامل الطبيعية و المتمثلة بالتكوين الجيولوجى و التضاريس و عناصر مناخ خصوصا التساقط و نوعية التربة و الغطاء الارضي تؤثر بشكل مباشر في تحديد مواضع و مواقع انشاء السدود سواءاكان تأثيرها على جسم السد او على منطقة خزن مياه (حوض السد)، و هذه العوامل من المعايير المهمة لتقييم مواضع السدود ومن اهم هذه المعايير :

### ١- جيولوجية منطقة الدراسة (Geological):

يهدف تحديد معيار التكوينات الجيولوجية إلى ضرورة مراعاة أن تكون المواضع المختارة لإقامة السدود واقعة على أراضي صخرية صلبة،

بحيث تتحمل إقامة المنشآت الهندسية لجسم السد، وتقاوم الضغوط المتولدة نتيجة لثقل المياه المخزنة، ومن ناحية أخرى يفضل تجنب المواضع ذات الطبيعة الصخرية الهشة واللينة والتي قد تشكل ٕخطرا على جسم السد، وقد ينجم عن تجمع المياه إحداث خلل في توازن الطبقات الصخرية، بسبب تجمع كميات كبيرة من المياه التي تمثل ثقلا ٕاصطناعيا إضافيا على سطح الأرض، ومن الممكن أن يؤدى هذا الثقل إلى حدوث هزات أرضية خفيفة ٕبسبب ضغط الماء الذي يسبب أحيانا هبوطا لقشرة الأرض في موقع السد (كيلو١٩٨٥).

تنكشف في منطقة الدراسة تكوينات جيولوجية قديمة التي تعود الى حقبة الحياة المتوسطة Mesozoic Era ، متمثلة بتكوين الشرانش وانتهاء بتكوين باي حسن الذي يعود عمره التكوين الى عصر البلايوسين ، ، كما في الخريطة(٢)، وهي على النحو الاتي:

### ١,١,٢,١ تكوينات الزمن الثاني حقبة الحياة المتوسطة Mesozoic Era:المتمثلة ب:

أ-تكوين الشيرانش Shiransh Formation: يتمثل بشريط الضيق في الاجزاء العليا من منطقة الدراسة، يتكون القسم الاسفل لهذا التكوين من طبقات رقيقة من الحجر الجيري الممزوج بالمارل الرمادي، و تعلوها طبقات من الحجر الجيري رمادية متقاطعة مع طبقة رقيقة من المارل الازرق، سمك التكوين متغير يصل في بعض الجهات حوالي ١٥٠٠م.

| 2012-2013 | 28.1 | 13.1 | 14.6 | 6.1 | 6.6 | 9.1 | 12.1 | 18.1 | 22.6 | 30.1 | 33.1 | 32.6 | 18.85 |
| 2013-2014 | 28.6 | 21.2 | 13.6 | 6.4 | 7.6 | 8.1 | 12.1 | 17.1 | 24.1 | 30.6 | 33.6 | 34.1 | 19.76 |
| 2014-2015 | 30.6 | 20.6 | 12.1 | 8.6 | 11.1 | 8.1 | 11 | 16.6 | 24.6 | 30.6 | 35.1 | 33.6 | 20.22 |
| 2015-2016 | 29.1 | 22.6 | 12.1 | 7.6 | 5.6 | 9.1 | 12.1 | 17.1 | 24.6 | 30.6 | 34.4 | 34.1 | 19.92 |
| 2016-2017 | 31 | 22.5 | 13.5 | 6.6 | 6 | 5.5 | 11 | 16.5 | 14 | 25.5 | 35 | 35.1 | 18.52 |
| 2017-2018 | 29.5 | 27 | 14 | 10 | 7.5 | 9 | 14.5 | 17 | 22 | 25.5 | 34.5 | 34.4 | 20.41 |
| 2018-2019 | 28.5 | 22.5 | 13 | 9 | 5 | 8 | 9.5 | 10 | 23.5 | 31.6 | 33 | 34.5 | 19.01 |
| 2019-2020 | 27.5 | 23 | 14 | 9.5 | 6.5 | 7 | 12 | 16 | 23 | 30 | 35 | 32.6 | 19.68 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە :

١-ئەم داتایە دەرئەنجامی  یاسای دابەزینی پلەی گەرمی ژینگەییە کە پشت بەستە بە ویستگەی دەربەندیخان وێستگەی ئاووهەوای دەربەندیخان، داتای پلەیی گەرمی بۆساڵانی (٢٠٠٩-٢٠٢٠)، بۆ دەستکەوتنی داتای ناوچەی بەمۆ .

*- یاسای دابەزینی (٠،٦)پلە بە بۆهەر(١٠٠)مەترێك لەبەرز بوونەوە

خشتەی (٣)

مەودای گەرمی سالانە لەویستگەی دەربەندیخان(س) بۆسالانی(٢٠٠٩-٢٠٢٠)

| بەرزترین پلەی گەرما Co) | مانگەکان | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پاییز | | | زستان | | | بەهار | | | هاوین | | |
| سال | ئەیلول | ت١ | ت٢ | ك١ | ك٢ | شبات | ئازار | نیسان | مایس | | تموز | ئاب |
| بەرزترین | 31.28 | 24.10 | 15.30 | 11.50 | 11.45 | 11 | 13.50 | 17.39 | 24.89 | 31.11 | 35.83 | 34.18 |
| نزمترین | 29.29 | 21.25 | 13.31 | 9.30 | 8:60 | 9:00 | 11:10 | 15.65 | 21.90 | 29.51 | 33.89 | 31.29 |
| تێکرای پلەی گەرما | 30.28 | 22.67 | 14.30 | 10.4 | 10.02 | 10 | 12.3 | 16.52 | 23.39 | 30.31 | 34.86 | 32.73 |
| مەودای گەرمی مانگانە | 1.99 | 2.98 | 1.99 | 2.2 | 2.85 | 2 | 2.4 | 1.74 | 2.99 | 1.6 | 2.03 | 2.89 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، بەڕێوەبەرایەتی بەستوبەنداوی دەربەندیخان، هۆبەی کەشناسی، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠

پشت بەست بەخشتەی ژمارە (٢ و ٣) بۆمان ڕوووندەبێتەوە کە تێکرای سالانەی پلەی گەرمی لەوێستگەی بەمۆ بۆمانگی کانونی دووەم دەکاتە (٧,١٢)پلە، بەڵام تێکڕای پلەی گەرمی هەمان وێستگە لەمانگی تەموزدا(٣٤,١)پلە دەبێت. پشت بەستیش بە مەودای گەرمی وێستگەی دەربەندیخان و یاسای دابەزینی (٠,٦)پلە بۆ هەر (١٠٠)مەترێك لە بەرزبونەوە لەئاستی ڕووی دەریاوە، ئەوا مەودای گەرمی سالانەی وێستگەی بەمۆ دەکاتە( ٢٦,٩٨) پلە. بەڵام گەر لەهەمان ماوەدا هەمان ڕەگەزی ئاووهەوایی لەدەربەندیخان وەربگرین ئەوا بەم شێوەیە دەبێت: تێکڕای پلەی گەرمی بۆمانگی کانونی دووەم (١٠,٢) پلە و لەمانگی تەموزدا تێکڕای پەی گەرمی بەرزدەبێتەوە بۆ ( ٣٤,٨٦ ) پلە، مەودای گەورمي سالانە لەناوچەکەدا( ٢٤,٦٦) پلەیە (خشتەی٣). لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە پلەی گەرمی بە نزمبوونەوە لەناوچەی شاخاویدا کاریگەرە لەسەر بەرد.

## تەوەری دووەم : کەشکاری ( التجویە- Weathering)

کەشکاری بەواتای ڕوودانی گۆڕانکاری فیزیایی یان کیمیاییە لەکانزای بەردا، لەسەر ڕووی زەوی یان نزیك لەڕوو. بەگشتی پرۆسەی کەشکاری هەنگاوی ئامادەکردنی ڕووی بەردە بۆ ڕامالین (عنانزة د.، ٢٠١٨، صفحة ١٨). لە جۆرەکانی کەشکاری لە ناوچەی بەمۆ بریتین لە :

یەکەم: کەشکاری فیزیایی ( Mechanical Weathering):

کەشکاری فیزیایی بریتیە لە شیبوونەوەو هەڵوەرینی بەردەکە بەبێ گۆڕانی پێکهاتە کیمیاییەکەی، بەیاریدەی چەندن هۆکار، دیارترین شێوەکانی ڕوودانی کەشکاری فیزیایی لەناوچەکەدا بریتین لە:

١-کشانی گەرمی ( التجویة الحراریة) : جیاوازی لە پلەی گەرمی ڕۆژانە و وەرزانە و سالانە دەبێتە هۆی کشان و چوونەوەیەکی کانزای نێوبەردەکان ، بەتایبەت لەبەردی لمیدا کە مادەی لکێنەری وەکو کاربۆناتی کالسیۆم و کاربۆناتی مەگنسیۆمی تێدایە و ئەم مادانە دەکشێن و دەچنەوەیەك وبەهۆیەوە شیبونەوەی دەنکۆڵەیی ڕوودەدات (سلامة، ١٩٨٢، صفحة ٢٤).کشانی گەرمی بەجۆرێکە لەڕۆژدا بەکاریگەری تیشکی خۆر بەردەکە گەرم دادێت و لەشەودا ساردەبێتەوە، بەهۆی جیاوازی لەکشانی کانزای نێوبەردەکان و جیاوازی ساردبونەوەیان، هەربۆیە لەماوەیەکی درێژدا ئەم پرۆسەیە بەردەکان تووشی شکان دەکاتەوە، ئەوکاتەی کانزای نێو بەردەکان بەڕۆژدا دووچاری پلەی گەرمی بەرزدەبنەوە ئەوا دەکشێن بەپلەی جیاواز، ئەمەش پشت بەست بەجۆری کانزاکە، بەتایبەت لەوەرزی هاویندا. بەڵام ئەوکاتەی شەو یان وەرزی زستان دێت و پلەی گەرمی نزم دەبێتەوە ئەوا بەردەکە دەچێتەوەیەك،بە دووبارەبونەوەی ئەو پرۆسەیە، ئەوا بەردەکە دەشکێت و دەبێتە وردەبەرد ،ئەم پرۆسەیە لەم ناوچەیەدا کاریگەرە و بڵاوترین پرۆسەی کەشکاریی سنوری توێژینەوەکەیە، بەجۆرێك لەوەرزی زستاندا


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

پلەی گەرمی بۆ مانگی کانونی دووەم دادەبەزێت بۆ (٧,١٢)پلە ، بەڵام لەوەرزی هاویندا و لەمانگی تەموزدا بەرزدەبێتەوە بۆ(٣٤)پلە زیاتر . لەشەوی مانگەکانی زستاندا زۆرجار پلەی گەرمی دادەبەزێت بۆخوار سفری سەدی و دەبێتە هۆی داباریێی بەفر، بەڵام لەوەرزی هاویندا پرۆسەکە پێچەوانەیە و بەهۆیەوە کشانی بەردەکان دروست دەبێت.

٢-کشانی وشکی و تەڕی : ئەمە لەکاتێکدا ڕوودەدات کە بەردەکان دەگاتە پلەی تێربوون بەئاو، پاش ئەوەی لەژێر کاریگەری تیشکی خۆردا وشك دەبێتەوە بەردەکە شیدەبێتەوە بەتایبەت بەردی قورین (سلامة، ١٩٨٢، صفحة ٢٥)،بەوپێیەی بەردی ناوچەکەیش بەشێکی بەردی قورینە هەربۆیە ئەم دیاردەیە لەناوچەکەدا کاریگەرە بەتایبەت لەنیشتوە نوێیەکانی لای گوندی چواردارانی سەروو، سەرباری ئەوەی دیاردەی ڕوونی قەدپاڵی دۆڵی ڕووبارە وەرزییەکانی ناوچەکەیشە.

٣-مێخەشەختە( الصقیع): ئاوی باران دەچێتە نێو درزی بەردەکانەوە و پری دەکاتەوە، پلەی گەرمی نزم دەبێتەوە بۆخوار سفر و ئاوەکە دەیبەستێت و دەگۆڕێت بۆ سەهۆڵ. لەکاتی ئەم ئاوبەستنەدا قەبارەی ئاوەکە بە ڕێژەی ٩٪زیاد دەکات و دەگۆڕێت بۆ بلوری سەهۆڵی، ئەمەیش پەستانێك لەسەر هەردوو لای درزەکە دروست دەکات (الدین، بدون سنة الطبع، صفحة ٩٦)، بەدووبارەبوونەوەی بەستن و توانەوەی ئاوەکە لەدرزی بەردەکە بۆماوەی دەیانساڵ، ئەم پرۆسەیە دەبێتەهۆی شکانی بەردەکە بۆ پارچەی بچووك. ئەم پرۆسەیە لەناوچەکانی چیای خوشك و بەمۆدا زاڵە، کە دەکەونە باشوری ڕۆژئاوا و باشوری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوەکەوە.

٤-گەشەی کریستاڵی( التجوية الملحية):ئەم جۆرە لە کەشکاری میکانیکی ڕوودەدات لەکاتێکدا خوێی نێوبەردەکان دەستدەکەن بە ڕەقبوون لە بەردی کونیلەدار و پشت بەست بەئاوی سوێر و کانزای نێو بەردەکان و بەزۆری لەناوچە نیوچە وشکەکانی ناوەڕاستی ناوچەی توێژینەوەکەدا ڕوودەدات. ئەمەش بەوەدەبێت کە پاش نیشتنی خوێی ئاوەکە و بەکریستاڵبوونی ئەوکات گوشار دەخاتەسەر کونیلەی بەردەکان و بەمەیش بەتێپەڕینی کات بەردەکە دەشکێت. بەڵام ئەم جۆرە لەپرۆسەی کەشکاری لەناوچەکەدا بەلاوازی بوونی هەیە.

٥-نەمانی پەستان لەسەر چینەکانی سەرەوە: کەمبوونی پەستانی سەر بەردەکان یارمەتی بەرگی دەرەوەی دەدات بۆ کشان، ئەمەیش وای لێدەکات بەتێپەڕبوونی کات ڕووی دەرەوەی بەردەکە بەشێوەی توێژاڵ لەبەردەکە جیابێتەوە. ئاسانکاری دەکات بۆئەوەی دواتر ڕووی دەرەوەی توشی کەشکاری ببێتەوە(راضي، ١٩٨٩، صفحة ٢١)، ئەم دیاردەیەیش لەزۆربەی بەردی ڕووی بەرزاییەکانی ناوچەکەدا دیارە، بەتایبەت لەنێو بەردە ئاگرینەکاندا کە پشتبەست بەپرۆسەی ڕماڵین باری سەرەوەی سووك دەبێت و ئەمەیش هانی دەدات بۆ کشان و دروستبونی درزی چینەکی تێیدا و دواتریش بەتوێژاڵبوونی بەرد بەڕوونی دیاردەکەوێت.

## دووەم: کەشکاری کیمیایی( Chemical Weathering)

کەشکاری کیمیایی کارلێکی کانزای نێو بەردەکانە لەگەڵ ئاو یان گازی هەبووی نێو بەرگە زەوپۆش، بۆ دروستکردنی کانزای نوێ یاخود ڕوودانی گۆڕانکاری لەپێکهاتە کیمیاییەکەی بەردەکەدا.بەگشتیکەشکاری کیمیایی لەناوچەکەدا بەچەند ڕێگەیەك ڕوودەدات، کە ئەوانیش:

١-بەئاوبوون(Hydration): بەئاوبوون بەرئەنجامی کارلێکی ئاوە لەگەڵ کانزای نێو بەردەکاندا، لەئەنجامی ئەم یەکگرتنەدا کانزایەکی لاوازتر لە کانزا بنچینەییەکەی پێکدێت، دەکشێت و تێکدەشکێت(سلیم، ١٩٩٦، صفحة ٧١).پرۆسەی شیبونەوەی ئاوی بە کاریگەرترین پرۆسەی کەشکاری ئاوی دادەنرێت، چونکە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر کانزای فلدسبارهەیە، بەجۆرێك ئاوەکە ڕۆدەچێتە پێکهاتەی گەردیی کانزاکەوە و کانزایەکی دیکە پێکدەهێنێت، باشترین نمونەی ئەمەش پێکهاتنی کانزای ئەترۆکلازە کە پێکهێنەرێکی بەردی گرانایتە، بەجۆرێك ئەترۆکلاز لەگەڵ ئاودا کارلێك دەکەن و کانزای کاولینین پێکدەهێنن و بەم ڕێگەیەیش یەکێك لەپێکهێنەرەکانی بەردی گرانایتی سەخت دەگۆڕێت بۆ کانزایەکی لاواز کە بەرگەی ڕماڵینیش ناگرێت (جودة، ٢٠١٦، صفحة ١٣٩)، ئەم پرۆسەیە لەتەواوی ناوچە شێدارەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ناوچەی توێژینەوەکەدا بەڕێژەی جیاواز ڕوودەدات.

٢- بەئۆکسیدبوون(Oxidation ) : ئۆکساندن ئەوکات چالاك دەبێت کە شێ و هەوای پێویست لەنێو بۆشایی بەردەکاندا هەبن و لەئەنجامدا بەردەکانی لەخۆگرتەی ئاسن ڕەنگیان دەگۆڕێت بۆ سورباو یان قاوایی و بەگشتیش ئۆکساندن لەبەردی ئاگرین و گۆڕاودا لاوازە و لەبەردی نیشتوودا بەهێزە (الخفاجي، ٢٠١٧، صفحة ٦)،باشترین نمونەی بەئۆکسیدبوونیش بریتیە لە بەئۆکسیدبوونی ئەو کانزایانەی

کە لەخۆگرتەی ئاسن. ئەمەش لەناوچەی توێژینەوەکەدا دیاردەیەکی باوە، وەك لەهەندێك ناوچەی حاجی ئاوا ، سەرباری بوونی کانزای پایرایت لەناوچەکەدا کە بەپرۆسەی بەئۆکسیدبوون دەگۆڕێت .

٣-بەکاربۆن بوون(Carbonation) :

توانەوەی بەردی جیری و دۆلۆمایتی لەئاوی پاکی ناوچەکەدا زۆرکەمە بەڵام ئەوەدەمەی ئاوێك کە لەخۆگرتەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن( ترشی کاربۆنیك)ە و گۆڕاوە بۆ ترشی کاربۆنیك و دەچێتە درز و کەلەبەری بەردی جیرییەوە، ئەوکات بەشێك لە کاربۆناتی کالسیۆمی نێوبەردەکە دەتوێتەوە وبیکاربۆناتی کالسیۆم لەجێگەی دروستدەکات کە بەخێرایی لەئاودا دەتوێتەوە، بەمەیش دیاردەی نارێکیی لەبەردەکەدا دروست دەکات. (محسوب، ٢٠٠١، الصفحات ٦٢-٦٣). بەهۆی زاڵێتی بەردی جیرییەوە لەناوچەکەدا هەربۆیە دیاردەی بەکاربۆن بوون تێیدا ڕوودەدات، بەتایبەت لای گوندی بەلەسۆ کە دەبێتەهۆی دروستبوونی چاڵی سەربەردەکان.

دەشتوانین بڵێین ئەم پرۆسەیە ئەوکاتە ڕوودەدات کە ئاووگازی دوانەئۆکسیدی کاربۆن لەگەڵ ئایۆنی کانزاکاندا یەکدەگرن، کانزای نێو بەردەکە دەگۆڕن، بۆنمونە گۆڕانی سلیکا بۆ کانزای قورینی ڕەها کە هیچ توخمێکی لکێنەری تیا نامێنێتەوە(جزا، ٢٠١٢، صفحة ٨٢)، ئەم ئەم جۆرەیان لەپێکهاتن لەچەند ناوچەیەکی گوندەکانی سەعداوا و قەڵبدا بەڕوونی دیارە.

٤-کەشکاری خوێیی: ئەم جۆرە لەکەشکاریە بەجۆرێکە کە خوێئاو دەچێتە نێو درزی بەردەکانەوە و هەندێك لە پێکهاتەی بەردەکان دەتوێنێتەوە، لەڕێی ئەم پرۆسەیەوە بەرد و دیوارەکان درزیان تێدەکەوێت و داخورانی تەواوی شیش و کانزای نێو باڵەخانەکان ڕوودەدات، سەرباری درزبردنی ڕێگاکانی نزیك لە ئاوە گۆگردی و سوێرەکانی ناوچەکە بەتایبەت لە لەچەمیپشتەدا.

٥- بەئایۆنبوون: ئەمپرۆسەیە لەڕێگەی ئایۆنی هایدرۆجینەوە چالاکدەبێت، بەجۆرێك ئایۆنی هایدرۆجین لە ئەنجامی شیبونەوەی ئاوەوە دەبێتە پرۆتۆن و هایدرۆکسید، یان لەتوانەوەی گازی دوانەئۆکسیدی کاربۆنەوە لەئاودا دەبێتە پێکهێنەری ترشی کاربۆنیك. ئەم پرۆسەیە لەناوچەی توێژینەوەکەماندا هەیە، بەتایبەت لەوەرزی هاویندا، ئەمەیش بەهۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرمییەوە کە هاندەری بەهێزبوونی کەشکاریی کیمیاییە لەناوچەی شێدارەکانی ناوچەی توێژینەوەکەدا.

## سێیەم: کەشکاریی زیندەیی (Biotic weathering )

بەشێوەیەکی گشتی کەشکاریی زیندەیی لەناوچەی توێژینەوەکەدا بەهۆی چالاکی مرۆڤ و ڕووەک و ئاژەڵ ڕوودەدات،چالاکیە مرۆییەکانی وەکو کانزاکاری و ڕێگاسازیی و بڕینەوەی درەخت و نەهێشتنی سەوزاییەکانیش هۆکارن بۆ شکاندنی میکانیکی بەردەکان. ئەم جۆرە لەپرۆسەی هاندەر بۆ پرۆسەی کەشکاریی لەناوچەی توێژینەوەکەدا بڵاوە بەتایبەت لە قەدپاڵە بەرز و چڕدرەختەکانی و ناوچە شێدارەکانی کەناری دۆڵ و قەدپاڵەکانی باشووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ناوچەی توێژینەوەکەدا. ئەو شێوانەی بە ملیۆنان ساڵ پێکهاتوون مرۆڤ بە چەند کاتژمێرێك تێکی دەدات و ئامادەی دەکات بۆ بوون بە شێوەیەکی تر.

کۆمەڵە ئاژەڵی کوناکەریش لەشێوەی سمۆرە و کرمەکان هۆکارێکی دیکەی شکاندنی بەردەکانن، سەرباری کەروێشك و مێرووڵەی چاڵکار، کە ئەم کرم و گیاندارە چاڵکەنەرانە لەژێر ڕووی زەویدا تونێلی ورد و گەورە لێ دەدەن و هۆکارن بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی کەشکاری فیزیایی. ڕووەکەکان دەتوانن ببینەهۆکارێك بۆ تێکشاندنی بەردەکان بەوەی ڕەگی ڕووەکەکان ڕۆدەچنە نێو کونی بەردەکانەوە و بەگەشەکردنیان گوشار دەخەنەسەر بەردەکان و بەتێپەڕینی کات بەردەکە دەشکێنن.، دیارترین نمونەی کەشکاریی زیندەیی بریتییە لە :

-دارنینی کیمیایی (Reduction) : ئەم پرۆسەیە بەپێچەوانەی بە ئۆکسیدبوونی کەشکاریی کیمیاییە، کە لەڕێگەی بەکتریاوە ئۆکسجینی سەر ڕووی بەردەکە دادەڕنێت کە خۆی دەنوێنێت لە مادەی ئەندامی سەر ڕوو، کبریتایت دەگۆڕێت بۆ کبریتید و بەم هۆیەیش ڕەنگی مادەکە لە بۆ سەوزێکی تێردەگۆڕێت و ئەمەیش بەزۆری لەو ناوچانەدا ڕوودەدات کە ئاوڕێژیان خراپە(سلامة، ١٩٨٢، صفحة ١٣٧). ئەم دیاردەیە لەزۆر ناوچەی توێژینەوەدا دەبیندرێت بەتایبەت لەنزیك گۆماوەکانی گوندی گڵێجاڵ و چوارداران.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

دیارترین شێوەکانی بەرئەنجامی پرۆسەکانی کەشکاری لەناوچەی توێژینەوەدا چەند شێوەیەکە :

١-چاڵی کەشکاری: ئەمەیش تەواوی کەلەبەرانەی ناوچەکە دەگرێتەوە کە لەئەنجامی پرۆسەکانی کەشکارییەوە-بەهەردوو جۆری فیزیایی و کیمیاییەوە-دروستبوون. بەتایبەت لەقەدپاڵە لێژەکانی باشوری ڕۆژئاوای ناوچەی توێژینەوەکە، بەجۆرێك پانی دەمی هەندێك لەم کەلەبەر و کونانە لەنێوان (٨٥-٢١٥سم)دایە، بەرزیشیان لەنێوان (٧٠-٢١٥سم)دایە.

٢-شانەی هەنگ : ئەم دیاردەیە بەرئەنجامی کاری کەشکاری کیمیاییە لەسەر لێژاییەکانی ناوچەی توێژینەوەکە، کە بەرئەنجامی کارلێکی دوانەئۆکسیدی کاربۆنی نێو هەوایە لەگەڵ ئاوی باران کە پێکەوە ترشی کاربۆنیکی سووك پێکدێنن و بەردە جیرییەکانی قەدپاڵەکانی ناوچەی توێژینەوەکە هەڵدەکۆڵن، ئەم دیاردەیە لە تەواوی ناوچەی توێژینەوەکەدا دەبیندرێت .

٣- درزی قورین:ئەم دیاردەیە  لەسەر دۆڵە درێژکۆلەکانی باکوری ڕۆژئاوای ناوچەی توێژینەوەکەدا دەبیندرێت، ئەمەیش بەهۆی ئەوەوە دروست دەبێت بەشی ڕوودیاری بەردەکە لەهاویندا تووشی پلەیەکی بەرزی گەرمی دەبێتەوە کە زیاترە لەو پلەیەی لەهەناوی بەردەکەدا هەیە، ئەمەیش ڕووی بەردە قورینەکانی درز تێدەخات و دواتر تێکی دەشکێنێت.

٤-شێوە کارستیەکان: ئەمەیش بەو دیاردانە دەگوترێت کە دروستبونیان پەیوەندە بە توانەوەی بەردی جیری و دۆلۆمایتەوە، ئەم شێوانەیش فرجۆرن، لە جۆری ئەشکەوتی کارستی  نزمان و بۆشایی ژێر ڕوویی لەناوچە جیاوازەکانی ناوچەی توێژینەوەکەدا.

## تەوەری سێیەم: ڕماڵین( Erosion)

ڕماڵین بریتیە لەگواستنەوەی میکانیکی دەنکۆڵەکانی خاك لەناوچەی دروستبوونی بۆ ناوچەیەکی تر و جێگیربوونی لەشێوەی نیشتوودا. پرۆسەی ڕماڵین لەناوچەی توێژینەوەدا بەدرێژایی کاتە جیۆلۆجیەکان چالاك بووە و ئەم شێوە جیۆمۆرفیەی ئێستای پێکهێناوەو بەردەوامە لەگۆڕینی (امین، ٢٠١٦، صفحة ١٧٩).ئەم پرۆسانە کاریگەریان لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕێت، ئەوەش بەهۆی چەند هۆکارێك لەوانش: لێژی وبەرزونزمی ڕووی زەوی، تێکرای دابارینی بارانو ماوەی دابارینو جۆری خاكو پێکهاتەو شانەکەی (الخنسي، ٢٠١٢، صفحة ١٠٥) . بەگشتیش ڕماڵینی ناوچەکە لەڕووی جۆرەوە دابەش دەبن بۆ چەند جۆرێك:

١-ڕماڵینی ئاویی(Running Water erosion )

پرۆسەی ڕماڵینی ئاویی لەناوچە لێژەکانی باکور و باشوری ڕۆژئاوای ناوچەی توێژینەوەدا بەڕوونی دیارە، ئەمەش لەڕێگەی لقە ڕووبارو جۆگاکانەوە بۆناو ڕووبارەکان. جیاوازی شوێنیی بۆ فاکتەرە کاریگەریەکانی سەر ڕماڵین لەناوچەی توێژینەوەدا بوتە هۆکاری دیارکەوتنی جیاوازی لەئاستی شوێنی بۆ توندی ڕماڵین . بەرزترین هێڵی کنتوری ناوچەکە دەگاتە (١٨٠٠) و نزمترینیشی (٥٠٠)یە، واتا جیاوازی بەرزی و ستونی لەنێوان بەرزترین و نزنترین خاڵی ناوچەکەدا نزیکەی( ١٣٠٠)یە و پلەی لێژیشی دەگاتە( ١٣ )پلە ، پشت بەست بەهاوکێشەی : ڕێژەی لێژی = جیاوازی نێوان بەرزترین و نزمترین خاڵ/ماوەی ئاسۆیی×١٠٠ ، ئەمەیش وایکردووەڕماڵینی ئاوی لەناوچەکەدا بەهێزبێت. ڕماڵینی ئاوی لەناوچەکەدا چەند جۆرێکە:

أ-ڕماڵینی بارانیی.  ب-ڕماڵینی ئاوی سەرزەوی. ج-ڕماڵینی ئاوی ژێر زەوی

أ-ڕماڵینی بارانیی: باران ڕۆڵێکی مەزنی هەیە لەپرۆسەی ڕماڵیندا بەوپێیەی سەرچاوەی سەرەکی تەواوی ڕماڵینەکانی ئاوە لەناوچەی توێژینەوەدا، توندی ڕماڵینی بارانیش وەستاوەتەسەر بڕی دابارینی باران و قەبارە و خاکی ناوچەکە و ڕووی زەوی و چڕی  ڕووەکە پۆشاك و ڕۆڵی مرۆڤیش لەولاوە. بەگشتی پاش تێربوونی  چینەکانی ڕووی زەوی بە ئاوی دابارین چەن شێوازەکی ڕماڵین بەدیار دەکەوێت ئەوانش: أ-ڕماڵینی تنۆکە باران، ب-ڕوپۆشە ڕماڵین،  ج-ڕماڵینی جۆگەیی (هێڵی)، دڕماڵینی هێڵی، ز-کەندرە ڕماڵین.

١-ڕماڵینی تنۆکە باران( تعرية قطرات المطر):ئەمە دەناسرێتەوە بە ڕماڵینی پرژەیی، کاتێك دروست دەبێت کە تنۆکە بارانەکان دەکێشن بە خاکەکەدا و دەبنەهۆی هەڵوەشاندنەوەی دەنکۆڵەی خاکەکان ،ئەم کردارە پشت بە بەرگری دەنکۆڵەکانی خاك و  قەبارە و توندی داکەوتنی تنۆك و کاتی دابارینەکە دەبەستێت. ئەم جۆرە لەڕماڵین بەزۆری لەوەرزی پاییز و یەکەمین بارانی پەڵەی ناوچەکەدا ڕوودەدات.

بەمەبەستی دیارخستنی مەودای کاریگەری بڕی بارانی داباریو لەسەر ناوچەی توێژینەوەکە  لە ڕماڵینی خاکەکەیدا، ئەوا هاوکێشەکەی

دۆگلاسمان جێبەجێکردووە، بەم شێوەیە:

1.65(0.03937P)2.3

S=................................

1+0.0007(0.03937P)2.3

s=قەبارەی ڕامالین( م٣/کم٢/ساڵ)p=بارانبارینی کارا بەپێی هاوکێشەکەی زانا سۆرنسویت

بەپێی دەرئەنجامی یاساکەی زانا دۆگلاس و خشتەکانی(٤ و ٥ ) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە قەبارەی ڕامالینی باران لەناوچەی توێژینەوەکەدا بریتییە لە ( ٤,٩٩م٣/کم٢/ساڵ)، ئەمەیش ڕامالینی قەبارە ناوەنجییە و ئاماژەی خێرایی لەدەستدانی ڕووەکە پۆشاکە لەناوچەی توێژینەوەکەدا.

**خشتەی (٤)**

**بەهای ڕاستەقینەی بارانی ساڵانە بەپێی هاوکێشەی سۆرنسویت بۆ ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠٢٠)**

| مانگەکان | ئەیلول | ت١ | ت٢ | ك١ | ك٢ | شبات | ئازار | نیسان | مایس | | تموز | ئاب | تێکرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| باران | 6.45 | 62.76 | 106.46 | 132.19 | 137.31 | 125.40 | 129.31 | 79.67 | 54.86 | 6.03 | 0.00 | 0.00 | 838 |
| پلەی گەرمی | 29.9 | 23.9 | 13.31 | 8.31 | 7.12 | 8.60 | 11.10 | 15.65 | 21.90 | 29.51 | 34.1 | 33.93 | 19.57 |
| کارایی باران | 0.12 | 1.82 | 4.89 | 7.92 | 8.83 | 7.35 | 6.71 | 3.21 | 0.14 | 0.11 | 0 | 0 | 41.1 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (١ و ٢)

**خشتەی (٥ )**

**قەبارەی ڕامالین بۆماوەی نێوان ساڵانی( ٢٠٠٩-٢٠٢٠)بەپێی هاوکێشەکەی زانا دۆگلاس**

| بڕی بارانی ساڵانە بە ملم | تێکڕای پلەی گەرمی ساڵانە | کارایی باران | قەبارەی ڕامالین |
|---|---|---|---|
| ٨٣٨ملم | ١٩,٥ | ٤١,١ | ٤,٩٩ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: خشتەی ( ١ و ٢ و٤)

بەمەبەستی دڵنیابونەوە لە توندی ڕامالینی ئاوی-باران- لەناوچەی توێژینەوەکەدا ئەوا پشت بەست بە هاوکێشەی( Fournier 1960 ) کە ئاست و توانایی ڕامالین پیشاندراوە، ئەمەیش پشت دەبەستێت بە بڕی باران، کە بەم جۆرە ئاماژەی پێ دەدرێت:

Pi2

R= ---------

P

R = توانایی باران بۆ ڕامالین

Pi٢= دووجای تێکڕای باران بارینی مانگانە (ملم)

P = بڕی بارانبارینی ساڵانە (ملم) (الجبوری، ٢٠١٣، صفحة ١٢٦)

و دەرئەنجامی توانای ڕامالینیش بەم شێوەیە دەبێت :


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

### خشتەی (٦)

### ڕوونکاری هاوکێشەی( Fournier 1960 )

| پلەی ڕامالّین | هێزی ڕامالّین |
|---|---|
| کەمتر لە ٥٠ | لاواز |
| ٥٠-٥٠٠ | مامناوەند |
| ٥٠٠-١٠٠٠ | بەهێز |
| زیاتر لە ١٠٠٠ | زۆر بەهێز |

(Fournierr.F., 1960, p. 201).

### خشتەی ( ٧ )

### توانایی ڕامالّینی ئاوی بۆ سالّانی (٢٠٠٩-٢٠٢٠) پشت بەست بەمۆدێلی فۆرنیه

| ڕەگەزەکان | ئەیلول | ت١ | ت١ | ك١ | ك٢ | شبات | ئازار | نیسان | مایس | دەرئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بارانی مانگانە/ (ملم) | 6.45 | 62.76 | 106.46 | 132.19 | 137.31 | 125.40 | 129.31 | 79.67 | 54.86 | |
| دووجای بارانی مانگانە | 41.67 | 3938.81 | 11333.73 | 17474.19 | 18854.03 | 15702.59 | 16721.07 | 6347.30 | 3009.61 | 111.57 |
| توانای باران بۆ ڕامالّین | 0.04 | 4.70 | 13.54 | 20.87 | 22.52 | 18.76 | 19.97 | 7.58 | 3.59 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بەخشتەی ژمارە(٤)

پشت بەست بەخشتەی ژمارە(٧) و بەمۆدێلی فۆرنیه، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە توانایی ڕامالّینی ئاویی لەناوچەی توێژینەوەدا بۆسالّانی (٢٠٠٩-٢٠٢٠) بریتییە لە (١١١,٥٧)، واتا توانایی ڕامالّینی مامناوەندە، بەوپێیەی کۆی باران لەوسالّانەدا(٨٣٨ملم)بووە.

٢-ڕووپۆشە ڕامالّین( تعریة الغطائیة): شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕامالین کە پاش تێربوونی چینەکانی خاک ڕوودەدات،تێیدا چینی تەنکی ڕووی خاکەکە لەڕووبەرێکی فراواندا ڕادەمالّرێت، ئەمەیش بەزۆری لەناوچە کەم لێژەکاندا ڕوودەدات، وەکو لە گردەکانی گوندی چواردارانو حاجیاوا، وەك چۆنیش لە دەشتەکانی نێوان زنجیرە چیاکانیشدا ڕوودەدات و دیاردەیەکی باوی ناوچەی توێژینەوەکەیە.

٣- ڕامالّینی جۆگەلەیی( تعریة المسیلات المائیة): قۆناغی دووەمی ڕامالّینی خاکە، ئەمەش کاتێك ڕوودەدات کە خێرایی ئاو زیاتربێت لەقۆناغی یەکەم، کە لەئەنجامی ئەمەدا ئاوڕێژ لەسەر ڕووی خاکەکە دروست دەبێت و یارمەتی زیادبوونی جولّەی ئاو دەداتئەمەش بەزۆری لە وەرزی بەهاردا ڕوودەدات، بەتایبەت لەقەدپالّەکانی بەلەسۆو بەروێن، کاتێك کە هێزی ڕامالّەری باران زیاتردەبێت ئەم جۆرە لەپرۆسەی ڕامالّین لەناوچەکەدا دیاردەکەوێت.

٤-ڕامالّینی کەندڕیی( تعریة الاخدودیة) : لەمەترسیدارترین قۆناغەکانی ڕامالّینی ئاوییە، بەجۆرێك بارانێکی چڕ لەناوچەیەکی بچوکدا دادەبارێت لەماوەیەکی کەمدا کە دەبێتەهۆی دروستبوونی کەندەلّانی قولّ لەخاکەکەو بەئاسانی ڕووی خاکەکە ڕادەمالّێت، سەرباری ڕامالّینی چینی

ژێرەوەی رووی خاك. ئەو زەوییانەی لێژییانەی زۆرە لەناوچەی چیابەرزەكانی باكوری رۆژهەڵاتدا بەتایبەت لەزەوییەكانی گوندی پشتە وگمەدا، ئەوا پرۆسەی راماڵینی ئاوی تیایاندا بەهێزە، بەڵام لەناوچەكانی باشوریاندا لاوازترە.

بەمەبەستی زانینی مەودای كاریگەری ناوچەكە بە پرۆسەكانی ڕاماڵینی كەندرِی پشتمان بەم یاسایە بەستووە (أحمد ب.، ٢٠٠٨، صفحة ٥٣).

$$AE=\sum L \backslash A$$

بەجۆرێك :

AE : تێكرای ڕاماڵینی كەندری م/ كم٢

$\sum L$ : كۆی درێژی دۆڵەكانی نێو یەكەی رووبەر

A: رووبەری یەك یەكە / كم٢=(٠,٨٣كم٢)

پشت بەست بە پۆلێنەكەی (Bergsma) بۆ پێواندنی توندی راماڵین هەستاوین بە دابەشكردنی ناوچەكە بۆ چەند پۆلێك كە لەنەخشەی ژمارە(٤) دا روونكراوەتەوە.بەمەبەستی دروست گەیشتنە ئەنجام ئەوا چەند هەنگاوێكمان ناوە:

١-دابەشكردنی ناوچەی توێژینەوە بۆ چوارگۆشە، كە رووبەری هەر چوارگۆشەیەك ( ٠,٨٥سم٢: ٠,٨٥كم٢) .

٢-هەژماركردنی درێژی ڕێڕەوەكانی نێو یەكەكانی یەكە وێنەییەكە، واتا لەنێو هەر چوارگۆشەیەكی وێنەییدا، جێگیركردنی تێكرای هەر چوارگۆشەیەك و دواتر لێكدانی لەگەڵ پێوەری نەخشەكە بۆ گۆرینی یەكەی (سم) بۆ( م).

٣-دۆزینەوەی ئەنجامی هەر چوارگۆشەیەك لەرێگەی دابەشكردنی تێكرای ڕێڕەوەكان لەنێو هەر یەكەیەكدا.

٤-دواتر بەپێی دەرئەنجامەكان لەسەر بنەمای پۆلێنەكەی بیرگسما بۆ دیاریكردنی توندی راماڵینی كەندرِی هەڵدەستین بە پۆلێنكردنی هەموو چوارگۆشەكان.

**خشتەی( ٨ )**

**پلەی پێوانەكردنی توندی ڕاماڵینی كەندرِی بەپێی پۆلێنەكەی (Bergsma)**

| پلەی ڕاماڵین | تایبەتمەندی | تێكرای ڕاماڵین م/كم٢ |
|---|---|---|
| 1 | زۆركەم | 1-400 |
| 2 | كەم | 401-1000 |
| 3 | ناوەندی | 1001-1500 |
| 4 | بەرز | 1501-2700 |
| 5 | زۆربەرز | 2701-3700 |
| 6 | زۆرزۆربەهێز | 3701-4700 |

سەرچاوە: كاری توێژەر پشت بەست بە :

1- (Eelko, 1983, pp. 166-174)

٢- (یاس، ٢٠١٩، صفحة ١٧٦٠)


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## خشتەی ( ٩ )

## پلەی ڕامالین و تێکرا و پێگەو ڕووبەرەکەی لەناوچەی توێژینەوەدا

| تایبەتمەندی | پلەی ڕامالین | ڕووبەر/ کم٢ | تێکرای ڕامالین م/کم٢ | ڕێژە٪ لەکۆی ڕ و و بە ر | ژ.شوێن | تێکرای درێژی دۆڵ/ م |
|---|---|---|---|---|---|---|
| زۆرکەم | 1 | 13.11 | 247.1 | 9.19 | 18 | 3967 |
| کەم | 2 | 32.1 | 619.6 | 22.51 | 34 | 41439 |
| ناوەندی | 3 | 29.13 | 1075.5 | 20.42 | 31 | 58974 |
| بەرز | 4 | 42.1 | 1878.2 | 29.52 | 53 | 76385 |
| زۆربەرز | 5 | 21.02 | 2951.8 | 14.72 | 25 | 97659 |
| زۆرزۆربەهێز | 6 | 5.2 | 3875.9 | 3.64 | 8 | 2185 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست:

١-بەبەکارهێنانی هاوکێشەی (Bergsma).

٢-نەخشەی تۆپۆگرافیای ناحیەی بەمۆ بەپێوەری( ١:١٠٠٠٠٠ ) .

پشت بەستیش بە خشتەی ژمارە (٩ و ٨)و نەخشەی(٤) ئەوا ناوچەی توێژینەوەکە دابەش دەکەین بۆ چەند ئاستێك، کە ئەوانیش:

١-پشتێنەی ڕامالینی زۆر کەم : ڕووبەرێکی بچوکی پەرشوبڵاوی ناوچەی توێژینەوەکە دەگرێتەوە، بەتایبەت لە بەشی باکوری ڕۆژئاوا، کە ڕووبەرەکەی نزیکەی (١٣,١١کم٢)یە، اتا (٩,١٩٪)ی کۆی ڕووبەری ناوچەکە، کەمی ڕامالینیش لەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ڕووەکی سروشتی و کەمی لێژی لەچاو ناوچەکانی دیکەی ناوچەی توێژینەوەکەماندا.

٢-پشتێنەی ڕامالینی کەم: فراوانترین ڕووبەری ناوچەی توێژینەوەکەیە کە (٢٢,٥٢٪)ی ڕێژەی ڕووبەری ناوچەکە پێکدێنێ،بە ڕووبەری (٣٢,١کم٢)، بەپەرتوبلاوی بەشێکی زۆری ڕۆژهەلاتی ناوچەی توێژینەوەکە بوئاراستەی ناوەڕاستی ناوچەی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت و دووەم فراوانترین پشتێنەی ڕامالینە لەناوچەکەدا، بە ناوچەی دەشتی ڕامالراویش دەناسرێت، لەکاتێکدا سەرباری بەرزی ناوچەکە لەئاستی ڕووی دەریاوە بەلام ڕێرەوە ئاوییەکانی کار بۆ درێژبونەوەی خۆیان دەکەن وەك لە داتاشینی لاتەنیشتی یان ستوونی، سەرباری بەهێزی پێکهاتە جیۆلۆجیەکەی بەرامبەر بە ڕامالین و بگرە ناوچە بەزۆری ناوچەی نیشتاندنە و ئاوڕێژی لقە ڕووبارییەکان لەم ناوچەیەدا پان نین هەربۆیە یارمەتی ڕامالین نادەن.

٣- پشتێنەی ڕامالینی ناوەندی :ڕووبەری ئەم ناوچەیە نزیکەی (٢٩,١٣کم٢)یە، واتا (٢٠,٤٢٪)ی کۆی ڕووبەری ناوچەکە پێکدێنێت و ناوچەیەکی نێوانییە لەنێوان ناوچەی دەشتی ڕامالراوو و ناوچەی گردی بەرزدا، ڕامالینی ناوەندی دیاردەی زاڵی باشوری ڕۆژئاوای ناوچەی توێژینەوەکەیە، لێرەوە پرۆسەی ڕامالینی کەندری سەرهەلدەدات و تاوەکو بەرەو بەرزی زیاتر بڕۆین لە باشوری ڕۆژئاوای ناوچەکە ئەوا ڕامالینی ئاوی زیادتر دەبێت، بەتایبەت لەسەرووی هێڵی کنتوری (٩٠٠)ەوە، ئەمەیش بەیاریدەی چالاکییە مرۆییەکانە.

٤-پشتێنەی ڕامالینی بەرز:پشتێنەیەکی تەنکی ناوچەی توێژینەوەکەیە کە تێکەڵە لەنێوان ناوچەی ڕامالینی ناوەندی و ناوچەی ڕامالینی زۆر بەرزدا، بەگشتی ڕووبەرەکەی (٤٢,١کم٢) و (٢٩,٥٢٪)ی کۆی ڕووبەری ناوچەکە پێکدێنێ. لەم پشتێنەیەدا ئاوڕێژی ڕووبارەکان هەڵکۆڵینی لاتەنیشتی بەسەریاندا زاڵە و فرە لقیشن. زۆری داباریـن و لێژی و لاوازی ڕووەکە پۆشاك و بەهێزی پرۆسەی کەشکاری لەم ناوچەیەدا هۆکارە بۆ دروستبونی ڕامالینێکی بەهێز لەوەرزی بەهاردا .

٥- پشتێنەی ڕامالینی زۆر بەرز: ڕووبەری ئەم پشتێنەیە (٢١,٠٢کم٢)یە، واتا (١٤,٧٢٪)ی کۆی ڕووبەری ناوچەی توێژینەوەکە پێکدێنێت،

کە تێیدا ڕامالینی کەندری گەیشتۆتە (٢٩٥١,٨ م/کم٢) ، واتا لەترۆپکی ڕامالیندایە و تێیدا ئاستی ڕامالین زۆر بەرزە پەرتوبلاوە، لە باکوری ڕۆژهەلاتەوە بە پەرتی بلادەبێتەوە بۆ باکوری ڕۆژئاوا و دواتریش بەچەند خالێك ناوچەکانی باشوری ڕۆژهەلات و ناوەڕاستی ناوچەی توێژینەوەکە دەگرێتەوە. کە بەرزترین لوتکە و شاخەکانی لەخۆگرتووە لەبەرزی(١١٥٠-١٣٨٠م).

٦- پشتێنەی ڕامالینی زۆر زۆر بەهێز: ئەم پشتێنە ڕووبەرێکی کەمی ناوچەی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، بە پێوانەی (٥,٢کم٢)، و بەرێژەی ( ٣,٦٤٪)ی کۆی ڕووبەری ناوچەکە، بە پێواندنە ڕامالینی (٣٨٧٥,٩م/کم٢) ، ناوچەکانی نزیك لوتکەکانی چیای بەمۆ و خوشك دەگرێتەوە، لەبەرزی (١٤٠٠-١٨٣٠م) .

**نەخشەی ( ٤ )**

**پشتێنەکانی ڕامالینی ناوچەی توێژینەوەکە بەپێی پۆلێنەکەی Bergsma**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:١-بەکارهێنانی پرۆگرامی(Arc Map) بە پشت بەستن بە فایلی مۆدیلی بەرزنزمی ( ٣٠M – DEM) .

ب: ڕامالینی ڕووبارکرد (تعریە النهریە)

پرۆسەی داتاشینی ڕووبارەکانە و لەئەنجامی پێکدادانی هەلگرتە ڕووبارییەکە کە خۆی دەنوێنێت لە قوڕ و لیتە و وردە چەو بە لاتەنیشت و بنکی ڕووبارەکەدا، هەموو ئەمانە دەبنەهۆی داتاشین لە ئاوڕێژی ڕووبارەکە. ئەم پرۆسەی داتاشینە بە پرۆسەی توانەوەی کیمیایی (

(Corrosion) وترشی کاربۆنیك و پرۆسەی هایدرۆلیکی( Hydraulic Action ) بەیاریدەی گوشاری ئاو بۆسەر چینە بەردەکان و پرۆسەی داتاشینی راستەوخۆ( Corrasion ) بەردەوام دەبێت، دواتریش ئەمە دەبێتە هۆی داڕووخاندنی بەشی سەرەوەی رووی ئاورێژبالآکانی ناوچەی توێژینەوەکە، بەتایبەت لەبەشی باشوری خۆرهەلآت و باشوری خۆرئاوای ناوچەکەدا و لەوەرزی لافایشدا ئەم پرۆسەی داتاشین و لێکخشاندن و گواستنەوەی مەوادە لەلوتکەدا دەبێت و سالآنە هەزاران تەن مەوادی هەمەجۆر لە لوتکەکانەوە بەرەو دۆڵی نیشتاندن دەگوازنەوە.

دیارترین ئەو شێوانەی لەئەنجامی راماڵینی ئاوییەوە لەناوچەی توێژینەوەکەدا دروستبوون و دیارکەوتوون بریتین لە وێنەی (٣):

١-دۆڵ ( الاودية) : زۆرینەی ناوچەکە لە باشوری هێڵەکانی دابەشکردنی ئاون لەناوچەی توێژینەوەدا، کە ئەم دۆڵانە ڕێڕەوی ئاوین و دەکەونە دامێنی لێژاییەکانەوە، تاوەکو پلەی لێژی زیادبکات ئەوا قوڵی دۆڵەکانیش زیاتر دەبن، هەربۆیە دۆڵەکانی رۆژئاوای ناوچەی توێژینەوەکە زۆر قوولترە وەك لە دۆڵەکانی بەشی رۆژهەلآت، وەکو دۆڵەکانی: (( چاڵەقووڵە، ناوتووان، گوولەشۆکان، تەپەگرکان، گووڵەگەرمك، پڵکانو ...هتد)).

٢-پیدمۆنت: پێکدێت لە چینی نیشتوی زبر، لە بەرئەنجامی نیشتنی ئاوییەوە لەدامێنی چیاکانەوە دروست بووە، کە پاشماوەی دووچاربوونی ناوچەکەیە بە سایکلۆنی بارانی بەهێز، ئەمەیش لە بەشی باشوری رۆژئاوای ناوچەی توێژینەوەکەدا بەرووني دیارە، وەکوپیدمۆندیگێجاڵ.

٣-باجادا: لەئەنجامی روودانی لەناکاو لە لێژی لای بنکی رووە لێژەکەدا دروست دەبێت ئەمەیش دەبێتە هۆی کەمبوونی توانایی ئاو بۆ هەڵگرتنی مەواد و راستەوخۆیش نیشتاندنی هەرچییەك لەمەواد کە هەڵیگرتووە و بەهۆیەوە چەندین وردە دەشتی زبر پێکدێت، وەك لەناوچەکانی باکوری رۆژئاوای گوندی بەروێنیسەروو، بەلآم ئەم رووەی لەباجاداوە پێکدێت هیچ لەو روانە ناچێت کە بەدەشتی لافاوکرد ناسراون.

٤- دەشتی لافاوکرد :دەشتە لافاوکردەکان لەپاڵ دۆڵی رووبارەکانەوە دروست بوون، لەکاتی لافاودا ئەم دەشتانە بەئاو دادەپۆشرێن، نیشتوەکانیشی زبرن وەکو قوم و چەو، سەرەڕای گاشەبەردی دۆڵەکان ، لەبەر پیری تەمەنی دۆڵەکانی هەرێمەوە هەربۆیە دەشتی لافاوکرد بەئاسانی دروست دەبێت (سورداشي، ١٩٩٩، صفحة ٥٩).ئەم دەشتانە بەشێوەی دەشتی بچوکی پەرش لەناوچەی توێژینەوەدا لەنزیك لقە روبارییەکان دروست بوون و ئەستوریيان لەنێوان(١٠٠-١٥٠م)، بەلآم لەنزیك چەماوە رووچاڵەکان ئەستوریيان دەگاتە (٢٠٠م)، وەکو دەشتی کانی کەڵ لەبناری چیای بەمۆ ، دەشتی هارگەلە لە گوندی بەڕوێن و دەشتی وشترمل و خوێرێز لە گوندی گڵێجاڵ.

٢: راماڵینی بایی( Wind Erosion )

با رۆڵێکی جیۆمۆرفی بەهێزی هەیە لە شێوە پێدانی رووی زەوی، هەر روویەکی باکرد رەنگدانەوەی تایبەتمەندی بای باوی ناوچەکەیە لەرووی ئاراستەو خێراییەوە (محسوب، ٢٠٠١، صفحة ١٩٧).

پشت بەست بەهەردوو وێستگەی دەربەندیخان و هەڵەبجە ئەوا بای باوی ناوچەکە بای باکورو باکورو رۆژهەلآتە، سەرباری کاریگەری بای باکورو باکوری رۆژئاوا (احمد، صفحة ٣٥)،و ئەم خێراییە رۆڵێکی گەورەیی هەیە بۆ وشککردنەوەی رووی خاکی ناوچەکە. لەنێو بایە هەمیشەییەکاندا بای خۆجێییش هەیە وەکو بای شەماڵ وگرە هەیە، بای شەماڵ لەوەرزی پاییز و بەهاراندا لەناوچەی شاخاوی هەڵدەکات (موکری، ٢٠٠٤، صفحة ١٤)، گرەیش بایەکی وشك وگەرمە و لەوەرزی هاویناندا هەڵدەکاتەسەر باشووری ناوچەکە و خاکی ،بەمەبەستی دەستنیشانکردنی توانایی با بۆ راماڵینی خاکی ناوچەکە هاوکێشەی( Chepil)مان بەکارهێناوە (w.s.chepil, 1962, p. 163).

کە هاوکێشەی (Chepil ) بۆ دەرخستنی توانایی با بۆ راماڵین بەم جۆرەیە:

$$C = 386\left(\frac{V^3}{(PE)^2}\right)$$

C= توانایی ڕامالینی بایV= خێرایی با بەمیل/ کاتژمێر

PE= بەهای ڕاستەقینەی بارانی سالانە بەپێی هاوکێشەی سۆرنسوێت

**خشتەی ( ١٠ )**

**پۆلێنکردنی پشتێنەی ڕامالینی بایی لەسەر بنەمای (Chepil )**

| بەهای هاوکێشە | پلەی ڕامالین |
|---|---|
| 0-17 | زۆرکەم |
| 18-35 | کەم |
| 36-71 | مامناوەند |
| 72-150 | بەهێز |
| زیاتر 150 | زۆربەهێز |

سەرچاوە:١ - (الراوي، ١٩٩٣، صفحة ٨)

2-Chepil،1962، pp162-165

**خشتەی ( ١١ )**

**تایبەتمەندییە ئاووهەواییەکان و بڕی ڕامالینی بایی بۆ ناوچەی توێژینەوە لەماوەی نێوان ( ٢٠٠٩-٢٠٢٠)**

| ساڵ | بارانی سالانە بەملم | بارانی سالانە بە ئینج | تێکڕای پلەی گەرمی (س) | تێکڕای پلەی گەرمی (ف) | کارایی باران | تێکڕای خێرایی با( م،چ) | تێکڕای خێرایی با بە ( میل/ کاتژمێر) | تێکڕای ڕامالینی بایی | پەسن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2009-2020 | ملم838 | 335.2 | 19.5 | 67 | 41.1 | 2.6 | 4.18 | 16.75 | زۆرکەم |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشت بەست بە: خشتەی (١ و ٢) .

لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیەدا و سەیرکردنی خشتەی (١٠ و ١١ ) گەیشتینە ئەوەی توانایی با بۆ ڕامالین لەناوچەکەدا بۆ ڕامالین لەم ناوچەیەدا زۆر کەمە، کە ئەمەیش ئاماژەی لاوازی فاکتەری بایە لەناوچەکە بۆ وشکردنەوەی ڕووی زەوی ناوچەکە کارکردن بۆ دووچارکردنی ناوچەکە بە بیابانبوون لە سالانی داهاتوودا. ڕوونترین دیاردەکانی بەرئەنجامی ڕامالینی بایی لەسەر ڕووی ناوچەی توێژینەوەکە بریتین لە:

٣١پەرشبوون ( التذریة ): واتا هەلگرتنی مەوادە زۆر وردەکانی سەر ڕوو و جولاندنی لەشوێنی خۆی بەیاریدەی با، بەلەڕێگەی هەر سێ هەنگاوی هەلواسین بازپێدان و خشاندن، کە دیاردەی بنڕۆ ( السریر)ی لەچەند خالێکی بچوکی بەشی باشوری ڕۆژئاوای ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە، ئەمەیش بەهۆی لێک هەلوەشاوەیی خاکی ناوچەکە و داڕووتاوی لە ڕووەک .

٢-سافکردن( الصقل) : ئامازەیە بۆ داتاشینی بەردەکان تا ئاستی کون کونێکی نیوچە سافبوو، ئەمەش لەئەنجامی پیاخشانی مەوادی هەلواسراو تا ئاستی بەرزی دوو مەتر بە بەردەکەدا، ئەم دیاردەیە لەسەر هەندێك لەبەردەکانی کەنارچۆمەکانیبەلەسۆوحاجیئاوادەبینیدرێت.

## تەوەری چوارەم: نیشتاندن( Deposition )

پرۆسەی نیشتاندن بەتەواوی پەیوەندە بە پرۆسەی داتاشینەوە، تاوەکو پرۆسەی داتاشین هەبێت ئەوا نیشتاندنیش هەیە کە لەنێوانیاندا ڕاماڵین و گواستنەوەیش هەیە، بەیاریدەی هێزی ئاوو با و پلەی لێژی و بڕی مەوادی گوازراوە. ئەم پرۆسەیە وێنەپێدەری شێوەکانی ڕووی زەوی ناوچەکەیە، بۆئەمەش پرۆسەی نیشتاندنی ئاوی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، هەرچەندە نیشتاندنی بایی کاریگەرە بۆ ئەم پێکهێنانە. پرۆسەی نیشتاندن لەناوچەی توێژینەوەکەدا دووجۆرە، ئەوانیش:

١-نیشتاندنی ئاوی Alluvial deposits( ): ئەم نیشتاندنە بەگشتی پەیوەندە بە لق و جۆگەلە ئاوییەکانی ناوچەکە و کەندڕی قەدپاڵ و ئاراستەی لێژیە سەختەکانەوە، کە ئەوکەرەستانەی لە بەشی سەرەوەو بەرزاییەکانەوە هەڵیانگرتووە لە دامێن و لاتەنیشتی ئاوڕێژی لقەکاندا دەینیشێنن و دەشتی لافاوکردی پێکهاتوو لە چەوو لم و لیتە پێکدێنن، بەجۆرێك دەبینین سەرەتا لەنزیکی ئاوڕێژگاندا لیتە نیشتوە و دواتر لم و ئینجا بەردە گەورەکان، سەرباری دروستکردنی دوورگە ڕووبار لەهەندێك خاڵی بچوکی ڕێڕەوی لقەکانی ناوچەکەدا بەهۆی بوونی تاتەبەردی گەورەو ڕووپۆشی ڕووەکییەوە، ئەمەیش بەڕوونی لای چەمی ناوتوان و پشت ئاشێدا بەڕوونی دیارە، دەشتە بچکۆلانەکانی گڵێجاڵ و پشتە و گمە کە لەتەنیشتی ڕێڕەوە ئاوییەکانن و بەپرۆسەی لافاوی پێکهاتوون دەشتگەلێکی پڕپیتن بۆ کشتوکاڵی، بەگشتیش بەهۆی ئەوەی تەواوی چەمی ناوچەکە وەرزییە هەربۆیە پرۆسەی نیشتاندنیش وەستاوەتەسەر پرۆسەی داتاشین و ڕاماڵینی وەرزی، کە پشت بەستە بە بڕوکاتی داباریین و لافاو و بای خۆڵاویی.

لەناوچەکەدا جۆرێکی دیکەی نیشتاندنی باوی ئاویمان هەیە ، کە بە باجادا ناسراوە و بۆخۆڵادان لەدووبارەبوونەوە، لێرەدا باسمان نەکردۆتەوە.

٢- نیشتاندنی بایی: نیشتن بەهۆی باوە بەپێچەوانەی نیشتنە بەهۆی ئاووەوە، بەوپێیەی نیشتوە باییەکان بەزۆری پیت کوژ و بەزیانن بۆ ناوچەکە، ئەم جۆرە نیشتاندنە پەیوەستە بە سایکلۆنە خۆلینەکانی هاوین و پاییزەوە، نمونەی ئەمەش ئەو شەپۆلە تۆزەی ساڵی(٢٠٠٩)یە کە خاك و دەغڵی ناوچەکەی توشی بێپیتی کرد و بوەهۆی بڵاوکردنەوەی چەندین نەخۆشی.

## ئەنجام

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان بەم چەند خاڵە دەخەینەڕوو:

١-پرۆسە مۆرفۆ ئاووهەواییەکان بەجیا کاردەکەنەسەر دروستبوونی شێوەکانی ڕووی زەوی ناوچەکە، بەجۆرێك پرۆسە مۆرفۆ ئاووهەواییەکان بە پلەی دووەم دێت، پاش پرۆسەی مورفۆتەکتۆنیەکان .

٢-پرۆسەی کەشکاری لەناوچەکەدا پرۆسەیەکی بەهێزە، بەتایبەت کەشکاری فیزیایی لەوەرزە وشکەکاندا، سەرباری کاریگەری پرۆسەی کەشکاری کیمیایی لەوەرزە شێدار و نیمچە گەرمەکاندا. کەشکاری فیزیایی لەناوچەکەدا لەژێر کاریگەری چەند پرۆسەیەکدایە، ئەوانیش: ( کشانی گەرمی، کشانی وشکی و تەڕیی، مێخەشەختە، گەشەی کریستاڵیی، بەتوێژاڵبونی بەرد) . بەهەمان شێوەش کەشکاری کیمیایی لەناوچەکەدا کارایە، لەژێر کاریگەری چەند پرۆسەیەك، ئەوانیش: ( بەئاوبوون، شیبونەوەی ئاویی، بەئۆکسیدبوون، بەکاربۆن بوون، کەشکاری خوێیی، بەئایۆنبوون، دارنینی کیمیایی) . لەنێو کەشکاری زیندەییشدا مرۆڤ کاریگەرترین ڕۆڵی هەیە لە گۆڕین و شێوەپێدانی شێوەکانی ڕووی زەوی ناوچەکە.

٣-ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە نێو شەش پۆلی هاوکێشەکەی(Bergsam)وە ئەمەیش بەهۆی بەهێزی ڕاماڵینی کەندرییەوە.

٤- توانایی با بۆ ڕاماڵین لەناوچەکەدا بریتییە لە ( ١٦,٧٥)، پشت بەست بە هاوکێشەکەی ( chepil).

## پێشنیارەکان:

١-هاندانی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکە بۆ بەتەلانکردنی ئەو قەدپاڵانەی ڕاماڵینیان بەهێزە، ئەم تەلانە لەڕووی گەشتوگوزارەوە بەسوودە بۆ دانیشتوانەکە و لەلایەکی تریشەوە فاکتەرێکی بەهێزە بۆ کەمکردنەوەی پرۆسەی ڕاماڵینی قووڵ .

٢-هاندانی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ناحیەی بەمۆ بۆ داراندنی قەدپاڵە مەیلەو داڕووتاوەکانی ناوچەی توێژینەوەکە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێب بە زمانی کوردی

١-خنسی، د.بیوار .(٢٠١٢). کارەسات، و.گەرمیان محمد احمد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕێنما، سلێمانی.

٢-شاهین، د.علی عبدالوهاب. (٢٠١٢). جیمۆفۆلۆجیا، و:گەرمیان محمد احمد، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٣-محمدئەمین، هاوڕێ یاسین.( ٢٠١٥). جوگرافیای دەرامەتە سروشتیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە،تاران.

٤-موکری، د.محەمەد. (٢٠٠٤). بایەکانی کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی .

### دووەم: کتێب بەزمانی عەرەبی

٥-الخفاجي، د.سرحان نعيم. (٢٠١٧ ). التجوية ودورها الجيمورفولوجي، الطبعة الاولى،مطبعة جامعة المثنى.

٦-دليمي، خلف حسين. (٢٠٠١). الجيومورفولوجيا التطبيقية،من منشورات مطبعة الاهلية، عمان، الاردن .

٧-سليم ، محمد صبري محسوب.( ١٩٩٦). الجغرافية الطبيعية أسس ومفاهيم حديثة ، دار الفكر العربي، القاهرة،مصر.

٨-سليم ، محمد صبري محسوب.( ٢٠٠١).جيومورفولوجية الأشكال الأرضية ، القاهرة،مصر.

٩-صفي الدين، محمد.(بدون سنة الطبع). جيومورفولوجية قشرة الأرض، دار النهضة العربية، بيروت ،لبنان.

١٠-عنانزة، د. علي.( ٢٠١٨).محاضرات في مقرر الجيومورفولوجيا ، الطبعة الاولى، من منشورات جامعة البحرين .

١١-كربل، عبدالله رزوقي.( ١٩٨٦). علم الاشكال الارضة، الطبعة الاولى، بدون اسم الطبعة،البصرة.

١٢-الكيلاني، عامر عبدالفتاح.( ٢٠١٣). موسوعة علوم الارض،الطبعة الاولى، دار الدجلة، بغداد.

### سێیەم: کتێب بەزمانی ئینگلیزی

13- Richard .J.H.( 26-jul- 2007). Fundamentals of Geomorphology) Routledge Fundamentals of physical Geography) ، London.

14- Fournier.F.( 1960( Climate Erosion La relation enter leerosion du sol par l'eau et les perceptions Atmosphere،Ques،Paris.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

**چوارەم-نامەی ماستەر و دکتۆرا**

١٥-أحمد ، بشار هاشم كنوان.( ٢٠٠٨). جيومورفولوجية منطقة سد حمرين بأستخدام تقنيات الأستشعار عن بعد ونظم المعلومات الجغرافية ،رسالة ماجستير ،غ.م، كلية التربية ،جامعة تكريت، تكريت.

١٦-أحمد ، سؤران حمة أمين.(٢٠١١). المناخ و استهلاك الطاقة الكهربائية في محافظة السليمانية، رسالة دكتورا، غير منشورة، كلية علوم الانسانية، جامعة السليمانية، السليمانية.

١٧-جاسم ، أبتسام أحمد.( ٢٠٠٦). هيدروجيومورفولوجية حوض التون كوبري في محافظة كركوك، أطروحة دكتورا، غ.م، كلية الأداب ،جامعة بغداد، بغداد .

١٨-الجبوري، محمد علي حميد.( ٢٠١٣). تقدير حجم التعرية في حوضي جوكة سرر-ماوكان، ( دراسة جيومورفولوجية تطبيقية)، رسالة ماجستير، غير منشورة، كلية آداب ، جامعة بغداد،بغداد.

١٩-الطويل، صباح.( ٢٠٠٥). الحمولة الصلبة في حوض وادي الرمال، رسالة الماجستير،غير منشورة، كلية علوم الارض، جامعة منتوري، الجزائر .

٢٠-محمد امين، هێرۆ نصرالدين.( ٢٠١٦). ڕاڕای ئاووهەواو کاریگەری لەسەر ژینگەی سروشتی لەقەزای خانەقین، نامەی ماستەر،کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٢١-نزار، عبدالحميد.( ٢٠٠٦). التعرية و انعكاساتها في حوض واد الحمام، ماجستير، كلية علوم الارض، الجمهورية الجزائرية الديموقراطية.

**پێنجەم – گۆڤارەکان**

٢٢-سلامة ، حسن رمضان.( ١٩٨٢). الخصائص الشكلية ودلالاتها الجيومورفولوجية ، نشرة دورية تصدرها قسم الجغرافيا ،جامعة الكويت،العدد ٤٣،الكويت.

٢٣-المالكي، عبدالله سالم.( ٢٠٠٦). التعرية المائية للتربة، مجلة ابحاث ميسان، المجلد الثاني، العدد الثالث.

٢٤- ياس، نبراس عباس.( ٢٠١٩). المخاطر الجيومورفولوجية للسيول واثرها في تغير الفئات الانحدارية لمناطق شرق العراق لمحافظتي واسط والعمارة، الجامعة المستنصرية، مجلة كلية التربية الاساسية، المجلد ٤، العدد١٠٤.

28-Eelko، Bergsma،.(1983). Rainfall erosion surveys for conservation planing، ITC، Journal- nether vol 2.

29-W.S.Chepil،، F. H .( 1962).Armbrust Climatic Factor for estimating Wind Erodiblity of Farm، Journal of soil and Water Conservation، Vol 17،No 4 .

# لەمپەرەکان و ئاسۆی داهاتووی کەرتی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا

**فوئاد خالد سعيد[1]، رەنجدەر جمال رشید[2]**
[1] بەشی کۆمەڵایەتی ،کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت ،زانکۆی سلێمانی ، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2] بەشی جوگرافیا ،کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی ، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: fuad.said@univsul.edu.iq

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لەچوارچێوەی جوگرافیای پیشەسازییدایە و یەکەمین توێژینەوەیە کە گرنگی دەدات بەکەرتی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجە و ناحیەکانی، لەرێگەیەوە تەواوی ئەو فاکتەرانە شیدەکرێتەوە کە رێگرن لەپێش گەشەکردنی کەرتی پیشەسازیی لە ناوچەی توێژینەوەدا، دواتریش ئاییندەی ئەم کەرتە لەناوچەکەدا دەخرێتەڕوو، لەسەر بنەمای پلانێکی وردی زانستیی .

ئەم توێژینەوەیە هۆکارەکانی جێگیربوونی پیشەسازیی بەپێی یەکەکانی ناوچەی توێژینەوە پیشاندەدات، لەگەڵ ڕاڤەکردنی هۆکاری پشت دابەشبوونی پیشەسازیی لەناوچەکە، کە خۆی دەنوێنێت لە"بڕی سەرمایە و پێگەی جوگرافی و ئاووهەوا و بوونی کەرەستەی خاوو وزە"، لەگەڵ پیشاندانی کارلێکی نێوان ناوچەی توێژینەوەکە و هەرێمەکانی دەوروبەری؛ لەرووی پیشەسازییەوە، بە تەواوی لقەکانیەوە لەپیشەسازیی گۆڕاوو بەرهەمهێنان.

سنوری توێژینەوەکەش هەمان سنوری کارگێری پارێزگای هەڵەبجەیە. گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکەش خستنەڕووی دیارترین ئەو هۆکارانەیە کە رێگرن لەپێش گەشەکردنی کەرتی پیشەسازیی لە ناوچەی توێژینەوە و پیشاندانی کاریگەری ئەم فاکتەرانە لەسەر گەشەی پیشەسازیی لەداهاتووی ناوچەکەدا. رێبازی هەرێمی و رێبازی شیکاریی بەکارهێندراوە، ئەمەش بۆ گەییشتن بووە بە ئامانجی توێژینەوەکە، لەسەر بنەمای ئامانجەکانیش توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ سێ تەوەر.

لەئەنجامدا توێژینەوەکە گەیشتۆتە چەند ڕاستییەك و لەسەر بنەمای ئەم ئەنجامانەش چەند پێشنیارێك خراوەتەڕوو؛ بۆ رەفتارکردن لەگەڵ ئەم لەمپەرانە .

**وشە کلیلیەکان:** پارێزگای هەڵەبجە ، پیشەسازیی، ئاسۆی داهاتوو، کێشەکان، لەمپەر


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٧ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢٢) |
| رێککەوتەکان | رێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٤/٨ \| رێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/٢ \| رێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | fuad.said@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بلاو كردنەوە | ©٢٠٢٢ د. فوئاد خالد سعید ،رەنجدەر جمال رشید، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر رەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## ملخص

هذه الدراسه تقع فى مجال الجغرافيا الصناعية وهى الاولى من نوعها التى تركز على قطاع الصناعي في محافظة الحلبجة و نواحيها و من خلالها سيشرح العوامل التي تعيق تطور القطاع الصناعي في المنطقة الدراسة و آفاقها المستقبلية بالاعتماد على تخطيط علمي دقيق . هذه الدراسة ايضا تقوم بتحليل اسباب الترسيخ الصناعة حسب مناطق الدراسة، مع شرح للعوامل التي تودى الى تقسيم الصناعي في منطقة الدراسة ک"رأس المال و الموقع الجغرافي و المناخ و المواد الخام و مصادر الطاقة "، مع ابراز التاثير المتبادل بين المنطقة الدراسة والمناطق الصناعية المجاورة لها، في جميع فروعها من الصناعات التحويلية والانشائية.

نطاق الدراسة تشمل حدود الادارية لمحافظة حلبجة و الهدف الرئيسي لهذه الدراسة هو اظهار اهم عوائق التي تعترض تطوير الصناعة في منطقة المذكوره و تأثير هذه العوامل على تنمية الصناعية في مستقبل المنطقة. استخدم المنهج الاقليمي و المنهج التحليلي للوصول الى هدف الدراسة و بناءاً على الاهداف المنشوده تم تقسيم الدراسة الى ثلاث محاور.

في الختام، توصلت الدراسة الى بعض الحقائق و بناءً على هذه النتائج تم تقديم بعض المقترحات للتعامل مع العوائق.

**الكلمات مفتاحية:** محافظة الحلبجة ، الصناعة، آفاق المستقبل، مشاكل، معوقات

## Abstract

The current research falls within industrial geography domain and is regarded as the first particular study that focuses on the obstacles which prevent industrial development in Halabja governorate. This study sheds light on the obstacles as well as the future prospects of industrial sector in the afore-mentioned area based on the accurate scientific plans. Furthermore, the industrial bases and the factors behind their distribution in the area such as; amount of capital and investment, geographical location, climate, and availability of energy and raw materials will be explained. Also, industrial interaction between the target industrial area and surrounding areas in both transforming and production aspects will be investigated.

The scope of the study covers the administrative borders of Halabja governorate. The aim of the present study is to indicate the impediments which hinder the development of industrial sector in the target area and show the future prospects drawn for it. To achieve the aim of this study, regional and analytical methods were applied.

Based on the objectives, the research was divided into three chapters.

By the end of the research, some major findings have been reached according to which, certain suggestions have been proposed.

Keywords: Halabja governorate, industry, future prospects, problems, obstacles

## پێشەکی

کەرتی پیشەسازیی بڕبڕەی سەقامگیری ئابوری وڵاتانە، ناوچەی توێژینەوەکەیش پێویستی بەم کۆڵەکە بەهێزەیە بۆ هەستانەوەیەکی ئابوریانەی هەمیشەیی، بەجۆرێك پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەدا ببێتە هۆی جێگیربوونی سەرمایە بەتایبەتی و دانیشتوان بەگشتی. کەرتی پیشەسازیی لەناوچەکەدا گرفتارە بەدەست چەندین کێشەوە، کە هەندێکیان کێشەی تایبەتین وەکو ( کەمی سەرمایە، کەمی دەستیکار، کەم ئەزمونی خاوەنکار) و هەندیکیشی پەیوەندن بە حکومەتەوە لەشێوەی ( زۆری باج، نادابینکردنی زەوی پیویست بۆ کارگەکان، نەبوونی قەرزی حکوی، ..هتد) کە دواتر بەوردی باسیان لیوەدەکەین، سەرباری ئەوەی لیرەدا هەڵدەستین بە خستنەرووی ئاسۆی گەشە و داهاتووی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەکەدا.

## کێشەی توێژینەوەکە

ئایا کێشەکانی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەدا لە ئەنجامی چەند فاکتەرێکی جیاوازەوە سەریان هەڵداوە؟ ئەم پرسیارە بە کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە دادەنرێت، جگە لەچەند پرسیارێکی تری لاوەکی وەکو:

١- ئایا ئاستەنگ هەیە لەپێش گەشەکردنی کەرتی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا؟

٢- ئایا دەگونجێت لەداهاتوودا ئەم کەرتە لەناوچەکەدا بگاتە ترۆپکی گەشە ؟

## گریمانەی توێژینەوە

بەگشتی گریمانەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

١-ناوچەی توێژینەوەکە لەکاتی ئێستادا بەهۆی گرفتی کەمی سەرمایە و کەمی کەرەستەی خاوو نەبوونی ئاسانکاریی حکومییەوە دەناڵێنێت،ئەمانەش رێگرن لەپێشکەوتنی پیشەسازیی تێیدا.

٢-ناوچەی توێژینەوە لەداهاتوودا، دەگونجێت ببێت بە ناوەندێکی گرنگی پیشەسازیی .

## گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی توێژینەوەکەمان لە خوودی گرنگی پیشەسازییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە هۆکارە بۆ بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی تەواوی بنەماکانی ژیان لەناوچەی توێژینەوەدا، سەرباری ئەوەی ئەم توێژینەوەیە بەوردی کێشەکانی پێش گەشەکردنی ئەم کەرتەی لەناوچەی توێژینەوەدا خستۆتەروو .

## ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی توێژینەوەکەش خستنەرووی دیارترین ئەو هۆکارانەیە کە رێگرن لەپێش گەشەکردنی کەرتی پیشەسازیی لە پارێزگای هەڵەبجە و پیشاندانی داهاتووی ئەم کەرتە لەناوچەی توێژینەوەکەدا.

## میتودی توێژینەوەکە

لەم تویژینەوەیەدا رێبازی هەرێمی و رێبازی شیکاری بەکارهێندراوە.

## سنوری ناوچەی توێژینەوە

پارێزگای هەڵەبجە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی عێراق، باشور ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان و باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانییەوە. لە ڕۆژهەڵاتیەوە هاوسنوورە لەگەڵ کۆماری ئێران و قەزای پێنجوێنیش دەکەوێتە باکوری ئەم پارێزگایەوە، هەروەها دەربەندیخان دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای و قەزای سیدصادقیش لەباکوری خۆرئاوای پارێزگای هەڵەبجەیە. پارێزگای هەڵەبجە لەرووی ئەسترۆنۆمییەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی( ٣٥,٢٠,٢ ٥ و ٣٥,٢٦,٤)ی باکور و هێڵی درێژی( ٤٥,٤٨,١ و ٤٦,١٢,١)ی ڕۆژهەڵات، نەخشەی( ١).

## پلانی توێژینەوەکە

لەسەربنەمای ئامانجەکان ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوە بۆسێ تەوەر، کە دواتر بەوردی باسیان لیوەدەکەین.

**نەخشەی (١)**

**شوێنی جوگرافی پارێزگای هەڵەبجە بەگوێرەی عێراق و هەرێمی کوردستان**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

١-بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc.gis.10.5)

٢-دەزگای ئاماری هەرێم، نەخشەی بنچینەیی پارێزگای هەڵەبجە ، بۆ ساڵی ٢٠٢١ .

لەبەر ڕۆشنایی ئامانجەکان، توێژینەوەکە بۆ سێ تەوەر دابەشکراوە:-

## تەوەری یەکەم: پیشەسازیی و دیارترین کێشەکانی لەپارێزگای هەڵەبجەدا

یەکەم: کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە لەڕووی ژمارە و دەستی کار و سەرمایەوە وەکو یەك دابەش نەبوون، بەڵکو دوابەدوای کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەپێی شوێن توێژەر هەستاوە بەخستنەڕووی دابەشبووونی تایبەتمەندیی جوگرافیانەی ژمارەیی کارگەکان لەپارێزگای هەڵەبجەدا، بەجۆرێك بەتیبینی کردنی خشتەی (١) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە دابەشبوونی ژمارەیی کارگە پیشەسازییەکانی پارێزگای هەڵەبجە بەپێی یەکە کارگێرییەکان دەگۆڕێت، ئەمەیش لەسایەی دەستەبەری بنەما ئابوری و جوگرافیەکانی ناوچەی توێژینەوەکەوە، بۆئەمەیش پشت بەستراوە بە کۆکردنەوەی زانیاری ژمارەیی دەربارەی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوەکە و سوود وەرگرتن لەم زانیاریانە لەریگەی ئیسقاتکردنی بۆسەر نەخشەی جوگرافی پشت بەست بە سیستمی( GIS )و بەگشتی دەبینین کە قەزای ناوەندی هەلەبجە( ٦٠,٢٨ ٪)ی کۆی کارگە پیشەسازییەکانی پارێزگاکە لەخۆدەگریت ئەمەیش بەهۆی کۆبونەوەی دانیشتوان و سەرمایە و پاشان ناحیەی سیروان دێت بە لەخۆگرتنی ( ٢٤,١٢ ٪)ی کۆی ژمارەی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوەکە، دواتریش ناحیەکانی خورماڵ و بیارە بەرێژەی یەك لەدوای یەکی ( ٩,٩٣ و ٤,٩٦ ٪)ی کۆی ژمارەی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە لەخۆدەگریت، بەلام ناحیەی بەمۆ (٠,٧٠ ٪)ی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوەکە پێکدێنێت.

**خشتەی( ١ )**

**دابەشبوونی جوگرافی ژمارەی کارگە پیشەسازییەکان لەپارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی ٢٠٢١**

| ژ | یەکەی کارگێری | ژمارەی کارگە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | قەزای ناوەند | ٨٥ | ٦٠,٢٨ |
| ٢ | سیروان | ٣٤ | ٢٤,١٢ |
| ٣ | خورماڵ | ١٤ | ٩,٩٣ |
| ٤ | بیارە | ٧ | ٤,٩٦ |
| ٥ | بەمو | ١ | ٠,٧٠ |
| | تێکرا | ١٤١ | ٩٩,٩٩ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە : سەردانی مەیدانی بۆناوچەی توێژینەوە و دابەشکردنی فۆرمی زانیاری.

## دووەم: هۆکارەکانی جێگیربوونی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە

پیشەسازی چەندین بنەمای هەیە بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردن و مانەوەی و ئەوانیش: (سەرمایە، بازاڕ، کەرەستەی خاو، سەرمایە، دەستی کار ، ئاسایش، شوێنی جوگرافی، ڕێگای گواستنەوە، سیاسەتی ئابووری..هتد)وە بەبێ بوونی یەکێك لەم بنەمایانە ئەوا ئەوکەرتە پیشەسازییە بە کەرتێکی ناتەواو دێتە ئەژمار کردن.توێژەر بۆ ئەوەی بزانێت کامە هۆکار بوەتە هۆی جێگیر بوونی پیشەسازیەکان لە پارێزگای هەلەبجە هەستاوە بە جێگیر کردنی هۆکارەکانی جێگیر بوونی پیشەسازی لە فۆرمی توێژینەوەدا و پرسیاری لە خاوەن کارگەکان کردووە بۆ ئەوەی بزانێت کامە هۆکار کاریگەربووە لەسەر جێگیر بوونی پیشەسایەکەی لەوشوێنەدا، دەرئەنجامی دەرکەوتووە کە هۆکارەکانی جێگیربوونی پیشەسازی لە ناوچەی لێکۆلینەوەدا بەجۆریکە کە سەرمایە و کەرەستەی خاو گرنگترین دوو هۆکاری پشت ئەم جیگیربوونە پیکدێنن بۆ تەواوی کارگەکان.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## سێیەم: کێشەکانی کەرتی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا

بەگشتی کەرتی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا دووچاری چەندین گرفت بوەتەوە کە گرنگترینیان بریتین لە: (( کێشەی کەرەستەی خاو، کێشەی ئامێری میکانیکی، کێشەی سوتەمەنی و وزە، بازاڕ و کێبڕکێ، کێشەی دەستیکار, کێشەی بچوکی ڕووبەر، کێشەی گواستنەوە و ئاووهەوا))، پشت بەست بە قوڵیی کێشەکان ڕیزبەندیمان بۆکردوون و لێرەوە باسیان لێوەدەکەین. ئەم کێشانەیش دووجۆرن، کە ئەوانیش:

١: ئەوکێشانەی دووچاری کەرتی پیشەسازیی بوون، بریتین لە:

### أ-کێشەی کەمی کەرەستەی خاو:

بەمەبەستی زۆر فراوان نەبوونی بابەتی توێژینەوەکە ئەوا بەهاوشیوەی زۆر کیشەی دیکە نەخشەی  کیشەی کەمی کەرەستەی خاومان نەکیشاوە، بەلام  پشت بەست بەخشتەی ژمارە(٢) بۆمان ڕووندەبیتەوە کە نائاسانی دەستەبەرکردنی کەرەستەی خاو لەناوخۆدا بۆکارگەکان هۆکارێکی زەقە بۆ پێشنەکەوتنی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەکەدا، بەجۆرێك سادەترین پیشەسازیی کە پیشەسازیی نانە، پشت بە ئاردی تورکی و ئیرانی دەبەستێت، کە ئەمەیش پەیوەستە بە نرخی دۆلار بەرانبەر بەدینار و بەهای گومرك و کرێی گواستنەوە،  سەرباری ئەوەی تەواوی کەرستەخاوەکانی پیشەسازیی کیمیایی و کانزایی لەناوچەکەدا پشت بەستن بە کەرەستەی خاوی دەرەکی، وە ناجێگیریی بەردەستیی کەرەستەی خاو بۆکارگەکانی ناوچەکە وایکردووە نرخەکانیش بەپێی وەرزەکان و گۆڕان لەنرخی ڕۆژی کەرەستە خاوەکاندا بگۆڕێت، بەلام ئەمە مانای ئەوەنییە کە هیچ جۆرە کەرەستەیەکی خاو لەناوچەی توێژینەوەکەدا بوونی نییە، بەڵکو زۆرن کەرەستە خاوەکان بەلام نەبوونی ئامێری پێشکەوتوو بۆ بەباشی سوود لێوەرگرتنی هۆکارە بۆ سوود لێوەرنەگرتنی" بەهۆی  زۆری خاوە نادەستەبەرەکان و جیاوازی لەنرخیان نەتوانراوە داتایەکی وردی ئەم بابەتە وەربگیریت، بەلام پشت بەست بەسەردانی مەیدانی توێژەر بۆناوچەی توێژینەوە کاریگەری ئەم کیشەیە بەزەق دیارکەوتووە، بەتایبەت لەکەرتەکانی کیمیایی و کانزایی و چاپەمەنیدا.

**خشتەی ( ٢ )**

**کەرەستەی خاوی هاوردەکراو بۆ پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی ٢٠٢١**

| کەرتی پیشەسازیی | جۆری کەرەستەی خاوی هاوردەکراو | شوێنی هاوردەکردن |
|---|---|---|
| پیشەسازیی بیناسازیی | چیمەنتو، لم، گەچ، بوحس، چەو، ئاو | ناوخۆی پارێزگا+ دەرەوە |
| پیشەسازیی خۆراك | ئارد, خوێ، خومرە، سۆدا، شەکر، ڕەنگی خۆراکی، نیشاستە | ناوخۆ+ دەرەوە |
| پیشەسازیی کانزا | ئەلەمنیوم، پبیت، پلاستیك/ بۆیاخ/ دەزگا، ئاسن، پەنال، برغی | دەرەوە |
| پیشەسازیی کیمیایی | غازی شل، کەرەستەی لەکارکەوتوو، سلیکۆن | ناوخۆی پارێزگا+ دەرەوە |
| پیشەسازیی دارتاشی | تەختە دریژ، دار، تریشە، تاج، تەختەی MDF ،نەرمادە، قاچ بلۆك | ناوخۆی پارێزگا+ دەرەوە |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە سەردانی مەیدانی ناوچەی توێژینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری لەرێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی ٢٠٢١

## ب-كێشەی نادەستەبەری ئامێری میكانیكی

پرۆژە پیشەیازییەكان پشت بەستن بە ئامێرو تەكنەلۆژیای پێشكەوتوو، تاوەكو كارگەكە لەڕووی تەكنیكەوە پێشكەوتوتربێت، جۆری بەرهەمی باشتر و بڕی زیاتردەبێت، سەرباری ئەوەی پێویستی بەدەستی كاری كەمتریش دەبێت، ئەمەیش جۆرێك لە نزمبونەوەی نرخ دێنێتەبەرهەم كە تارادەیەك دەتوانێت كێبركێی بەرهەمە هاوردەكراوەكان بكات، داجاریش ئەمە دەبێتە هۆی تەواو بەكارخستنی بەشەكانی كارگەكە و لەداهاتوویشدا بەسوود دەبێت بۆ پێگەیاندنی چینێك لە كرێكاری شارەزای تەكنەلۆژی پیشەسازیانە.

پشت بەست بە خشتەی ژمارە( ٣) دیاركەویت كە نادەستەبەری ئامیری میكانیكی لە كەرتی كانزاییدا بەهێزترین كیشەیە بەوپێیەی (٨٤٪) ی كارگەكانی ئەم كەرتە بەدەست نادەستەبەری ئامێری میكانیكییەوە دەنالێنن، لەكاتیكدا كەرتی كیمیایی كەمترین كاریگەری ئەم بنەمایەی لەسەرە ئەویش بە پیكهێنانی (٤٠٪)ی كۆی كیشەكانی كەرتی كیمیایی . لەكاتیكدا ڕێژەی كێشەی كەرتەكە لەئاست كۆی كیشەكاندا كەرتی كانزایی بەهەمان شیوە بەرزترین كیشەی ئەم بوارەی هەیە بە لەخۆگرتنی (٣٨,١٨٪) و كەرتی ككیمیاییش(١,٨١٪)ی ككۆی كیشەی كەرتەكان لەئاستی كۆی كیشەكان پێكدێنێت. بەلام ڕێژەی كێشەی كەرتەكە لەئاست پارێزگادا كەرتی كیمیایی (٠,٩٠٪) و كەرتی كانزاییش (١٨,٥٥ ٪)ی كۆی كێشەكانی پارێزگای هەڵەبجە پێكدێنێت .

**خشتەی ( ٣)**

**نادەستەبەری ئامێری میكانیكی لەئاست كۆی كێشەكانی ناوچەی توێژینەوەدا**

| جۆری كێشە | كەرتی پیشەسازیی | ژ.كارگە | كێشە بەژمارە | كێشە بەرێژە ٪ | رێژەی كیشەی كەرتەكە لەئاستی كۆی كیشەكان ٪ | رێژەی كێشەی كەرتەكە لەپارێزگا ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نادەستەبەری ئامێری میكانیكی | بیناكاریی | ١٣ | ٩ | ٦٩,٢٣ | ٨,١٨ | ٤,٠٧ |
| | خۆراكیی | ٦٧ | ٣١ | ٤٦,٢٦ | ٢٨,١٨ | ١٤,٠٢ |
| | كانزایی | ٥٠ | ٤٢ | ٨٤ | ٣٨,١٨ | ١٨,٥٥ |
| | كیمیایی | ٥ | ٢ | ٤٠" | ١,٨١ | ٠,٩٠ |
| | چاپەمەنی | ٦ | ٣ | ٥٠ | ٢,٧٣ | ١,٣٥ |
| | كارگە نیوچە پیشەسازیەكان | ٨٠ | ٢٣ | ٢٨,٧٥ | ٢٠,٩٠ | ١٠,٤٠ |
| | كۆی گشتی | ٢٢١ | ١١٠ | - | ٩٩,٩٩ | ٤٩,٢٩ |

سەرچاوە: كاری توێژەر پشت بەست بە سەردانی مەیدانی ناوچەی توێژینەوە و كۆكردنەوەی زانیاری لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی ٢٠٢١


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

نەخشەی (٢)

دابەشبوونی ئامێری میکانیکی بەپێی یەکە کارگێڕیەکانی ناوچەی توێژینەوەکە بۆسالی ٢٠٢١




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە :

١-سەردانی مەیدانی بۆناوچەی توێژینەوە و دابەشکردنی فۆرمی زانیاری

٢-وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپیدانی پیشەسازیی، بەشی پلاندانان،٢٠٢١

## پ-کێشەی سووتەمەنی و وزە

لەناوچەی توێژینەوەکەدا تەواوی کارگەکان کێشەی نادەستەبەری سووتەمەنی هەرزان و گرانی نرخی کیلۆواتی کارەباوە دەناڵێنن، کە ئەمەیش لای خۆیەوە هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی نرخی شمەکی بەرهەمهاتوو و لەدەستدانی توانایی بۆ کێبڕکێی بەرهەمە بیانیەکان، سەرباری ئەم گرانی نرخە زۆرینەی کارگەکان پشت بە مۆلیدەی بەرهەمهێنانی کارەبا دەبەستن، کە ئەمەیش پێویستی بە گاز یان بەنزینی هەرزانە، لەکاتێکدا لەئێستادا نرخی سووتەمەنی بەرەو لوتکەی گرانی هەنگاو دەنێت هەربۆیە ئەم هەوڵەیش بۆ بەکارنەهێنانی کارەبای گرانبەهای حکومی

شکستی هێناوە، سەرباری ئەوەی مۆلیدەکان پیسەکەری ژینگەن بە دەنگەدەنگ و دووکەڵی ژەهراوی، هەروەها لەڕووی کوالێتیشەوە ڤۆڵتێی کارەبایان زۆرجار جێگیرنابێ ئامێری کارگەکان توشی لەکارخستن دەکاتەوە، سەرباری ئەوەی بڕان و کەمی کارەبای نیشتیمانی لەوەرزی هاویندا هۆکارە بۆ تێکچوونی زۆر بەرهەم بەتایبەت بەرهەمی کارگەکانی ساردەمەنی ودۆندرمە و سەهۆڵ، ئەمەیش وایکردووە کێشەی سووتەمەنی و کارەبا لەناوچەی توێژینەوەکەدا وەك کێشەیەکی دیار ببینرێت هەروەها پشت بەست بە خشتەی ژمارە( ٤ ) بۆمان ڕووندەبیتەوە کە کەرتی خۆراکی گەورەترین کیشەی سووتەمەنی ڕووبەڕوبوەتەوە لەنتوچەی توێژینەوەدا. بەوپێیەی (٥٨)کارگەی کەرتی خۆراکی لەکۆی (٦٧)کارگە لەناوچەی توێژینەوەدا ئەم گرفتەیان هەیە کە دەکاتە (٨٦,٥٦٪)ی کیشە لەسەر ئاستی هەمان کەرت و (٣٤,١١٪)ی کێشەی کەرتەکان لەئاستی کۆی کێشەکان و (٢٦,٢٤٪)ی ڕێژەی کێشەی کەرتەکە لەئاستی پارێزگادا. لەکاتێکدا کەرتی چاپەمەنی کەمترین کێشەی سووتەمەنی هەیە لەناوچەکەدا کە (٢)کارگەی کەرتی چاپەمەنی لەکۆی (٦)کارگە لەناوچەی توێژینەوەدا ئەم گرفتەیان هەیە کە دەکاتە (٣٣,٣٣٪)ی کشە لەسەر ئاستی هەمان کەرت و (١,١٧٪)ی کێشەی کەرتەکان لەئاستی کۆی کێشەکان و (٠,٩٠٪)ی ڕێژەی کێشەی کەرتەکە لەئاستی پارێزگاکەدا.

**خشتەی (٤ )**

**کێشەی سوتەمەنی لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوەدا**

| جۆری کێشە | کەرتی پیشەسازی | ژ.کارگە | کێشە بەژمارە | کێشە لەسەرئاستی هەمان کەرت بەرێژە ٪ | کێشەی کەرتەکە لەئاستی کۆی کێشەکان ٪ | ڕێژەی کێشەی کەرتەکە لەپارێزگا ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سوتەمەنی | بیناکاری | ١٣ | ١٠ | ٧٦,٩٢ | ٥,٨٩ | ٤,٥٢ |
| | خۆراکی | ٦٧ | ٥٨ | ٨٦,٥٦ | ٣٥,١٢ | ٢٦,٢٤ |
| | کانزایی | ٥٠ | ٣٤ | ٦٨ | ٢٢ | ١٥,٣٨ |
| | کیمیایی | ٥ | ٣ | ٦٠ | ١,٧٦ | ١,٣٥ |
| | چاپەمەنی | ٦ | ٢ | ٣٣,٣٣ | ١,١٩ | ٠,٩٠ |
| | کارگە نیوچە پیشەسازیەکان | ٨٠ | ٥٢ | ٦٥ | ٣٣,٥٩ | ٢٣,٥٢ |
| | کۆی گشتی | ٢٢١ | ١٧٠ | - | ٩٩,٩ | ٧١,٩١ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە سەردانی مەیدانی ناوچەی توێژینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری لەڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسییەوە لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی ٢٠٢١

## ت-کێشەی سەرمایە

کەمی سەرمایەی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەدا کێشەیەکی ڕوونی پارێزگای هەڵەبجەیە، ئەمەیش بەوپێیەی سەرمایەی پیشەسازیی پێویستی بەکاتە بۆ سەرکەوتن و دەستخستنی قازانج بەپێچەوانەی کەرتی گەشتوگوزار و بازرگانی، کە زۆر بەخێرایی قازانجەکان دیاردەخەن. نەبوونی سەرمایەیش هۆکارە بۆ دواکەوتوویی جۆری کارگەکانی ناوچەکە و کەمی بەرهەم و دواجاریش ڕەنگە زۆرینەیان دووچاری داخستن و شکستی تەواو ببنەوە، بەگشتیش ڕێژەی ئەو کارگانەی بەدەست کەمی سەرمایەوە گرفتارن، بریتین لە( ٤٢,٩٨٪)ی کۆی کارگەکانی ناوچەکە، بەچەشنێك کەرتی چاپەمەنی کەمترین کێشەی سەرمایەی هەیە لەناوچەکەدا کە (١)کارگەی کەرتی چاپەمەنی لەکۆی ( ٦)

کارگە لەناوچەی توێژینەوەدا ئەم کێشەیەیان هەیە کە دەکاتە (١٦,٦٦٪)ی کشە لەسەر ئاستی هەمان کەرت و (١,٠٥ ٪)ی کێشەی کەرتەکان لەئاستی کۆی کێشەکان و ( ٠,٤٥٪)ی ڕێژەی کێشەی کەرتەکە لەئاستی پارێزگاکەدا.

لەکاتێکدا (٨)کارگەی کەرتی بیناکاری لەکۆی ( ١٣)کارگە لەناوچەی توێژینەوەدا ئەم گرفتەیان هەیە کە دەکاتە ( ٦١,٥٣٪)ی کیشە لەسەر ئاستی هەمان کەرت و (٨,٤٢٪)ی کێشەی کەرتەکان لەئاستی کۆی کێشەکان و (٣,٦٢٪)ی ڕێژەی کێشەی کەرتەکە لەئاستی پارێزگادا.

**خشتەی ( ٥ )**

**کێشەی سەرمایە لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوەدا**

| جۆری کێشە | کەرتی پیشەسازیی | ژ.کارگە | کێشە بەژمارە | کێشە لەسەرئاستی هەمان کەرت بەرێژە ٪ | کێشەی کەرتەکە لەئاستی کۆی کیشەکان ٪ | رێژەی کێشەی کەرتەکە لەپارێزگا ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرمایە | بیناکاریی | ١٣ | ٨ | ٦١,٥٣ | ٨,٤٢ | ٣,٦٢ |
| | خۆراکیی | ٦٧ | ١٧ | ٢٥,٣٧ | ١٧,٨٩ | ٧,٦٩ |
| | کانزایی | ٥٠ | ٣٨ | ٤١,٧٥ | ٤٠ | ١٧,١٩ |
| | کیمیایی | ٥ | ٢ | ٧٦ | ٢,١٢ | ٠,٩١ |
| | چاپەمەنی | ٦ | ١ | ١٦,٦٦ | ١,٠٥ | ٠,٤٥ |
| | کارگە نیوچە پیشەسازیەکان | ٨٠ | ٢٩ | ٣٦,٢٥ | ٣٠,٥٢ | ١٣,١٢ |
| | کۆی گشتی | ٢٢١ | ٩٥ | - | ١٠٠ | ٤٢,٩٨ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە سەردانی مەیدانی ناوچەی توێژینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی ٢٠٢١

نەخشەی (٢)

دابەشبوونی سەرمایە بەپێی یەکە کارگێڕیەکانی ناوچەی توێژینەوەکە بۆسالی ٢٠٢١




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە :

١-سەردانی مەیدانی بۆناوچەی توێژینەوە و دابەشکردنی فۆرمی زانیاری.

٢-وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی، بەرێوەبەرایەتی گشتی گەشەپیدانی پیشەسازیی، بەشی پلاندانان،٢٠٢١

## ج-کێشەی بازاڕ و کێبڕکێی بەرهەمی بیانی

ئامانج لە دامەزراندنی هەر کارگەیەك بەدەستهێنانی قازانجە، قازانجیش پەیوەستە بە بازاڕەوە، بازاڕیش پێویستی بە جێگیری دۆخی دارایی و رامیاریی هەیە. زۆرێك لەبەرهەمە پیشەسازییەکانی ناوچەکە لەجۆری ساردەمەنی و شیرینی و نان، پێویستی بە بازاڕی خێرا هەیە بۆ ساغکردنەوەی، بۆئەمەیش پێویستە رێژەی خواستی زیاتربێت وەك لەبەرهەم، بەڵام لەناوچەی توێژینەوەکەدا بەهۆی کەمی ژمارەی دانیشتوان و کۆبونەوەی زۆرینەی کارگەکان لەسنوری قەزای ناوەندی هەڵەبجەدا زۆرجار بەرهەمی کارگەکانی دووچاری تەلەف بوون دەبنەوە، چونکە خواست کەمترە لەبەرهەم، سەرباری کێشەی کێبڕکێی بەرهەمی بیانی و نزیکی ناوچەکە لەسنوری ئێرانەوە کە وایکردووە جا بەفەرمی بێ یان قاچاخ شمەکی ئێرانی گیرفانی خەڵکی شارەکە داگیربکات، ئەمەش هۆکارێکی گەورەیە بۆ سەرنەکەوتنی پیشەسازیی لەم ناوچەیەدا. لەلایەکی ترەوە بۆ دروستکردنی بازارکاری هەموو کارگەکان پێویستیان بە ریکلامە، ریکلامیش تێچووی بەرهەم زیادتردەکات، بەگشتیش کێشەی بازاڕ دیارترین کێشەی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوەکەن، پشت بەست بەخشتەی( ٦) دیاردەکەوێت کە ( ٤٩)کارگەی کەرتی خۆراکی لەکۆی ( ٦٧)کارگە لەناوچەی تویژینەوەدا ئەم گرفتەیان هەیە کە دەکاتە ( ٧١,٠١٪)ی کیشە لەسەر ئاستی هەمان کەرت

و (٤٣،٧٥٪)ی كێشەی كەرتەكان لەئاستی كۆی كێشەكان و (٢٢,١٧٪)ی ڕێژەی كێشەی كەرتەكە لەئاستی پارێزگادا. لەكاتێكدا كەرتی كیمیایی كەمترین كێشەی بازاری هەیە لەناوچەكەدا كە (١)كارگەی كەرتی كیمیایی لەكۆی ( ٥ )كارگە لەناوچەی توێژینەوەدا ئەم گرفتەیان هەیە كە دەكاتە (٢٠٪)ی كیشە لەسەر ئاستی هەمان كەرت و (١٤,٢٨٪)ی كێشەی كەرتەكان لەئاستی كۆی كێشەكان و (٧,٢٣ ٪)ی ڕێژەی كێشەی كەرتەكە لەئاستی پارێزگاكەدا.

**خشتەی ( ٦ )**

**كێشەی بازاڕ لەئاست كۆی كێشەكانی ناوچەی توێژینەوەدا**

| جۆری كێشە | كەرتی پیشەسازی | ژ.كارگە | كێشە بەژمارە | كێشە كێشە لەسەرئاستی هەمان كەرت بەڕێژە ٪ | كێشەی كەرتەكە لەئاستی كۆی كێشەكان ٪ | ڕێژەی كێشەی كەرتەكە لەپارێزگا ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بازار | بیناكاری | ١٣ | ٧ | ٥٣,٨٤ | ٦,٢٥ | ٣,١٦ |
| | خۆراكی | ٦٧ | ٤٩ | ٧١,٠١ | ٤٤,٧٨ | ٢٢,١٧ |
| | كانزایی | ٥٠ | ٣٧ | ٤٠,٦٥ | ٣٣,٠٣ | ١٦,٧٤ |
| | كیمیایی | ٥ | ١ | ٢٠ | ٠,٨٩ | ٠,٤٥ |
| | چاپەمەنی | ٦ | ٢ | ٣٣,٣٣ | ١,٧٩ | ٠,٩١ |
| | كارگە نیوچە پیشەسازیەكان | ٨٠ | ٥٢ | ٦٥ | ٣٣,٥٩ | ٢٣,٥٢ |
| | كۆی گشتی | ٢٢١ | ١١٢ | ٠ | ٩٩,٩ | ٥٠,٦٦ |

سەرچاوە: كاری توێژەر پشت بەست بە سەردانی مەیدانی ناوچەی توێژینەوە و كۆكردنەوەی زانیاری لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی ٢٠٢١

## چ-كێشەی دەستی كاری شارەزا

ئەم جۆرە كێشەی باوی وڵاتە تازە پێگەیشتووەكانە، تەنانەت خوودی خاوەن كارگەیش شارەزاییەكی ئەوتۆی لە چۆنێتی ئیدارەدان و بەرهەمهێنانی شمەكی پێویستیدا نییە، سەرباری نەبوونی مێژوویەكی كۆنی پیشەسازگەرێتی لەناوچەی توێژینەوەكەدا، نەبوونی بەش و هۆبەی پێگەیەنەری كرێكاری شارەزا لەناوچەكەدا وایكردووە هەرجۆرە كارگەیەك دابنرێت پێویستی بەدەستی كاری شارەزای دەرەكی بێت و خەڵكی ناوچەكە لەدەرەوەی بازنەی كاردا بمێننەوە. ڕێژەی ئەوكارگانەی بەدەست نەبوونی كرێكاری شارەزاوە دەناڵێنن بریتین لە( ٣٧,١٣ ٪)ی كۆی كارگەكانی ناوچەكە، زۆرێكیش لەكارگە بچوكەكانی ناوچەكە بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە توێژینەوەی قازانجیی( دراسة جدوی)ی هەبێت، دامەزراون، هەربۆیە ئەگەری شكستیان هەمیشە ئەگەرێكی بەهێزە.

بەشیكردنەوەی خشتەی ژمارە(٧) دیاردەكەوێت كە ل كەرتی كارگە نیوچە پیشەسازیەكان كەمترین كێشەی دەستی كاری شارەزایان هەیە لەناوچەكەدا كە (١١)كارگەی لەكۆی ( ٨٠ )كارگە لەناوچەی توێژینەوەدا ئەم كێشەیەیان هەیە كە دەكاتە (٢٩,٧٢٪)ی كشە لەسەر ئاستی هەمان كەرت و (١٣,٥٨ ٪)ی كێشەی كەرتەكان لەئاستی كۆی كێشەكان و ( ٥,٠٤٪)ی ڕێژەی كێشەی كەرتەكە لەئاستی پارێزگاكەدا. لەكاتێكدا (٥ )كارگەی كەرتی چاپەمەنی لەكۆی ( ٦ )كارگە لەناوچەی توێژینەوەدا ئەم گرفتەیان هەیە كە دەكاتە ( ٨٣,٣٣٪)ی كیشە لەسەر ئاستی هەمان كەرت و (٦,١٧٪)ی كێشەی كەرتەكان لەئاستی كۆی كێشەكان و (٢,٢٩٪)ی ڕێژەی كێشەی كەرتەكە لەئاستی پارێزگادا.

خشتەی (٧)

کێشەی دەستی کاری شارەزا لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوەدا

| جۆری کێشە | کەرتی پیشەسازی | ژ.کارگە | کێشە بەژمارە | کێشە لەسەرئاستی هەمان کەرت بەرێژە ٪ | کێشەی کەرتەکە لەئاستی کۆی کیشەکان ٪ | رێژەی کێشەی کەرتەکە لەپارێزگا ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەستی کاری شارەزا | بیناکاری | ١٣ | ٦ | ٤٦,١٥ | ٧,٤٠ | ٢,٧٥ |
| | خۆراکی | ٦٧ | ٢٥ | ٣٦,٢٣ | ٣٠,٨٦ | ١١,٤٦ |
| | کانزایی | ٥٠ | ٣١ | ٣٤,٠٦ | ٣٨,٢٧ | ١٤,٢٢ |
| | کیمیایی | ٥ | ٣ | ٦٠ | ٣,٧٠ | ١,٣٧ |
| | چاپەمەنی | ٦ | ٥ | ٨٣,٣٣ | ٦,١٧ | ٢,٢٩ |
| | کارگە نیوچە پیشەسازیەکان | ٨٠ | ١١ | ٢٩,٧٢ | ١٣,٥٨ | ٥,٠٤ |
| | کۆی گشتی | ٢٢١ | ٨١ | | ٩٩,٩٨ | ٣٧,١٣ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە فۆرمی راپرسی .

نەخشەی (٤)

دابەشبوونی دەستیکار بەپێی یەکە کارگێڕیەکانی ناوچەی توێژینەوەکە بۆسالی ٢٠٢٠




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە :


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

١-سەردانی مەیدانی بۆناوچەی توێژینەوە و دابەشکردنی فۆرمی زانیاری.

٢-وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی، بەرێوەبەرایەتی گشتی گەشەپیدانی پیشەسازیی، بەشی پلاندانان، ٢٠٢١

## ح-کێشەی کەمی زەوی

کەمی زەوی تەرخانکراو بۆکەرتی پیشەسازیی لە ناوچەی پیشەسازییدا دیسانەوە کێشەیەکی گەورەی پێش پێشنەکەوتنی کەرتی پیشەسازییە لەناوچەی توێژینەوەدا.

بەچەشنێك وەك لە خشتەی ژمارە( ٨ )دا روونکراوەتەوە.

کەرتی کیمیایی کەمترین کێشەی کەمی زەویی هەیە لەناوچەکەدا کە (١)کارگەی کەرتی کیمیایی لەکۆی ( ٥ )کارگە لەناوچەی توێژینەوەدا ئەم کێشەیەیان هەیە کە دەکاتە (٢٠٪)ی کیشە لەسەر ئاستی هەمان کەرت و ( ٠,٦٥٪)ی کێشەی کەرتەکان لەئاستی کۆی کێشەکان و ( ٠,٤٥٪)ی رێژەی کێشەی کەرتەکە لەئاستی پارێزگاکەدا. لەکاتێکدا ( ٧٥)کارگەی کەرتی کارگە نیوچە پیشەسازیەکان لەکۆی ( ٨٠)کارگە لەناوچەی توێژینەوەدا ئەم گرفتەیان هەیە کە دەکاتە ( ٨٢,٤١٪)ی کیشە لەسەر ئاستی هەمان کەرت و (٤٩,٣٤٪)ی کێشەی کەرتەکان لەئاستی کۆی کێشەکان و (٣٦,١٩٪)ی رێژەی کێشەی کەرتەکە لەئاستی پارێزگادا.

**خشتەی ( ٨ )**

| جۆری کێشە | کەرتی پیشەسازیی | ژ.کارگە | کێشە بەژمارە | کێشە لەسەرئاستی هەمان کەرت بەرێژە ٪ | کێشەی کەرتەکە لەئاستی کۆی کیشەکان ٪ | رێژەی کێشەی کەرتەکە لەپارێزگا ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کەمی زەوی | بیناکاریی | ١٣ | ٧ | ٥٣,٨٤ | ٤,٦٠ | ٣,١٦ |
| | خۆراکیی | ٦٧ | ٤٩ | ٧٠,٠١ | ٣٢,٢٣ | ٢٢,١٧ |
| | کانزایی | ٥٠ | ١٦ | ٤٣,٢٤ | ١٠,٥٢ | ٧,٣٣ |
| | کیمیایی | ٥ | ١ | ٢٠ | ٠,٦٥ | ٠,٤٥ |
| | چاپەمەنی | ٦ | ٤ | ٨٠ | ٢,٦٣ | ١,٨٠ |
| | کارگە نیوچە پیشەسازیەکان | ٨٠ | ٧٥ | ٨٢,٤١ | ٤٩,٣٤ | ٣٦,١٩ |
| | کۆی گشتی | ٢٢١ | ١٥٢ | - | ٩٩,٩٧ | ٦٩,٦٩ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە فۆرمی راپرسی .

## دووەم-ئەوکێشانەی کەرتی پیشەسازیی دروستیکردوون

پاش خستنەرووی ئەو کێشانەی کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوەکە بەدەستییەوە دەناڵێنن ئەوا پێویستە تەواوی ئەو کێشانەیش ئاماژە پێبدەین کە ئەم کارگانە دەیئافرێنن، کە ئەوانیش بریتین لە:

أ- کێشەی کۆبونەوەی پیشەسازیی

پشت بەست بەخشتەی ژمارە( ٩) بۆمان روونەبیتەوە کە پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەکەدا دەناڵێنێت بەدەست کۆبونەوەی نارێکی کارگەکانەوە، بەجۆرێك ئاراستەی زۆرینەی کارگەکان بەرەو قەزای سەنتەرە، هەربۆیە گەر بە ژمارە وەربیگرین ئەوا( ٨٥)کارگە دەکەونە

سەنتەرەوە بە ڕێژەی (٦٠,٢٨ ٪ )ی کارگەکان لەسەنتەری هەلەبجەدا کۆبونەتەوە ، کە هۆکاری ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ گردبونەوەی زۆرینەی دانیشتوانی پارێزگاکە بەرێژەی( ٦١,٢٪) لەقەزای سەنتەر و ترسنۆکی سەرمایە کە ئامانجی قازانج بازاڕی خێرای و ئەمەیش تەنها لەقەزای سەنتەردا دەستەبەرە، سەرباری بوونی ڕێگاوبان و ژێرخانی ئابووری و دەستی کاری تەواو لە قەزای سەنتەردا، کە بڕبڕەی پیشەسازین، بەڵام ئەمەیش چەندین کێشەی گەورەی خولقاندووە لەڕووی ژینگە و تێکدانی ڕێگاوبانەوە. هەروەها ئەوەش دیارکەوتووە کە ناحیەی سیروان بە لەخۆگرتنی (٣٤)کارگە (٢٤,١٢٪)ی کارگەکانی پارێزگاکەی تیدا کۆبوەتەوە و (٩,٩٣٪)ی کارگەکانیش لەناحیەی خورمالدان" هەرچی ناحیەی بیارەشە تەنها (٤,٩٦٪)ی کارگەکانی تیدایە و ناحیەی بەمۆش (٠,٧٠٪)ی کۆی کارگەکانی پارێزگاکە لەخۆ دەگریت. .

**خشتەی ( ٩ )**

**کێشەی کۆبونەوەی پیشەسازیی لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوەدا**

| ژ | یەکەی کارگێری | ژمارەی کارگە | ڕێژەی کێشەی کۆبونەوە |
|---|---|---|---|
| ١ | قەزای ناوەند | ٨٥ | ٦٠,٢٨ |
| ٢ | سیروان | ٣٤ | ٢٤,١٢ |
| ٣ | خورماڵ | ١٤ | ٩,٩٣ |
| ٤ | بیارە | ٧ | ٤,٩٦ |
| ٥ | بەمو | ١ | ٠,٧٠ |
| | تێکرا | ١٤١ | ٩٩,٩٩ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە سەردانی مەیدانی ناوچەی توێژینەوەکە لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی ٢٠٢١

*ئەم خشتەیە ئاماژەیە بۆ کێشەی کۆبونەوەی پیشەسازیی نەك ڕێژەی چربونەوە.

## ب-پیسبوونی ژینگەیی

مەبەست لەپیسبوونی ژینگە هەموو گۆڕانکاریەکی چەندی یاخود چۆنی یە لەپێکهێنەرەکانی ژینگەی زیندوو نازیندوو بە شێوەیەك ژینگە ناتوانێت وەریانگرێت بەبێ تێکچونی هاوسەنگیەکەی، (حمید، ٢٠٠٣، صفحة ٤٥)، واتا پیسبوونی ژینگە بریتی یە لە زیادبوونی خەستی یان چڕی جۆرێك یان جۆرەها ماددە و وزە کە زۆرتر بێت لە ئاستی ڕادەی سروشتی لەبار، ئەم زیادبونەش بە هۆکاری سروشتی و مرۆیی یەوە ڕوودەدات، (احمد، ٢٠٠٨، صفحة ١٢). پیسکەرەکانیش هەموو ئەو توخمە زیان بەخشانە دەگرێتەوە کە لە بەرگە هەوادا بڵاو دەکرێتەوە یان فڕێ دەدرێنە بەرگە ئاو یان بەسەر زەویدا بڵاو دەکرێنەوە (بەرزنجی، ٢٠٠١، صفحة ٦٩)،هەر لەبەرئەم کاریگەرییانەیە پیسبوونی ژینگە لەهەرە دیارترین ومەترسیدارترین دیاردەیە کە لەخانەی ڕوو بەڕوبوونەوەی ڕاستەوخۆ دادەنرێت، ئەمەیش بەوپێیەی بەهۆیەوە جگە لەزیانگەیاندن بەمرۆڤەکان ئەوا دارستانەکانیش نامێنێ (عزیز، ٢٠٠٠، صفحة ٢٣٤). پیشەسازیی یەکێکی ترە لەکاروچالاکییەکانی مرۆڤ ، کاریگەری خراپی لەسەر ژینگەی ناوچەکە دەبێت ، هەرچەندە هەرجۆرە پیشەسازییەك بەجۆرێك کار لە چەند ڕەگەزێکی تایبەت دەکات، بەڵام بەگشتی کۆی هەموو جۆرەکانی پیشەسازی و پاشماوەکانیان ، کار لە کۆی گشتیی ڕەگەزەکان دەکەن ، بۆ نموونە پیشەسازی پەینی کیمیاوی ، کار لەئاستی نیترات دەکات ، هەموو پاشماوە پیشەسازییەکان کار لەبەرزکردنەوەی ئاستی کلۆراید و کار لەئاستی ئەلکەلاینتی دەکەن (عەبدولرەحمان، ٢٠٠٨، صفحة ١٢٦). بەهۆی زۆری بەکارهێنانی گاز و بەنزین و مادەی کیمیایی پیسکەرەوە، کارگەکانی ناوچەی توێژینەوەکە لەداهاتووی نزیکدا هۆکارێکی گەورەدەبن بۆ پیسکردنی ژینگەی ناوچەکە، بەجۆرێك یارمەتیدەر دەبن بۆ گەشەپێدانی کرداری بەبیابانبوون و پیسبوونی هەوای ناوچەکە بە گازی دوانەئۆکسیدی کاربۆن و کبریت و سەرچاوە ئاوییەکانیشی بە توخمە کیمیاییە بەکارهاتووە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

فرێدراوەکان، کە دەچنە پێکهاتەی خۆراك و خاکی ناوچەکەوەو لەداهاتوودا خەڵکی ناوچەکە دووچاری چەندین نەخۆشی دەکەنەوە، وە پیسبوون بەهۆی چالاکیە پیشەسازیەکانەوە خۆی لە سێ لایەن دەبێنێتەوە ئەوانیش:-

١-پیسبونەکە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنانی کاڵایەك لە سەرەتاوە تا کۆتایی دروستبونی کاڵاکە.

٢-پیسبوون سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شوێنەوارە خراپەکانی بەکاربردن بۆ ئەو کاڵایانەی کە هەستیارە بەژینگە.

٣-ئەژمارکردنی ژینگە بەیەکێك لەفاکتەرەکانی بەرهەمهێنانی کاڵاکان (قادر، ٢٠٠٨، صفحة ٨) .

٤- ڕێژەی ئەو خۆڵەی کە لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی پیشەسازیەوە بەرز دەبێتەوە بەیاریدەی هۆکاری سروشتی لەسەر رووی زەوی .

هەر لەبارەی ناوچەی پیشەسازیشەوە دەتوانین بەراوردێك بکەین لە نێوان تێکرای ڕەگەزەکانی ناوچەی پیشەسازی و تێکرای ڕەگەزەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ، بۆمان دەردەکەوێت، کە لە ساڵی (٢٠٢١)دا تێکرای( Ph )لەناوچەی پیشەسازیدا ( ٨،٤ ) بووە ، لەکاتێکدا لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکە ( ٦،٧)بووە ، واتە ئاستی تفتی لە ناوچەی پیشەسازی بەرزترە وەك لە لێکۆڵینەوە بەگشتی.

دەتوانین بڵێین کە پیسبوونی ژینگە بەهۆی پیشەسازییەوە لەداهاتوودا ئەگەری زۆرە ببێتە سەرچاوەی زۆر کێشەی ژینگەیی لەناوچەی توێژینەوەدا و ئەم پیسبونەیش تەنها کاریگەریەکەی لەسەر مرۆڤ بەدیارناکەوێت بەڵکو کاریگەری پیسبوونی ژینگە پێشوەختەی لەسەر ئاژەڵیش هەیە کە ئەمەش بەهۆی خواردنی ئەو رووەکانەوە روودەدات کە کاریگەری پیسبوونی ژینگەیان بەسەرەوەیە، کە پێکهاتەکانی کلۆر لەسەر گەڵای رووەك و گژووگیا دەخۆن وئەمەش دەبێتە هۆی داخورانی دانەکانیان و کەمبوونەوی بری شیریان بەتایبەت ئەو ناوچانەی کە پیشەسازی ئەلەمنیۆم و کارگەی کیمیاوی و سیرامیکی لێیە لەناوچەی توێژینەوەکەدا، وەك چۆنیش پیسکەرەکان کاریگەریان هەیە لەسەر بیناو کانزاکان و بەرهەمە پیشەسازیەکان، کە دەبێتە هۆی داخوران و پیسبوونی و گۆڕانی ڕەنگیان.

## تەوەری دووەم: گرنگترین هەنگاوەکان بۆ گەشەپێدانی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا

پاش دیارخستنی ئاستەنگەکانی پێش گەشەکردنی، لێرەدا گرنگترین هەنگاوەکان بۆ گەشەپێدانی داهاتووی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا دەخەینەڕوو، ئەمەیش پشت بەست بە بەرنامەسازیی حکومیی لەناوچەکەدا کە بڕیارە کۆمەڵێك کارگە دابمەزرێنێت پشت بەست بە کەرتی تایبەت، واتا ئاسانکاری بۆ کەرتی تایبەت بکات بۆ کردنەوەی کۆمەڵێك کارگەی نوێ لەسنوری ناوچەی توێژینەوەکەدا. لێرەشدا هەنگاوەکانمان دابەشکردووە بۆ دوو جۆر، کە ئەوانیش:

١-هەنگاوە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکان بۆ داهاتوی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا.

٢-ئاسۆی داهاتووی کەرتە پیشەسازییەکان لەپارێزگای هەڵەبجەدا .کە لێرەدا بەوردی باسیان لێوەدەکەین.

١-هەنگاوە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکان بۆ داهاتوی پیشەسازیی لە پارێزگای هەڵەبجەدا.

ئەمەیش کۆمەڵێك ڕێوشوێن دەگرێتەوە کە حکومەت سەرپەرەشتی بەدیهێنانی دەکات و زۆرینەی پەیوەندە بە کەرتی تایبەتەوە، کە ئەوانیش:

أ-زیادبوونی بەردەوامی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە ، واتا زیادبوونی ژمارەی شارنشینە بەبەراورد بەگوندنشین، کە ئەمەیش مانای زۆربوونی پێداویستیەکان و هاندانە بۆ دامەزراندنی پیشەسازیی هەمەجۆر لەسنوری ناوچەی توێژینەوەکەدا، سەرباری ئەوەی ئەم زیادبوونی دانیشتوانە واتای گەورەبوونی بازاڕی بەکاربردنە.

ب-بەپێتی خاکی ناوچەی توێژینەوەکە هاندەرێکی زۆرباشی گەشەکردنی کەرتی پیشەسازییە لەناوچەکەدا، بەتایبەت پیشەسازیی خۆراك و بیناسازیی، کە ساڵانە بەرهەمێکی بێشوماری خواردەمەنی و کەرەستەی خاوی بیناسازیی تێدا فەراهەم دەبێت و تەنها پێویستی بە ئاوەزێکی پێشکەوتوو تەکنەلۆژیایەیەکی مۆدێرنە بۆ سوود لێ بینینی.

ج-سەرباری هەموو ئەوانەی باسکران چارەسەرکردنی گرفتەکانی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەکەدا هاندەری مەزنە بۆ پێشکەوتنی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەکەدا، لەشێوەی هەرزانی دابینکردنی کارەبا و سووتەمەنی، کەمکردنەوەی باجی پیشەسازیی و باشترکردنی ڕێگاوبان و ڕێکخستنی کرێی گواستنەوە و کەمکردنەوەیگومرکی سەر مادە خاوەکانی پیشەسازیی، هاندانی هاتنی سەرمایەی ناوخۆیی و بیانی بۆ پارێزگاکە، سەرباری هاندان بۆ ئەوپەڕی سوود ووەرگرتن لەکەرەستە خاوەکانی ناوچەکە، کردنەوەی خولی پێگەیاندنی کارمەندی پیشەیی و

پەیوەندکردنی زانکۆی پارێزگاکە بەبازاڕی کارەوە، لەگەڵ هاندانی ئەنجامدانی رووپێویەیەکی گشتگیر بۆ زانینی خواستی دانیشتوانەکەی لەسەر جۆری بەرهەمەکان، لەگەڵ هاندان بۆ ڕۆیشتنە دەرەوەی شاری ناەندە پیشەسازییەکان و یەکخستنی بەشەکان لەو ناەندە پیشەسازییە نوێیەدا.

خ-دروستکردنی ناوچەیەکی تایبەتی کۆگاکردنی بەرهەمەکان، بەجۆرێك بتوانرێت زیادەی بەرهەم بەپێی وەرزەکان هەڵبگیرێت و لەوەرزی کەمی بەرهەمدا بەهەمان نرخ و بەبێ زیادەچوونەسەر بفرۆشرێتەوە.

د-بەهێز جێبەجێکردنی یاسای پاراستنی بەرهەمە ناوخۆییەکان، بەجۆرێك ئەمە دەبێتەهۆی سەرخستنی بەرهەمەکان و توانینی فرۆشتن بەبێ کێبڕکێیەکی ئەوتۆی بەرهەمە بیانیەکان.

د-ڕەچاوکردنی خێرایی و ئاراستەی با، لەکاتی دامەزراندنی کارگە پیشەسازییەکاندا، هاندەرە بۆ پاراستنی ژینگەی ناوچەکە و بەتەواوی جێگیربوونی کارگەکە، بەتایبەتە کارگە پیسکەرەکان، بەجۆرێك لەداهاتودا ناکەونەبەر هەڵمەتی لابردن و شوێنگواستنەوە کە مانای شکستهێنانی کارگەکە دەگەیەنێت.

ر-قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زەوی بەراوو کشتوکاڵی بۆ کارگەی پیشەسازیی، کە هۆکاری زیادبوونی بەرهەمی کشتوکاڵ و دابینکردنی کەرەستەی خاوە بۆ زۆرکارگەی پیشەسازیی خۆراکیی.

ز-هاندان بۆ سوود وەرگرتن لە وزەی کارەبایی کارۆئاویی لەناوچەکەدا، لەڕێی دانانی تۆربین لەسەر بەشێك لە تاڤگەی زەڵم و دروستکردنی بەنداوی کارۆئاویی لەسەر رووباری سیروان.

پشت بەست بەوەی خراوەتەڕوو دیارکەوتووە کە کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەکەدا داهاتوویەکی گەشی هەیە، بەتایبەت لەسایەی دەستەبەری کەرستەی خاوو، ئاووهەوای گونجاو، دەستیکاری هەرزان، بازاڕێکی ئامادە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەکان، گونجاوی ڕێگاکانی هاتووچۆ بۆ گواستنەوەی بەرهەمەکان بۆ قەزای ناوەند و شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بەکەمترین تێچوون.

## تەوەری سێیەم: ئاییندەی کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوەکە

بەمەبەستی دەستیشانکردنی ئاییندەی کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوەکە پشتبەست بە تەرزی پیشەسازیی، ئەوا هەستاوین بە دابەشکردنی ئەم کارگانە بۆ چەند لقێك، کە ئەوانیش:

١-داهاتووی کارگەکانی کەرتی گشتی و پیشەسازیی لەپاریزگای هەڵەبجە تاساڵی (٢٠٣٥)

هەرچی تایبەتە بە کارگەکانی کەرتی گشتی لەناوچەی توێژینەوەکەدا، ئەوا تەنها شوێنەواری چەند کارگەیەکی کۆنن و هیچیتر، جگە لەکارگەی بەرهەمهینانی ئۆکسجین. بەوپێیەی حکومەتی هەرێم لەڕووی پیشەسازییەوە هاندەری کەرتی تایبەتە و بۆئەمەیش تاڕادەیەك ئاسانکاری کردووە، بەڵام وەکو کەرتی گشتی هیچ کارگەیەکی ئەوتۆی لێ نییە، بەڵکو تەواوی ئامانج و ئامانجەکان ئاراستەی کەرت و سەرمایەی تایبەت کراون لەناوچەی توێژینەوەکە و هەرێمی کوردستانیشدا، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە کە حکومەتی هەرێم هەرگیز نیازێکی نییە بۆ دامەزراندنی کارگەی پیشەسازیی تایبەت بە کەرتی گشتی لەناوچەکەدا، بەڵکو حکومەت هاندەری ئەمکارەیە بەومەرجەی ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی و ڕێکخراوە خێرخوازییە پیشەسازییەکان یارمەتیدەری ئەم هەنگاوەبن، هەروەها حکومەت چاوی لەسەرئەوەیە لەداهاتوودا لە ناحیەکانی سیروان و خورماڵ بەپێی دەستەبەری بنەما پیشەسازییەکان هانی دامەزراندنی کارگەی پیشەسازیی بدرێت، بەتایبەت کارگەی لەقوتونانی خۆراك ورێکخستنی کارگەکانی چەوولم و بلۆك و کانزاییش لەناوچەی توێژینەکەدا، بەمەیش ئومێدێك هەیە لەداهاتووی دووردا لەڕووی پیشەسازیی کەرتی گشتییەوە ناوچەی توێژینەوەکە گەشەی مەزن بەخۆوە ببینێت، بەتایبەت پاش ئەو توێژینەوەیەی بۆ داهاتووی کەرتی پیشەسازیی ناوچەکە لەلایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییەوە ئەنجام دراوە. زانیاری وردتر لە خشتەی ژمارە( ١٠ )دا خراوەتەڕوو.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

خشتەی(١٠)

کارگەکانی کەرتی گشتی پێشنیارکراو بۆ ناوچەی توێژینەوەکە

| شوێنی دامەزراندن | جۆری کارگە | بڕی پارەی پێویست |
|---|---|---|
| قەزای سەنتەر | کاغەز+خۆراك+کانزا+کیمیاوی+چاپەمەنی | ١٣ملیار |
| ناحیەی سیروان | بیناسازی+خۆراکی+کانزایی | ٨ملیار |
| ناحیەی خورمال | خۆراك+کانزایی | ٤ملیار |
| ناحیەی بیارە | خۆراکی+بیناسازی | ٢ملیار |
| کۆی گشتی | | ٢٧ملیار دینار |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی، بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون، بەشی پلان، داتای بلاونەکراوە، ٢٠٢١

٢-داهاتووی کارگەکانی کەرتی تایبەت و پیشەسازیی تاسالی(٢٠٣٥)

سەرباری ئەوەی گرانە بتواندرێت پێشبینی ڕاستەقینەی داهاتووی پیشەسازیی ناوچەی توێژینەوەکە بکرێت بەڵام لەڕووی سەرمایەی کەرتی تایبەتەوە بەگشتی ئومێدێك هەیە کە لەداهاتوودا لە ناوچەی توێژینەوکەدا دەیان کارگەی قەبارە بچووك و مام ناوەندی پیشەسازیی دابنرێت کە پشت بەستە بە ژمارەی هێزی کارەوە، سەرباری هەوڵەکان بۆ نوێکردنەوەی کارگەکانی ئێستا و بەتەکنەلۆژیاکردنیان، لەگەڵ بوونی جۆرێك لەدڵنیایی بۆ بەردەوامی ئەم کارگە پیشەسازیانەی ئێستا، ئەمەیش بەهۆی پێویستی بەرهەمەکانی ئەم کارگانە بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی بازاڕی ناوخۆ و پاش دیراسەکردنی داهاتووی کارگەکانی کەرتەکانی تایبەت لەلایەن توێژەرەوە ئەوا وەك لەخشتەی (١١) دا دیارکەوتووە کە ژمارەی کارگەی پێشبینیکراوی دامەزراو لەقەزای سەنتەردا بۆچەندسالی داهاتوو بریتییە لە (١٩)کارگە و لەناحیەی سیروانیش(٢٤)کارگە و ناحیەی خورمالیش(١٦)کارگە و ناحیەی بیارەش(٢)کارگە .

خشتەی(١١)

کارگەکانی کەرتی تایبەتی پێشنیارکراو بۆ ناوچەی توێژینەوەکە

| شوێنی دامەزراندن | جۆری کارگە | ژ.کارگە | بڕی پارەی پێویست |
|---|---|---|---|
| قەزای سەنتەر | کیمیاویی+خۆراکی+کانزایی | ١٩ | ٧ملیار دینار |
| ناحیەی سیروان | بیناسازی+کانزایی+خۆراکی | ٢٤ | ٩ملیار |
| ناحیەی خورمال | کانزایی+خۆراکی | ١٦ | ٢ملیار |
| ناحیەی بیارە | خۆراکی | ٢ | ٥ملیون |
| کۆی گشتی | | ٦١ | ١٩ملیار دینار |

سەرچاوە:هەمان سەرچاوەی خشتەی ژمارە(١٠)

بەوپێیەی ساڵانە و بە زانینی جیاوازی نیوان ژمارەی سالەکانی ئاماری دانیشتوان ئەوا ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکە بەهۆی زیادبوونی سروشتی و کۆچی عەرەبەوە بۆ سنورەکە زیادبونێکی نائاسایی لێدێتەبەرهەم و داواکارییەکانی بازاڕ زیاتردەبێت، هەربۆیە هەلی سەرکەوتنی کارگە پیشەسازییەکانیش فراوانتردەبێت، بەتایبەت کارگەکانی خواردنەوەی گازی و لەقوتونان و ئاوی کانزایی و کانزایی و بیناسازیش.

گرنگترین پێشبینیەکانیش بۆ داهاتووی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەکەدا پشت بەست و بریتییە لە:

أ-پیشەسازیی خۆراك: پارێزگای هەڵەبجە لەڕووی پیشەسازیی خۆراکەوە تارادەیەکی زۆرباش خۆبەرێوەبەرە، بەتایبەت لەڕووی شیرەمەنی و شیرینی و خواردنەوە گازییەکانەوە و هاڕینی گەنم وجۆ و پاککردنی برنج وکارگەی ئاوی کانزایی و لەداهاتوویشدا ئەم جۆرە پیشەسازییە لەناوچەی توێژینەوەکەدا لەگەشەیەکی بەهێزدا دەبێت.

ب-پیشەسازیی بیناسازیی: لەناوچەی توێژینەکەدا پرۆژەکانی خانوبەرەو ڕێگاوبان لەبرەوسەندنی گەورەدایە، هەربۆیە ئەم جۆرە کارگە پیشەسازیانە هەمیشە لەهەوڵی گەورەبوون و زیادبوون و هێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتودان، بەتایبەت کارگەکانی بەرهەمهێنانی بلۆك و چەوولم و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کارگەی قیر لەناوچەی توێژینەوەکەدا.

ت-پیشەسازیی کانزایی: ئەم چەشنە لەپیشەسازیی لەناوچەی توێژیکەدا لەداهاتوودا دەتوانێت بەهێزببێت بەتایبەت گەر بزانین لەناوچەکەدا خاوی هەمەجۆر هەیە جا گەر کەمیش بێت بەڵام خاوی پلەدوو یاخود ریساکلینی باشترین خاوی ناوچەکەن بۆ دامەزراندنی کارگەی پیشەسازیی کانزایی.

پ-پیشەسازیی دارتاشی: لەگەڵ زیادبوونی بەردەوامی دانیشتوان و گەشەی بیناسازیی پارێزگاکەدا، گەشەی پیشەسازیی دارتاشیشی لێ دەکەوێتەوە، هەربۆیە ئومێدێکی زۆر بەدیدەکرێت بۆ گەشەی ئەم کەرتە لەداهاتووی ناوچەی توێژینەوەکەدا.

ج-پیشەسازیی چاپەمەنی: لەگەڵ کردنەوەی زانکۆی هەڵەبجە و زیادبوونی نائاسایی دانیشتوانی پارێزگاکەدا، گرنگی و گەشەی ئەم جۆرە لەپیشەسازیی لەبرەودابووە و بۆ داهاتوویش یەکێکە لەسەرکەوتووترین کەرتەکانی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەکەدا.

## ئەنجام

لەئەنجامی ڕاڤەکارییەکانی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند ئەنجامێك، کە لیرەدا گرنگترینیان دەخەینەڕوو:

١-بەپێی دەرئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی و سەرژمێری دیارکەوتووە، لەپارێزگای هەڵەبجەدا(١٤١)کارگەی قەبارە جیاواز هەیە، کەبەشێوەی یەکسان دابەشنەبوونەتە سەر ناحیەکانیدا.

٢-کاریگەری کەرەستەی خاو لەدامەزراندنی کارگەکاندا پەیوەندە بە هەندێ جۆری کارگەوە، وەکو کارگەی ئاو و دۆشاوی تەماتە و چەوولم، کە کارگەکە ناچاردەکات لەنزیکی کەرەستە خاوەکان بێت، هەربۆیە ئەم جۆرە کارگانە دەکەونە دەرەوەی سەنتەری هەڵەبجەوە.

٥-زۆرینەی کارگەکانی ناوچەکە بەگشتی بۆ خۆبژێوین، واتا کارگەی بچوکن و بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوچەی توێژینەوەکە دامەزراون.

٣-لەناوچەی توێژینەوەکەدا کۆمەڵێك کێشەو ئاستەنگ هەن کە ڕێگرن لەپێش پێشکەوتنی کەرتی پیشەسازیی، کە ئەوانیش بریتین لە:

أ-گرانی نرخی ورزە و کەمی دەستیکاری شارەزا و کەمی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە، کە فاکتەرگەلێکی نەرێنین لەگەشەکردنی پیشەسازیی لەسنوری توێژینەوەکەدا.

ب-نایەکسانی دابەشبوونی کارگە و ناوەندە پیشەسازییەکان لەناوچەی توێژینەوەکەدا روونە، بەجۆرێك زۆرترین کۆبونەوەی ئەم کارگانە لە قەزای سەنتەردایە، هەربۆیە زۆرترین دانیشتوانیشی لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە و هۆکارە بۆ زۆری پاشەڕۆی پیشەسازیی لەسنورەکە و دیارکەوتنی کێشەکانی پیسبوونی ژینگەیش لەقەزای سەنتەردا.

ج- سەبارەت بە کیشەی نادەستەبەری ئامێری میکانیکی ئەوا (٤٩,٢٩٪) ی کارگەکان دووچاری ئەم گرفتەن. بەلام کێشەی سوتەمەنی لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوەدا بریتییە لە(٧١٪)ی کارگەکان . سەرباری ئەوەی (٤٢,٩٨٪)ی کارگەکان کیشەی سەرمایەیان هەیە. وە (٣٧,١٣٪)ی کارگەکان بەدەست کەمی دەستیکاری شارەزاوە دەنالێنێت.

٤-لەناوچەی توێژینەوەدا تاسالی (٢٠٣٥) نزیکەی (٦١)کارگەی پیشەسازیی لەکەرتی تایبەت و دەیان کارگەی پیشەسازی لەکەرتی گشتی پێشنیارکراوە کە تا ئەوکات زۆرینەیان دەکەونە سەرپێ .

## پێشنیار

١-کارکردن بۆ چارەکردنی هەموو ئەو ڕێگریيانەی هۆکاری گەشەنەکردنی کەرتی پیشەسازین لەپارێزگای هەڵەبجەدا کە خۆیان دەنوێنن لەکەمی ئامیر و تەکنەلۆژیای پێویست بۆ گەشەپێدانی پیشەسازییەکان و کەمی دەستی کاری شارەزا و گرانی نرخی کەرەستە خاوەکان و سووتەمەنی و ووزە.

٢-گرنگیدان بەوپەڕی سوود وەرگرتن لە دەرامەتە مرۆیی و سروشتیەکانی ناوچەی توێژینەوە، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەوپەڕی گەشەی پیشەسازیی لە ئاییندەی ناوچەکەدا .

## سەرچاوەکان

١-ئەسوەد، قادر.( ٢٠٠٨). کاریگەری ژینگە لەسەر گواستنەوەی پیشەسازییە پیسکەرەکان، گۆڤاری ژینگەو ژیان، ژمارە(٧)، هەولێر.

٢-احمد، پرشنگ حمە ئەمین.( ٢٠٠٨). ژینگەپارێزی، چاپخانەی دیلان، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٣-بەرزنجی، صدیق محمود.( ٢٠٠١). کاریگەری مرۆڤ لە ژینگە پیسکردندا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چاپی یەکەم، هەولێر.

٤-حکومەتی هەریمی کوردستان.( ٢٠٢١). وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی، بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون، بەشی پلان، داتای بلاونەکراوە.

٥-دەزگای ئاماری هەرێم.( ٢٠٢١). نەخشەی بنچینەیی پارێزگای هەڵەبجە ، داتای بلاونەکراوە.

٦-رەسوڵ، علی ئەحمەد.( ٢٠٠٧). تەنانەت کارەباش ژینگە پیس دەکات، گۆڤاری زانستی سەردەم، ژمارە (٣١)، ساڵی هەشتەم.

٧-عزیز، قادر حاجی.( ٢٠٠٠). کێ دەتوابێت لە ئاستی پیسببونی ژینگەدا بێ دەنگ بێت، گۆڤاری زانستی سەردەم، ژمارە (٥) ساڵی(٢) .

٨-عەبدولرەحمان، ڕۆژان فەرەیدون.( ٢٠٠٨). شیکردنەوەی جوگرافی بۆ جیاوازیی پیسبوونی ئاوی ژێرزەوی لە ناوچەی سلێمانیدا نامەی ماستەی،کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ، بلاونەکراوە.

٩-وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی.(٢٠٢١ ). بەرێوەبەرایەتی گشتی گەشەپیدانی پیشەسازیی، بەشی پلاندانان، داتای بلاونەکراوە.

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

**زانكۆی سلێمانی-سلیمانی**

**كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان**

**بەشی جوگرافیا**

**خوێندنی باڵا**

**فۆرمی توێژینەوە**

پاش سوپاس و رێز، تكامان وایە بەدروستی وەڵامی پرسیارەكانی نێو ئەم فۆرمە بدرێتەوە، چونكە من كە لە خوارەوە واژۆم كردووە خوێندكاری ماستەر( ڕەنجدەر جەمال ڕەشید) لەكۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان/ زانكۆی سلێمانی ، خەریكی نوسینی توێژینەوەی ماستەرم بەناونیشانی ( شیكردنەوەی جوگرافی بۆ جێگیربوونی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجە) پێویستم بە داتاو زانیاری ئێوەی بەرێزە بۆ نوسینی توێژینەوەكەم، كە مەبەست لێی بەتەنها لایەنی زانستییە و بەهیچ جۆرێك زانیارییە تایبەتەكانی نێو ئەم فۆرمە بڵاوناكرێتەوە.

تێبینی :-

نیشانەی (✓)لەپێش وەڵامی دروستدا دابنێ یاخود بەژمارەیی نزیكراوەییش بێت ژمارەكان بنوسرێت.

**توێژەر**

..........................................................................................

**فۆرمی ڕاپرسی**

یەكەم: زانیارییە گشتیەكان

١-ناوی كارگە (                                                                )

٢- جۆری بەرهەم: تەواو دروستكراه ( ) ، نیمچە دروستكراو (                    )

٣-خاوەندارێتی (                                                                )

٤- ساڵی بیناكردن (                                                                )

٥-ساڵی كردنەوە(                                                                )

دووەم: زانیاری سەرەتایی دەربارەی شوێنی كار

١-شوێنی دامەزراوەكە، ناوەندی پارێزگا( )، ناوەندی ناحیە( ) كام ناحیە (        ) .

٢-كارگەكە لەسەر شەقامی گشتییە( ) ، لەدەرەوەی شار ( ) .

٣-كام لەمانە هۆكاربوونە بۆ هەڵبژاردنی شوێنی كارگەكە:

أ-دەستی كاری هەرزان( ) ،ب- بارودۆخی ئاووهەوایی ( ), ج-ئاسانی دەستكەوتی ئاووكارەبا و سووتەمەنی( )، د-نزیكی لە بازاڕ( ) ،ز- نزیكی كەرەستە خاوەكان ( ) ،هـ- ڕیگەی گواستنەوە ( )

٤-پاشماوەی كارگەكە چی لیدەكرێت؟

أ- فڕێ دەدرێتە دەرەوەی شار( ) ، ب-ریساكلین دەكرێتەوە ( ) .

سییەم: زانیاری دەربارەی سەرمایە

١-سەرمایەی كارگەكە بریتییە لە (                    )ملیۆن دیناری عیراقی.

٢-سەرچاوەی پارەی كارگەكە چیە ؟

أ-تایبەتە (    ) ، ب- بانق و قەرزی حکومی (  ) .

چوارەم: سەرچاوەکانی ووزە

١-جۆری وزەی بەکارهاتوو بریتییە لە:

أ-کارەبا(   ) ، سوتەمەنی (   ) ، ج-کارەبا و سووتەمەنی(   ) .

٢-سەرچاوەی وزەکان بریتین لە:

أ-سەرچاوەی ناوخۆیی (    ) ، ب-دەرەوەی ناوچەی توژینەوە(    ) .

٣-ئایا کارگەکە سەرچاوەی ووزەی تایبەت بەخۆی هەیە(    ).

٤-بری سەرمایەی پیویست بۆ دابینکردنی سووتەمەنی چەندە، لەکۆی گشتی خەرجی ساڵانەدا (        )

پینجەم: رادەی دەستەبەری خزمەتگوزارییەکان

١- توانای بەرهەمهینان:  باش(    )   مامناوەند(    )  لاواز (        )

٢-سەرچاوەکانی ئاو: باش(    )   مامناوەند(    )  لاواز (        )

٣-یگەی گواستنەوە: باش(    )   مامناوەند(    )  لاواز (        )

شەشەم:زانیاری دەربارەی هۆکارەکانی گواستنەوە

١-هۆکارەکانی گواستنەوە ئاسانن (    )

٢-خاوەنداریتی هۆکارەکانی گواستنەوە بریتین لە:

أ-مولکی کارگەیە(    ) ، بەکرێ هێندراوە (    ) .

٣-تیچووی مانگانەی هۆکارەکانی گواستنەوە چەندن (          ) .

حەوتەم:زانیاری دەربارەی دەستیکار

١-ژمارەی کرێکارەکانی کارگەکە چەندە(    )

٢-کرێکارەکان سەرچاوەکەیان کوییە؟

أ-دەستیکاری ناوخۆیی(    ) ، بدەستیکاری بیانی (    )، ج-دەستیکاری تێکەڵاو(    ) .

٣-داهاتی مانگانەی کرێکارەکان بریتییە لە(            ) .

٤-کۆی تیچووی مانگانەی کرێکارەکان بریتییە لە (            )

هەشتەم: کێشەکانی پێش کارگەکە

١-کێشەی شوێن (      ) (      )

٢-کێشەی کەرەستەی خاو (      ) (      )

٣-کێشەی دەستیکار (      ) (      )

٤-کێشەی کەمی سەرمایە (      ) (      )

٥-کێشەی  گواستنەوە (      ) (      )

٦-کێشەی جۆری بەرهەم (      ) (      )

٧-کێشەی یاسایی (      ) (      )

٨-کێشەی کارگێڕ (      ) (      )

٩-کێشەی بازاڕکاری (      ) (      )

١٠-کێشەی باج (      ) (      )

# الصحة النفسية من منظور إسلامي
# -مفردات مختارة -

**سامان علي محمد مامليسي[1]، چتۆ حمدأمين سمايل[2]**
[1,2]قسم اللغة العربية،كلية التربية مخمور، جامعة صلاح الدين، مدينة أربيل، كوردستان، عراق
Corresponding author's e-mail: Saman.mohammad@su.edu.krd

## الملخص:

الفكر الإسلامي عبر كتابات مفكريه، أو الإشارات الواردة في الآراء والنظريات النفسية، بما فيه من تلميحات حول الصحة وعلاج أمراض النفس، سلط الضوء على معالم منهجه وأعطى الدارسين تصورات تتبعية للنفس وصحتها، دارجين فيها النصائح والإرشادات، كي يتمتع المرء بصحة وراحة نفسيتين.

لكن عدم الإهتمام باستخراج الكنوز المتعلقة بالصحة النفسية، من بطون ما دونوها وذهبوا إليها في أطروحاتهم، جعلتها تبقى في حيز الإهمال وغطاها غبار اللامبالاة، إلا النزر اليسير منها. مما احتاجت إلى رفع السدال عنها مجدداً، وإلباسها بحلة التتبع والتقصي، وجعها تزهو بأحلى أبهة من الدراسة والشرح وتوضيحها للدارسين والمتتبعين، ليستفيد منها الجميع.

لذلك العناية بهذه الكنوز، وتقديمها إلى المشتغلين في هذا الميدان، كباقة من النصائح وتشخيص الدواء للمشاكل النفسية، تأخذ أهمية كبيرة، لما فيه من خدمة التراث والحفاظ على خادميها، عبر توجيههم وإعطائهم جرعات من الأمل وبعث الشوق في نفوسهم، كي يستفيدوا منها في حياتهم اليومية.

مستخدماً الباحث في كل ذلك منهجي التحليل والوصف، في استقراءه لما ورد في هذا المضمار، تحليلاً مؤداه الإفادة من تلك الكنوز، وتأكيداً لما حوتها من استراتيجيات يمكن الرجوع إليها إذا احتيج إليها.

هذا وإن الفكر الإسلامي، أشار إلى المشاكل النفسية وأمراضها، وبيّن تبعاتها على الإنسان، ووصف العلاج الناجع لاجتيازها، مبيناً خطرها على النفس والجسد، وحذر من عاقبتها التي يجعل الإنسان يلجأ إلى التشاؤم والكسل والتثبط، مما يعرقل حياته، ولا يمكنه القيام بأداء حقوق الله عليه، وتجعل أيامه ضنكاً نكداً، مليئة بالتثاقل واليأس والحيرة.

**الكلمات المفتاحية:** الصحة النفسية، النظرة الإسلامية


| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| بەرگ | ٧ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢٢) |
| رێککەوتەکان | رێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٥/١٥ \| رێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/٢٢ \| رێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Saman.mohammad@su.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٢م.سامان علي محمد ماملیسي، أ.د. چتۆ حمدأمين سمايل، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر رەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |



(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## پوختە

هزری ئیسلامیی، لە ڕێی نووسینی هزرڤانەکانییەوە، یان لە ڕێی ئەو ڕا و بۆچوون و دیدگە دەروونیانەی کە تێیدان، یاخود لە ڕێی ئەو ئاماژانەی کە لە هەناویدان و چارەسەرن بۆ نەخۆشییەکانی دەروونیی، تیشکی خستووەتە سەر چەند مەشخەڵێك بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێبازەکەی لەو بوارەدا و، چەندان وێنای بەدواداگەڕانی بۆ دەروون و درووستییەکەی بە لێکۆڵەران داوە و، کۆمەڵێ ئامۆژگاری و ڕێنموونیی بە مرۆ داوە، تاکوو لەڕێیانەوە ئارامش و ئاسوودەیی دەروونیی وەدەست بهێنێ.

وەلێ گرینگی پێنەدان بە دەرهێنانی ئەوگەنجینە دەروونییانە، کە لە دوو توێی نووسراو و تێزەکانیاندا خۆی حەشارداوە، وای لێ کردوون بچنە خانەی پشتگوێخستنەوە و، تۆزی گوێپێنەدان دایانبپۆشێ. بە شێوەیەك پێویستیان بەوەبێ سەرلەنوێ پەردەیان لەسەر هەڵبماڵرێ و، بە تارای بەدواداچوون و کنەکردن دابپۆشرێن و، وایان لێ بکرێ بە ناسکترین گەردانەی لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردن و بەراوردکردنیان لەگەڵ ڕا و بۆچوونەکانی نوێی پەروەردەییدا، برازێنرێنەوە.

هەر بۆیە، گرینگیدان بەم گەنجینانە و، پێشکەشکردنیان بە سەرقاڵانی بواری دەروندروستی، وەکوو دەسکە گوڵێکی ئامۆژگاری و دەستنیشانکەری دەوا بۆکێشە دەروونییەکان، زۆر لەجێی خۆیدایە، چونکی هەم خزمەتی کەلەپوورەکەیە و هەمیش پاراستنی خزمەتکاران و سوودمەندانی ئەوکەلەپوورەیە، کە ئاراستە بکرێن و ترووسکایی ئومێدیان بگەشێنرێتەوە و، حەزی دەروونیان گڕی تێبەربدرێ، سا بەڵکوو لە ژیان و پیشەی فێرکاریی و فێربوونیاندا، سوودی لێ وەربگرن.

لێکۆڵەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتی بە هەردك ڕێبازی شیکاریی و وەسفیی بەستووە، لە بەدواداچوونی زانیارییەکانی تایبەت بەم بوارەدا، سوودی لێ وەرگرتوون. شیکارێك بە مەرامی سوودبینین لەوگەنجینانە و، جەختکردنەوەیەکیش بێ لەسەر ئەو ستراتیژییەتانەی کە لە خۆیان گرتووە، بەو ئومێدەی لە کاتی پێویستبوونیاندا، پەنایان بۆ ببرێ.

هەر بەو شێوەیە؛ هزری ئیسلامیی، دانی بە نەخۆشییەکانی دەروونییدا ناوە و، باسیشی کردوون و، چارەسەریشیی بۆ تووشبووان پێی، داناوە. مەترسی ئەو نەخۆشیانەیشی لەسەر هەردوو لایەنی جەستە و دەروون، ڕوون کردووەتەوە و، مەترسییەکانی تێوەگلان پێیانەوە، کە بۆ ڕەشبینی، تەنبەڵی و خاووخلیچکی سەردەکێشن، خستووەتە بەرباس. چونکی ئەو دەردانە ژیانی مرۆ دەلەوتێنن و، ناتوانێ بە ئەنجامدانی مافەکانی خودایی هەڵبسێ و، ڕۆژگارەکانی ژیانی پڕ دەکەن لە دەردەسەری و تاڵاو و، لە پاشقورسی، بێهیوایی و دۆشداماندا، نقومی دەکەن.


**کلیلە وشەکان:** تەندرووستی دەروونیی، دیدگەی ئیسلامی


## Abstract:

Islamic thought, through the writings of its thinkers, or the references that have contained in psychological opinions and views, including hints about the treatment of psychological diseases. The study shed light on the features of its approach and gives students follow-up perceptions of the soul and its health, including advice and instructions, so that one enjoys health and psychological comfort.

But the lack of interest in extracting psychological treasures from the heart of those who wrote them down and made them remain in the space of neglect and covered by the dust of indifference, which needed to raise the foundation from them again, and dress them in the suit of tracking and investigation, their pain boasts the most beautiful pomp of study, explanation and comparison with other educational opinions and psychology in the present tense.

Therefore, taking care of these treasures, and presenting them to those who work in this field, as a package of advice and diagnosing medication for psychological problems, takes great importance, because it serves the heritage and preserves its servants, by guiding them and giving them doses of hope and longing in their souls, so that they can benefit from it in their life and learning.

In all this, the researcher used the methodological analysis and description, in his extrapolation of what was mentioned in this field, an analysis to benefit from those treasures, and to confirm the strategies contained within them that can be referred to if needed.

Nevertheless, Islamic thought has acknowledged psychological problems and their diseases, talked about them, and described the treatment for their afflicted, and indicating their danger to the soul and body, and warned against their consequences that lead to pessimism, laziness and discouragement, which hinders his life, and he cannot perform the God's rights over him, and make his days hard, melancholy, full of heaviness, despair and confusion.

**Key words:** Educational thought, mental health, trends, strategies.

## المقدمة

مما لا مجال للشك فيه، أنّ الفكر الإسلامي، له السبق فيما ذهب إليه من دراسته للنفس الإنسانية وعيوبها وخفايها وكذلك تتبع ما ترينُ عليه من أوهام وأمراض وعوارض تصيبه. بغية الوصول إلى الحلول الملائمة لهذه الأمراض واتباع النصائح والإرشادات الواردة فيه من قبل الإنسان، كيما يخرجه من مستنقعات الضنك والملالة والإحباط.

فالفتور فة إنسانية متجذرة في كيان البشر جميعاً، والاتكاء جرّاء المحنات والويلات، شيمة واردة على النفس، ويدفعه إلى الشعور باللامبالاة والضعف، و الدوران في حلقة مفرغة حول الخيالات، والإحساس بنوع من التفاهة والعبثية تجاه ما يعترض طريقه نحو السعادة والطمأنينة والاستمتاع بالحياة.

واستدراكاً لعلاج عيوب النفس، والمشاكل التي تواجهها، جاء هذا الفكر مقترحاً ما عنده من الإرشادات والعناية بالصحة النفسية، مسترشداً العقول إلى التمسّك بالهدي القرآني والاستنارة بسراج النبوة المضيئة.

## أهداف الدراسة:

تهدف الدراسة إلى استخراج الجواهر المكنونة من ينابيع الفكر الإسلامي، التي تختص بالتدريس الصفي وإضفاء روح المحبة واشتعال نار الرغبة في نفوس المتعلمين للانتباه والاستماع والمتابعة الجيدة نحو الدروس والنشاطات، وذلك عبر إرشادهم صوب ما يصونون به صحتهم النفسية، بغية تزيين قامة العملية التعلمية التعليمية، وتكليلها بباقات من الإرشادات الموجهة والاستراتيجيات المقصودة الهادفة, حول الاهتمام بصحتهم والبقاء نشطين متلهفين تجاه الشرح والعرض، والإدلاء بدلو النصائح القيمة والتبصير المستمر مستوحاة من الفكر الإسلامي الثر، هذا والاستفادة مع المعالم التربوية والنفسية الواردة في البحوث الحديثة والدراسات المستجدة.

## منهج الدراسة:

المنهج المتبع في هذه الدراسة هو المنهج الوصفي والتحليلي حيث سيعرض بالوصف والتحليل لأهمية الصحة النفسية والنظرة الايجابية لها، وانعكاسها على بقاء المرء نشطاً وقوياً عبر الاعتماد على الإستراتيجيات الموجودة، والتي رغب الباحثون الإنسان باتباعها، ليكون الإنسان على أهبة الاستعداد للانخراط في الحياة اليومية والنشاطات المتنوعة، والاستمرار عليها، دون الشعور بالملل وغرق التفكير في الخوف من المستقبل واللامجهول. والاعتماد على المنهج التحليلي لتتبع النصوص القرآنية والأحاديث النبوية المشتملة على الإيحاءات التربوية والنفسية المتعلقة بالصحة النفسية، وبيان ما فيها من أساليب ومعالم وقائية، وصياغتها في قوالب عصرية، وتقريبها من أذهان الدارسين والمعنيين بحقول التربية والتعليم.

## مشكلة الدراسة وأسئلتها

تدور مشكلة الدراسة حول السؤال الرئيسي التالي:

ما هي الإرشادات والنصائح والأساليب والاستراتيجيات المتعلقة بالعناية بالصحة النفسية, في الفكر الإسلامي؟

## ويتفرع عن ذلك ما يلي:

١- هل حقاً اهتم الفكر الإسلامي بالدعم الصحي النفسي للمتعلمين والمدرسين؟

٢- ما الأساليب المتبعة لتقوية الدعم الصحي النفسي في الفكر الإسلامي؟

٤- هل هناك سبق لمفكري المسلمين القدماء، تجاه الصحة النفسية والبحث عن خفاياها؟

## خطة الدراسة:

## أولاً: مفهوم الفكر التربوي الإسلامي و الصحة النفسية

أ- تعريف الفكر التربوي الإسلامي

ب- تعريف الصحة النفسية

ج- أهمية الصحة النفسية

د- مظاهر الصحة النفسية

هـ- اتجاهات الصحة النفسية

و- الصحة النفسية في الوسط الدراسي

## ثانياً: نظرة الفكر التربوي الإسلامي إلى الصحة النفسية و دعمها

أ-مفهوم الصحة النفسية في الفكر التربوي الإسلامي

ب- القرآن الكريم مصدر للصحة النفسية

ج- السنة النبوية مؤسِّس للصحة النفسية

د- أثر العبادات على الصحة النفسية

هـ- مؤشرات الصحة لنفسية لدى علماء النفس المسلمين

و- محكات الصحة النفسية في الفكر التربوي الإسلامي

## ثالثاً: استراتيجيات للحفاظ على الصحة النفسية

أولاً: مفهوم الفكر التربوي الإسلامي و الصحة النفسية

## تعريف الفكر التربوي الإسلامي:

إنّ مصطلح الفكر التربوي الإسلامي؛ مصطلح حديث النشأة وعصري الولادة، ذلك أنّه " لم يكن مستخدَماً لدى العلماء المسلمين في العصور السابقة، إذ لم يكن هناك علم مستقل يهدف إلى تربية الطفل، أو تربية الإنسان، نظراً لأنّ جميع الكتابات التي تتعلق بالتربية والتعليم أو التأديب والتهذيب، كانت مستمَدَّة من القرآن الكريم والسنة النبوية المطهرة". (الدعيلج، ٢٠٠٧، ص ٢٣). وكذلك " لم يُعرف استخدام لفظ (التربية) بالمعنى الحالي إلا في العصر الحديث، إذ كان العرب في القديم يستخدمون لفظ (التأديب)، وكانوا يُطلقون على المعلم اسم (المؤدِّب)".( فريد، ص ١٧). على الرغم من أن الإمام الغزالي ذكرها في (الإحياء) بمفهومها الخاص عنده، وكذلك البيضاوي في تفسيره عند تفسير (رب العالمين) الواردة في سورة الفاتحة. (الغزالي، ١٩٩٩، ص ٢٨ ) و (البيضاوي،١٩٩٧، ص ٢٨ ).

و" التربية بمفهومها ومعناها الحديث، وردت في القرآن الكريم في موضِعَين اثنين، أحدهما: في سورة الإسراء، حيث يقول: (وَاخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَةِ وَقُلْ رَبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا) [الإسراء: ٢٤]. والثاني: قوله: قَالَ أَلَمْ نُرَبِّكَ فِينَا وَلِيدًا وَلَبِثْتَ فِينَا مِنْ عُمُرِكَ سِنِينَ [الشعراء: ١٨]". ( فريد، ص ١٧).

من تعريفات الفكر التربوي الإسلامي:

١-" نشاط بشري يدخل ضمن الفعاليات المتقدِّمة في الإسلام وضمن إطار توجيهاته نحو تعزيز قدر الإنسان ومكانته التي اتسمتْ بخلافته على الأرض". (هود، ٢٠٠٥، ص ٣١).

٢- هو فكر يعتني بِ " مجموعة من الممارسات النظرية والتطبيقية التي يؤديها المسلم وفقاً لفكر الإسلام وعقيدته تجاه الخالق والمخلوق والكون بأسره، مبتغِياً بها وجه الله" (هود، ٢٠٠٥، ص ٣١).

٣- " تلك المفاهيم التي يرتبط بعضها ببعض في إطار فكري واحد يستند إلى المبادئ والقيم التي أتى بها الإسلام، والتي ترسم عدداً من الإجراءات والطرائق العملية، يؤدي تنفيذها إلى أنْ يسلك سالكها سلوكاً يتفق وعقيدة الإسلام".( إسماعيل، ص ٦ ).

٤- "هو فكر يهتم بدراسة قضايا التربية من منظور إسلامي". ( الصاوي، ١٩٩٩، ص ٤٤ ).

في حبه لنفسه. واعتماداً على ذلك؛ تخفى عليه معايبه ولم يرها، وإن كانت ظاهرة.

٨- أنْ يبتعد عن المواقف التي تجعله مذعوراً خائفاً، والخوف يعرض من توقع مكروه وانتظار محذور، والتوقع والانتظار، إنما يكونان للحوادث في الزمان المستقبل، وهذه الحوادث؛ ربما كانت عظيمة، وربما كانت يسيرة، وربما كانت ضرورية، وربما كانت ممكنة، والأمور الممكنة ربما كنا نحن أسبابها، وربما كان غيرنا سببها، وجميع هذه الأقسام، لا ينبغي للعاقل أنْ يخاف منها. (ابن مسكويه، ص ٢١٥، و صبحي، ص ١٧٣-١٧٩).

## ثالثاً: استراتيجيات للحفاظ على الصحة النفسية

نعمة الصحة والعافية من أجلّ نعم الله على عباده، وأجزل عطاياه، وأوفر منحه، بل العافية من أعظم النعم على الإطلاق، بعد نعمة الإيمان. فحقيق لمنْ رزق حظاً من التوفيق مراعاتها وحفظها وحمايتها عما يضادها. وهناك استراتيجيات، إذا اتبعها الشخص، فإنه سوف يتمتع بصحة نفسية جيدة، ومزاج صاف نقي، منها:

١- التعرف أولاً إلى نفسك، وتقدير ما بها من نواحي ضعف وقوة، وما فيها من إمكانيات خافية أو مهملة.

٢- تعلُّم حل المشكلات بأسلوب علمي، وطرق وأساليب صحيحة، والحذر من أخذ الأمور بالهوان. والقناعة بأنّ الفشل والحرمان من طبع الحياة، فلا مفر من قبولهما.

٣- اتخاذ هدف للنفس من الحياة، فهو شرط من شروط تكامل الشخصية، ولا تقم بأي عمل خبط عشواء.

٤- الصراحة في المعاملات، فإذا كانت الصراحة مع النفس نوعاً من الأمانة؛ فالصراحة مع الغير، نوع من الشجاعة. والبعد عن التصنّع والتكلّف واللف والمواربة في معاملة الناس، يعفي الإنسان من كثير من الحرج والتورط والصراع.

٥- تركيز الانتباه على الأمور الراهنة، وعدم التحسّر على ما فات، أو التوجّس مما هو آت. فالتركيز على اللحظة الراهنة، خير وسيلة للإتقان وسرعة البت والإعداد للمستقبل، لكن هذا لا يعني إغفال الخبرة الماضية وما يقتضيه المستقبل.

٦- القيام بالأعمال بإتقان، وعدم محاولة إنجاز عدة أشياء في آن واحد. ففي الإتقان أمانة وشعور بالنجاح والفوز، وهذا أفضل سبيل إلى زيادة الثقة بالنفس، ولابتعاد عن القلق.

٧- الاشتراك في نشاط جماعي، ففيه فوائد إنشائية ووقائية وعلاجية، فهو الدليل الواضح على سلامة عقل الإنسان ونضجه وبلوغه الصحة النفسية السليمة. (شريل، ص ١٧١, ١٧٢).

٨- النوم بالقدر الكافي، إذ أثبتت الدراسات أنّ هناك علاقة وثيقة بين جودة النوم والرفاهية النفسية، فالنوم يرتبط بانخفاض مستوى مشاكل الصحة النفسية، وعلى النقيض من ذلك؛ يرتبط النوم السيئ بمستوى عال من مشاكل الصحة النفسية. (كسوري، ٢٠٢١، ١٢٢).

٩- التخيّل الابتكاري والتأمل، وهو التخيل بأنه يواجه الصعوبات، ومشاهدة نفسه في أحسن صورة. و يُعد التأمل من الطرق الفعّالة لاسترخاء الجسم وتقليل التوتر، فهو يعتمد على التركيز بفكرةٍ إيجابيةٍ أو شيءٍ معينٍ مع تنظيم التنفس واختيار وضعية الجلوس أو الاستلقاء المريحة.

١٠- التحسّن المستمر بالمطالعة والتعلم، فهما بمثابة الوقود اللازم والشحنة الدافعة لكل شخص. (زينب وآخرون، ص ١٣ ).

١١- الاهتمام بالصحة الجسدية: العناية بالصحة الجسدية ستقود الإنسان إلى تحسين صحته العقلية. والتأكُد دائماً من تناول غذاء صحي. وتجنب السجائر. وشرب الكثير من الماء. جميعها تساعد على تقليل الاكتئاب والقلق وتحسين المزاج، بحسب ما نشره موقع جامعة ميشيغان الأميركية. (موقع الحكومة الألمانية، ٢٠٢٢).

## الإستنتاجات والتوصيات:

### أ- الإستنتاجات

١- يولي الفكر التربوي الإسلامي الصحة النفسية أهمية كبيرة وجديرة بالنفس الإنساني. فهو يحث الإنسان إلى التأمل والعمل والأمل، فبها

يصل إلى فكرة العبودية لله سبحانه وتعالى، إذ هو مخلوقه وطينته ونفخه من روحه. وبه يستهدي وإليه يرجع وعليه يتوكل، ومنه يستمد العون، وبه يبدأ وينتهي، وعنه أخذ منهاج الحياة.

٢- يعترف الفكر الإسلامي بالمشاكل النفسية ويحدد لها ما يعالجها وتوصيفها بالأدوية المناسبة والناجعة لإزالة طوقها عن عاتق الإنسان، ويشجعه إلى عدم الإكتراث بالهم والقلق والتوترات الحياتية الموجودة، لأنه سبحانه هو مقدر المشاكل والعالم بها، وهو أيضاً أعطاه دليل مجابهتها ومدافعتها عندما يقضيه ويحدثها في عالم الموجود المحسوس.

٣- هناك شبه توافق في بعض المسائل النفسية بين الفكر التربوي الإسلامي والغربي، إلا أللهم من حيث الآليات وأساليب العلاج وتوصيف المشاكل والأزمنة والأمكنة، وفي بعضها يكتب قدم الساق للتربية الإسلامية.

## ب- التوصيات:

١- إجراء دراسات مقارنة مشابهة، كي يستطيع الباحثون لوالئ الإيحاءات الإسلامية التربوية والنفسية، وتقديمها للجيل الجديد، الذي يعيش تحت وطأة النظريات التربوية الغربية.

٢- العمل على إيجاد بيئة مناسبة للإستفادة من نظريات التربية الإسلامية، مع ما وصل إليها الغرب من نظريات وآراء وتجارب ميدانية، للدفع ببوصلة التربية في البلاد الإسلامية نحو الإتقان أكثر فأكثر، والإبداعية يوماً بعد يوم. لأن الحكمة ضالة المؤمن، أينما وجدها، فهو أحق بها.

٣- رفع الستار عن علاقة المدرستين بعضهما ببعض، واستفادة كل منهما من الآخر. والاستفادة النظريات التي موجودة عند الغربيين، والتي في غالب مضامينها مأخوذة من النظريات الإسلامية القديمة، التي تعود نشأتها إلى عصور الإزدهار في العصر العباسي للخلافة.

٤- إبراز دور العلماء المسلين الأفذاذ، كالغزالي وابن القيم في المجالات النفسية والتربوية ومشاكلها، عله يسهم في إزالة ضباب عدم العناية بمآثرهم وتحفهم المصنفة، والتي غالبية نظراتهم وآرائهم واستنتاجاتهم، تفوق النظريات الغربية، والبعض منها موافقة تماماً للذي عندهم، دون علم وخبر للمسلمين وباحثيهم بهذه الحقائق.

## المصادر والمراجع:

### القرآن الكريم


١.الكتب:

٢. ابن أبي شيبة، عبدالله محمد (١٩٩٧) المصنَّف في الحديث والآثار. ط١. الرياض: مكتبة الرشد.

٣. ابن القيم، محمد أبوبكر (٢٠٠٨) مفتاح دار السعادة ومنشور ولاية العلم والإرادة. ط١. بيروت: دار الكتب العلمية.

٤.ابن القيم، محمد أبوبكر (٢٠١٩) مدارج السالكين في منازل إياك نعبد وإياك نستعين. ط٢. بيروت: دار ابن حزم.

٥.ابن تيمية، أحمد عبدالحليم (١٩٩٩) مجموع الفتاوى. ط١. بيروت: دار الكتب العلمية.

٦.ابن حجر العسقلاني، أحمد علي (١٩٥٩) فتح الباري شرح صحيح البخاري. بيروت: دار المعرفة.

٧.ابن عاشور، محمد الطاهر بن محمد (١٩٨٤) تحرير المعنى السديد وتنوير العقل الجديد من تفسير الكتاب المجيد. تونس: الدار التونسية للنشر.

٨.ابن كثير، إسماعيل عمر (٢٠٠٠) تفسير القرآن العظيم. ط٢. بيروت دار الكتب العلمية.

٩.ابن مسكويه، أحمد بن محمد بن يعقوب تهذيب الأخلاق وتطهير الأعراق. ط١. القاهرة: مكتبة الثقافة الدينية.

١٠.أبو العزائم، جمال ماضي (١٩٩٤) القرآن والصحة النفسية. ط١.

١١.الأحمد، عبدالعزيز عبدالله (١٩٩٩) الطريق إلى الصحة النفسية عند ابن القيم الجوزية وعلم النفس. ط١. الرياض: دار الفضيلة.

١٢. الأفغاني، شمس الدين محمد (١٩٩٦) جهود علماء الحنفية في إبطال عقائد القبورية. ط١. الرياض: دار الصميعي.

١٣. الآلوسي، جمال حسين الصحة النفسية. بغداد: جامعة بغداد، كلية التربية.

١٤. الآلوسي، جمال حسين الصحة النفسية. بغداد: جامعة بغداد، كلية التربية.

١٥. البريك، سعد (٢٠١٠) دروس الشيخ سعد البريك. الرياض: منشورات موقع الشبكة الإسلامية.
١٦. البكور، سعيد (٢٠١٦) الصحة النفسية في الإسلام. ط١. بيروت: دار الكتب العلمية.
١٧. التُستُري، سهل بن عبد الله (٢٠٠١) تفسير التستري. ط١. بيروت: دارالكتب العلمية.
١٨. توفيق، محمد عزالدين (١٩٩٨) التأصيل الإسلامي للدراسات النفسية. ط١. القاهرة: دار السلام.
١٩. حجازي، مصطفى (٢٠٠٤) الصحة النفسية. الدار البيضاء: المركز الثقافي العربي.
٢٠. حسني، عاهد (٢٠٠١) النفس والصحة والتربية والعلاج. ط١. بغداد: مطبعة الأصدقاء.
٢١. الختاتنة، سامي محسن (٢٠١٢) مقدمة في الصحة النفسية. ط١. عَمان: دار الحامد للنشر والتوزيع.
٢٢. الداهري، صالح حسن أحمد (٢٠٠٥) مبادئ الصحة النفسية. ط١. عَمان: دار وائل للنشر.
٢٣.الداهري، صالح حسن أحمد (٢٠٠٥) مبادئ الصحة النفسية. ط١. عَمان: دار وائل للنشر.
٢٤. الدويش، محمد إبراهيم (٢٠١٠) دروس الشيخ محمد الدويش. الرياض: منشورات موقع الشبكة الإسلامية.
٢٥. الرفاعي، نعيم (١٩٨١) الصحة النفسية دراسة في سيكولوجية التكيف. ط٥. دمشق: منشورات جامعة دمشق.
٢٦. الزمخشري، محمود عمرو أحمد (١٩٨٧) الكشاف عن حقائق غوامض التأويل وعيون الأقاويل. ط٣. بيروت: دار الكتاب العربي.
١- الزنتاني، عبدالحميد الصيد (١٩٩٣) أسس التربية الإسلامية في السنة النبوية. ط٢. ليبيا: الدار العربية للكتاب.
٢٧. الزنتاني، عبدالحميد الصيد (١٩٩٣) أسس التربية الإسلامية في السنة النبوية. ط٢. ليبيا: الدار العربية للكتاب.
٢٨. زينب عبالرازق وآخرون الصحة النفسية. الأحساء: جامعة الملك فيصل، مركز التنمية الأسرية.
٢٩. السعدي، عبدالرحمن ناصر (٢٠٠٠) تيسير الكريم الرحمن في تفسير الكلام المنان. ط١. بيروت: مؤسسة الرسالة ناشرون.
٣٠. سلطان، شريف فوزي (١٩٩٩) الرضا بقضاء الله وقدره. ط٢. بيروت: دار ابن حزم.
٣١. سليمان، مقاتل (٢٠٠٠) تفسير مقاتل بن سليمان. ط١. الرياض: دار إحياء التراث.
٣٢. السمعاني، منصور محمد عبدالجبار (١٩٩٧) تفسير القرآن. ط١. الرياض: دار الوطن.
٣٣. السياب، بدر شاكر (٢٠١٦) ديوان بدر شاكر السياب. ط٢. بيروت: دار العودة.
٣٤. السيوطي، عبدالرحمن أبو بكر جلال الدين (٢٠٠٩) الدر المنثور في التفسير بالمأثور. ط١. بيروت: دار الفكر.
٣٥. شربل، موريس التربية الجنسية. بيروت: دار المناهل.
٣٦. الشعراوي، محمد متولي (١٩٩٧) تفسير الشعراوي. ط١. القاهرة: مطابع أخبار اليوم.
٣٧. صبحي، سيد (٢٠٠٣) الإنسان وصحته النفسية. ط١. القاهرة: الدار المصرية اللبنانية.
٣٨. الصنيع، صالح إبراهيم (٢٠٠٠) التدين والصحة النفسية. ط١. الرياض: منشورات جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية.
٣٩. العثمان، عبدالكريم (١٩٨١) الدراسات النفسية النفسية عند المسلمين والغزالي بوجه خاص. ط٢. القاهرة: مكتبة وهبة.
٤٠. العمري، خيرالدين شريف علم النفس والتمريض العقلي. القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية.
٤١. غريب، زينب عبدالرازق وآخرون الصحة النفسية. الأحساء: جامعة الملك فيصل، مركز التنمية الأسرية.
٤٢. فهمي، مصطفى، الإنسان وصحته النفسية. القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية.
٤٣. القوصي، عبدالعزيز (١٩٥٣) أسس الصحة النفسية. ط٤. القاهرة: مكتبة النهظة المصرية.
٤٤. الماتريدي، محمد محمد محمود (٢٠٠٥) تفسير الماتريدي. ط.١ بيروت: دار الكتب العلمية.
٤٥. مالك، أنس الموطأ. ط٢. القاهرة: مؤسسة المختار للنشر والتوزيع.
٤٦. مجاهد، جبر (١٩٨٩) تفسير مجاهد. ط١. القاهرة: دار الفكر الإسلامي الحديثة.
٤٧. مسلم بن الحجاج (١٩٥٥) صحيح مسلم. ط١. القاهرة: عيسى البابي الحلبي وشركاه.
٤٨. المطيري، معصومة سهيل الصحة النفسية مفهومها اضطراباتها. الكويت: مكتبة الفلاح.

٤٩. مغاربوس، صموئيل الصحة النفسية والعمل المدرسي. ط٢. القاهرة: مكتبة النهضة المصرية.

٥٠. الملا علي القاري، نورالدين علي (٢٠٠٢) مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح. ط١. بيروت: دار الفكر.

٥١. نجاتي، محمد عثمان (١٩٩٣) الدراسات النفسية عند العلماء المسلمين. ط١. القاهرة: دار الشروق.

٥٢. نيللي، عادل (٢٠٠٩) المقارنة مع الآخرين سلاح ذو حدين. ط١. بيروت دار الفراشة.

٥٣. ويسي، مختار (٢٠٠٩) الصحة النفسية من منظور إسلامي. ط١. طهران: نشر إحسان.

## ب-المواقع الإلكترونية:

٥٤- نصائح ذهبية لتحسين الصحة النفسية. https://www.dw.com/ar. يوم الزيارة: 11/ 4/ 2022.

٥٥- منظمة الصحة العالمية. http://www.emro.who.int/ar/health-topics/mental-health/inde. يوم الزيارة: 17/1/2022.

٥٦- مساعدة الآخرين بأبسط الأمور تقلل من التوتر. https://news.webteb.com/%D9%. يوم الزيارة: 10/4/2022 .

٥٧- المقارنة مع الآخرين وهم يقودك للضياع. https://alrai.com/article/10544168/ يوم الزيارة: 10/ 4/ 2022.

٥٨- فوائد التفاؤل على الصحة النفسية والجسدية..http://www.akhbar-alkhaleej.com/n3 يوم الزيارة: 9/ 4/ 2022.

٥٩- شاهين، عمر(٢٠٢٢) الإسلام والصحة النفسية. .https://www.elazayem.com/null يوم الزيارة: 6/ 4/ 2022.

# کارلێکی کۆمەلایەتی و پەیوەندی بە گونجانی دەروونیەوە لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانی باخچەوە

نیان نامق صابر[١]، هێمن محمد زۆراب[٢]
[١،٢]بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێجی پەروەردەی بنەرەتی، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Nian.Sabir@univsul.edu.iq

## پوختەی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی پەیوەندی کارلێکی کۆمەلایەتی بە گونجانی دەروونییەوە لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان و، زانینی ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە بەپێی گۆڕاوی (رەگەز، تەمەن ، ژمارەی منداڵ ، ریزبەندی منداڵ ، ئاستی خوێندەواری باوك ، ئاستی خوێندەواری دایك)، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهێنرا ، کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە مامۆستایانی باخچە و منداڵانی باخچە لە سنووری ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە ، نمونەی توێژینەوە بریتییە لە (٤٠٠ )منداڵی باخچە ، ئامرازی توێژینەوە بریتییە لە پێوەری (کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی ) لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە کە لەلایەن توێژەرانەوە دروست کرا ، لە گرنگترین ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان ( هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن ، سپێرمان ، ئەلفاکرونباخ، تاقیکردنەوەی (ت) یەك نمونە و دوو نمونە ، هاوکێشەی ئاماری جیاکاری یەکی , هاوکێشەی کۆلمۆگۆرۆف – سمیرنۆو ) لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوت ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوەکانی (تەمەن ، ژمارەی منداڵ ، ریزبەندی منداڵ ، ئاستی خوێندەواری باوك) جیاوازی نییە ، بەڵام بە پێی گۆڕاوی (رەگەز ، ئاستی خوێندەواری دایك) جیاوازی هەیە ، هەروەها دەرکەوت پەیوەندی کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی لاوازە .

**کلیلە وشەکان :** کارلێکی کۆمەڵایەتی ، گونجانی دەروونی ، منداڵی باخچە

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٧ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢٢) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٧/٢٤ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/٢٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Nian.Sabir@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٢پ.د.نیان نامق صابر، هێمن محمد زۆراب، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

ملخص

**ا لبحث :**

يهدف البحث الى معرفة علاقة التفاعل الاجتماعي مع التوافق النفسى لدى أطفال الروضة من وجهة النظر المعلمين ، و معرفة مستوى التفاعل الاجتماعي و التوافق النفسى لدى أطفال الرياض حسب المتغيرات (الجنس ، العمر ، عدد الأطفال ، التسلسل الطفل ، المستوى التعليمى اب و الأم ) في هذه الدراسة تم استخدام المنهج الوصفي الأرتباطى ، و يشتمل مجتمع البحث على معلمات رياض الأطفال و أطفال الرياض في مركز محافظة حلبجة ، تكون عينة البحث فى (٤٠٠) طفل ، وقد استخدم مقياس (التفاعل الاجتماعى و التوافق النفسى لدى أطفال الرياض ) من أعداد الباحثين، من أهم الوسائل الإحصائية المستخدمة (معامل ارتباط بيرسون ، سبيرمان - براون ، الفاكرونباخ ، أختبار (ت) لعينة واحدة ، أختبار(ت) لعينيتن مستقلتين ، تحليل التباين الأحادي ، معامل كولموجوروف – سميرنو ) ، من أهم نتائج البحث (لا يوجد فرق فى مستوى التفاعل الاجتماعي و التوافق النفسي لدى أطفال الروضة حسب المتغيرات (العمر ، عدد الأبناء،التسلسل الطفل، مستوى التعليمى الأب) ، ولكن يوجد فرق حسب المتغير (الجنس ، مستوى التعليمى الأم)، و علاقة بين التفاعل الاجتماعى و التوافق النفسى هو علاقة الايجابية الطردية الضعيفة .

**الكلمات المفتاحية:** التفاعل الاجتماعي ، التوافق النفسى ، أطفال الرياض

## Abstract:

This research aims to Identify the relationship between social interaction with Psychological adjustment among the children of the kindergarten from the teacher's Perspective and to know the level of social interaction and mental adjustment among children in kindergartens According to these variables (gender ,age, number of children, child sequencing, parent's education level)

This research used associative method research society is kindergarten children and kindergarten teachers in the center of Halabja Government. The research Sample is 400 kindergarten children, The research tool is the measure of (social interaction and psychological adjustment) of kindergarten children from the teacher's Perceptive which was created by the researchers, among the most important statistical tools used (person's correlation with Person, Spearman, Alpha Cronbach , T- test is one example and two examples, the statistical equation of discrimination, One away ANOVA, Colmogrov-Sminroo). One of the most important result of the research was that the level of Social interaction and psychological adjustment among kindergarten children does not differ according to the variables (age, number of children, child sequencing, Father's educational level), but it does differ according to the variable (gender , mother's educational level).and it was also found that the social interaction and mental adjustment among children in kindergarten from kindergarten teachers perspective to have a weak positive correlation

**Keywords:** Social interaction, Psychological adjustment, kindergarten children

## بەشی یەکەم : ناساندنی توێژینەوەکە

### کێشەی توێژینەوە :

کارلێکی کۆمەڵایەتی چەمکێکی بەربڵاوە لە کۆمەڵناسی و دەروونناسی کۆمەڵایەتیدا و هەوڵ دەدات بۆ زانینی شێوازی کارلێکی مرۆڤ و دەوروبەرەکەی و شیکردنەوەی ، ئەو کارلێکەش پەیوەندی هەیە بە بەها و داب و نەریتی کۆمەڵگەوە و، تایبەتە بە مرۆڤ و لە ناو ئاژەڵاندا ئەم کارلێکە بوونی نییە، هەر بۆیە گرنگی و بایەخی زۆری پێ دەدرێت و بە یەکێك لە خاڵە جیاکەرەوەکانی مرۆڤ و ئاژەڵ دادەنرێت ، چونکە مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەوە و بە دابڕانی لە کۆمەڵگە ئەستمە بتوانێت بەردەوام بێت لە ژیان و، بۆ ئەوەی کە لە ناو کۆمەڵگەشدا بژیت و بەردەوام بێت پێویستی بە کارلێکە لەگەڵ کەسانی دیکەدا کە یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی مرۆڤ فێری داب و نەریت و یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵگە ببێت ، یەکەم گروپیش خێزانە مرۆڤ کارلێك لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیدا دروست دەکات و لە ناو خێزانیش یەکەم کەس دایکە کارلێکی لەگەڵدا دروست دەکات .

دوای خێزان باخچەی منداڵان بە دووەم کاریگەرترین شوێنی کۆمەڵایەتی دادەنرێت کە تێیدا فێری کارلێك لەگەڵ هاوتەمەنەکانی دەبێت و، منداڵ بۆ مانەوەی لە ژیان و دابینکردنی پێداویستییە فسیۆلۆجیەکانی پشت بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستێت ( یاسمی و دیگران ، ٢٠١٥: ١٠٦).

هەندێك لە منداڵان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکن و ناترسن بەپێچەوانەشەوە زۆرێك هەن دەترسن و تێکەڵی کەسانی تر نابن و گرفتیان بۆ دروست دەبێت لە ڕووبەڕووبونەوەی کەسانی دیکەدا هۆکارەکەی بەگوێرەی توێژینەوەی (مرتضى ، ٢٠١٥) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەرفەتی تەواویان بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی نەبووە .

منداڵی گونجاو هەست بە ئارامی دەروونی دەکات و کەسێتییەکی دروستی هەیە بە پێچەوانەوە چێژ لە ژیان وەرناگرێت و هەستیارە و لە کاتی بوونی کێشەیەك ڕق و کینەکانی بەسەر کەسانی تردا دەڕێژێت هەروەها لە کارەکانیدا زوو هەست بە ماندووبوون دەکات (عزيز،٢٠١٤ : ٢٧٢-٢٧٣)و، منداڵ لە ناو باخچەدا بە نەبوونی گونجانی دەروونی توشی گۆشەگیری دەبێت و هەست بە ئازادی و خودی خۆی ناکات و هەست بەو پەیوەندیانەی دەوروبەری ناکات و بگرە باخچەکەشی خۆش ناوێت و ڕەنگە دووچاری ترس و گریانی بێ هۆکاریش ببێت ، لەم توێژینەوەیەدا کێشەی توێژینەوە لەم پرسیارەدا کورت دەکەینەوە، ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی لای منداڵی باخچە ؟

### گرنگی توێژینەوە :

لەم ساڵانەی دوایید توێژەران گرنگی زۆریان داوە بە شیکردنەوە و تێگەشتن لە کارێکی نێوان منداڵ و ئەندامانی ژینگەی کۆمەڵایەتی دەوروبەری بەتایبەت خێزان و گروپی هاوتەمەنەکان پێیان وایە منداڵ لە ڕێگەیەوە زانیاری وەردەگرێت بۆ ئەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دروست بکات و بیانپارێزێت و، کارلێکی کۆمەڵایەتی بە بناغەی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتییبون دادەنرێت کە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە ڕەفتاری پەسەندکراوی کۆمەڵگە بەدەست دەهێنێت و لە ڕێگەی کارلێکەوە مرۆڤ گۆڕانکاری لە بیروبۆچوونی دەکات بۆ گونجان لەگەڵ بیروبۆچوونی گونجاو لەگەڵ کۆمەڵگە کە هەموویان بەشدارن لە دروستکردنی ناسنامەی مرۆڤ و یارمەتی دەرە بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی ئەرێنی لە ناو کۆمەڵگە ( ابراهيم ، ٢٠١٤ : ١٩٥- ١٩٦)و ،ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دروستبوونی کەسێتی منداڵ لە تەمەنی سەرەتایی، و کاریگەری دەبێت لەسەر گونجان و فێربوونی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەنجامی کارلێکی لەگەڵ هاوتەمەنەکانیدا، هەروەها کارلێکی کۆمەڵایەتی بناغەی هەموو سیستەمی کۆمەڵایەتییە ، ئەگەر منداڵێك لەلایەن هاوتەمەنەکانیەوە قبوڵ نەکرێت ئەوە زۆر بە زەحمەت دەتوانێت پەیوەندی ئەرێنی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دروست بکات ، و کارلێکی کۆمەلایەتی لاواز کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتی منداڵ تا قۆناغی گەورەبوونیش (العزاوي و كريم ، ٢٠١٢ : ٤٩-٥٠).

لە ناو باخچەدا منداڵ بۆ ئەوەی بەردەوام بێت پێویستی بەوە هەیە کارلێك دروست بکات لەگەڵ منداڵان و مامۆستایانی ناو باخچە و بەبێ بوونی کارلێکی کۆمەڵایەتی ناتوانێت بەردەوام بێت لەگەڵیان و ، بەهۆی کارلێکی لەگەڵ دەوروربەریدا فێری داب و نەریتی کۆمەڵگە و

بەهاكان دەبێت و فێر دەبێت چۆن ڕەفتار بكات لەگەڵ دەوروبەریدا بە شێوەیەكی دروست بۆ ئەوی سوودی پێ بگات لە هەمان كاتیشدا سوود بە كۆمەڵگە بگەیەنێت.

گونجانی دەروونی لای منداڵ زۆر گرنگە و ، زانایانی قوتابخانەی شیكردنەوەی دەروونی پێنج ساڵی یەكەمی تەمەنی منداڵی بە بناغەی كەسێتی ناودەبەن و فرۆید پێی وایە گونجان و نەگونجان لەم ساڵانەدا دروست دەبێت ، ئەگەر منداڵ لە كەشێكی كۆمەڵایەتی پڕ سۆز و هەستكردن بە دڵ ئارامی دایبابەوە پەروەردە ببێت كاتێك دەچێتە كۆمەڵگەوە دەتوانێت ڕۆڵێكی داهێنەرانەی كۆمەڵایەتی بگێڕێت و ببێتە ئەندامێكی كارای ئەوتۆ كە كارلێكی باشی هەبێت و لەگەڵ گروپ و كۆمەڵەكەیدا بە باشی ڕەفتار بكات(فەهمی ، ٢٠١٢ : ٤٣)، هەروەها گونجانی دەروونی دەبێتە هۆی ئەوەی متمانەی بە خۆی هەبێت و كارەكانی خۆی ئەنجامیان بدات و هەست بە بەهای خودی دەكات و هەست بە ئازادی دەكات لەو یاریانەی دەیكات و لە دەربڕینی هەستەكانی ، هەروەها وا دەكات باخچەی خۆش بوێت و حەزی لە یارمەتیدان بێت بۆ ڕێكخستن و پاكردنەوەی باخچە ، دووری دەخاتەوە لە گۆشەگیری و ترس و هەستكردن بە ماندووبوون ( السرحی، ٢٠١٥: ٣١-٣٢)

دەكرێت گرنگی توێژینەوەكە لەم خاڵانەدا بخەینەروو :

١ – ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ مامۆستایانی باخچە و دایك و باوكان تاكو بتوانن ئاگاداری ئاستی كارلێكی كۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی منداڵی باخچە بن چونكە وەك زۆربەی زانایانی دەروونناسی ئاماژەیان پێداوە تەمەنی پێنج ساڵی سەرەتای منداڵ بناغەیە بۆ دروستبوونی كەسێتی .

٢ – پێوەرەكانی ئەم توێژینەوەیە دەكرێت لەلایەن توێژەرانی دیكەوە لە توێژینەوەی زانستی دیكەدا سوودی لێ وەربگرن .

٣ – گرنگی تیۆری توێژینەوەكە لەوەدایە بە پێی گەڕانەكانی توێژەر تا ئێستا توێژینەوەیەكی بەم ناونیشانە نەكراوە , بۆیە دەكرێت سوودی هەبێت وەک سەرچاوەیەكی زانستی بۆ دەوڵەمەندكردنی كتێبخانەی كوردی.

٤ – گرنگی پراكتیكی توێژینەوەكە لەوەدایە هەوڵدەدات بە شێوازی ئەكادیمی و زانستی و پێوەری زانستی پەیوەندی نێوان ئاستی كارلێكی كۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان و دایك و باوكانەوە دەربخات.

٥ – خوێندكارانی بەشی دەروونناسی و باخچەی منداڵان و خوێندكارانی خوێندنی باڵا و توێژەران دەتوانن سوود لە هەردوو بەشی تیۆری و پراكتیكی توێژینەوەكە وەربگرن.

## ئامانجی توێژینەوە :

١-زانینی پەیوەندی نێوان كارلێكی كۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە .

٢-زانینی جیاوازی ئاستی كارلێكی كۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی ( ڕەگەز و تەمەن )

٣-زانینی جیاوازی ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی ( ڕەگەز و تەمەن)

٤-زانینی جیاوازی ئاستی كارلێكی كۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوەكانی ( ژمارەی منداڵ ، ڕیزبەندی منداڵ– ئاستی خوێندنی دایك و باوك)

## سنووری توێژینەوە :

١-سنوری مرۆیی : مامۆستایانی باخچە و منداڵانی باخچە لە ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە.

٢-سنوری شوێن : باخچەكانی منداڵان لە ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە

٣-سنوری كات : ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢

پێنجەم دیاریكردنی زاراوەكان :

١-كارلێكی كۆمەڵایەتی : بریتییە لە ڕەفتاری تاكەكەس لە هەڵوێستێكی دیاریكراودا كاتێك لە نێو گروپێكی بچوكدایە یان ئەو پرۆسەیەیە كە تاكەكانی گروپێك لە ڕووی عەقڵی و خولیا و كەرەستە و ئامانج و پاڵنەرەكانەوە بە یەكەوە دەبەستێتەوە. (بۆكانی , ٢٠٢٠ : ٢٨٣ )


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

٢-گونجانی دەروونی : دەرككردنی تاكە بۆسروشتی پەیوەندی ململانێی نێوان وخۆی و پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكانی و ژینگەكەی ، ئەم ململانێیە لەگەڵ خۆیدا دڵەڕاوكێ و ڕاڕایی بەئازار دروست دەكات ، بۆیە گونجانی تاك مەبەستی كەمكردنەوەی ئەو دڵەڕاوكێ و لابردنی هۆكاری دڵەڕاوكێكەیە. (محەمەد ،٢٠٢١: ٦٥)
٣-منداڵی باخچە : منداڵانی قۆناغی پێش چوونە قوتابخانەی بنەڕەتی و منداڵانی (٤-٥) ساڵ دەگرێتەوە , ئامانج لێی بریتییە لە بەدەستهێنانی گەشەی تەواو بۆ منداڵ لەو قۆناغەدا بە دابینكردنی چەندین چالاكی ئامانجدار ( عبدالرحيم , ١٩٨١ : ٤)

## بەشی دووەم

## تەوەری یەكەم : چوارچێوەی تیۆری

### یەكەم : كارلێكی كۆمەڵایەتی ( التفاعل الاجتماعی)

كارلێكی كۆمەڵایەتی یەكێكە لە بڵاوترین چەمكەكانی كۆمەڵناسی و دەروونناسی و،چەمكێكی جەوهەری و ستراتیژییە لە دەروونناسی كۆمەڵایەتیدا، چونكە دەبێتە هۆی پێكهێنانی جەوهەری كەسێتی مرۆڤ و پەیوەندییە پێكەوە بەستراوەكانی تاك لەگەڵ ئەوانی دیكە و بە بنچینەی توێژینەوەی دەروونناسی كۆمەڵایەتی دادەنرێت كە هەوڵ دەدات بۆ زانینی چۆنیەتی كارلێكی تاك و ژینگەكەی ، كە ئەویش پەیوەندی هەیە بە داب و نەریت و بەها و ئاڕاستەكانەوە و بە بنەمای زۆرێك لە تیۆرەكانی كەسێتی و فێربوون و چارەسەری دەروونی دادەنرێت (ابراهيم، ٢٠١٤: ١٩٥)

### تایبەتمەندییەكانی كارلێكی كۆمەڵایەتی :

كارلێكی كۆمەڵایەتی وەك هەموو چەمكەكانی دیكە لە بوارە جیاوازەكاندا خاوەنی كۆمەڵێك تایبەتمەندییە، بە شێوەیەكی گشتی دەتوانرێت تایبەتمەندییەكانی لەم خاڵانەی خوارەوە بخرێنەڕوو :

١-دینامیكی (الدينامية) : كارلێكی كۆمەڵایەتی كاریگەری دوو لایەنەی هەیە ، واتە لە یەك كاتدا كارلێكەرە و كارلێكراویشە .
٢-بەردەوامی ( الاستمرارية) : مرۆڤ بە بەردەوامی لە كارلێكدایە تەنانەت ئەو كاتەی كە بە تەنیاشە كاتێك بیر لە كەسێك یان بارودۆخێك دەكاتەوە ئەوەش بە كارلێكی كۆمەڵایەتی دادەنرێت.
٣-ئامانج ( الهدفية) : لە كارلێكی كۆمەڵایەتیدا هەمیشە ئامانجێكی دیاریكراو بوونی هەیە .
٤-ڕۆڵ و بەپرسیاریەتی ( الدور و المسؤولية) : لە ڕێگەی كارلێكی كۆمەڵایەتییەوە مرۆڤ فێری ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتی دەبێت بە پێی تایبەتمەندی و سروشتی بارودۆخی كۆمەڵایەتی .
٥-جیاكاری( التمايز) :دەبێتە هۆی جیاكردنەوەی كەسەكان لەیەكتر لە ڕوی كەسێتیانەوە وەك داهێنەر ، شەرخواز،خۆشنووس..
٦-بەكارهێنانی زمان وەك ئامرازی دەربڕین ( استخدام اللغة كوسيلة للتعبير) : زمان یەكێكە لە ئامرازە گرنگەكانی كارلێكی كۆمەڵایەتی لە ڕێگەیەوە مرۆڤ تێدەگات لە كەسانی دیكە و كارلێكیان لەگەڵدا دەكات (همشری، ٢٠١٣: ٤١)

### ئامرازەكانی كارلێكی كۆمەڵایەتی :

یەكەم: ئامرازی زارەكی ( الوسائل اللفظية) : زمان بە ئامرازێكی گرنگی كارلێكی كۆمەڵایەتی دادەنرێت چونكە قسەی وترا و بیستراو دەگرێتەوە و بە دەنگ و خێرایی و تۆن و كات و بێدەنگی و گوێگرتن و واژە و مانا و هزرەكان كاریگەر دەبێت .
دووەم : ئامرازی نازارەكی ( الوسائل غير اللفظية) : هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە كە وروژێنەر و ئاگاداركەرەوەیەكی ڕەفتاری جۆراوجۆر پێكبهێنێت و بەشداری لە ڕوودانی كردەی كارلێكی كۆمەڵایەتی و چالاككردنی بكات وەك زەردەخەنە یان ئاماژەكانی ڕوخسار ، بەكارهێنانی دەستەكان، شێوازی جل و بەرگ، شێوازی وەستان و دانیشتن..هتد.(معايته، ٢٠١٣: ٢٠٢)

## بنەماکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی:

کۆمەڵێك بنەما یان بنچینە هەیە بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی لێرەدا ئاماژە بۆ شەش بنەمای سەرەکی دەدرێت :

١-گەیاندن ( الاتصال) : پرۆسەی گەیاندن لە نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکان بە کلیلی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت لە نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکاندا (الثبیتی، ٢٠٠٢: ٦٠) ، کارلێك لە نێوان دوو تاکدا ڕوونادات ئەگەر بێت و گەیاندن لە نێوانیاندا ڕوونەدات ، گواستنەوەی زانیاری لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر لە ڕێگەی گەیاندنەوە دەبێت کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کارلێکی کۆمەڵایەتی (سدیق، ٢٠١٥: ٩٢).

٢-پێشبینی ( التوقع ): پێشبینی ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە لە کردەی کارلێکی کۆمەڵایەتی ، پشت بە ئەزموونەکانی پێشوو یان لەسەر پێوانەی ڕووداوە هاوشێوەکانەوە بونیاد دەنرێت ، پێشبینی پێویست و گرنگە بۆ ڕێکخستنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لە کاتی کردەی کارلێکدا و ئاراستەیەکی ئاوەزی و ئامادەباشییە بۆ وەڵامدانەوەی وروژێنەرێکی دیاریکراو ، ، کاتێك تاك ڕەفتارێکی دیاریکراو ئەنجام دەدات پێشبینی دەکات بەوەی قبوڵ دەکرێت یان نا ، پاداشت یان سزا دەدرێت و،تاك ڕەفتاری بەرامبەرەکەی هەڵسەنگێنێ و بە پێی ڕەفتاری کەسەکە لەگەڵ پێشبینییەکانی خۆی دەگونجێنێت (ال مراد، ٢٠٠٤: ٣٦).

٣-هەستکردن بە ڕۆڵ و نمایشکردنی ( ادراك الدور و تمثیلە): هەموو تاکێك خاوەنی ڕۆڵی خۆیەتی و ئەم ڕۆڵەش لە میانەی ڕەفتار و ڕۆڵەکەی شیکردنەوەی بۆ دەکرێت، تاك لە ڕێگەی ئەنجامدانی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی جیاواز لەکاتی کارلێك لەگەڵ تاکەکانی دیکە و ئەو ئەزموونەی کە بەدەستی دەهێنێت لەگەڵ پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکان شیکردنەوەی بۆ دەکرێت ، کاتێك لە هەڵوێستەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی کە تێیدا تاك ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت و کەسێتیەك یان چەند کەسێتییەك لە خۆ دەگرێت ئەوە پێویستە تاك ڕۆڵی خۆی بدۆزێتەوە لە توانای وێناکردنی ڕۆڵی ئەوانی دیکەدا ، بە گشتی ئەو کەسەی هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی چالاکی بەڵام ناتوانێ پێشبینی بکات سەبارەت بە کاردانەوەی ئەوانی دیکە بەهۆی نەتوانینیەتی لە تێگەیشتن و هەستکردن بە ڕۆلی ئەوانی دیکە و پەیوەندی ڕۆڵی خۆی بە ڕۆڵی ئەوان (سدیق، ٢٠١٥: ٩٣-٩٤)

٤-هێما و ئاماژەی مەبەستدار ( الرموز ذات دلالة) : (کارل یۆنگ Carl Jung) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مرۆڤ لە جیهانێکدا دەژی کە پڕیەتی لە هێما و ئاماژە و،ئەم هێمایانە ڕێگەیەکن بۆ دەربڕینی هەواڵ و گوفتارەکانی مرۆڤ کە دەیانگوازێتەوە بۆ ئەوانی دیکە لە ڕێگەی دەنگ و ڕەنگەوە (الهدی، ٢٠١٦: ٦٨).

٥-گونجان ( التوافق) : مەبەست لە گونجان نەبوونی ناکۆکی و کێشەیە و بوونی هاوسەنگی و چارەسەری گونجاوە واتە نزیککردنەوەی بۆچوونی نێوان تاکەکان و نێوان کۆمەڵەکان و کارکردن بۆ بەدیهێنانی جۆرێك لە گونجان لە نێوان لایە ناکۆکەکان ، و،کارلێکی کۆمەڵایەتی لەم کاتەدا جۆرێکە لە قوربانیدان بۆ کۆتایی هێنان بە ناکۆکی و کێشە و هێنانی لایەکانە بۆ ناوەندییەك و نزیککردنەوەی بۆچونیانە ( ابراهیم ، ٢٠١٤: ٢١٠)

٦-هەڵسەنگاندن ( التقییم) : مەبەست لێی هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری تاك و کەسانی دیکە و پەیوەندییەکەیانە لە ڕێگای هەڵسوکەوت و پاڵنەرەکانیانەوە ، ئەمەش فیدباکێکە بۆ تاك بۆ ئەوەی دڵنیا ببێتەوە لەوەی ڕەفتارەکەی تەواو بووە یان پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە ئەمەش لە دەرئەنجامدا دەبێتە هۆی کارلێکێکی سەرکەوتوو لەگەڵ ئەوانی دیکەدا (الرشدان، ٢٠٠٥: ٢٠٤)

## تیۆرەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی :

### یەکەم : تیۆری ڕەفتاری Behaviorism theory

(فریدریك سکینەر Frederic Skinner – 1904-1990)خاوەنی تیۆری وروژێنەر و وەڵامدانەوە و پاداشتە ، ڕەفتارییەکان پێیان وایە کارلێکی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکان لەسەر تیۆری وروژێنەر و وەڵامدانەوە و پاداشتە و ، پێیان وایە مرۆڤ بونەوەرێکی نێگەتیڤ نییە لە کارلێکدا ، بەڵکو وەڵامدەرەوەی وروژێنەرەکان یان پاڵنەرەکانە کە بە شێوەی ڕێکەوت ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە ژینگەدا لە کاتی کردەی بەکۆمەڵایەتی (همشری، ٢٠١٣: ١٥٨).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## دووەم : تیۆری هاوسەنگی نیوکامب ١٩٠٣ (Newcomb Balance Theory)

تیۆری نیوکامپ بە پشتبەستن بە بنەمای لەیەکچوون و هاوسەنگی لێکدانەوە بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی دەکات و پێیشی وایە کارلێکی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی تێکەڵبوون و گونجان و،نیوکامپ تیۆرەکەی خۆی ناونا ( ABX Theory Attraction ) بۆ ڕاکێشان و ، پێی وایە ئەگەر دوو کەس ئاڕاستە و خولیا و بیروبۆچونیان لەیەکچووبێت ئەوە کارلێکێکی هاوسەنگانە دەبێت و ئەگەر لەیەکچوو نەبن و بیر و بۆچونیان جیاواز بێت بەرامبەر بابەتێك ئەوە دەبێتە هۆی ناهاوسەنگی و گرژی و ، پەیوەندی ناهاوسەنگ لە نێوان دوو لایەنی نەگونجاودا دروست دەبێت ئەگەر بەرامبەر بابەتێکیش لێکچووبن (معایتە، ٢٠١٣: ٢١٦-٢١٧).

## سێیەم : تیۆری (بیلز Bales):

بە بۆچونی (بیلز Bales) کارلێکی کۆمەڵایەتی بریتییە لە ڕەفتاری دیار و بەرچاوی تاکەکان لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا و لە چوارچێوەی کۆمەڵێکی بچوکدا ، هەڵوێستەکە لەو کەسانە پێکدێت کە ڕەفتارەکەیان ئاڕاستە دەکرێت وەك خود و ئەوانی تر لە دەوروبەری و،کۆمەڵەی بچوك لە چەند ئەندامێك پێك دێت هەر چەند بێت ژمارەیان ڕووبەڕوو و یەك جار یان چەندین جار کار لە یەکتری دەکەن و، هەرمرۆڤە و بە شێوەیەکی تایبەت ئەوی دیکە دەناسێت و وەڵامدانەوەی لە بەرامبەریدا دەبێت ، هەروەها پێی وایە کارلێك کردارێکە تەنانەت ئەگەر لە نێوان مرۆڤ و خودی خۆیشیدا بێت دەبێتە هۆی کاردانەوەیەك یان چەند کاردانەوە و وەڵامدانەوەیەك لە چوارچێوەی کردەی ئاڵوێرکردنی کردار و کاردانەوەکان ( معایتە ، ٢٠١٣ : ٢١٩)

## دووەم : گونجانی دەروونی

## دەرکەوتنی چەمکی گونجان :

زاراوەی گونجان (التوافق – Adjustment) لە زانستی دەروونناسیدا لە بنەڕەتەوە لە چەمکی ڕاهاتن ( التكيف Adaptation ) لە زانستی بایۆلۆژی وەرگیراوە کە بە بەردی بناغەی بیردۆزەکەی (چارلس داروین C.R. Darwin ١٨٠٩-١٨٨٢) دادەنرێت بە ناوی بیردۆزی پەرەسەندن ، (چارلس داروین C.R. Darwin) پێی وایە ئەو بونەوەرە زیندوانەی دەمێننەوە ئەوانەن توانای ڕاهاتنیان هەیە لەگەڵ تەنگ و چەڵەمە و مەترسییەکاندا ، زانایانی دەروونناسی چەمکی بایۆلۆژیانەی ڕاهاتن (Adaptation)یان وەك خواستن (استعارە) لە ژێر ناوی گونجان (Adjustment) بەکارهێناوە چونکە زیاتر گرنگی بە مانەوەی سایکۆلۆژی دەدەن نەك مانەوەی فیزیکی ( فەهمی ، ٢٠١٢: ١٩-٢٠).

ڕەهەندەکانی گونجان ( ابعاد التوافق) :

ڕەهەند یان بوارەکانی گونجان لە سەرچاوەیەکەوە بۆ سەرچاوەیەکی دیکە جیاوازن و بە گشتی باس لە کۆمەڵێك گونجان کراوە:

١-گونجانی دەروونی ) التوافق النفسی) : گونجانی دەروونی واتە ڕازی بوون لە خود و تێرکردنی پێداویستییە بنەڕەتیەکان و فسیۆلۆجییەکان ، هەروەها پێداویستییە ناوەندییەکان وەك سەقامگیری دەروونی و ئاسایش و ڕێزی خەڵك بۆ مرۆڤ (حەمەد،ب.س، ٩١) ، هەروەها توانای مرۆڤ بۆ هاوسەنگی و ڕازی کردنی پاڵنەرە دژەکان و هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی هەموویان ، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە نییە دەروونددروستی بریتی بێت لەوەی مرۆڤ ململانێیەکانی نەبێت، چونکە مرۆڤ هەرگیز لەم ململانێیانە ئازاد نابێت، بەڵکو ئەم هاوسەنگییە بە واتای توانای مرۆڤە بۆ چارەسەری کێشە دەروونییەکان بە شێوەیەکی ئەرێنی (احمد ، ٢٠١٤ : ٢١).

٢-گونجانی کۆمەڵایەتی ( التوافق الاجتماعي ( : واتە گونجانی مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵ و ڕێزگرتن و قبوڵکردنی گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵ هەروەها هەستکردن بە بەختیاری لەگەڵ کەسانی ناو کۆمەڵ و،هەروەها بریتییە لە توانای مرۆڤ بۆ دروستکردنی پەیوەندی گونجاو لەگەڵ دەوروبەریدا ،ئەگەر کەسێك خۆی لەگەڵ کۆمەڵگە گونجاند ئەوە توانای کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی هەیە و دەتوانێت بە شێوەیەکی ڕاستی ڕەفتار لەگەڵ کەسانی تر بکات ، هەر بۆیە ئەو کەسەی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگە گونجاندووە بە پێگەشتوو لە رووی سۆزیەوە ناودەبرێت ( فەهمی ، ٢٠١٢ : ٤١).

٣-گونجانی ئاوەزی( التوافق العقلي) : توخمەکانی گونجانی ئاوەزی بریتین لە، درککردنی هەستی ، پەروەردە، بیرکەوتنەوە، بیرکردنەوە، زیرەکی

و لێهاتووییەکان  و، گونجانی دەروونی بەدەست دێت کاتێك هەریەک لەم توخمانە ڕۆڵی تەواو و هاوبەشیان لەگەڵ توخمەکانی دیکە بگێڕن (الجموعی ، ٢٠١٣ : ٨٥)

٤-گونجانی خێزانی (التوافق الاسري) : بریتییە لە هەستکردنی مرۆڤ بە ژیانێکی خۆش لە ناو خێزان بە ڕێزلێگرتن و خۆشویستن و بوونی هاوکاری لە نێوان مرۆڤەکانی خێزان و توانای خێزان بۆ دابینکردنی پێداویستییە گرنگەکان و،پەیوەندییەکی باش و دروست لە نێوان دایك و باوك و منداڵەکان هەبێت و پەیوەندییەکەیان لەسەر بنەمای خۆشەویستی و متمانە بێت و لە کاتە بەتاڵەکاندا هەست بە دڵخۆشی بکەن و توانا چارەسەرکردنی کێشە خێزانیەکانیان هەبێت ( الحجار ، ٢٠٠٣ : ١٧)

٥-گونجانی هەڵچوونی (التوافق الانفعالي) : بریتییە لە توانای مرۆڤ بۆ زاڵبوون بەسەر هەڵچوونەکانیدا و چێژوەرگرتن لە ژیان بەبێ دودڵی و ناکۆکی و نەخۆشی دەروونی و جەستەیی و، گونجانی هەڵچوونی واتە مرۆڤ ڕەزامەند بێت لە خۆی و رقی لە خۆی نەبێت و،ژیانی دوور بێت لە دودڵی و ناکۆکی و ململانێی دەروونی و هەست بە تاوان نەکات لە ژیاندا ( البليهى ، ٢٠٠٨ : ٤٩-٥٠)

نیشانەکانی گونجانی دەروونی ( مؤشرات التوافق النفسى) :

کاتێك مرۆڤ گونجانی دەروونی بەدەست دەهێنێت کۆمەڵێك نیشانەی هەیە :

١-نەرمی و سوودوەرگرتن لە ئەزمونەکان.

٢-هاوسەنگی هەڵچوونی و، توانا بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی گرفت و فشارە جۆراوجۆرەکان.

٣-توانای ڕاهاتن لەگەڵ داواکاری و پێداویستییە ناوەکی و دەرەکییەکان.

٤-هەستکردن بە دڵخۆشی و ئاسوودەیی دەروونی.

٥-هەستکردن بە ئاسایشی دەروونی .

٦-زانینی سنووری خەڵکی و ڕێزلێگرتنیان.

٧-دووربوون لە نەخۆشی دەروونی و جەستەیی.

٨-تێڕوانینی ڕاستیانە بۆ ژیان .

٩-توانای سەرکەوتنی مرۆڤ لە کار و ڕازی بوون لە خود.

١٠-توانی کۆنترۆڵکردن و هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی.

١١-بوونی پەیوەندی باشی کۆمەڵایەتی.

١٢-پابەندبوون بە ڕەوشتی باش و گونجاو.

١٣-متمانە بە خود و بە کەسانی دیکەش(الويزة،٢٠١٢ : ٦٠-٦١).

## تیۆرەکانی گونجان :

یەکەم تیۆری بایۆلۆجی پزیشکی (النظرية البيولوجية الطبية – Biological Medical Theory):

لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیان وایە هەموو جۆرەکانی شکستهێنان بەهۆی ئەو نەخۆشیانەوەیە کاریگەریان لەسەر خانەکانی جەستە هەیە بەتایبەت مێشك و،دەکرێت ئەم نەخۆشیانە بۆماوەیی بن ،یان لە ژیاندا ڕوودەن بە هۆی بەرکەوتن ،برینداربون،هەوکردن،یان ناهاوسەنگی هۆرمۆنەکان لە ئەنجامدا فشار دروست دەکەن لەسەر مرۆڤ ، گونجان واتە سەلامەتی ئەرکە جیاوازەکانی جەستە بەڵام نەگونجان واتە گرفت لە هاوسەنگی هۆرمۆنەکان یان چالاکی یان ئەرکێك لە ئەرکەکانی جەستە،  لە لایەنگرانی ئەم تیۆرە  (چارلس داروین Charles Robert Darwin 1809-1882،گریگۆر مندل Gregor Johann Mendel 1822-1884، کالمان Kallmann ، فرانسیس گالتون Gal-ton Francis  1822-1911) (دوسة و أبكر،٢٠١٨ : ٩)

دووەم : تیۆرە دەروونییەکان ( النظريات النفسية – Psychological Theories):

ا- تیۆرەکانی شیکردنەوەی دەروونی (نظريات التحليل النفسى – Psycho-analysis Theories)


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

پرۆسەی گونجانی دەروونی بە بۆچوونی ) سیگمۆند فرۆید Sigmund Freud 1856-1939)  بە گشتی لە نەستداییە ، واتە تاکەکان لە هۆکاری ڕاستەقینەی زۆرێک لە هەڵسوکەوتەکانیان تێناگەن، مرۆڤی گونجاو دەتوانێت پێداویستییە گرنگەکانی ئەو(الهو) تێر بکات کە لەلایەن کۆمەڵگەوە پەسەندکراون (الشاذلی،۲۰۰۱ :۱۰۵)

هەروەها (کارل یۆنگ Carl Jung 1875-1961) پێی وایە گونجان و دەروونذروستی پێویستیان بە بەردەوامی گەشەی کەسێتییە بەبێ وەستان و،گرنگی بە دۆزینەوەی خودی ڕاستەقینە دەدات و،گرنگیش بە هاوسەنگی کەسێتی گونجاو دەدات و، پێی وایە دەروونذروستی و گونجان پێویستیان بە هاوسەنگییە لە نێوان ئارەزووە ناوەکییەکان و دەرەکییەکان(محمد ، ۲۰۰٤ : ۲٤).

(ئیرك فرۆم  Erich Fromm1900-1980) بڕوای وایە مرۆڤی گونجاو دەبێت لە ڕووبەڕوبونەوەی ژیاندا کەسێکی ڕێکخراو بێت و توانای پەسەندکردنی کەسانی دیکەی هەبێت و توانای خۆڕاگری هەبێت و متمانەی هەبێت و ، توانای خودی هەبێت بۆ ئەوەی خۆشەویستی خۆی دەربڕێت بۆ کەسانی دیکە بەبێ دڵەڕاوکێ(عبداللطیف و عوض، ۱۹۹۹: ۸۷).

## ب- تیۆری ڕەفتارییەکان ( النظریة السلوکیة Behavioral Theory)

گونجان و نەگونجان لای (جۆن  واتسۆن John Watson 1878-1958) و (فریدریك سکینر Frederic Skinner 1904-1990) پرۆسەیەکی فێرکراوە واتە بەدەستهاتووە ، لە ڕێگەی ئەو شارەزاییانەی مرۆڤ دەستی کەوتووە و، کۆی ئەو نەریتانەیە کە مرۆڤ لە پێشوودا فێری بووە و ، بەشدارە لە کەم کردنەوەی دوودڵی و ناکۆکی  لەلای (محمد ، ۲۰۱٦ : ۲۸)

سێیەم : تیۆری کۆمەڵایەتی ( النظریة الاجتماعیة – Social Theory)

لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیان وایە پەیوەندی هەیە لە نێوان ڕۆشنبیری و پێکهاتەکانی گونجان و ، چینە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو کۆمەڵگە کاریگەریان هەیە لەسەر گونجان بە شێوەیەك چینە نزمەکان کێشەکانیان زیاتر لە لایەنی جەستەییەوە دیاری دەکەن و ، کەمتر ئارەزووی چارەسەری گرفتە دەروونییەکانیان دەکەن ، بە پێچەوانەوە چینە بەرزەکان کێشەکانیان زیاتر دەروونییەوە و کەمتر گرنگی جەستەییان هەیە، لە لایەنگرە دیارەکانی ئەم تیۆرە : فیرز،دنهام ، ردلیك (عبداللطیف و عوض ، ۱۹۹۹: ۹۳)

## چوارەم : تیۆری ژیری ( النظریة المعریفیة) :

خاوەنانی ئەم تیۆرە پێیان وایە گونجان لە ڕێگەی توانا ژیرییەکانی مرۆڤ خۆیەوە بەدی دێت ، (ئەلبێرت ئەلیس  Albert Ellis 1913-2007) جەخت لەسەر گرنگی فێرکردنی نەخۆشە دەروونییەکان دەکاتەوە کە چۆن بیرۆکەکانی خۆیان بگۆڕن بە ئاڕاستەی چارەسەر کردنی کێشەکان بۆ نەخۆش ڕوون بکرێتەوە و هاوکاری بکرێن لەسەر ڕاست کردنەوەی بیرۆکەکانی بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە باری هاوسەنگی و پلەی گونجان لە ڕێگەی شارەزایی و زانیارییەکانی مرۆڤ خۆیەوە ( ابوسکران ، ۲۰۰۹ : ۳٥)

(ڕیچارد لازاروس Richard Lazarus 1922-2002) پێی وایە کەسێك گونجانی هەبێ دەبێ ئەم خاڵانەی تێدا بێت :

١-ئاسوودەیی دەروونی (الراحة النفسی) : مرۆڤ ناگات بە گونجان ئەگەر لە لایەنی دەروونی هەست بە ئاسوودەیی نەکات.

٢-کارامەیی لە کاردا ( الکفایة فی العمل ) : ئەو کەسەی کە بەدەست نەگونجانەوە دەناڵێنێت کارامەیی بەرهەمهێنانی کەمدەکات و، ناتوانێت سوود لە بەهرە و تواناکانی خۆی وەربگرێت .

٣-نیشانە جەستەییەکان ( الاعراض الجسمیة ) : نەگونجان زۆرجار دەگەڕێتەوە بۆ نەخۆشی یان پێکانەکان، بۆ نمونە کەسێك نەخۆشییەکی هەبێت ڕەنگەهەست بە کەمی بکات و نەتوانێت بگات بە گونجان.

٤-قبوڵکردنی کۆمەڵایەتی ( التقبل الاجتماعی ) : گونجان بەبێ پەسەندکردنی کۆمەڵایەتی یان پەسەند نەکردنی لە ڕێگەی پەیوەندییەکان و ڕەفتارەکانییەوە بەدی نایەت(عبداللطیف و عوض،۱۹۹۹ : ۹۰-۹۱).

## تەوەری دووەم : توێژینەوەکانی پێشوو

## توێژینەوەکانی پێشوو بەپێی گۆڕاوی کارلێکی کۆمەڵایەتی :

١-توێژینەوەی (الهدی ٢٠١٦) بە ناونیشانی ( ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە گەشەپێدانی کارلێکی کۆمەلایەتی لە دیدی دایبابان لای منداڵانی تەمەن (٤-٥) ساڵ – توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر نمونەیەك لە منداڵانی باخچەی المسیلة) گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە (زانینی ڕۆڵی یاریەکانی باخچە لە ئامادەکردنی منداڵ لە لایەنی کۆمەڵایەتیەوە ، ڕۆڵی باخچە لە یارمەتیدانی منداڵ لە گەشەپێدانی لێهاتوویی پەیوەندی لە میانەی کارلێکەوە ، ڕۆڵی باخچە لە ئامادەکردنی منداڵ بۆ تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی) ، میتۆدی (وەسفی) بەکارهێنرا ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (سەرجەم دایك و باوکانی ئەو منداڵانەی لە باخچەن لە شاری المسیلة) ، نمونەی توێژینەوە (٤٠) دایك و باوك ،ئامرازی توێژینەوە بریتییە لە (چاوپێکەوتن)، ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان( ناوەندە ژمێرەیی ، چوارگۆشەی کای ) لە گرنگترین ئەنجامەکان دەرکەوت (باخچە ڕۆڵی هەیە لە تێکەڵبوونی منداڵ لەرێگەی یاریکردنەوە لەگەڵ چواردەوری لە ناو باخچە بە تایبەت ئەو منداڵانەی هاوتەمەنن، و دەرکەوت باخچە ڕۆڵی هەیە لە گەشەپێدانی کارلێکی کۆمەلایەتی لای منداڵی باخچە).

٢-توێژینەوەی ( کاتبی و المغوش ٢٠١٥) بە ناونیشانی ( ڕیزبەندی لەدایك بوونی منداڵ و کاریگەری لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵی باخچە - توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر نمونەیەك لە منداڵانی باخچە حوکمیەکان تەمەن (٤-٥) ساڵ لە شاری دیمەشق) ، ئامانجی توێژینەوەکە (زانینی پەیوەندی نێوان ڕیزبەندی لەدایکبوونی منداڵ و کارلێکی کۆمەڵایەتی لە ناو باخچە ، و جیاوازی نێوان منداڵان لە کارلێکی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز) ، میتۆدی (وەسفی) بەکارهێنرا, کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە (منداڵانی تەمەن (٤-٥) ساڵ لە باخچە حکومیەکانی منداڵان لە شاری دیمەشق) ، نمونەی توێژینەوەکە بە شێوەی مەبەست هەڵبژێردران کە ژمارەیان (٣٠) منداڵی کوڕ و کچ ، ئامرازی توێژینەوە (لیستی چاودێری کارلێکی کۆمەلایەتی لە ڕێگەی تێبینی و ڕاپرسی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە دیدی دایکەوە) بەکارهێنا کە لەلایەن توێژەرەوانەوە دروستکرا ، ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان ( سپێرمان – براون ، ئەلفاکرونباخ ، ناوەندە ژمێرەیی ) گرنگترین ئەنجامەکان کە بەدەستهاتن : (پەیوەندی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ڕیزبەندی منداڵ و کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵی باخچە لە بەرژەوەندی ڕیزبەندی یەکەمەکان ، جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندی نمرەکانی منداڵان لە کارلێکی کۆمەلایەتی بە پێی ڕیزبەندی منداڵ لە بەرژەوەندی ئەو منداڵانەی لە ڕیزبەندی دووەمن پاشان یەکەم دواتر سێیەم و چوارەم و زیاتر ، پەیوەندی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان وەڵامەکانی دایکان لە ڕاپرسی کارلێکی کۆمەلایەتی لای منداڵان و نمرەکانی منداڵانی تۆمارکراو لە لیستی کارلێکی کۆمەڵایەتی) .

٣-توێژینەوەی (مرتضی ٢٠١٥ ) بە ناونیشانی (کارلێکی کۆمەلایەتی لای منداڵانی باخچە) ، ئامانجی توێژینەوە (زانینی ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە ، زانینی جیاوازی ئاستی کارلێکی کۆمەلایەتی بە پێی گۆڕاوی (ڕەگەز و تەمەن )، میتۆدی توێژینەوەکە بریتییە لە (میتۆدی وەسفی) ، کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە (منداڵانی باخچە لە پارێزگای کەربەلا) ، نمونەی توێژینەوە (١٢٠) منداڵی باخچە لە پارێزگای کەربەلا ، ئامرازی توێژینەوە (پێوەری کارلێکی کۆمەلایەتی لای منداڵی باخچە) لە دروستکردنی (ال مراد ٢٠٠٤) بەکارهات کە پێکهاتبوو لە (٥٠) برگە ، گرنگترین ئامرازە ئامارییەکان (پێرسۆن ، ناوەندە ژمێرەیی ، لادانی پێوەری ، ناوەندی گریمانەیی ، تاقیکردنەوەی (ت) )، لە ئەنجامدا دەرکەوت (منداڵانی باخچە ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتییان بەرزە هەروەها ڕەگەز و تەمەن کاریگەری نییە لەسەر کارلێکی کۆمەلایەتی لای منداڵانی باخچە).

٤-توێژینەوەی (العزاوی و کریم ٢٠١٢) بە ناونیشانی ( کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لای ئەو منداڵانەی دایکیان کار دەکات و ئەوانەی کارناکەن ) ، ئامانجی توێژنەوە (زانینی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لای ئەو منداڵانەی دایکیان کار دەکات و ئەوانەی کارناکەن ) ، میتۆدی (وەسفی -بەراوردی هۆکارەکان) بەکارهێنرا , کۆمەڵگەی توێژینەوە (سەرجەم منداڵانی باخچە لە قەزای بەعقوبە / بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای دیالە) ، ساڵی خوێندنی (٢٠١٠-٢٠١١) ، توێژەران نمونەیەکی هەڕەمەکیان هەڵبژارد کە ژمارەیان (٦٠) منداڵ بوو و دابەش بووبوون بۆ سەر دوو گروپ ، یەکەمیان ئەو منداڵانە بوون دایکیان کاری دەرەوەی دەکرد و گروپەکەی دیکە ئەو منداڵانە بوون کە دایکیان کاری دەرەوەی نەدەکرد ،ئامرازی توێژینەوە ( پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە) لە دروستکردنی

(ال مراد،٢٠٠٤) یان بەکارهێنا ، ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان ( تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوو نمونە، پێرسۆن ، چوارگۆشەی کای، ناوەندە ژمێرەیی) لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە( جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان ئەو منداڵانەی دایکیان ئیش دەکەن و ئەوانەی ئیش ناکەن لە ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی، جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە کارلێکی کۆمەلایەتی لای ئەو منداڵانەی دایکیان ئیش دەکەن لەگەڵ ئەوانەی ئیش ناکەن بە پێی گۆڕاوی (ڕەگەز)).

## توێژینەوەکانی پێشوو بە پێی گۆڕاوی گونجانی دەروونی :

١-توێژینەوەی ( بوشامة و غویل ٢٠١٦) بە ناونیشانی ( ڕۆڵی باخچە لە بەدەستهێنانی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لای منداڵان) ، ئامانجی توێژینەوەکە (زانینی ڕۆڵی باخچە لە بەدەستهێنانی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لای منداڵ و ڕۆڵی ئامراز و بەرنامە جۆراوجۆرەکان بۆ بەدەستهێنانی گونجان و ڕادەی کاریگەری و کارلێکیان لەگەڵ منداڵ، هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو سیفەتانەی کە مامۆستای باخچەی منداڵان دەبێت هەیبێت بۆ ئەوەی بتوانێت پەروەردەی دروستی منداڵەکە بکات، لەڕووی دەروونی، مەعریفی یان کۆمەڵایەتییەوە، وەک ئامادەکارییەک بۆ ئەوەی بچێتە قۆناغی قوتابخانە), میتۆدی (وەسفی ) بەکارهێنرا بۆ توێژینەوەکە ، کۆمەڵگەی توێژینەوە (مامۆستایانی باخچە) ، نمونەی توێژینەوە (٤٤) مامۆستای باخچە لە باخچەی (دنیا أطفال – ملاك) ، ئامرازی توێژینەوە بریتییە لە (تێبینی ، فۆڕمی ڕاپرسی ، بەڵگەنامە و تۆمارەکان) لە ئەنجامدا دەرکەوت ( باخچەی منداڵان ڕۆڵی هەیە لە بەدەستهێنانی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە) .

٢-توێژینەوەی (ثجیل ٢٠١٦) بە ناونیشانی ( گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە دەرکەوتنی توندوتیژی لای منداڵی پێش چوونە قوتابخانە ) ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە (پێوانەی گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی لای منداڵی پێش چوونە قوتابخانە ، پێوانەی دەرکەوتنی توندوتیژی لای منداڵی پێش چوونە قوتابخانە ، پەیوەندی نێوان گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی و دەرکەوتەی توندوتیژی لای منداڵی پێش چوونە قوتابخانە) ، میتۆدی توێژینەوە بریتییە لە میتۆدی (وەسفی) کۆمەڵگەی توێژینەوە (سەرجەم منداڵانی تەمەن (٤-٦) ساڵ سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرخی دووەم لە پارێزگای بەغداد ) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥) ، نمونەی توێژینەوەی (٢٠٠) منداڵ ، ئامرازەکانی توێژینەوە پێوانەی (الجنابي ٢٠٠٢) بەکارهات بۆ پێوانەی (گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی ) و پێوانەی (الحیالي ٢٠٠٩) بەکارهات بۆ پێوانەی (توندوتیژی) ، گرنگترین ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان ( تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەك نمونە و دوو نمونە ، تاقیکردنەوەی کای بۆ یەك نمونە ، ئەلفا کرونباخ ، پێرسۆن ) ئەنجامدا دەرکەوت ( منداڵانی قۆناغی پێش چونە قوتابخانە گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتیان نییە ، و دەرکەوتەی توندوتیژیان تێدایە ، هەروەها دەرکەوت پەیوەندی پێچەوانەی نەرێنی هەیە لە نێوان گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی و دەرکەوتەی توندوتیژی لای منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە) .

٣-توێژینەوەی (الجمیلي ٢٠١٥) بە ناونیشانی ( گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە و پەیوەندی بە ڕەفتاری شەڕانگێزی) ئامانجی توێژینەوە (دۆزینەوەی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە و پەیوەندی بە ڕەفتاری شەڕانگێزی) ، میتۆدی (وەسفی) بەکارهێنرا , کۆمەڵگەی توێژینەوە (سەرجەم منداڵانی باخچە سەر بە پەروەردەی بەغداد) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٣-٢٠١٤) ، نمونەی توێینەوە (١٢٠) منداڵی کوڕ و کچ لە باخچەی منداڵان ، ئامرازی توێژینەوە (پێوەری گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی لای منداڵی باخچە) لە دروستکردنی توێژەر و پێوەری (ڕەفتاری شەڕانگێزی) لە دروستکردنی (علی ٢٠٠٣)، گرنگترین ئامرازە ئامارییەکان (تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەك نمونە و دوو نمونە ،هاوکۆلکەی پێرسۆن ، چوارگۆشەی کای) ، لە ئەنجامدا دەرکەوت (پەیوەندی پێچەوانە هەیە لە نێوان گونجانی دەروونی ڕەفتاری شەڕانگێزی لای منداڵانی باخچە ، هەروەها گونجانی دەروونی لای ڕەگەزی مێ زیاترە لە ڕەگەزی نێر ، بەڵام ڕەفتاری شەڕانگێزی بە پێچەوانەوە لای ڕەگەزی نێر زیاترە لە مێ ، هەروەها منداڵانی باخچە گونجانی دەروونیان هەیە و ڕەفتاری شەڕانگێزیان نییە) .

٤-توێژینەوەی ( الجنابي ٢٠٠٢) بە ناونیشانی (گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی لای منداڵی باخچە و پەیوەندی بە هەندێ گۆڕاوی تایبەت بە دایك لە کاتی دووگیانی و لەدایك بوون) ، ئامانجی توێژینەوەکە (پێوانەی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لای منداڵی باخچە ، زانینی پەیوەندی نێوان گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی لای منداڵی باخچە و هەندێ گۆڕاوی تایبەت بە دایك لەکاتی دووگیانی و لەدایك بوون ) ،

میتۆدی (وەسفی) بەکارهێنرا , کۆمەڵگەی توێژینەوە (سەرجەم منداڵانی باخچە لە سنوری پەروەردەی بەغدادی چوار و دایکان) ، ژمارەی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە (٥٧٢) منداڵی کوڕ و کچ و (٥٧٢) دایك کە بە شێوەی مەبەست هەڵبژێردران ، ئامرازی توێژینەوە بریتییە لە پێوەری (گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی لای منداڵی باخچە) لە دروستکردنی توێژەر ،گرنگترین ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان ( پێرسۆن ، سپێرمان – براون ، ئەلفا کرونباخ ، تحلیل تباین ، هاوکێشەی هویت ، هاوکێشەی بیتا ) لە ئەنجامدا دەرکەوت (منداڵی باخچە ئاستێکی بەرزی گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتیان هەیە ، پەیوەندی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە و هەندێ گۆڕاوی پەیوەست بە دایك لە کاتی دووگیانی و لەدایك بوون) .

## بەشی سێیەم : ڕێکارەکانی توێژینەوە

### یەکەم : میتۆدی توێژینەوە :

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی پەیوەندی (وصفی الارتباطی) ی بەکا هێنراوە ، ئەم میتۆدە بەکارهێنرا بۆ زانینی پەیوەندی کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان , هەروەها دۆزینەوەی پەیوەندی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بە هەندێ گۆڕاوی سەربەخۆ.

### دووەم : کۆمەڵگەی توێژینەوە :

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (مامۆستایانی باخچە–و منداڵانی باخچە) لە سنووری ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢ ، ژمارەی مامۆستایانی باخچە لە سنووری ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە بریتییە لە (١٨٥) مامۆستا و ، (١٩٣٩) منداڵی باخچە کە (٦٢٧) نێر و (١٣١٢) مێ .

### سێیەم : نمونەی توێژینەوە :

نمونەی توێژینەوەکە بە شێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردران کە ژمارەی ئەو فۆرمانەی گەیشتەوە دەست توێژەران بریتی بوون لە (٤١٠) فۆرم لەو ژمارەیەش(١٠) فۆرمیان کەم و کورتیان هەبوو لە پڕکردنەوەیان هەربۆیە ئەو فۆرمانە دوورخرانەوە و ئەو فۆرمانەی مانەوە بریتی بوون لە (٤٠٠) فۆرم. خشتەی (١)


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

**خشتەی (١)**

**دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە**

| ژ | ناوی باخچە | تەمەن | | | | کۆ | ژمارەی مامۆستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ٥ ساڵ | | ٦ ساڵ | | | |
| | | نێر | مێ | نێر | مێ | | |
| ١ | بینایی | ٦ | ١٢ | ١٢ | ٩ | ٣٩ | ١٠ |
| ٢ | لەندی | ١٤ | ١٠ | ٣ | ٥ | ٣٢ | ٨ |
| ٣ | باخی میر | ٩ | ١٦ | ٤ | ١١ | ٤٠ | ١٠ |
| ٤ | شنە | ٣ | ١٤ | ١٢ | ١٢ | ٤١ | ١٠ |
| ٥ | هەڵەبجە | ٩ | ١٢ | ١٠ | ٩ | ٤٠ | ١٠ |
| ٦ | شەونم | ١٦ | ١١ | ٧ | ١٥ | ٤٩ | ١٢ |
| ٧ | پەریان | ١١ | ١١ | ٦ | ١٣ | ٤١ | ١٣ |
| ٨ | کۆمەڵگەی پەروەردەی هاوچەرخ | ١١ | ١٢ | ٩ | ٨ | ٤٠ | ١٢ |
| ٩ | هەناری ناحوکمی | ٨ | ١٧ | ٤ | ٩ | ٣٨ | ١٠ |
| ١٠ | سایەی ناحوکمی | ١٠ | ١٤ | ٧ | ٩ | ٤٠ | ٥ |
| | کۆی گشتی | ٩٧ | ١٢٩ | ٧٤ | ١٠٠ | ٤٠٠ | ١٠٠ |
| | | ٢٢٦ | | ١٧٤ | | | |

## چوارەم : گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە :

شیکردنەوە و لێکدانەوەی زانیارییە گشتییەکانی نمونەی توێژینەوە بە یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوە دادەنرێت چونکە لە ڕێگەیەوە ئاشنا دەبین بە تایبەتمەندی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە لێرەدا بە پێی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە دەخرێنە ڕوو :

١-دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی ڕەگەز و تەمەنی منداڵ دەرکەوتووە زۆرترین دووبارەبوونەوە لای ڕەگەزی مێ بووە بە شێوەیەك (٢٢٩) مێ و، (١٧١) نێر هەروەها (٢٢٥) منداڵ تەمەنیان (٥) ساڵ و (١٧٤) منداڵ تەمەنیان (٦) ساڵ بوو، هۆکاری وەرنەگرتنی منداڵی تەمەن (٤) ساڵ بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە :

یەکەم : زۆرێك لە باخچەکان منداڵی تەمەن (٤) ساڵیان وەرنەگرتبوو.

دووەم : ئەو باخچانەی منداڵی تەمەن (٤) ساڵیان وەرگرتبوو بەهۆی ئەوەی دابەشکردنی فۆرمەکان کەوتە کۆتا ڕۆژەکانی دەوامی باخچەکانەوە و نزیکی جەژنی ڕەمەزان بوو ، بۆیە بە پێی وتەی بەڕێوەبەری باخچەکان زۆرێك لە منداڵانی تەمەن (٤) ساڵ نەدەهاتنەوە بۆ دەوام بە بیانوی ئەوەی ساڵێکی دیکەش دەچنەوە باخچە. هەربۆیە بەهۆی کەمی ژمارەی ئەو تەمەنەوە ناچار منداڵانی تەمەن (٥-٦) ساڵ وەرگیران، هەروەها منداڵانی تەمەن (٦) ساڵ ژمارەیان کەمترە لە (٥) ساڵ ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە پێی ڕێنمایی وەزارەتی پەروەردە منداڵی تەمەن (٤-٥) ساڵ لە باخچە وەردەگیرێن ، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەندێ لە منداڵان ماوەیەکی کەمیان ماوە بۆ تەمەنی (٦) ساڵ لە

قوتابخانە وەرناگیرێن لەبەر ئەوە بە ناچاری دەخرێنە باخچەوە، بۆیە ژمارەی منداڵانی (٥) ساڵ بە شێوەیەکی گشتی لە باخچەکاندا زیاترە لە (٤و٦) ساڵ ، خشتەی (٢)

**خشتەی (٢)**

**دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی ڕەگەز و تەمەنی منداڵ**

| ڕەگەز / تەمەن | ٥ ساڵ | ٦ ساڵ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| نێر | ٩٧ | ٧٤ | ١٧١ |
| مێ | ١٢٩ | ١٠٠ | ٢٢٩ |
| کۆی گشتی | ٢٢٦ | ١٧٤ | ٤٠٠ |

٢-دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی ژمارەی منداڵ دەرکەوتووە زۆرترین دووبارەبوونەوە ئەو خێزانانەن خاوەنی (٢) منداڵن بە شێوەیەك (١٤٣)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە و، نزمترین دوبارەبوونەوەش (١) منداڵیان هەیە کە (٢٧) ی ئەندامانی نمونەکە پێك دێنن ، هەروەها بە پێی ڕیزبەندی منداڵ دەرکەوت زۆرترین دووبارەبوونەوە ئەو منداڵانەن کە لە خێزانەکەیاندا (کۆتا) منداڵن بە شێوەیەك (١٨٠)ی نمونەی توێژینەوەیان پێك هێناوە و ، کەمترین دووبارەبوونەوەش ئەو منداڵانەن (ناوەند)ن کە ژمارەیان (١٠٦) منداڵە ، خشتەی (٣)

**خشتەی (٣)**

**دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی ژمارە و ڕیزبەندی منداڵ**

| ژمارەی منداڵ / ڕیزبەندی | یەکەم | ناوەند | کۆتا | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ١ منداڵ | ٢٦ | ١ | ٠ | ٢٧ |
| ٢ منداڵ | ٧٠ | ٤ | ٦٩ | ١٤٣ |
| ٣ منداڵ | ١٨ | ٥٣ | ٥٩ | ١٣٠ |
| زیاتر | ٠ | ٤٨ | ٥٢ | ١٠٠ |
| کۆی گشتی | ١١٤ | ١٠٦ | ١٨٠ | ٤٠٠ |

٣-دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی ئاستی خوێندەواری باوکی منداڵ دەرکەوت زۆرترین دووبارەبوونەوە ئەو باوکانەن ئاستی خوێندنیان (بنەڕەتی)یە ژمارەیان (١٧٩) و، نزمترین دووبارەبوونەوەش ئەو باوکانەن (نەخوێندەوار)ن ژمارەیان (٦) باوکە ، هەروەها بە پێی ئاستی خوێندەواری دایکی منداڵ دەرکەوت زۆرترین دووبارەبوونەوە ئەو دایکانەن ئاستی خوێندنیان (بنەڕەتی)یە ژمارەیان (١٣٦) و، کەمترین دووبارەبوونەوەش ئەو دایکانەن (نەخوێندەوار)ن ژمارەیان (١٠) دایکە ، خشتەی (٤)

خشتەی (٤)

دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی ئاستی خوێندەواری باوك و دایكی منداڵ

| ڕەگەز / تەمەن | ٥ ساڵ | ٦ ساڵ |
|---|---|---|
| ئاستی خوێندەواری | باوك | دایك |
| نەخوێندەوار | ٦ | ١٠ |
| بنەڕەتی | ١٧٩ | ١٣٦ |
| ئامادەیی | ٤٤ | ٤٨ |
| دیبلۆم | ٩٠ | ١٢٥ |
| بەکالۆریۆس | ٧١ | ٨١ |
| بەرزتر | ١٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | ٤٠٠ | ٤٠٠ |

## پێنجەم : ئامرازەکانی توێژینەوە :

بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری توێژەران دوای گەڕانەوە بۆ ئەدەبیات و سەرچاوەی زانستی و توێژینەوەکانی پێشوو پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکە دوو پێوەریان دروست کرد ئەوانیش (کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان) بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە :

١-سوود وەرگرتن لە پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە دروستکردنی ( ال مراد ٢٠٠٤ ) , هەروەها (حامد ٢٠٠٩) , هەروەها پێوەری گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە دروستکردنی ( ثجیل ٢٠١٢) .

٢-ئەنجامدانی ڕاپرسی کراوە : توێژەران هەستان بە ئەنجامدانی ڕاپرسییەکی کراوە لە ڕۆژی (٢٠٢٢/١/١٥) بۆ ژمارەیەك لە مامۆستای باخچە کە ژمارەیان (٢٠) مامۆستا بوو بە شێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردرابوون ، لەو ڕاپرسیەدا توێژەران پرسیارێکی ئاراستە کردبوون ئەویش (ئەو ڕەفتارە پۆزەتیڤانە کامانەن کە منداڵ لە باخچەدا لە کاتی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەنجامیان دەدات ؟) ، دوای وەرگرتنەوەی وەڵامەکان و پوختە کردنیان توێژەران (٣٨) برگەیان دروستکرد بۆ پێوانەی ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە دیدی مامۆستایانەوە , هەر لەو ڕاپرسیەدا توێژەران پرسیارێکی دیکەشی ئاراستە کردبوون ( ئەو ڕەفتارە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤانە کامانەن منداڵی باخچە ئەنجامی دەدەن لە گونجانی دەروونیدا) دوای وەرگرتنەوەی وەڵامەکان و لابردنی وەڵامی دوبارە و نەگونجاو توێژەران (٣٧) برگەیان دروستکرد بۆ پێوانەی ئاستی گونجانی دەروونی لە دیدی مامۆستایانەوە

٣-دەستنیشانکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەر :

توێژەران بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی لە ڕۆژی (٢٠٢٢/٢/١٤) دەستییانکرد بە دابەشکردنی فۆڕمی پێوانەی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەسەر (٢٨) شارەزا لە بوارەکانی دەروونزانی و کۆمەڵناسی و پێوانەی گونجانی دەروونی بەسەر(١٨) شارەزا لە بواری دەروونزانی و، داوایان لێکردن ڕاو بۆچونی خۆیان دەربڕن دەربارەی گونجاوی و نەگونجاوی برگەکانی هەردوو پێوەرەکە ، دوای وەرگرتنەوەی کۆتا فۆڕم لە ڕۆژی (٢٠٢٢/٣/١٤)، توێژەران هاوکێشەی (چوارگۆشەی کای – مربع کا٢) بەکارهێنا بۆ پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی بە نمرەی ئازاد (١) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٠٥) ، بەهای (کای) خشتەیی بریتیە لە (٧,٨٨) و بچوکترە لە بەهای (کای) هەژمارکراوی

سەرجەم بڕگەکان ئەمەش واتای بوونی ڕاستگۆی هەردوو پێوەرەکە دەگەیەنێت , خشتەی (٥)

**خشتەی (٥)**

**ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی**

| | ژ | بڕگەکان | ژمارەی بڕگە | ڕەزامەندن | | ڕەزامەند نین | | بەهای کا٢ | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ژمارەی پسپۆڕ | ڕێژەی سەدی | ژمارەی پسپۆڕ | ڕێژەی سەدی | | |
| کارلێکی کۆمەڵایەتی | ١ | ٦،٧،١٢،١٦،٢٢،٢٤ ٢٦،٢٨،٢٩،٣٥، | ١٠ | ٢٨ | ١٠٠٪ | ٠ | ٠٪ | ٢٨ | ٠,٠٠ |
| | ٢ | ١،٢،٥،٨،٩،٢١،٢٥،٣٠، ٣٢،٣٣،٣٤،٣٦،٣٨ | ١٤ | ٢٧ | ٩٦,٤٢٪ | ١ | ٣,٥٨٪ | ٢٤,١٤ | |
| | ٣ | ٣،١٣،١٤،١٥،١٧،١٩،٢٠،٣١ | ٨ | ٢٦ | ٩٢,٨٥٪ | ٢ | ٧,١٤٪ | ٢٠,٥٧ | |
| | ٤ | ١١،١٨،٢٧،٣٧ | ٤ | ٢٥ | ٨٩,٢٨٪ | ٣ | ١٠,٧١٪ | ١٧,٢٨ | |
| | ٥ | ١٠،٢٣ | ٢ | ٢٤ | ٨٥,٧١٪ | ٤ | ١٤,٢٨٪ | ١٤,٢٨ | |
| گونجانی دەروونی | ١ | ١،٣،١٣،١٨،١٩،٢٠،٢١،٢٢،٢٣، ٢٤،٢٥،٢٩،٣١،٣٢،٣٦،٣٧ | ١٦ | | ٩٤,٤٤٪ | ١ | ٥,٥٥٪ | ١٤,٢٢ | ٠,٠٠ |
| | ٢ | ١١،١٢،١٧،٢٦،٢٧،٢٨ | ٦ | | ٨٨,٨٨٪ | ٢ | ١١,١١٪ | ١٠,٨٨ | ٠,٠٠١ |
| | ٣ | ١٦ | ٤ | | ٨٣,٣٣٪ | ٣ | ١٦,٦٦٪ | ٨ | ٠,٠٠٥ |

توێژەران بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی لە ڕۆژی (٢٠٢٢/٢/١٤) دەستییانکرد بە دابەشکردنی فۆڕمی پێوانەی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەسەر (٢٨) شارەزا لە بوارەکانی دەروونزانی و کۆمەڵناسی و پێوانەی گونجانی دەروونی بەسەر(١٨) شارەزا لە بواری دەروونزانی و، داوایان لێکردن ڕاو بۆچونی خۆیان دەربڕن دەربارەی گونجاوی و نەگونجاوی بڕگەکانی هەردوو پێوەرەکە ، دوای وەرگرتنەوەی کۆتا فۆرم لە ڕۆژی (٢٠٢٢/٣/١٤)، توێژەران هاوکێشەی (چوارگۆشەی کای – مربع کا٢) بەکارهێنا بۆ پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی بە نمرەی ئازاد (١) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٠٥) ، بەهای (کای) خشتەیی بریتیە لە (٧,٨٨) و بچوکترە لە بەهای (کای) هەژمارکراوی سەرجەم بڕگەکان ئەمەش واتای بوونی ڕاستگۆی هەردوو پێوەرەکە دەگەیەنێت , خشتەی (٥)

خشتەی (٥)

ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی

٤-هێزی جیاکاری (قوة التمیزیة)

توێژەران هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونیان دەرهێنا بە دابەشکردنی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی بۆ( ٤٠٠) منداڵی باخچە بە جۆرێك (١٠٠)مامۆستای باخچە وەرگیرا کە هەر مامۆستایەك فۆڕمی بۆ (٤ بۆ ٨) منداڵ پڕکردەوە لە ڕێگەی تێبینیکردنی ڕەفتاری منداڵەکەوە ، پاشان دابەشکردنی نمونەی جیاکاری (العینة التمیز ) بۆ دوو گروپ ، گروپێك کە زۆرترین نمرەیان بەدەستهێناوە بە ڕێژەی (٢٧٪) کە ژمارەیان بریتییە لە (١٠٨) منداڵی باخچە وگروپێك کە نزمترین نمرەیان بەدەستهێناوە بە ڕێژەی (٢٧٪) کە ژمارەیان بریتییە لە (١٠٨) و دوورخستنەوەی ئەو گروپەی کە لە ناوەندی ئەم دوو گروپە بوون ، پاشان پرۆگرامی (SPSS) بۆ دەرخستنی هێزی جیاکاری بڕگەکان لە نێوان هەردوو گروپدا بەکارهێنرا بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ت) بۆ دوو نمونە ، بۆ پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی بەهای (ت) خشتەیی بریتییە لە (٢,٥٧) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠١) و نمرەی ئازاد (٢١٤) ، دەرکەوت سەرجەم بڕگەکانی هەردوو پێوەرەکە بەهای (ت)ی هەژمارکراویان گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی ئەمەش واتای بوونی جیاوازی دێت لە نێوان نمونەی توێژینەوەکە لە ڕووی پێوانەی کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە.

٥-ڕێکەوتنی ناوەکی (اتساق داخلی )

بۆ دۆزینەوەی ڕێکەوتنی ناوەکی توێژەران ( ٣٠) فۆرمیان بەکارهێنا بە جۆرێك (١٠) مامۆستا وەرگیرا کە هەر مامۆستایەك فۆرمی بۆ (٣) منداڵ پڕ کردبویەوە ، هاوکۆلکەی ئەلفا کرونباخ بۆ پێوەری کارلێکی کۆمەلایەتی لە دیدی مامۆستایانەوە بریتییە لە (٠,٩٣) و ، بۆ پێوەری گونجانی دەروونی لە دیدی مامۆستایانەوە بریتییە لە (٠,٨٦) .

٦-جێگیری بە ڕێگەی دابەشکردنی نیوەیی (الثبات التجزئة النصفية)

بۆ ئەو مەبەستەش توێژەران ڕێگەی (دابەشکردنی نیوەیی – التجزئة النصفية ) بەکار هێنا کە یەکێکە لە ڕێگاکانی دەستنیشانکردنی گونجاوی پێوانە ، توێژەران هەستان بە دابەشکردنی پێوەرەکە بەسەر(١٠) مامۆستای باخچە لە ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە بە جۆرێك هەر مامۆستایەك فۆرمی بۆ (٣) منداڵی باخچەی پڕ بکاتەوە ، دوای وەرگرتنەوەی فۆرمەکان و شیکردنەوەیانە بە پرۆگرامی (SPSS ) دەرکەوت هاوکۆلکەی پەیوەندی ( پێرسۆن ) بۆ پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی لە دیدی مامۆستایانەوە بریتییە لە (٠,٧٢) ، هەروەها بەهای پەیوەندی دوای ڕاستکردنەوەی بە هاوکێشەی (سپێرمان- براون) بریتییە لە (٠,٨٣) ، هەروەها هاوکۆلکەی پەیوەندی (پێرسۆن) بۆ پێوەری گونجانی دەروونی لە دیدی مامۆستایانەوە بریتییە لە (٠,٧٠) و ، بەهای پەیوەندی دوای ڕاستکردنەوەی بە هاوکێشەی (سپێرمان- براون) بریتییە لە (٠,٨٢) ئەمەش مانای جێگیری پێوەرەکان دەگەیەنێت بە ئاستێکی زۆر باش .

## شەشەم : ئەنجامدانی توێژینەوەکە :

دوای ئەوەی پێوەرەکانی توێژینەوە ڕاستگۆیی و جێگیری و هێزی جیاکاریان بۆ ئەنجامدرا ، توێژەران هەستان بە ئەنجامدانی توێژینەوەکە بە شێوەی کۆتایی بە دابەشکردنی (٤٥٠) فۆرم بەسەر مامۆستایانی باخچە لە سنووری ناوەندی پارێزکای هەڵەبجە لە ڕێکەوتی ( ٢٠٢٢/٤/١٧) ، دواتر لە (٢٠٢٢/٤/٢٨) ، (٤١٠) فۆرم گەشتنەوە دەست توێژەران و لەو ژمارەیەش (١٠) فۆرم وەلانران بەهۆی کەم و کورتی لە وەڵامی برگەکان و لە ئەنجامدا (٤٠٠) فۆرم مانەوە و توێژینەوەکە بە بێ کێشە ئەنجامدرا.

## حەوتەم : ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان :

١-هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن بۆ دۆزینەوەی ( پەیوەندی نێوان نمرەی برگە و کۆی گشتی برگەکانی هەردوو پێوەری کارلێکی کۆمەلایەتی و گونجانی دەروونی – پەیوەندی نێوان برگەی تاك و جووت بۆ دۆزینەوەی جێگیری پێوەرەکان -

٢-هاوکۆلکەی پەیوەندی سپێرمان – براون بۆ ڕاستکردنەوەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن بە مەبەستی جێگیری پێوەرەکان.

٣-ناوەندی گریمانەیی بۆ دۆزینەوەی ناوەندی گریمانەیی هەردوو پێوەرەکە

٤-هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ بۆ دۆزینەوەی جێگیری ناوەکی هەردوو پێوەری کارلێکی کۆمەلایەتی و گونجانی دەروونی .

٥-تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەك نمونە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی بۆ پێوەری (کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی) و ، زانینی ئاستی هەردوو پێوەرەکە لای منداڵانی باخچە.

٦-تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ بۆ دۆزینەوەی هێزی جیاکاری برگەکانی هەردوو پێوەرەکە ،و زانینی جیاوازی ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی بە پێی گۆڕاوی (ڕەگەز و تەمەن)

٧-هاوکێشەی ئاماری جیاکاری یەکی (One-way ANOVA) بۆ زانینی جیاوازی نێوان ئاستی کارلێکی کۆمەلایەتی و گونجانی دەروونی بە پێی گۆڕاوەکانی ( ژمارەی منداڵ ، ڕیزبەندی منداڵ ، ئاستی خوێندەواری باوك ، ئاستی خوێندەواری دایك)

٨-هاوکێشەی کۆلمۆگۆرۆڤ – سمیرنۆڤ (Kolmogorov-Simirnow ) بە مەبەستی زانینی دابەشبوونی ئاسایی کۆی گشتی نمرەکانی هەردوو پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی.

بەشی چوارەم : خستنەڕووی ئەنجامەکان

دابەشبوونی ئاسایی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی ( التوزيع الطبيعي )

بە مەبەستی زانینی دابەشبوونی ئاسایی کۆی گشتی نمرەکانی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی لە دیدی مامۆستایانەوە هاوکێشەی کۆلمۆگۆرۆف – سمیرنۆف ( Kolmogorov-Simirnow) بەکارهێنرا چونکە نمونەی توێژینەوەکە زیاترە لە (٥٠) ، مەودای تیۆری (المدى النظری) لە نێوان (٣٧-١٤٨) ، لە ئەنجامدا دەرکەوت مەودای ڕاستەقینەی نمونەی پێوەرەکە لە نێوان (٦٧-١٤٧) و بەهای کۆلمۆگۆرۆف بریتییە لە (٠,٠٧٨) و ئاستی بەڵگەداریش بریتییە لە (٠,٠٠) کە بچوکترە لە (٠,٠١) ئەمەش مانای بوونی دابەشبوونی ئاسایی نمرەکانی پێوەرەکە دەگەیەنێت ، خشتەی (٦)

**خشتەی (٦)**

**دابەشبوونی ئاسایی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی**

| لادانی پێوەری | مەودای تیۆری | مەودای ڕاستەقینەی پێوەر | بەهای کۆلمۆگۆرۆف - سمیرنۆو | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠١ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٤,١٣ | ١٤٨-٣٧ | ١٤٧-٦٧ | ٠,٠٧٨ | ٣٩٩ | ٠,٠٠ |

دابەشبوونی ئاسایی پێوەری گونجانی دەروونی ( توزیع الطبیعی )

بە مەبەستی زانینی دابەشبوونی ئاسایی کۆی گشتی نمرەکانی پێوەری گونجانی دەروونی لە دیدی مامۆستایانەوە هاوکێشەی کۆلمۆگۆرۆف – سمیرنۆو ( Kolmogorov-Simirnow) بەکارهێنرا چونکە نمونەی توێژینەوەکە زیاترە لە (٥٠) ، مەودای تیۆری (المدى النظری) لە نێوان (٣٧-١٤٨) ، لە ئەنجامدا دەرکەوت مەودای ڕاستەقینەی نمونەی پێوەرەکە لە نێوان (٨٥-١٤٣) و بەهای کۆلمۆگۆرۆف بریتییە لە (٠,٠٦٨) و ئاستی بەڵگەداریش بریتییە لە (٠,٠٠) کە بچوکترە لە (٠,٠١) ئەمەش مانای بوونی دابەشبوونی ئاسایی نمرەکانی پێوەرەکە دەگەیەنێت، خشتەی (٧)

**خشتەی (٧)**

**دابەشبوونی ئاسایی پێوەری گونجانی دەروونی**

| لادانی پێوەری | مەودای تیۆری | مەودای ڕاستەقینەی پێوەر | بەهای کۆلمۆگۆرۆف - سمیرنۆو | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠١ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٢,٢٣ | ١٤٨-٣٧ | ١٤٣-٨٥ | ٠,٠٦٨ | ٣٩٩ | ٠,٠٠ |

## ئەنجامەکانی توێژینەوە لەژێر ڕۆشنایی ئامانجەکاندا :

## یەکەم : پێوانی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان

لە ئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکە لە پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە بریتییە لە (١٢١,٢٠) نمرە ، بەڵام ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە بریتییە لە ( ١٢١,١٧) ، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت)ی بۆ یەك نمونە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندەکە ، دەرکەوت بەهای (ت) هەژمارکراو بریتییە لە (٠,٠٥٠) ئەمەش بچوکترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە بریتییە لە (١,٩٦٠) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) و نمرەی ئازاد (٣٩٩) ،ئەمەش ئاماژەیە بە نزمی ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچەی نمونەی توێژینەوەکە لە ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە بە ڕێژەیەکی کەم ، خشتەی (٨)

**خشتەی (٨)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە لەسەر پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی**

| | نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای (ت) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مامۆستایان | ٤٠٠ | ١٢١,٢٠ | ١٤,١٣ | ١٢١,١٧ | ٠,٠٥٠ | ١,٩٦٠ | ٣٩٩ | ٠,٩٦٩ |

ئەم ئەنجامە پێچەوانەی توێژینەوەی (مرتضى ٢٠١٥ ) کە لەو توێژینەوەیەدا دەرکەوت منداڵانی باخچە ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتییان بەرزە بەڵام لەم توێژینەوەیەدا بە پێچەوانەوە ، کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان و دایك و باوکانەوە لە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە لە ئاستێکی نزمدایە و نزیکە لە ناوەند ، ئەمەش ڕەنگەهۆکارەکەی بۆ پشووە فەرمییەکان و وەستاندنی دەوام لە کاتی بەفربارین و بایکۆتی مامۆستایانەوە بگەڕێتەوە کە بوونە هۆی ئەوەی منداڵانی باخچە کەمتر لەگەڵ یەکتر تێکەڵ بن و کارلێکی کۆمەڵایەتیان بەهێز بێت ، هەروەها زیادبوونی ئامێری ئەلیکترۆنی زیرەك بە تایبەت (مۆبایل و ئایپاد) کە وای کردووە منداڵان زیاتر کاتەکانی خۆیان لە ماڵەوە بەسەر ببەن بەدیار ئەم ئامێرانەوە و کەمتر تێکەڵی منداڵانی دیکە ببن و ، بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە جۆربەجۆرەکان بەتایبەت لە دوای بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆرۆنا دایکان و باوکان خۆپارێزی دەکەن و ڕێگری لە منداڵ دەکەن کە زۆر بڕۆنە دەرەوە و تێکەڵ بە منداڵانی دیکە ببن ، هەروەها ئەم نەخۆشییە بوو بە هۆکاری کەمبوونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ترسی گواستنەوەی ڤایرۆسەکە.

## دووەم : ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە بە پێی هەندێك گۆڕاو :

١- ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز :

بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا سوود لە تاقیکردنەوەی ئاماری (ت) بۆ دوو نمونە بینرا ، دەرکەوت بەهات (ت) هەژمارکراو ( ٤,٦٩ ) گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی (١,٩٦) بۆ نمرەی ئازاد (٣٩٨) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠١) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی هەیە.

**خشتەی (٩)**

**ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز**

| لە دیدی | ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری | ئاستی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | ٠,٠١ | بەڵگەداری ٠,٠٥ |
| مامۆستایان | نێر | ١٧١ | ١١٧,٤٦ | ١٤,٨٤ | ٤,٦٩ | ١,٩٦٠ | ٣٩٨ | | ٠,٠٠٠ |
| | مێ | ٢٢٩ | ١٢٤ | ١٢,٩٢ | | | | | |

ئەم ئامانجە پێچەوانەیە لەگەڵ توێژینەوەی (العزاوی و کریم ٢٠١٢) و ( مرتضی ٢٠١٥) کە لە ئەنجامی هەردوو توێژینەوەکە دەرکەوتووە ڕەگەز کاریگەری نییە لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی ، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە جیاوازی هەیە لە ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی ڕەگەزی (مێ). ، واتە لای ڕەگەزی (مێ) ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەرزترە لە (نێر).

٢- ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی تەمەن :

بە پێی گۆڕاوی تەمەن بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو تەمەندا سوود لە تاقیکردنەوەی ئاماری (ت) بۆ دوو نمونە بینرا ، دەرکەوت بەهات (ت) هەژمارکراو ( ٠,٧٠٤ ) بچوکترە لە بەهای (ت) خشتەیی (١,٩٦) بۆ نمرەی ئازاد (٣٩٨) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی تەمەن جیاوازی نییە.

**خشتەی (١٠)**

**ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی تەمەن**

| تەمەن | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ٥ ساڵ | ٢٢٦ | ١٢٠,٧٦ | ١٤,١١ | ٠,٧٠٤ | ١,٩٦٠ | ٣٩٨ | ٠,٤٨٢ |
| ٦ ساڵ | ١٧٤ | ١٢١,٧٦ | ١٤,١٧ | | | | |

ئەم ئەنجامە یەك دەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەی ( مرتضی ٢٠١٥) کە دەرکەوتووە تەمەن کاریگەری نییە لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە ، بەڵام بە پێی ناوەندی ژمێرەیی دەرکەوتووە ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە بەرژەوندی منداڵانی تەمەن (٦) ساڵە بە بەراورد بە تەمەن (٥) ساڵ ، واتە ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی بە پێی ناوەندی ژمێرەیی لای منداڵانی تەمەن (٦) ساڵ بەرزترە .

٣- ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی ژمارەی منداڵ :

به پێی گۆڕاوی ژمارەی منداڵ لە دیدی مامۆستایانەوە بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوانیان سوود لە هاوکێشەی ئاماری جیاکاری یەکی (One-way ANOVA) بینرا ، دەرکەوت بەهات (ف) هەژمارکراو (٠,٠٧١) بچوکترە لە بەهای (ف) خشتەیی (٢,٦٠) بۆ نمرەی ئازاد (٣٩٦) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی کارلێکی کۆمەلایەتی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ژمارەی منداڵ جیاوازی نییە ، خشتەی (١١)

**خشتەی (١١)**

**ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی ژمارەی منداڵ**

| ڕیزبەندی منداڵ | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ف) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ٥ ساڵ | ٢٢٦ | ١٢٠,٧٦ | ١٤,١١ | ٠,٧٠٤ | ١,٩٦٠ | ٣٩٨ | ٠,٤٨٢ |
| ٦ ساڵ | ١٧٤ | ١٢١,٧٦ | ١٤,١٧ | | | | |

به پێی ئەم ئەنجامە جیاوازی نییە لە نێوان ژمارەی منداڵ و ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەڵام بە پێی ناوەندی ژمێرەیی دەرکەوت ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە دیدی مامۆستایانەوە لە بەرژەوەندی ئەو خێزانانەیە خاوەنی (٣ منداڵ) ن ، واتە ئەو منداڵانەی لە خێزانەکانیاندا (٣منداڵ) یان هەیە بە ڕێژەیەکی کەم ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتیان بەرزترە لەوانی دیکە.

٤- ئاستی کارلێکی کۆمەلایەتی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ :

بە پێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ لە دیدی مامۆستایانەوە بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوانیان سوود لە هاوکێشەی ئاماری جیاکاری یەکی (One-way ANOVA) بینرا ، دەرکەوت بەهات (ف) هەژمارکراو ( ٠,٣٧) بچوکترە لە بەهای (ف) خشتەیی (٣,٠٠) بۆ نمرەی ئازاد (٣٩٧) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی کارلێکی کۆمەلایەتی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ جیاوازی نییە ، خشتەی (١٢)

**خشتەی (١٢)**

**ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ**

| ڕیزبەندی منداڵ | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ف) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| یەکەم | ١١٤ | ١٢٠,٢٨ | ١٤,٧٤ | ٠,٣٧ | ٣,٠٠ | ٣٩٧ | ٠,٦٨٧ |
| ناوەند | ١٠٦ | ١٢١,٨٧ | ١٣,١٢ | | | | |
| کۆتا | ١٨٠ | ١٢١,٣٧ | ١٤,٣٥ | | | | |
| کۆ | ٤٠٠ | ١٢١,١٩ | ١٤,١٣ | | | | |

ئەم ئەنجامە پێچەوانەی توێژینەوەی (کاتبی و المغوش ٢٠١٥) کە لەو توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە ڕیزبەندی منداڵ کاریگەری هەیە لەسەر کارلێکی کۆمەلایەتی بە شێوەیەك ئەوانەی لە ڕیزبەندی دووەمن بەرزترین ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتییان هەیە پاشان ڕیزبەندی یەکەم و دواتر سێیەم و چوارەم ، بەڵام بە پێی ناوەندی ژمێرەیی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوت ئاستی کارلێکی کۆمەلایەتی لە بەرژەوەندی ئەو منداڵانەیە کە لە ڕیزبەندی (ناوەند) ن بە جیاوازییەکی زۆر کەم لەگەڵ ئەوانی دیکەدا .

٥- ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری باوك :

بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری باوك و ، بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوانیان سوود لە هاوکێشەی ئاماری جیاکاری یەکی (One-way ANOVA) بینرا ، دەرکەوت بەهات (ف) هەژمارکراو ( ٠,٧٦) بچوکترە لە بەهای (ف) خشتەیی (٢,٢١) بۆ نمرەی ئازاد (٣٩٤) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی کارلێکی کۆمەلایەتی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری باوك جیاوازی نییە .

**خشتەی (١٢)**

**ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە بە پێی ئاستی خوێندەواری باوك**

| ڕیزبەندی منداڵ | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ف) هەژمارکراو | بەهای (ف) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٦ | ١٢٤,٣٣ | ١٥,١٧ | ٠,٧٦ | ٢,٢١ | ٣٩٤ | ٠,٥٧٧ |
| بنەڕەتی | ١٧٩ | ١٢٠,٥٣ | ١٤,٤٨ | | | | |
| ئامادەیی | ٤٤ | ١٢٠,٧٥ | ١٤,٥٠ | | | | |
| دیبلۆم | ٩٠ | ١٢٢,٠٧ | ١٣,٢٨ | | | | |
| بەکالۆریۆس | ٧١ | ١٢٠,٧٣ | ١٤,٢٢ | | | | |
| بەرزتر | ١٠ | ١٢٨,٥ | ١١,٣٦ | | | | |
| کۆ | ٤٠٠ | ١٢١,١٩ | ١٤,١٣ | | | | |

بەپێی ئەم ئامانجە ئاستی خوێندەواری باوك جیاوازی نییە واتە خوێندەواری باوك کاریگەری لەسەر ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵی باخچە نییە ، هەروەها بە پێی ناوەندی ژمێرەیی ئاستی خوێندەواری باوك دەرکەوت ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی ئەو باوکانەیە ئاستی خوێندەواریان لە بەکالۆریۆس بەرزترە .

٦- ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری دایك :

بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری دایك بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوانیان سوود لە هاوکێشەی ئاماری جیاکاری یەکی (One-way ANOVA) بینرا ، دەرکەوت بەهات (ف) هەژمارکراو ( ٢,٣٨) گەورەترە لە بەهای (ف) خشتەیی (٢,٣٧) بۆ نمرەی ئازاد (٣٩٥) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی کارلێکی کۆمەلایەتی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری دایك جیاوازی هەیە لە بەرژەوەندی ئەو دایکانەی ئاستی خوێندەواریان (ئامایی) یە ، خشتەی (١٣)

**خشتەی (١٣)**

**ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە بە پێی ئاستی خوێندەواری دایك**

| ئاستی خوێندەواری | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ف) هەژمارکراو | بەهای (ف) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ١٠ | ١٠٩,٩ | ١٧,١٠ | ٢,٣٨ | ٢,٣٧ | ٣٩٥ | ٠,٠٥ |
| بنەڕەتی | ١٣٦ | ١٢٠,٩ | ١٤,٤٦ | | | | |
| ئامادەیی | ٤٨ | ١٢٢,٩٧ | ١٤,٥١ | | | | |
| دیبلۆم | ١٢٥ | ١٢٢,٦٦ | ١٢,٥٧ | | | | |
| بەکالۆریۆس | ٨١ | ١١٩,٧٦ | ١٤,٧٤ | | | | |
| کۆ | ٤٠٠ | ١٢١,١٩ | ١٤,١٣ | | | | |

بەپێی ئەم ئامانجە لە دیدی مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری دایك لە بەرژەوەندی ئەو دایکانەیە ئاستی خوێندەواریان ( ئامادەیی) یە کە بەرزترین ناوەندە ژمێریان هەیە و , نزمترینیش ئەو دایکانەن (نەخوێندەوار)ن .

## سێیەم : پێوانی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستاوە :

لە ئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکە لە پێوەری گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە بریتییە لە (١١٨,٥٥) ، و ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکەش بریتییە لە ( ١١٨,٥٥) ، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ت)ی بۆ یەك نمونە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندەکە ، دەرکەوت بەهای (ت) هەژمارکراو بریتییە لە (٠,٠١٢) ئەمەش بچوکترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە بریتییە لە (١,٩٦٠) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) و نمرەی ئازاد (٣٩٩) ، ئەمەش ئاماژەیە بە نزمی ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچەی نمونەی توێژینەوەکە لە ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە بە ڕێژەیەکی کەم ، خشتەی (١٤)

**خشتەی (١٤)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە لەسەر پێوەری گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە**

| نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای (ت) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | ١١٨,٥٥ | ١٢,٢٠ | ١١٨,٥٥ | ٠,٠١٢ | ١,٩٦٠ | ٣٩٩ | ٠,٩٩٠ |

ئەم ئەنجامە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەی (الثجیل ٢٠١٦) کە دەرکەوتووە گونجانی دەروونی لای منداڵی باخچە لە ئاستێکی نزمدایە ، بەڵام پێچەوانەی توێژینەوەی (الجنابی ٢٠٠٢) کە دەرکەوتووە منداڵی باخچە ئاستی گونجانی دەروونیان بەرزە ،بەڵام لەم توێژینەوەیەدا گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە لە ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە لە ئاستێکی نزمدایە کە نزیکە لە ناوەند ، هۆکاری نزمی بۆ چەند هۆکار دەگەڕێتەوە لەوانەش : بەکارهێنانی زۆری ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لەلایەن منداڵانەوە , زیادبوونی هەواڵی شەڕ و توندوتیژی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە , زیادبوونی نەخۆشییە گوازراوەکان بووەتە هۆی ئەوەی منداڵ زۆر ئاگادار بکرێتەوە لە خۆپاراستن ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی توشی دڵەڕاوکێ ببن .

## چوارەم : ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە بە پێی هەندێك گۆڕاو

١-ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز :

بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا سوود لە هاوکێشەی ئاماری (ت) بۆ دوو نمونە بینرا ، دەرکەوت بەهات (ت) هەژمارکراو ( ٤,٨٢) گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی (١,٩٦) بۆ نمرەی ئازاد (٣٩٨) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠١) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی هەیە ، خشتەی (١٥)


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

**خشتەی (١٥)**

**ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز**

| ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای (ت) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ١٧١ | ١١٥,٢٢ | ١٢,٥٢ | ٤,٨٢ | ١,٩٦٠ | ٣٩٨ | ٠,٠٠٠ |
| مێ | ٢٢٩ | ١٢١,٠٢ | ١١,٣٨ | | | | |

ئەم ئەنجامە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەی (الجمیلی ٢٠١٥) کە دەرکەوتووە جیاوازی هەیە لە نێوان ئاستی گونجانی دەروونی بە پێی ڕەگەز لە بەرژەوەندی ڕەگەزی (مێ) دایە ، واتە ئاستی گونجانی دەروونی لای ڕەگەزی (مێ) بەرزترە لە ڕەگەزی نێر.

٢- ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی تەمەن:

بە پێی گۆڕاوی تەمەن بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا سوود لە تاقیکردنەوەی ئاماری (ت) بۆ دوو نمونە بینرا ، دەرکەوت بەهات (ت) هەژمارکراو (٠,٤٧) بچوکترە لە بەهای (ت) خشتەیی (١,٩٦) بۆ نمرەی ئازاد (٣٩٨) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی تەمەن جیاوازی نییە ، خشتەی (١٦)

**خشتەی (١٦)**

**ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی تەمەن**

| تەمەن | نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای (ت) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥ ساڵ | ٢٢٦ | ١١٨,٣٠ | ١٢,١٦ | ٠,٤٧ | ١,٩٦٠ | ٣٩٨ | ٠,٦٣٨ |
| ٦ ساڵ | ١٧٤ | ١١٨,٨٨ | ١٢,٢٨ | | | | |

بە پێی ئەم ئەنجامە تەمەن کاریگەری نیە لەسەر گونجانی دەروونی بەڵام بە پێی ناوەندی ژمێرەیی هەردوو تەمەن دەرکەوتووە لە بەرژەوەندی منداڵی تەمەن (٦) ساڵدایە بە جیاوازییەکی زۆر کەم لەگەڵ تەمەن (٥) ساڵدا.

٣- ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ژمارەی منداڵ :

بە پێی گۆڕاوی ژمارەی منداڵ بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوانیان سوود لە هاوکێشەی ئاماری جیاکاری یەکی (One-way ANOVA) بینرا ، دەرکەوت بەهات (ف) هەژمارکراو ( ٠,١٩) بچوکترە لە بەهای (ف) خشتەیی (٢,٦٠) بۆ نمرەی ئازاد (٣٩٦) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی گونجانی دەرونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ژمارەی منداڵ جیاوازی نییە ، خشتەی (١٧)

**خشتەی (١٧)**

**ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ژمارەی منداڵ**

| ڕیزبەندی منداڵ | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ف) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ١ منداڵ | ٢٧ | ١١٧ | ١٠,٦٧ | ٠,١٩ | ٢,٦٠ | ٣٩٦ | ٠,٩٠٣ |
| ٢ منداڵ | ١٤٣ | ١١٨,٥٧ | ١٣,٥١ | | | | |
| ٣ منداڵ | ١٣٠ | ١١٨,٩٣ | ١١,٦٧ | | | | |
| زیاتر | ١٠٠ | ١١٨,٤٥ | ١١,٣٨ | | | | |
| کۆ | ٤٠٠ | ١١٨,٥٥ | ١٢,٢٠ | | | | |

بە پێی ئەم ئەنجامە ژمارەی منداڵ کاریگەری نییە لەسەر گونجانی دەروونی منداڵی باخچە بەڵام بە پێی ناوەندی ژمێرەیی لە بەرژەوەندی ئەو خێزانانەیە خاوەنی (٣ منداڵ)ن واتە گونجانی دەروونی لای ئەو منالانەی لە خێزانەکەیاندا ٣ منداڵن بەرزترە بە ڕێژەیەکی زۆر کەم لەگەڵ ئەوانی دیکە .

٤ - ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ :

بە پێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوانیان سوود لە هاوکێشەی ئاماری جیاکاری یەکی (One-way ANOVA) بینرا ، دەرکەوت بەهات (ف) هەژمارکراو ( ١,٣١) بچوکترە لە بەهای (ف) خشتەیی (٣,٠٠) بۆ نمرەی ئازاد (٣٩٧) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ جیاوازی نییە ، خشتەی (١٨)

**خشتەی (١٨)**

**ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ**

| ڕیزبەندی منداڵ | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ف) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| یەکەم | ١١٤ | ١١٧,١١ | ١٢,٦٦ | ١,٣١ | ٣,٠٠ | ٣٩٧ | ٠,٢٧١ |
| ناوەند | ١٠٦ | ١١٨,٥٤ | ١٠,٩٣ | | | | |
| کۆتا | ١٨٠ | ١١٩,٤٧ | ١٢,٥٨ | | | | |
| کۆ | ٤٠٠ | ١١٨,٥٥ | ١٢,٢ | | | | |

بەپێی ئەم ئەنجامە دەرکەوت ڕیزبەندی منداڵ کاریگەری نیە لەسەر ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵی باخچە بەڵام بە پیی ناوەندی ژمێرەیی دەرکەوت لە بەرژەوەندی ئەو منداڵانەیە کە لە ڕیزبەندی منداڵدا لە خێزانەکەیاندا (کۆتا) منداڵن واتە لای ئەو منداڵانە ئاستی گونجانی دەروونی بەرزترە بە بەراورد بەوانی دیکە.

٥-ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری باوک :

بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری باوک بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوانیان سوود لە هاوکێشەی ئاماری جیاکاری یەکی (One-way ANOVA) بینرا ، دەرکەوت بەهات (ف) هەژمارکراو (١,٣٧) بچوکترە لە بەهای (ف) خشتەیی (٢,٢١) بۆ نمرەی ئازاد (٣٩٤) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری باوک جیاوازی نییە ، خشتەی (١٩)

خشتەی (١٩)

ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی ئاستی خوێندەواری باوك

| ئاستی خوێندەواری | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ف) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| نەخوێندەوار | ٦ | ١٢٦,٣٣ | ٩,٦٣ | ١,٣٨ | ٢,٢١ | ٣٩٤ | ٠,٢٣٠ |
| بنەڕەتی | ١٧٩ | ١١٨,٣٥ | ١٢,٣٤ | | | | |
| ئامادەیی | ٤٤ | ١١٧,٢٦ | ١١,٥٨ | | | | |
| دیبلۆم | ٩٠ | ١١٧,٠٧ | ١١,٣٨ | | | | |
| بەكالۆریۆس | ٧١ | ١٢٠,٥٦ | ١٢,٦٨ | | | | |
| بەرزتر | ١٠ | ١١٧,٦ | ١٥,٧٧ | | | | |
| کۆ | ٤٠٠ | ١١٨,٥٥ | ١٢,٢ | | | | |

بە پێی ئەم ئەنجامە ئاستی خوێندەواری باوک کاریگەری لەسەر ئاستی گونجانی دەرونی لای منداڵی باخچە نییە , بەڵام بەپێی ناوەندی ژمێرەیی دەرکەوتووە لە بەرژەوەندی ئەو باوکانەدایە کە (نەخوێندەوار)ن , واتە ئاستی گونجانی دەروونی لای ئەو منالانە بەرزە کە باوکیان نەخوێندەوارە بە بەراورد بەوانی دیکە.

٦- ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری دایك :

بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری دایك بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوانیان سوود لە هاوكێشەی ئاماری جیاكاری یەكی (One-way ANOVA) بینرا ، دەركەوت بەهات (ف) هەژمارکراو ( ٢,٥١) گەورەترە لە بەهای (ف) خشتەیی (٢,٣٧) بۆ نمرەی ئازاد (٣٩٥) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری دایك جیاوازی هەیە.

خشتەی (٢٠)

ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی ئاستی خوێندەواری دایك

| ئاستی خوێندەواری | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ف) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| نەخوێندەوار | ١٠ | ١٠٩,٣٠ | ١١,٨٠ | ٢,٥١ | ٢,٣٧ | ٣٩٥ | ٠,٠٤١ |
| بنەڕەتی | ١٣٦ | ١١٨,٤٠ | ١٢,٧١ | | | | |
| ئامادەیی | ٤٨ | ١٢١,٤٨ | ١٠,١٠ | | | | |
| دیبلۆم | ١٢٥ | ١١٩,٢٣ | ١٠,٨٧ | | | | |
| بەكالۆریۆس | ٨١ | ١١٧,١٩ | ١٣,٩١ | | | | |
| کۆ | ٤٠٠ | ١١٨,٥٦ | ١٢,٢١ | | | | |

بەپێی ئەم ئامانجە گونجانی دەروونی لە بەرژەوەندی ئەو دایکانەیە ئاستی خوێندەواریان (ئامادەیی) یە کە بەرزترین ناوەندە ژمێرەییان هەیە و ، نزمترین ناوەندە ژمێرەییش ئەو دایکانەن (نەخوێندەوار)ن .

پێنجەم : ئامانجی پەیوەندی نێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی لە دیدی مامۆستایان

هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن لە نێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی بریتییە لە (٠,٣٤) و ، بەهاکەی ئەرێنییە ، خشتەی (٢١)

**خشتەی (٢١)**

**پەیوەندی نێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی لە دیدی مامۆستایان**

| نمونە | گۆڕاو | لادانی پێوەری | پێرسۆن | بەڵگەداری ٠,٠١ | پەیوەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | کارلێکی کۆمەڵایەتی | ١٤,١٣ | ٠,٣٤ | ٠,٠٠ | ڕاستەوانەی لاوازە |
| | گونجانی دەروونی | ١٢,٢٠ | | | |

هەروەك لە ئەنجامەکان دەرکەوت پەیوەندی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە دیدی مامۆستایان پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی لاوازە ، ئەمەش واتای ئەوەیە بە زیادبوونی کارلێکی کۆمەڵایەتی، گونجانی دەروونی زیاد دەکات بە ڕێژەیەکی کەم و بە پێچەوانەشەوە ( واتە کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی هاوئاڕاستەن).

## ڕاسپاردەکان :

(لەبەر ڕۆشنایی ) ئەنجامەکانی توێژینەوە توێژەر ئەم ڕاسپاردانە دەخاتەڕوو :

١-گرنگیدانی باخچەکان بە ڕاهێنانی منداڵان لەسەر ڕەفتارە کۆمەڵایەتییە گونجاوەکانی ناو کۆمەڵگە.

٢-گرنگە دایك و باوکان منداڵەکانیان هانبدەن بۆ بەشداریکردنی منداڵەکان لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان .

٣-کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایانی باخچە بە مەبەستی زیادبوونی ئەزموون و زانیارییان تایبەت بە پەروەردەی منداڵ لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە.

٤-سەردانی کردنی بەردەوام لە نێوان باخچەکانی منداڵاندا بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی زانیاری و تێکەڵبوونی منداڵان لەگەڵ یەکتری بە مەبەستی بەهێزکردنی لایەنی کۆمەڵایەتی منداڵان.

٥-سەردانکردنی منداڵانی باخچە بۆ دامەزراوەکان بە مەبەستی ئاشنابوونی منداڵان بە ڕۆڵە جیاوازەکان لە ناو کۆمەڵگەدا.

## پێشنیازەکان:

(لەبەر ڕۆشنایی ) ئەنجامەکانی توێژینەوە توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

١-ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە لە پارێزگاکانی دیکە لەگەڵ فراوانکردنی نمونەی توێژینەوەکە.

٢-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئەو منداڵانەی لە قۆناغی یەکی بنەڕەتدان ئەوانەی ڕۆشتوونەتە باخچە بەراورد بکرێن بەوانەی نەچوونەتە باخچەوە بە مەبەستی زانینی کاریگەری باخچە لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی.

٣-ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە لەسەر پەیوەندی کارلێکی کۆمەلایەتی بە گۆڕاوی دیکەوە.

٤-ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە لەسەر پەیوەندی گونجانی دەروونی بە گۆڕاوی دیکەوە .

٥-دانانی پرۆگرامی ڕاهێنان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی کارلێکی کۆمەلایەتی و گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە.

## سەرچاوەکان :

١-ال مراد ،نبراس يونس محمد (٢٠٠٤)،اثر استخدام برنامج بالالعاب الحركية و الالعاب الاجتماعية و المختلطة فى تنمية التفاعل الاجتماعى بدى اطفال الرياض بعمر (٥-٦) سنوات ، اطروحة الدكتوراه فلسفة فى التربية الرياضية غير منشور ، جامعة موصل.

٢-ابراهيم ، سليمان عبدالواحد (٢٠١٤) ، علم النفس الاجتماعى و متطلبات الحياة المعاصرة ، ط ١ ، مؤسسة الوراق للنشر و التوزيع ، عمان .

٣-ابوسكران ، عبدالله يوسف ، (٢٠٠٩) ، التوافق النفسى و الاجتماعى و علاقته بمركز الضبط ( الداخلى – الخارجى ) للمعاقين حركيا فى قطاع غزة، رسالة ماجستير غير منشور ، كلية التربية ، الجامعة الاسلامية – غزة.

٤-احمد،انور ابراهيم(٢٠١٤) ،التوافق النفسى و الاجتماعى لابناء النوبه و كوم امبو،ط١، الناشر المكتب العربى للمعارف،القاهرة.

٥-البهيلى ، عبدالرحمن بن محمد بن سليمان ، (٢٠٠٨ ) ، اساليب المعاملة الوالدية كما يدركها الابناء و علاقتها بالتوافق النفسى ، رسالة الماجستير غير منشور ، قسم العلوم الاجتماعية ، جامعة نايف العربية العلوم الامنية.

٦-بوشامه , نور الهدى و غويل , ريمه (٢٠١٦) ، دور الروضة فى تحقيق التوافق النفسى و الاجتماعى لدى الطفل ، رسالة ماجستير غير منشور , جامعه محمد الصديق بن يحى – جيجل .

٧-بۆکانی ، سابیر بەکر مستەفا (٢٠٢٠)، ئینسایکلۆپیدیای زانستە دەروونییەکان ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی چوارچرا .

٨-الثبيتى، عبدالله بن عايض سالم (٢٠٠٢) ، علم اجتماع التربية ، ط١ ، المكتب الجامعى الحديث، مصر.

٩-ثجيل،ليلى نجم (٢٠١٦) ، التوافق النفسى الاجتماعى و علاقته بظاهرة العنف لدى أطفال مرحلة ما قبل المدرسة ، بحث منشور ، مجلة البحوث التربوية و النفسية ، المجلد ع ، العدد ٤٩ ، ص ١-٣٨.

١٠-الجموعى ، مومن بكوش ، ( ٢٠١٣) ، القيم الاجتماعية و علاقتها بالتوافق النفسى الاجتماعى لدى الطالب الجامعى ، مذكرة مكملة لنيل شهادة الماجستير فى علم النفس الاجتماعى ، جامعة محمد خيضر – بسكرة - ، الجزائر.

١١-الجميلى ، أمل محمودى عبيد (٢٠١٥) ، التوافق النفسى لدى اطفال الرياض و علاقته بالسلوك العدوانى ، بحث منشور مجلة كلية الاداب ، المجلد ٢٠١٥ ، العدد ١١٣، ص ٥٧١-٥٩٦ .

١٢-الجنابى ، جورى معين على (٢٠٠٢) ، التوافق النفسى الاجتماعى لطفل الروضة و علاقته ببعض المتغيرات المتعلقة بالام فى اثناي الحمل و الولادة ، رسالة ماجستير غير منشور ، جامعة بغداد ، كلية التربية البنات ، قسم رياض الاطفال .

١٣-الحجار , بشير (٢٠٠٣) , التوافق النفسى لدى مريضات سرطان الثدى بمحافظات غزة و علاقته ببعض المتغيرات , راسلة ماجستير عير منشور , الجامعة الاسلامية , غزة , فلسطين.

١٤-دوسة ، مدينة حسين و أبكر ، موسى صالح حسن ، ( ٢٠١٨)، دراسة عن التوافق النفسى و علاقته بسمات الشخصية (الانبساط و العصاب) لدى طلاب و طالبات بالمرحلة الثانوية النازحين ، بحث منشور فى مجلة العربية للعلوم التربوية و النفسية ، العدد ٣ ، ابريل

١٥-الرشدان، عبدالله زاهى (٢٠٠٥) ، التربية و التنشئة الاجتماعية ، دار وائل للنشر ، عمان.

١٦-السرحى، زكية بنت عبدالله (٢٠١٥) ، مستوى التوافق الشخصى للطلبة ( الحلقة الثانية فى التعليم الاساسى) ، فاقدى الامهات فى محافظة شمال الباطنة فى ضوء بعض المتغيرات ، رسالة ماجستير غير منشور ، كلية العلوم و الاداب ، جامعة نزوى.

١٧-سدیق،فوئاد (٢٠١٥) ، دەروونزانی کۆمەڵایەتی ، ب.چاپخانە ، هەولێر.

١٨-شاذلى،عبدالحميد محمد (٢٠٠١) ، التوافق النفسى للمسنين ، المكتبة الجامعية اسكندرية .

١٩-عبدالرحيم, جوزال (١٩٨١) , نحو السلوك الشخصى الاجتماعى الطفل الروضة فى ضوء الانشطة التضفة بخطة العمل بوزارة التربية و التعليم , جامعة العين شمس , رسالة ماجستير غير منشورة.

٢٠-عبداللطيف،مدحت عبدالحميد و عوض،عباس محمود (١٩٩٩) ، الصحة النفسية و التوافق الدراسى،دار المعرفة الجامعية للطبع و النشر و التوزيع ،مصر.

٢١-العزاوی ، سامی مهدی و کریم ، وفاء قیس (٢٠١٢) ، التفاعل الاجتماعی لدی اطفال الریاض من أبناء الأمهات العاملات و غیر العاملات ، بحث منشور فی مجله الفتح ، عدد خمسون ، لسنه ٢٠١٢.

٢٢-عزیز ،عزالدین أحمد ، (٢٠١٤) ، بنەماکانی دەروونناسی گشتی ، چ ٥ ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر.

٢٣-فەهمی ، موستەفا (٢٠١٢) ، دەروونندروستی ، وەرگێڕانی : سەڵاح سەعدی ، چاپخانەی نارین ، هەولێر.

٢٤-محمد ، ئاراس عثمان ، ( ٢٠١٦ ) ، گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆی گەرمیان ، نامەیەکی ماستەر بڵاونەکراوە لە بەشی پەروەردە و دەروونناسی ، پسپۆڕی دەروونناسی پەروەرەیی ، زانکۆی گەرمیان.

٢٥-محمد،محمد جاسم ، (٢٠٠٤ ) ، مشکلات الصحة النفسية ( أمراضها و علاجها) ، ط١، دار الثقافة للنشر، عمان،الاردن.

٢٦-محەمەد، نازەنین ( ٢٠٢١) ، بنەماکانی دەروونندروستی، چاپی دووەم ،چاپخانەی نارین ، هەولێر.

٢٧-مرتضی , مها مصطفی (٢٠١٥) , التفاعل الاجتماعی عند اطفال الروضة , مجله أهل البیت علیهم السلام , العدد ٢٤ .

٢٨-معایته,خەلیل عەبدولڕەحمان (٢٠١٣) , دەروونناسی کۆمەڵایەتی , وەرگێڕانی : سەلاح سەعدی , چاپخانەی نارین , هەولێر.

٢٩-الهدی ، بورویس نور (٢٠١٦) ، دور ریاض الاطفال فی تنمیه التفاعل الاجتماعی من وجهه نظر أولیاء التلامیذ لدی الاطفال من (٤-٥) سنوات ، رسالة ماجستیر غیر منشور، علم الاجتماع التربوی ، جامعه محمد بوضیاف المسیله.

٣٠-همشری،عمر أحمد (٢٠١٣) ، التنشئة الأجتماعية للطفل ، ط٢ ، دار الصفاي للنشر و التوزيع ، عمان.

٣١-الويزة،خيتر(٢٠١٢) ، اثر الحرمان العاطفی الاموی علی التوافق النفسی لدی المراهقین ، رسالة ماجستیر غیر منشور فی علم النفس غیر منشور، جامعة العقید أكلی محند اولحاج البویرة .

٣٢-یاسمی , صدیقه و دیگران (٢٠١٥) , مقایسه مهارتهای اجتماعی کودکان پیش دبستانی ٤-٥ سال شهرستان ایوان غرب , پژوهش منتشر شده در فصلنامه مطالعات پیش دبستان و دبستان , سال اول , شماره دوم , زمستان ٩٤ .